دەربارەی سنوری هەرێمی کوردستان

شادمان مەلا حەسەن



سلێمانی ٢٠٢٣

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

پێشکەشە

ئەم کتێبە پێشکەشە بەهەموو ئەو رۆحە پاک و بێگەرد و سادانەی
کە لە ژێرکاریگەر و ئاراستەکردنی دروشمی

- یان حەمرین یان دەمرین
- یان کوردستان یان نەمان

گیانی خۆیان بەخت کرد .

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

ناوی کتێب: دەربارەی سنوری هەرێمی کوردستان

نوسەر: شادمان مەلا حەسەن

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاینی تێکست وبەرگ : ساسان لطیف هەمەوەندی

نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٢٣

تیراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٨١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.

لەسەر ئەرکی (دەزگای مرۆیی مام) چاپکراوە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سوپاس و پێزانین

- سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستم (بالا هاوار دەرگەلەیی) دەکەم کە هەڵەبڕی و راستکردنەوەی هەندێ دەستەواژەی زمانەوانی ئەنجامدا .
- سوپاسی هاوڕێی بەڕێز (ساسان هەمەوەندی) دەکەم بۆ دیزاین کردنی ناوەڕک و بەرگی کتێبەکە .

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

پێڕست

پێشەکی.. ٩
بەشی یەکەم: سنوری نێودەوڵەتی.. ١٥
مێژووی گەشەکردنی چەمکی سنور.. ١٧
جۆرەکانی سنوری نێودەوڵەتی.. ١٩
دیاریکردنی سنور بە شێوەیەکی کاتی.. ٢٢
ڕێگاکانی دانان و دیاریکردنی سنور.. ٢٣
ڕێگاکانی دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێوان وڵاتان.. ٢٤
بایەخ و گرنگی سنور.. ٣٦
دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی.. ٣٩
جۆرەکانی ڕووباری نیودەوڵەتی و مافی بەکارهێنانی.. ٥٧
نەخشەی جوگرافی.. ٦١
جوگرافیا لە دوای چەرخی دۆزینەوەکاندا.. ٧٣
دیاریکردنی سنور لە یاسای نێودەوڵەتی.. ٧٦
بەشی دووەم: کوردستان سەرزەمینی سەرهەڵدان وبەردەوامی ژیانی نەتەوەی کورد.. ٨٣
بنەچە و ڕەچەڵەک و سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد.. ٩٣
نەتەوەی کورد و فارس لە سەرزەمینی ئێراندا.. ١٠٠
کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا.. ١٠٥
سەرهەڵدان و پەیدابوونی چەمکی وشەی کورد.. ١١٢
سەرهەڵدان و بلاوبوونەوەی چەمک و زاراوەی کوردستان لە مێژوودا.. ١١٣
کوردستان خاکی وڵاتی کوردان.. ١٢٠
شوێن و پێگەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان.. ١٢١
ڕووبەری خاکی کوردستـان.. ١٢٧
ژمارەی دانیشتوانی گەلی کورد لە جیهاندا.. ١٣١
سنوری خاکی کوردستان.. ١٣٣

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پوختەی سنوری خاکی کوردستان.. ١٥٦
بەشی سێیەم: دەربارەی دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق................ ١٥٩
قۆناغەکانی گەشەکردنی ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق لە مێژوودا................... ١٦٠
میرنشینەکانی باشوری کوردستان.. ١٦٧
هەرێمەکان.. ١٧١
وڵاتی کوردان (بلاد الكرد).. ١٧٤
سنوری وڵاتی عەرەب لە عێراقدا (ديار العرب).. ١٧٨
چەند شارێکی مێژوویی لە کوردستانی عێراقدا... ١٨٢
لە بارەی سنوری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق...................................... ٢٠٣
سنوری سروشتی هەرێمی کوردستان.. ٢٠٥
سنوری خواروی هەرێمی کوردستان چۆن دیاری کراوە................................ ٢٠٨
بەشی چوارەم: نەخشەی جیهان و کوردستان و هەرێم لە مێژووەدا.................... ٢٣٣
یەکەم نەخشەی جیهان لەسەرەتای مێژووەوە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ.................... ٢٣٣
دووەم نەخشەی کوردستان وڵاتی کوردان لە مێژوودا.................................. ٢٤٢
سێیەم نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەچەند قۆناغێکدا.......................... ٢٥٥
پوختەی ئەم کتێبە... ٢٦٥
الملخص... ٢٦٩
سەرچاوەکان.. ٢٧١

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێشەکی

ئەم کتێبە بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، هەم لە ڕووی زانستی جوگرافیا، هەم لە ڕووی مێژوویی و هەمیش لە ڕووی ناساندن و خستنە رووی زانستی نەخشاندن و دیاری کردنی سنوری نێوان وڵاتان و هەرێمەکان، کەوا لەبەرەبەیانی مێژووی سەرهەڵدانی شارستانیەتەکان هەمیشە کێشەو ئاستەنگەکانی سنوری نێوان وڵاتان و هەرێمەکان کێشەی سەرەکی قەلەمڕەوی وڵاتان بووە.هەزاران شەڕی گەورە لەسەر بەزاندنی سنوری خاکی وڵاتان سەری هەڵداوە، بەدەیان ئیمپراتۆریەت و دەسەڵات و وڵات لەئەنجامدا لەبەین چوونە، هەروەها ئەم کتێبە گرنگی و بایەخی سنور ڕوون دەکاتەوە لە کۆنەوە تاکو چەرخی ئەم رۆژگارە پێشکەوتووەی مرۆڤایەتی لە زانست و تەکنەلۆژیا و وشیاری کە پێیگەیشتووە، لەگەڵ ئەو ئامراز و یاسا و ڕێکارانەی کەوا سنور دەستنیشان دەکەن و ئامرازەکانی دیاریکردنی سنور چین و لەگەڵ ئەو مێژووەی کە سنوری وەک خالی جیاکەرەوەی نێوان وڵاتان بەرهەم هێناوە، هەروەها بایەخی سنور بۆ سەروەری وڵات و گەشەی هەمەلایەنەی ژیان و پێویستییەکانی دانیشتوانی وڵات لە ڕووی سەقامگیری ئاسایش و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و پاراستنی کەلتور و مۆرکی ڕەسەنی نەتەوەیی لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری دەسەڵاتدا. ئەم کتێبە جۆرەکانی سنور و گەشەکردنیان ڕوون دەکاتەوە. سنور لە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی و دادگای ریکخستنی سنور و پەیماننامەکانی نێودەوڵەتی بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سنور و مافی وڵاتان لە پاراستنی سنورە وشکانی و ئاوی و ئاسمانییەکانەوە دەخاتە روو، لەگەڵ جۆرەکانی سنور و ئەو ئامرازانەی کە سنور دەستنیشان دەکەن، زۆرینەی زۆری خراوەتە ڕوو لەم کتێبەدا. گرنگی و بایەخی سنور بۆ گەلی کورد زۆر پێویستە، چونکە تاکو ئێستا گەلی کورد نەبۆتەخاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ و قەوارەیەکی جێگیری نەتەوەیی، کەوا جوگرافیایی رووبەری خاکەکەی بەشێوەیەکی رەسمی و دان پێنراوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناسرابێت، ئەوەی هەیەتی و دیارە سنوری مرۆییە.

نیشتمانی ئەم گەلەرەسەن و دێرینەی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەوت کراوە و دابەشکراوە و بەردەوام سنوری ڕەسەنی خاکەکەی دەستکاری دەکرێ و لە هەموو لایەکەوە زیاتر بچوک دەکرێتەوە، بۆیە بۆ سیاسییەکانی کورد پێویستە زانیاری باشیان لەسەر سنوری جوگرافیا و زانستی سنور و بایەخی سنور هەبێ. هۆکاری گرتنەبەری ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەزەی کە لە تەمەنێکی بچوکەوە بۆخوێندنەوە هەمبووە، بێگومان لە سەرەتاوە بۆ زانستی جوگرافیا و مێژوو و جوگرافیای نیشتمانە ڕەسەنەکەم، کە (کوردستان)ە. ئەوەی زۆر هانیدام بۆ دەستکردن بە نووسینی ئەم بەرهەمە، خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بوو کە باسیان لە سنوری کوردستان دەکرد. بەلام زیاتر ئەو وتارەی (جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بوو، سەرەتای ساڵی (١٩٩٢ز) لەناوەراستی شاری هەولێر، لەبەردەم ئاپۆڕایەکی گەورەی جەماوەری پێشکەشی کرد، کە باس لە سنوری (خوارووی باشوری کوردستان) دەکات لەگەڵ عێراقی عەرەبی. خوالێخۆشبوو پڕ زانیاری بوو لەسەر بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکانی خاکی کوردستان، بە تایبەت سنوری باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق.چونکە شارەزاییەکی باشی لە جوگرافیای کوردستان هەبوو. هەروەها کاتێ رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ز رووخا و دووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق هاتەوە گۆڕێ، کوردیش لایەنێکی سەرەکی ئەم دووبارە بنیادنانەوە بوو. ئەوکات هەستم بەم بۆشاییە کرد،بۆ ئەو مەبەستە دەستم بەنووسینی زنجیرە بابەتێک کرد لەسەر نووسینی سنوری باشوری هەرێمی کوردستان، ماوەتەوە بڵێین ئەم کتێبە لە پێشەکیەک و چواربەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە چەمک و پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی سنور و زانستی ئامرازەکانی دیاریکردن و ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی سنور دەکات، بەشی دووەمی باس لە چەمک و ناسنامە و سنوری کوردستانی گەورە دەکات،بەپشت بەستن بەسەرچاوە بیانی و هەرێمی و کوردیەکان، بەشی سێیەمی تەرخان کراوە بۆ باس کردنی سنور و جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەت سنوری باشوری هەرێم لەناو چوارچێوەی

جوگرافیای دەوڵەتی عێراق. بەشی چوارەمی ژمارەیەک نەخشەیە، بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی گەشەکردنی زانستی نەخشە دانراوە. ژمارەیەک نەخشەی گرتۆتە خۆی کەوا نەخشەی جیهان و ئەو نەخشانەی کە وڵاتی کوردانیان دیاری کردووە. دەبێ راستیەک هەیە لەسەر ئەم کتێبە لێرەدا باسی بکەم. ئەویش ئەوەیە ئەم کتێبە لە ماوەی بیست ساڵی رێک نووسراوە، سەرەتا بە بابەتێکی چەند بەشی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ساڵی ٢٠٠٣ بلاوکراوتەوە لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان. دواتر فراوان کراوە بە کۆکردنەوەی بابەت و سەرچاوەی زیاتر. زۆرجار دابڕانێکی زۆر هەبووە لەکات و سات و شوێن بۆ بەردەوامی دان بە نووسینی ئەم کتێبە، هەر ئەمەش وایکردووە جۆرێک جیاوازی لە شێوەی نووسینەکەیدا هەبێت، چونکە هەرقۆناغێک شارەزایی و زانیاری زیاتر و جیاوازتری شێوەی نووسینی هەبووە. هۆکارەکەش ئەوەیە نووسەر لە کۆتایەکانی نووسینی کتێبەکەدا شارەزایی نووسینی زیاتر پەیدا کردووە. بەتایبەت لەسەر شێوازی نووسین بە شێوەیەکی زانستیانەتر وەک لە بەردەوامی دان لەسەر یەک رێتمی لایەنداری کردن بۆ بابەتەکە. شتێکی تر سەرچاوەیەکی زۆر لەم کتێبەدا بەکار هاتووە. لەبەر درێژی ماوەکە لەوانەیە هەندێ سەرچاوە لە بیرکرابن و نەنووسرابن. مەبەست لە بلاوکردنەوەی ئەم زانیاریانە ئەوەیە بەر لەوەی بەر سەرنج و تێبینی و رەخنەی خوێنەران و ئازیزان بکەوێت، خۆمان ئاماژەی پێبدەین باشترە. هیوادارین ئەم کتێبە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە و سوودمەندبێت بۆ خوێنەرانی. ئەوەی کراوە تەنها پشت بەستن بووە بەسەرچاوەکان. زۆرجار گواستنەوە و کوردانندنی هەندێ تێکست و بۆچوون و زانیاری بووە.

بەشی یەکەم

سنوری نێودەوڵەتی

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی یەکەم
سنوری نێودەوڵەتی

سنوری نێودەوڵەتی واتە خالی دەست پێکردنی سەرتا و کۆتایی خاکی وڵاتان و دەوڵەتان، هەموو وڵاتێک بەسنورەکەی دەناسرێتەوە، سنور رووبەری خاکی وڵاتان دیاری دەکات. واتە سنور و هەڵکەوتە جوگرافیەکەی ناسنامە و پێناسەیەتی. لەم بەشەدا باس لە گرنگی و بایەخی چەمکی سنور ودەستەواژەکانی زانستی دیاریکردنی سنوری نێوان وڵاتان و هەرێمە جیاوازەکان دەکرێت.

پێناسەی سنور (سنور چیە)؟

لە فەرهەنگی دەستەواژەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ ناساندنی چەمکی سنور هاتووە (ئەو هێڵە لێک جیاکەرەوەی کەوا دەست پێدەکات و بە هەرێمێک یاخود وڵاتێکی دراوسێ کۆتایی دێت) پێیدەگوترێت سنوری وڵات، یان سنوری نێوان دوو دەوڵەت و دوو بەش لە خاک، کە هەریەکەی لە چوارچێوەیەکی کارگێڕی نەخشەی وەرگرتووە، جا دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، یاخود هەرێمێک بێت. هەندێک لە شارەزایانی دیاریکردنی سنور پێیانوایە (دەستەواژەی هێڵ (limite) یان دەستەواژەی چەق یاخود تخوب (frontiere) لێرەدا بەیەکەوە چەمکی سنور بە دەستەوە دەدەن. واتە خاڵی یەکلاکەرەوەی نێوان دوو بەش لە خاک، کە هەریەکەیان سەروەری دەوڵەتێکی بەسەرەوەیە، کە تەواوی ناسنامە و بوونی یاسایی خۆی هەبێ لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا، یاخود دوو بەشی نێوان یەکەیەکی بەڕێوەبردن بێت، وەک هەرێمە فیدراڵ و ئۆتۆنۆمییەکانی چوارچێوەی یەک وڵات).

سنور لە چەند نیشانە و دیاردەیەکی سروشتی، یان دەستکرد پێکهاتووە لە نێوان ڕووبەری خاکی ناوچە و هەرێمەکاندا، یان بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان خاکی وڵاتەکاندا، بە مەبەستی دیاربوونی سنوری هەر وڵاتێک بۆ ئەوەی سەروەری خاکەکەی دیار بێت. بایەخ و گرنگییەکەی سنور لەوەدایە،

که چەقی دەستپێکردنی سەروەریی وڵاتێکە بەسەر خاک و هەرێمەکەیدا. لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەتەکە دەتوانێ تەواوی جوڵە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی خۆی بە ئازادانە و بەرپرسیارانە بکات، لە پشتی ئەم سنورەوە دەسەڵاتی ئەم وڵات و دەوڵەتە کۆتایی دێت و سنور و دەسەڵاتی دەوڵەت و وڵاتێکی تر دەست پێدەکات (جا کۆتایی هاتنەکە وشکانی بێت یان ئاوی) گرنگ ئازادی جوڵەی ئەو تەواو دەبێ و ئازادی و مافداری وڵاتێکی تر هەرێمێکی تر دەست پێدەکات. زۆرجار ئەم وڵاتانەی لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و کەلتوری و رەنگ لێک جیاوازن، واتە جیاوازی کەلتوری مرۆیی دەبێتە دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وڵات.

سنوری سروشتی لە چەند نیشانەیەکی جیاکەرەوەی سروشتی و جوگرافی پێکدێت وەکو (چیا، زنجیرە شاخ، تەپۆلکە، ڕووبار، دەریا، دەریاچەکان) ئەمانە دەبنە تخوبی نێوان دوو پارچە زەوی، واتە بۆتە هۆی کەرتبوونی ئەم دووپارچە زەوییە. بەڵام سنوری دەستکر، ئەو سنورەیە کەوا مرۆڤەکان نەخشەی هێڵەکان دەکێشن لە سەر ڕووبەری زەوییەکە. سەروەری ئەم دوو هەرێمە، یاخود ئەم دوو وڵاتە سنوری دیاری کراوی نێوانیان لێکیان جیادەکاتەوە و خاکەکەیان دیاری دەکات. سنوری دەستکرد هەر بە تەنها لەسەر زەوی ناکرێت، بەڵکو ڕووی دەریاکانیش دەگرێتەوە، تاکو سەروەری وڵاتان دیاری بکرێت لەسەر ئەو ئاوەی کەوا بۆتە سنوری وڵاتەکەیان، یان نێوان خۆی و وڵاتێکی تر، یان ئاوە نێودەوڵەتییەکان، چونکە سنورە ئاوییەکان هەمیشە کێشەی زۆریان لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئاوی ڕووبار و گۆماوە سروشتی و سەرچاوەکانی تر، بە تایبەت ئاوی کەناراوە هەرێمییەکان بۆ کەشتیگەلی و بازرگانی و ڕاوی ماسی هۆکاری کێشە و ململانێن، چونکە سەرچاوەی داهاتن، بۆیە هۆکارن بۆ دروستبوونی کێشە و قەیرانی نێودەوڵەتی. هەروەها دیاری نەکردنی سنورە دەستکردەکان لەسەر ئاو بێ یان وشکانی کێشەی سنورە هەواییەکەشی لێدەکەوێتەوە. بێگومان سنوری ئاسمانییش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە. بێگومان هەر

وڵاتێک لەم ڕۆژگارەدا سنوری ئاسمانی بۆ نەپارێزرێ ئەوە بە وڵاتێکی لاواز هەژمار دەکرێت.

بە تێڕوانینی (چارڵس ڕۆسۆ)[1] دیاریکردنی سنور دەبێتە هۆی لەدایک بوونی سیستەمێکی یاسایی، هاوتەریب لەگەڵ سیستەمی دراوسێیەتی دەبێ بگونجێ، کە چەند کێشەیەک دەهێنێتە ئاراوە، لەوانە:

١- بوونی دانیشتوانی هەردوو دیوی سنور، لە باری ئەرک و مافیان (وەک مافی هاتن و چوون و کارکردنیان) یان ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانیان لە بەرامبەر دەوڵەتدا (وەک خزمەتی سەربازی).

٢- ئەم ناوچانە بە خاڵی بەیەک گەیشتنی گشتی و پەیوەندی دەژمێردرێن (وەک دانانی بنکەی پاراستنی ئارامی و ئاسایش یان فەرمانگەی گومرگ و نشینگە).

٣- لە ئەستۆی وڵاتی دراوسێیە وەک ئەرک و ڕێزگرتن لە سنور و سەروەری وڵات، کەوا هاوکاربێت بۆ ڕێگرتن و گرتنی هەموو ئەوانەی لەلایەن دادگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان داوایان لەسەرە، یاخود بونەتە هۆکاری پەشێوی و ئاژاوە نانەوە لە هەردوو دیوی سنور.

مێژووی گەشەکردنی چەمکی سنور

شارستانیەتە کۆنەکان هیچ چەمک و تێڕوانینەکیان نەبووە بۆ سنور و دیاریکردنی (تخوب)ی نێوان دوو هەرێم، یان دەوڵەتەکانی ئەو ڕۆژگارە، تاکو ببێتە هێڵی لێک جیاکردنەوەی خاکی نێوانیان، یان دیاریکردنی خاڵی نێوانیان. بۆیە هەردوو پەیماننامەی ڤێردون (Verdun)[2] لەساڵی (٨٤٣ز) و

[1] - چارڵس ڕۆسۆ ساڵی (١٩٠٢ز) لە مێلی لە دایک بووە، ساڵی (١٩٩٣ز) لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، یەکێک بووە لە شارەزایە بەناوبانگەکانی یاسای نێودەوڵەتی فەڕەنسی.

[2] - پەیماننامەی ڤێردون (Verdun) لە ئابی ساڵی (٨٤٣ز) مۆرکرا، یەکەم پەیماننامەیە ئیمپراتۆریەتی (کارۆلینجی) دابەشکرد بەسەر سێ بەش لە نێوان کوڕەکانی (لویس

پەیماننامەی میرسین (Mersin)[٣] لە ساڵی (٨٧٠ز) یەکەم ڕێککەوتن و پەیماننامەن، کەوا چەمکی دیاریکردنی سنوری هێناوەتە گۆڕێ و گرنگی زانستی جوگرافی پێداوە، ئەگەرنا ئیمپڕاتۆریەتە کۆنەکان هەمیشە بۆ دیاریکردنی سنوریان، هێز و توانا سوپاییەکانیان ڕۆڵیان بینیوە لە دیاریکردنی سنوری قەڵەمڕەوییاندا، واتە چەند توانا و دەسەڵاتیان هەبووبێ و زۆرترین پانتایی زەوییان خستبێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیان و باج و خەراجیان سەندبێ، ئەوە سنوری قەڵەمڕەوییەکەیان لەو شوێنە بووە. زۆرجار شەڕ و پێکدادانی دوو هێزی ئەوکاتە لە پارچەیەک زەوی و خاک بۆتە هۆکاری دیاریکردنی سنوری نێوانیان، کاتێ هیچ لایەکیان نەیتوانیوە ئەوی تر بشکێنێ، ئەو شوێنە بۆتە خاڵی کۆتایی هاتنی سنوری هەردوولا، یاخود بەر لە دەستپێکردنی شەڕ بەهۆی میانگیرییەوە شوێنێک دیاریکراوە وەک سنوری یەکلایکردنەوەی خاکی نێوان هەردوولای ململانێکە. زۆرجاریش ئەم لێک جوداکارییەی سنوری نێوانیان دەریایەک، یان ڕووبارێک، یاخود زنجیرە شاخێک بووە. بەڵام لە تیۆری نوێدا بۆ چەمکی سنور، مەرج نییە دیاردەیەک یان هۆکارێکی سروشتی ببێتە هۆی دیاریکردن و جوداکردنەوەی سنوری خاکی نێوان دوو وڵات، بەڵکو چەند هۆکارێکی مێژوویی و سیاسی دەبنە هۆی دیاریکردنی سنوری نێوان ئەم وڵاتانە، وەک ئەوەی لە ڕێکەوتننامەی (سایکس پیکۆ)ی ساڵی (١٩١٦ز) ئەنجامدرا. بەبێ گەڕانەوە بۆ هۆکارە سروشتییەکان، لە دووری هەزاران کیلۆمەتر لەسەر مێزی گفتوگۆی نێوان (بریتانیا) و (فەڕەنسا) نەخشەی چەند وڵاتێکی تازەی وەک (عێراق و ئوردەن و سوریا و فەڵەستین و چەندان وڵاتی ترکێشرا). بەبێ ئەوەی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم هەرێمانە ویست و بوونیان هەبوبێ لەگەڵ ئەم نەخشە

شارڵمان)، ئەم پەیماننامەیە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی ئیمپراتۆریەتی (کارۆلیجی) هێنا، کە ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو.

[٣] – پەیماننامەی میرسین(Mersin) ساڵی (٨٧٠ز) لە هۆڵەندای ئێستا ئەنجام دراوە لە نێوان چارلز بالد و لویس جرمانی بۆ دابەشکردنی هەرێمی کارۆلینجی وڵاتی کوڕی لویسەری دووەمی برای.

جوگرافییە تازەیەدا، بەڵکو تەنها سەپاندنی ویست و بەرژەوەندی ئیستیعماری ئەم وڵاتە زلهێزانەی ئەوکات بوو، کە لە جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤–١٩١٨) سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و نەخشەکەی خۆیان جێبەجێ کرد، ئەویش ئەو دابەشکارییە جوگرافییە بوو، کە ئەنجامیاندا و چەندین وڵاتی تازەیان دروستکرد. دابەشکارییەکەش تەنها بووە هۆکاری مالوێران کردنی خاکی کوردان و دابەشی سەر چەند دەوڵەتێکی کرد، بەبێ ئەوەی ویست و بوونی خۆیان وەرگیرابێ لەم دابەشکارییەدا.

جۆرەکانی سنوری نێودەوڵەتی

چەند جۆرێک لە پۆلێنکردنی سنوری نێودەوڵەتی هەیە لەلایەن شارەزایانی یاسای نێودەوڵەتی دیاری کراون لەوانە:

یەکەم: سنوری سروشتی: مەبەست لە سنوری سروشتی (Natural Boundary) ئەو سنورەیە، کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بە دیاردەیەکی سروشتی کۆتایی پێهاتووە، وەکو ڕووبار و زنجیرە شاخەکان، لە کۆندا ئیمپراتۆریەتە گەورەکان لەسەری ڕێکدەکەوتن، زۆرجاریش وەک شورایەکی بەرگری بۆ جەنگ بەکار دەهات. یاخود لە ئەنجامی شەڕێک یەکلایی دەکرایەوە و هەردوو لایەنی کێشەکە ئەم دیاردە سروشتییەیان لە چیا و ڕووبارەکان بە سنوری یەکلاکەرەوە دادەنا. بۆیە ئەم جۆرە سنورانە پێیان دەگوترێ سنوری سروشتی، چونکە جیاوازن لەو سنورەی، کە بە ڕاستەهێڵێک لەلایەن مرۆڤەوە دەکێشرێ و دەبێتە هێڵی یەکلاکەرەوەی خاک و سنوری نێوان دوو هەرێم و دوو وڵات.

دووەم: سنوری دەستکرد (دروستکراو) ئەم جۆرە سنورە بۆیە پێی دەگوترێ دروستکراو، چونکە مرۆڤ هەڵدەستێ بە دامەزراندن و دیاریکردنی لەسەر زەوی بۆ یەکلایی کردنەوەی هێڵی نێوان دوو هەرێم. بۆ ئەم مەبەستە چەند هۆکارێکی دەستکرد بەکار دەهێنرێ، وەکو (ستون و دیوار و خانوو و کەڵەکە بەرد و دار) و هەموو ئەو شتانەی کە دەستکردن و دەکرێ وەک خاڵی

جیاکردنەوە سودی لێ ببینرێ و بزانرێ، کەوا ئەمە سنوری نێوان دوو هەرێمە. لەبنەڕەتدا سنوری سروشتی سنوری یەکلاکەرەوە بوو، بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاست. ئەم جیاکارییەی سنور، کەوا لەگەڵ بنەمای یاسای نێودەوڵەتی یەک بێتەوە، چەند هۆکارێکن بۆ دیاریکردن و یەکلاییکردنەوەی سنور، کە ئەم هۆکارانەن.

١- سنوری مێژووی کۆن (Immemorial) مەبەست لە سنوری مێژوویی ئەو سنورەیە، کە لە دێرزەمانەوە هەبووە و بە سنوری ئەم هەرێم و وڵاتە ناسراوە. لە کۆنەوە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی ئەم وڵاتە جوڵەی خۆی تێداکردووە و سەروەری خۆی لە چوارچێوەی ئەم سنورە پاراستووە، بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی بووە بە سنوری نێودەوڵەتی ڕێزلێگیراو. واتە مێژوویێکی دوور و درێژ ئەم سنورەی سەلماندووە، لە ئێستاشدا دانپێنراو و ڕێزلێگیراوە.

٢- سنوری ڕێککەوتن: ئەو سنورەیە کە لە ئەنجامی ڕێککەوتن، یاخود پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دیاریکراوە و هەردوو لایەنی پەیوەندیدار لەسەری ڕێککەوتوون و بۆتە مایەی سەقامگیری و هێڵی یەکلاکەرەوەی نێوان دوو دەوڵەت. زۆربەی وڵاتانی کیشوەری ئەمەریکای لاتین، یاخود ئەمەریکای باشور بە ڕێککەوتنی دوو لایەنەی نێوانیان کێشەی سنوریان چارەسەر کردووە، هەموو لایەنەکانیش دانیان پێداناوە و کەمترین کێشە لەسەر سنوری نێوان وڵاتەکان ماوە.

٣- سنوری شاخاوی: زنجیرە چیاکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی سنوری نێوان دوو وڵات، چونکە هۆکارێکی سروشتی جێگیرە هەم بۆ دیاریکردن هەم بۆ بەرگری کردن. ئەو وڵاتانەی کە شاخەکان بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی سنوری نێوانیان بایەخی زۆری هەیە بۆ پاراستنی هەڕەشەی دەرەکی.

٤- سنوری ڕووبارەکان: لەگەڵ گەشەی شارستانیەت ڕووبارەکانیش بایەخ و گرنگی گەورەی ئابوریان پەیداکرد. بۆیە زۆرجار ڕووبارەکان دەبنە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان خاکی وڵاتان، بەڵام کەنارەکانیان دەبێتە خاکی وڵاتان ، وەک یەک سوودمەند دەبن لە ئاوی ڕووبارەکە، هێڵێکی ڕاستی ناو ڕووبارەکە دەبێتە خاڵی جیاکردنەوە.

٥- سنوری نێودەوڵەتی لە ڕێگای تونێل و پردەوە: لەگەڵ گەشەی مرۆڤایەتی ئاوی ڕووبارەکان گرنگی وەرگرتووە، چەندین بەربەست و بەنداوی لەسەر دروستکراوە بۆ سودی گشتی، بۆیە زۆرجار پرد و تونێل بەپێی ڕێککەوتن دەبنە خاڵی جیاکەرەوەی سنوری نێوان دوو وڵات.

٦- سنور لە ڕێگای دەریاچە و گۆل و گۆماوەکان: ڕای دانەرانی یاسای نێودەوڵەتی جیاوازی هەیە لەسەر دەریاچە و گۆل و گۆماوەکان، کە دەکەونە ناوچەیەکی وشکانی نێوان دوو وڵات. ئەم دەریاچە و گۆماوانە بە خاوەنداریێتی نێودەوڵەتی دادەنێن و کەناراوەکان هی وڵاتەکانن. نموونەی دەریای خەزەر لە ئاسیا لە نێوان چەندین وڵاتە، یاخود دەریاچەی هۆگن لە نێوان ئەمەریکا و کەنەدا، ڤیکتۆریا لە ئەفەریقا.

سێیەم: سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی پشت بە کۆمەڵی مرۆیی دەبەستێ بۆ دروستبوونی، پەیوەندییان لە ڕووی بیروباوەڕ و یەکانگیریان بۆ قەوارەی سیاسی، کەواتە مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک سنوری خۆی پێکدەهێنێ، ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ ئەو هۆکارە ئیتنۆلۆجی و شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی، کە بوونی نەتەوە و نیشتمان دەسەلمێنن. بۆیە ئەم سنورە ڕاستی سنوری خاک دەسەلمێنێ، کە نەتەوەیەک بوونی هەبێ، بەڵام سیاسەت زۆرجار ئەم سنورە لە ئەنجامی دابەشکاری دەپچڕێنێ. ئەوەی ئیمپریالیزم کردی هەمووی بۆ تێکدان و پچڕاندنی سنوری مرۆیی بوو، وەک ئەوەی لە (کیشوەری ئەفەریقا) کردیان، کە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و کەلتوری و تیرەکانیان لەم کیشوەرەدا دابڕ دابڕ کرد بەهۆی دروستکردنی سنوری (سیاسیی جوگرافی) هەروەها دابەشکردنی (گەلی کورد) لە نێوان

چەند جوگرافیایەک، کە هیچیان مۆرکی کوردی پێوە دیار نییە. کەچی سنورە مرۆییەکەی گەلی کورد تاکو ئێستا بە ڕوون و ئاشکرا دیارە لە هەموو ئەو وڵاتانەی، کە دابەش کراوەتە سەریان. یاخود ئەو جیاکارییەی زۆرجار لە نێوان دوو وڵات دەکرێ، نموونە لە نێوان پۆڵەندا و ئەڵمانیا، کە زیاتر لە ملیۆنێک ئەڵمان کەوتنە سنوری پۆڵەندا بەبێ ئەوەی هەست و سۆزیان بۆ هاووڵاتی بوونی پۆلۆنی هەبێ، بە هەمان شێوە پۆلۆنییەکانیش بۆ ئەڵمانیایان هەبێت.

دیاریکردنی سنور بە شێوەیەکی کاتی

١- هێڵی وەستانی جەنگ: زۆرجار لە ئەنجامی جەنگی نێوان دوو لایەندا گۆڕان دروست دەبێت لەخالی سنور، لە کاتی وەستانی جەنگەکە هێڵێک دروست دەبێت. ئەم هێڵە دەبێتە خاڵی سنوری نێوان هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو و ناکۆک، بەڵام لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئەم هێڵەی کە جەنگی لەسەر وەستاوە نابێتە خاڵی سنوریی نێوان هەردوولا، چونکە لایەنی سەرکەوتوو حەز دەکات بەمشێوەیەی کە جەنگ کۆتایی هاتووە ببێتە خاڵی یەکلاکەرەوە، بەڵام بۆ لایەنی شکست خواردوو نابێت، بۆیە پێویستی بە دادگایەکی یەکلاکەرەوە هەیە.

٢- هێڵی هودنە- بێنقەدان (Armistice –Truce) ئەو هێڵەیە کە هەردوولا لە سەری وەستاون و لایەنی سیاسی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات بە مانای هێڵی یەکلاکەرەوە نایەت بۆ سنوری نێوان هەردوو لایەنی بەشەڕ هاتوو، بەڵام بۆتە خاڵی ڕێککەوتن، تاکو پرسەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر دەکرێ (هێڵی هودنە) جیاوازە لە (هێڵی وەستانی شەڕ) چونکە یەکەمیان ڕێککەوتنی سیاسی بووە، دووەمیان کردەیەکی سەربازییە و تەنها چالاکییە سەربازییەکان وەستاوە. هەروەک لە ماددەی (٣٦)ی (ڕاگەیێنراوی لاهای) بۆ وەستانی جەنگ هاتووە، لەهەمان کاتدا بۆ وەستانی جەنگ و هودنە دەڵێت(ڕاگرتنی کردەوە سەربازییەکان بە ڕێککەوتنی لایەنە بەشەڕ

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

هاتووەکان تەواو دەبێت) ناوەڕۆکی هودنە (بێنڤەدان) واتە وەستانی جەنگ لە نێوان لایەنە بەشەڕ هاتووەکان.

ڕێگاکانی دانان و دیاریکردنی سنور

دانان و جێگیرکردنی سنوری وڵات بە سێ شێوە دەتوانرێ دیاری بکرێت:

أ- هەموو وڵاتێک هەڵدەستێ بە تەنها و یەک لایەنە سنورێک دیاری دەکات بۆ وڵاتەکەی، وەک چەقی دەستپێکردن و کۆتایی سنوری وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتێکی تر، یاخود سنوری دەرەکی و ئاسمانی نێودەوڵەتی. زیاتر ئەم جۆرە دامەزراندنە لە سنوری ئاوی دادەمەزرێ، چونکە وڵات هەیە هەندێ جار تاک لایەنە ئەم کارە دەکات بەبێ حیساب کردن بۆ وڵاتی بەرامبەر و هاوسێی، ئەویش بەهۆی بوونی هەژموون و کاریگەری هێز و توانا هەمەلایەنەکەی لەسەر ناوچەکە، کە وڵاتانی بەرامبەری ئەو توانایەیان نییە بەری پێ بگرن.

ب- دامەزراندن لە ڕێگای ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی هاوسێ، واتە هەردوو وڵاتی هاوسێ هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا، ناوچەی جێ ناکۆکی لەسەرەکان بە ڕێککەوتن ساغ دەکەنەوە، بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان و جێگیرکردنی.

پ- دروستکردنی سنور لە ڕێگای دادگای نێودەوڵەتی (لاهای)[٤]. کاتێ دوو وڵات ناگەنە ڕێککەوتن لە نێوان خۆیان کێشەکە دەبەنە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی، بۆ دامەزراندن و دیاریکردنی سنوری نێوانیان. وەک ئەوەی هەردوو وڵاتی لیبیا و چاد لەکیشوەری ئەفریقا ڕۆژی (١٥/٤/ ١٩٩٤ز) کردیان، لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری دادگاکە لە ڕۆژی (١٩٩٤/٤/٤ز) هەروەها دامەزراندن و دیاریکردنی سنوری نێوان باکور و باشوری سودان ئەویش

[٤] - شاری (لاهای یان دانگ هاغ) (Den Haag) دەکەوێتە ڕۆژئاوای وڵاتی هۆڵەندا. شارێکی کۆنە، لە ساڵی (١٨٩٩ز) کۆنگرەی ئاشتی لێ ئەنجامدرا و دادگای دادی نێودەوڵەتی لێدامەزرا، لەوکاتەوە ناوبانگی گەورەی دەرکردووە لە جیهاندا.

لە ڕۆژی (٢٢/٧/ ٢٠٠٩ز) دادگای لاهای بڕیاری دیاریکردن و دامەزراندنی دا. هەردوو لایەنی کێشەکەش لەسەری ڕەزامەند بوون.

ڕێگاکانی دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێوان وڵاتان

چەند ڕێگا و شێوازێک بۆتە باو بۆ دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێوان وڵاتان، کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی پەسەندی کردووە، هەروەها زۆربەی وڵاتانیش پێی ڕەزامەند بوونە، لەوانە:

١- دیاریکردنی سنور بە گەڕانەوە بۆ سەردەمە لەپێشینە و مێژووییەکان: واتە ئەو چەردە مێژووییەی، کە ڕۆژگارێک هەبووە لە نێوان ئەو دوو هەرێم و وڵاتەدا، نموونە وەک ئەوەی نێوان (سوید) و (نەرویج) لە ساڵی (١٩٠٥ز) کاتێ بە ئازادی خۆیان لەیەک جودا بوونەوە، یان ئەوانەی لە نێوان وڵاتانی ئەمەریکای لاتین ڕوویدا ساڵی ١٩٠٢، یاخود وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کاتێ لە ساڵی (١٩٩١ز) لێک جودا بوونەوە، نموونەی هەرە دیار (چیک و سلۆڤاک).

٢- دیاریکردنی سنور لە ڕێگای (قوچەک و خاڵی وەهمی) یان دەستکرد لە نێوان هەرێمەکاندا. زۆرجار لە ڕێگای زانستی فەلەکییەوە، وەک هێڵی پانی و درێژی، یان چەند ڕاستەهێڵێک، یاخود کەوانەیەک لە نێوان دوو دیاردەی سروشتی، لە ڕێگای ڕامانێکی ئەندازەییەوە سنور دیاریکراوە، لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەری کۆک بوونە.

٣- هەڵبژاردنی سنوری سروشتی جوگرافی: ئەم دیاریکردنە ڕوونترین و دیارترین جۆری دەستنیشانکردنی سنورە، کە کەمترین کێشە و ململانێ لە نێوان وڵاتاندا دروست بکات. ئەم جۆرە دیاریکردنەی سنور پێیدەڵێن سنوری لوتکەکان، چونکە زیاتر لە ڕێگای لوتکە بەرز و دیارەکانی زنجیرە شاخەکان دەنەخشێندرێ و جێگیر دەکرێ، بۆیە بەمشێوە دیاریکردنە دەگوترێ (هێڵی لوتکەکان) دیاریکردنێکی ئاسان و کاریگەرە بۆ سنوری نێوان دوو وڵات.

هەروەها سەبارەت بە جوداکردنەوەی هێڵی ئاوی بۆ سنوری نێوان دوو دەوڵەت، ئەگەر ئاوی ڕووبارەکە بە کەڵکی کەشتیوانی هات، ئەوە هێڵی ناوەڕاست جیاکەرەوەی سنوری نێوان هەردوو وڵاتە، ئەگەر بەکەڵکی کەشتیوانیش نەهات، ئەوە لەو شوێنەی بەرزترین ڕێژەی ئاوەکەیە، تاکو خوارەوە بە یەکسانی دابەشدەکرێ بەهۆی ڕاستەهێڵەکەوە. هەروەها دەریاچەکانیش لە شێوەی کەوانە دیاری دەکرێن لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە سنوریان دەکەوێتە سەر ئەم دەریاچەیە، وەک دەریای قەزوین (خەزەر) لە کیشوەری ئاسیا، دەریاچەی (ڤیکتۆریا) لە کیشوەری ئەفەریقادا. هەروەها ئەگەر هاتوو دوورگەیەکیش هەبوو لەناو ئەم دەریاچەیەدا ئەوە هێڵی ناوەڕاست بە دەوری دورگەکەدا دەسوڕێتەوە، بەر ئەو وڵاتەش دەکەوێت، کەوا دوورگەکە دەکەوێتە پشتی هێڵەکەی ئەو، هەرچەندە بە شێوەی خوارکردنەوە، یاخود پێچکردن دیاری دەکرێت. سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری ناو دەریا، بەپێی ڕێکەوتننامەی (جامایکا)ی ساڵی (١٩٨٢ز) کەوا لە ساڵی (١٩٩٤ز) کەوتە واری جێبەجێکردن، لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا وا هاتووە (سنوری دەریایی هەموو وڵاتێک لە کەناری وشکانییەوە بۆ قوڵایی دەریاکە نابێ لە (١٢) میل زیاتر بێت، لەدوای ئەو (١٢) میلەوە کۆتایی بە سنوری ئاوی ئەم وڵاتە دێت. لەو خاڵەوە بە ئاوی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت و هەموو وڵاتان لە جوڵەکردن و بازرگانیکردن تێیدا ئازادن وەک یەک. ئەمە بۆ ئەو دەریایانەی کە بە نێودەوڵەتی دادەنرێن و هەژمار کراون، بەڵام سنوری دەوڵەت لە دەریا هەرێمییەکاندا (٢٤) میل لە هێڵی کەنار دەریاوە تاکو خاڵی کۆتایی ئەم درێژییە، هەروەها سنوری ئابووری دەوڵەت لەناو دەریاکان (٢٠٠) میلە. هەندێک لە شارەزایانی بواری سنور ڕایان وایە هیچ وڵاتێک مافی سەروەری بەسەر دەریاکانەوە نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە جۆرێکە لە دەسەڵات بەسەر بەشێکی دەریاکان، بە مەبەستی پارێزگاریکردن و ڕاییکردنی کاروباری بازرگانی، ئەگەرنا دەریاکان موڵکی گشتی مرۆڤایەتین، هەموو وڵاتێک وەک یەک مافی هەیە لە دەریاکان گوزەر بکات و بەکاریان بهێنێ بۆ

بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆی، بە مەرجێک نەیکات بە هۆکاری هەڕەشەکردن بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و زیان گەیاندن بە ژینگەی جیهان.

بایەخ و گرنگی سنور

سنوری خاکی نیشتمان پێویستە بە پیرۆز و ڕێزلێگراو بزانرێت، چونکە شکۆمەندیی نەتەوە و نیشتمان و سەروەری وڵات بە پارێزراویی سنورەوە بوونی هەیە دەبێت سنور وەک دەروازەیەک بێت بۆ بەیەکگەیشتن و ئەنجامدانی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بازرگانییە ڕاست و دروستەکان لە نێوان گەلانی دراوسێ دا، هەروەها سنور سەنگی پێوانەیە بۆ هەمووان، بۆ بەرگریکردن لە خاک و نیشتمان، بە تایبەت لەو کاتانەیدا کەوا هەڕەشە و مەترسی دەرەکی نەخوازراو دەکەوێتە سەر سەروەری خاکی وڵات و بوون و ناسنامەی دەکەوێتە بەر مەترسی لەناوچون و داگیرکردن لەلایەن هێزێکی نەیارەوە.

سنوری وڵات هۆکارێکە بۆ بەخشینی ئارامیی دەروون و زامن بوونی ئەمن و ئاسایش و پێدانی متمانەی دەروونی بە تاکەکانی وڵات. تاک هەست بە شکۆ و سەربەرزیی خۆی دەکات لە چوارچێوەی سەروەریی نیشتمان، ئازادی و دەست وەرنەدانی دەرەکی لە کاروباری سیاسیی ناوخۆدا، کەوا ببێتە مایەی بێزاری و پەشێوی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی وپێکەوەژیان هەموو ئەمانە پاڵنەرن بۆ خۆشیەکانی ژیان و کارکردن و خۆشەویستی، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرهەم هێنان و وەدیهێنانی گشت مافە سەرەکییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین.

هەروەها بەهۆی بوونی سنوری نیشتمان هەموو شتەکان دیار دەبن، بەبێ ئەوەی تێکەڵ بەیەک بن، وەکو (زمان، داب ونەریت، نیشانەکانی کەسێتی و بەدەنی و ڕەگەزی و زۆر لە هۆکارەکانی تری کۆمەڵ لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا) ئەمەش وادەکات هەموو کۆمەڵێک بەهۆی سنوری وڵاتەکەیەوە،

پاراستنی زۆر لە تایبەتمەندییە ڕەگەزی و کەلتورییەکانی خۆی بە شانازییەوە بپارێزێت و بەردەوامی پێبدات.

وڵاتی بێ سنور وەکو خانوو و ماڵی بێ دەرگا و پەرژین وایە، هەموو کەسێک بە ئاسانی دەتوانێ بچێتە ناویەوە، چونکە وڵاتی بێ سنور هیچ سودێکی ئەوتۆی نییە، هەرکاتێک سنور پێشێل کرا، واتە سەروەری وڵات شکێنراوە و مەترسی خراوەتە سەرخاکەکەی و بوون و نەبوونی کەوتۆتە مەترسیەوە، شکاندنی سەروەریی وڵاتیش واتە بێ ڕێزیکردنە بەرامبەر هەموو تاکێکی نیشتمان. بێ ڕێزیکردن واتە خۆ فەرزکردنی دەسەڵاتێکی بەدەر لەو دەسەڵاتە نیشتمانییەی کە میللەتی ئەم وڵاتە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە بۆ سەرکردایەتی کردنی خۆی. یاخود بە دیوێکی تر شکۆی هەموو نەتەوەیەک بە سنورەکەیەوە بەند وپارێزراوە، هەرکاتێ سنوری وڵات بەزێنرا، ئەوە شکۆی خاک و نیشتمان و ئەو نەتەوەیەش دەشکێت و دەبێتە نەتەوەیەکی ملکەچ پێکراو لەلایەن هێزێکی بێگانە و دەرەکییەوە .

لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەمان لەسەر گرنگی و بایەخی سنوری وڵات لەسەر چوار بابەت دەوەستین، کەوا هەریەکەیان لە ڕوانگەی زانستێکەوە، یاخود ڕووداوێک هاتۆتەکایەوە، کە وەرچەرخانی گەورەیان لە پێکهاتەی جیاکردنەوەی سنوری نێوان وڵاتاندا کردووە.

یەکەم: سنور لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵایەتییەوە

سنور بە واتای ئەو نیشانە و تخوبانە دێت، کەوا نێوانی ڕووبەری خاکی وڵاتان دیاری دەکات و لێکیان جیادەکاتەوە و وەکو ناسنامەی وڵاتی خاوەن سەروەری دەیخاتە ڕوو، هەروەها هەر سنوری نێوان ئەو هەرێم وسەرزەمینانەیە کە هەریەکەی ناوێکی هەڵگرتووە و کردوویەتیە ناسنامەی خۆی. ئەمەش جیهانی کردووە بە چەندین پارچە و بەشی دیار و جیاواز،کە ناوی کیشوەر و سەر و خوار و رۆژهەڵات و رۆژئاوای زەوی هەلگرتووە، هەریەکەی بە تایبەتمەندییێکی جۆری و ڕەنگی خۆی دوور لەوی ترخۆی

دەنوێنێ. بەپێی پێوانە و بنەماکان ئەم دابەشکردنەی سنور لە سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤایەتی سەرچاوەی سەرهەڵدان و دروستبوونی زۆر لە کێشە و ئاڵۆزی و ململانێ و شەڕ و شۆڕەکان بووە. هەروەها بۆتە هۆکاری داگیرکاری و وێرانکردنی زۆر لە شارستانیەتە گەورەکانی مرۆڤایەتی لە رابردوودا، کە ئەنجامەکەی زۆرجار لەناوبردنی مرۆڤ گەلێکی یەکجار زۆر بووە. هەر ئەمەش وایکردووە ئەم بابەتە ببێتە جێگای بایەخی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەران و شارەزایان. لە ئەنجامدا پسپۆڕیی لە بارەیەوە وەدەست بهێنن و ئەم زانستە بخەنە خزمەتی مرۆڤایەتی تاکو بە ئاشتی و سەقامیگری و ئاسایشەوە درێژە بە ژیان بدات. لە جیاتی وێرانکردن، بەڵکو بنیادنانی زیاتر بنرێ بۆ شارستانیەتی مرۆڤایەتی. لە هەموویان زیاتر گەشەی بە زانستی جوگرافیا و مێژوو و سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتی و زمان داوە، ئەمەش دەبێت بە چەند لقێک.

أ- جوگرافیا و سنور: زانستی جوگرافیا بایەخێکی زۆری داوە و دەیدات بە جۆر و پێکهاتەی سنوری وڵات، لە کاتی توێژینەوەکاندا بۆ دەرخستنی شوێن و پێگەکان کاری لەسەر دەکرێ، هەروەها دابەشکردنی دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر ڕووی گۆی زەوی و دابەشکردنی ئەم ڕووە بۆ هەرێم و ناوچەی هەمەجۆر بەپێی سنوری خۆیان، بە دڵنیابوون لە پێوانە و بنەمای زانستی و بابەتە متمانەپێکراوەکان. لەهەمان کاتدا سنور پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ زانستی جوگرافیادا هەیە و زۆرجار هەر لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا دێت.

ب- سنور لە مێژوودا: زانستی مێژوو بایەخی زۆر دەدات بە دیاریکردنی جوڵەی سنور و مێژووی سەرهەڵدانی ئەو هۆکارانەی، کە بوونەتە هۆی هاتنەکایەی نەخشاندنی سنوری نێوان وڵاتان و گرنگی ئەم داهێنانە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی. هەروەها دۆخی مێژوویی کە سنوری تێدا بەدەرکەوتووە، لەگەڵ چۆنییەتی ئاوێتەبوونی گەلان لەگەڵیدا بە ڕەزامەندبوون و دژایەتی کردنییەوە، لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە سنور هێناویەتە گۆڕێ لە

ململانێ و کێشە و جەنگدا بە درێژایی مێژوو، چونکە زۆر سنور هەیە بۆتە هۆکاری بێزاری و لێکترازان و ماف خواردنی زۆر وڵاتی ڕەسەن و نەتەوەی یەکگرتوو. نموونە (کوردستان) کە لە نێوان چوار وڵات دابەشکراوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، واتە زەرەرمەندە لەو سنورانەی کە لەناو خاکی کوردستان کێشران بۆ خزمەتی وڵاتانی تر کەناسنامە و مۆرکی نەتەوەی تریان هەلگرتووە، لە هەمان کاتدا بۆتە بەربەستێک لە بەردەم شکۆمەندیی تاکی نەتەوەی کورد و فەرهەنگ و ئابووری و زمانەکەی.

پ- سنور و سیاسەت: زانستی سیاسەت دیدی خۆی لەسەر ئەو هۆکارە سیاسییانە چڕ دەکاتەوە، کە لە چوارچێوەی ئەو سنورەی بەردەستە و ڕەنگدەداتەوە لەسەر بارودۆخی سیاسی. واتە هەژموونە سیاسییەکە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لەسەر بایەخی سنوری وڵات، هەر سیاسەتیشە دەبێتە هۆی دیاریکردنی پانتایی جوگرافیا و سنوری وڵات، چونکە لە کۆتاییەکەیدا دەوڵەت دەبێتە خاوەنی سنور و سیاسەتیش دەوڵەت و وڵات بەڕێوە دەبات.

ج- سنور لە یاسای نێودەوڵەتیدا: یاسای نێودەوڵەتی بایەخ بە شەرعیەت بوونی سنور و پابەندی بە بەڵگە (میساق) و پەیماننامە شەرعییەکانی نێودەوڵەتییەوە دەدات. واتە سنوری دیاریکراو چەند پابەند و وابەستەی بەڵگە و شەرعییەتە نێودەوڵەتییەکان بێت ئەوەندەکاریگەرە، چونکەڕەوایی یاسا نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەیگرێتەوە، هەروەها بە بینین و بەدەرخستنی سەرجەم ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر نەخشاندنی سنوری نێوان وڵاتان دەرچووە، یاخود لە نێوان دوو وڵات مۆرکراوە. یاسای نێودەوڵەتی چاودێری چۆنییەتی جێبەجێکردن و پابەندبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کێشەکە دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی کەوتۆتە ئەستۆیان لەو بابەتەی، کە لەسەری ڕێککەوتوون، بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت و هیچ لایەنێک مافی ئەوی تر پێشێل نەکات لە ژێر پەردەی هیچ بڕوبیانوێکدا.

چ- مانای سنور لە ڕووی زمانەوە: سنور لە ڕووی زمانەوە بە مانای کۆتایی هاتنی ڕووبەرێک لە خاک و دەستپێکردنی ڕووبەری پارچەیەکی تر لە خاک

دێت،یاخود سنورێکی ئاوی جگە لە وشکانی دەست پێدەکات، واتە ئەو هێڵەی کە نێوانی دوو بەش پێکدەهێنێ، یاخود زۆرجار بە مانای دانانی جۆرێک لە ڕێگرتن، یاخود بە زمانی عەرەبی گوتەنی (حد) واتە حەدێک دابنرێ. لە کوردەواری بە تایبەت لە گوندەکان بۆ دیاریکردنی نێوانی دوو پارچە زەوی جگە لە وشەی (ناوان یان نێوان) لەهەمان کاتدا وشەی (تخوب) زیاتر بەکار دەهێنن، ئەویش وشەیەکی عەرەبییە بە مانای جیاکردنەوەی دوو جۆر توخم (ڕەگەز) لەگەڵ یەکتر دێت. سنور دەوڵەمەندییەکی زۆری داوە بەمانە، کە بە چەندین وشە گوزراشتی لێدەکرێ .

دووەم: دروستبوون و جێگیر بوونی سنور بەهۆی شەڕە گەورەکان

جوگرافیناسی گەورەی ئەمەریکی (ئیسحاق بۆمان: ١٨٧٨–١٩٥٠) دەنووسێت (سنور لە شێوەی دەمی چەقۆیە، ئەنجامی شەڕ و چارەنووسی ئاشتی و شارستانیەتی گەلان و لەناوچوونیانی پێوە هەڵواسراوە) ئەگەر بێت و ئەم دەستەواژەیە بەنموونە بهێنینەوە بۆ شەڕە گەورەکان، ئەوە بێگومان ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، چونکە سنور بووە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی نێوان دەوڵەتان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی وکەلتوریەکانی سەر ڕووی زەمین. هەر کێشەکانی سنوریش بوون بوونە هۆکاری سەرەکی تەقینەوە و پەرەسەندنی ئاگری هەردوو شەڕە گەورەکەی جیهان لە سەدەی ڕابردوو (جەنگی جیهانیی یەکەم ١٩١٤–١٩١٨ز) و (جەنگی جیهانیی دووەم ١٩٣٩–١٩٤٥ز) لەم شەڕانەدا نزیک بە (دووسەد ملیۆن) مرۆڤ لەناو چوون، هەروەها چەندین وڵات و ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەکو (نەمسا و مەجەر و عوسمانی و ئەلمانیای نازی و ئیتالیای فاشی) لەناو چوون. لەهەمان کاتدا دوای تەواو بوونی جەنگەکان نەخشەی سیاسیی جیهان گۆڕانی بەسەردا هات. لە جەنگی جیهانیی یەکەم بەهۆی تەماعگیری سڕبەکان لە وەدەستخستنی خاکی (بۆسنە و هێرسک) لە دەست (ئیمپراتۆریەتی نەمسایی) جەنگ هەڵگیرسا. کاتێ شازادە ئەرشیدۆکی (فرانز

فریناند)[٥] جێنشینی پاشای نەمسا لە شاری (سەرایڤۆ)[٦] لەلایەن گەنجێکی سڕبییەوە پەلاماردرا و کوژرا. ئەمە بووە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم، هەروەها پاش هەڵگیرسانی شەڕیش وڵاتانی هاوپەیمان بۆ دابەشکردن و لەبەینبردنی (ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی) ئەویشیان خستە چوارچێوەی بەرنامەی لەتوپەت کردنی و پاشان دابەشکردنی بەسەرچەند هەرێم و پارچەیەک. دوای تەواوبوونی جەنگەکە چەندین وڵاتی تازە بە ویست و نەخشەی وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگ بەتایبەت (بریتانیا) و (فەڕەنسا) دروستکران، هەریەکەی بە سنورێکی تایبەتەوە. بەڵام جەنگی جیهانیی دووەم لەلایەن (ئەدۆڵف هیتلەری) سەرۆکی بێ ڕکابەری ئەڵمانیای نازی هەڵگیرسا بۆ گێڕانەوەی شکۆمەندی ئەڵمانیا، کە لە جەنگی جیهانی یەکەم دۆڕاندبووی و چەندین مەرجی لەلایەن براوەکانی جەنگ بەسەردا سەپا بوو. ئامانجی هیتلەر لەم جەنگەدا یەکخستنی خاکی هەموو ئەو نەتەوانە بوو کە بە ڕەگەز (ئەڵمانی)ن، یاخود بە ئەڵمانی دەئاخفن. لەولاشەوە (مۆسۆلۆنی)ی سەرۆکی (ئیتاڵیا)ی هاوپەیمانی کەوتبووە کەڵکەڵەی گێڕانەوەی سەروەرییەکانی رابردووی وڵاتی ئیتاڵیا و (ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمای پیرۆز) هەروەها وەدەست خستنی هەموو ئەو خاکەی دەکەوێتە کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. لە مێژوودا زۆر جەنگی تر بەهۆی ناکۆکی سنورەوە دروست بووە، وەکو جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (ئێران-عێراق) لە (١٩٨٠-١٩٨٨ز) لەسەر ئاوی یەکاوی عەرەب (شط العرب) کێشەی

---

[٥] -(ئەرشیدۆک) واتە شازادەی جێنشینی ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا و هەنگاریا (فرانز فریناند) لە شەقامەکانی شاری سەرایڤۆ پیاسەی دەکرد و دەسوڕایەوە، لە (١٩١٤/٦/٢٨ز) لەلایەن گەنجێکی سەرەڕۆی سڕبی بە ناوی (گافریلۆ پرینسیب) تیرۆرکرا. ئەم تیرۆرکردنە بووە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨ز) بە ملیۆنان مرۆڤ بوونە سوتەمەنی تێیدا و چەندین وڵات کەوتنە ژێرەوە و ناسنامەی خۆیان لە دەستدا و وڵاتی تر دروست بوون.

[٦] - سەرایڤۆ (Sarajevo) شارێکی کۆنی سڕبییە، لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی بۆسنە و هێرسک ساڵی (١٩٩٢ز) بووە بە پایتەختی ئەم وڵاتە.

(فەڵەستینیەکان) و (ئیسرائیل)یش لەسەر سنور وەستاوە و چارەسەر نابێ. لە (کوردستانی باشور یان هەرێمی کوردستانی عێراق)یش دەمێکە کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا ناگاتە ڕێککەوتنێکی کۆتایی. هۆکاری سەرەکی ڕێک نەکەوتنەکەش، کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردنشینە، کە دەکەوێتە سەر ناوچە عەرەب نشینەکان، کە ناوچەی بەپیتن لە ڕووی سەرچاوەی سامانی سروشتی بە تایبەت (نەوت) بۆیە هەمیشە دەسەڵاتدارانی بەغدا لە هەوڵی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان بوونە بە تایبەت خانەقین و کەرکوک و دەورووبەری وەمەخمور وشەنگار.

سێیەم: ئەرکە ژیارییەکانی سنور

ئەگەر بە تەنها دیاریکردن و دانانی سنور بۆ ئەو خاک و ڕووبەرانەیە، کەوا ماف بە دەوڵەت دەدات بەکاریان بهێنێ و سەروەری و دەسەڵات و توانای خۆی لەو چوارچێوەیەدا بەکاربهێنێ، بەبێ دەستوەردان و فشاری دەرەکی دەسەڵاتێکی بێگانە، پشت ئەستور بە یاسای نێودەوڵەتی و بنەما و پڕەنسیپە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگرتن لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی و بیانی لە کاروباری ناوخۆیدا. سەرەڕای ئەمانە سنور چەند ئەرکێکی تریشی هەیە، ئەویش بە ڕەخساندنی هەموو نیشانە و ئاماژەکانی بۆ ڕێزگرتن لە سەروەری و شکۆمەندی وڵات و پاراستنی سەرجەم ماف و پێویستییەکانی لەسەر ڕووبەری ئەو خاکەی کەوا لە چوارچێوەی سنورێک دیاریکراوە، کە ناسنامەیەکی نیشتمانیی دانپێنراوی هەیە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە. لەهەمان کاتدا سنور چەندین ئەرک و فەرمانی تریش دەبینێ لە پاراستنی سەروەری وڵاتدا، وەکو:

ا- ئەرکی ئاسایش و بەرگری و پاراستنی نیشتمان

سنور واتە خاڵ و چەقی بەرگری و پاراستنی وڵات لە هەر مەترسییەک و پەلامارێکی دەرەکی نەخوازراوی دوژمندارانە، کەوا بوون و ناسنامەی ئەو وڵات و نەتەوەیە بخاتە ژێر هەڕەشەی دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردن،

یاخود فشار خستنەسەری بە مەبەستێکی تایبەت، لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەروەریی نیشتمان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە وڵاتان هەڵدەستن بە قایمکردن و کۆنترۆڵکردنی سنورەکانیان وەک بنیادنانی شورا و قەڵای گەورە و پتەوی کۆنکریتی، بە وێنەی (دیواری مەزنی وڵاتی چین) و (شوراکانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیی کۆن) هەروەها هەموو ئەو بەربەستانەی لە شێوەی چاڵ و کەند هەڵکەندراون بۆ پاراستنی سنورەکانی وڵات. لە ڕۆژگاری نزیکدا وڵاتی (ئیسرائیل) دیوارێکی کۆنکرێتیی پتەوی دروستکردووە لە سنوری نێوان خۆی و فەڵەستینیەکانی بەری خۆرئاوا. هەروەها دەوڵەتی (تورکیا) لە چەندین شوێن دیواری گەورەی کۆنکرێتی دروستکردووە بۆ بەرگرتن لە چالاکی گەریلاکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان) لەسەر سنورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشور و ڕۆژئاوا. لە مێژوودا چەندین هێڵی بەرگری لەسنور دروستکراوە و ناوبانگی گەورەیان هەیە، وەکو هێڵی (ماجینۆ)[٧] کە فەڕەنسییەکان دروستیانکرد لەبەردەم داگیرکاری ئەڵمانیا لە (جەنگی جیهانیی دووەم ١٩٣٩–١٩٤٥ز) هەروەها هێڵی (بارلیف)[٨] لە بەرامبەر هێرشی میسرپیەکان لە نۆکەندی سوێس لە دوای داگیرکردنی نیمچە دوورگەی سینا لە جەنگی

---

٧ – هێڵی ماجینۆ(Ligne Maginot) فەڕەنسیەکان دوای سەرکەوتنیان لە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤– ١٩١٨ز) بیریان لێکردەوە لە سنوری باکوری ڕۆژهەڵات، کە دەکاتە سنوری ئەڵمانیا لە ناوچەی ئالاس (Alsace) و لۆرین (Lorraine) هێڵێکی تۆکمە و بەهێزیان دروست کرد بۆ بەرگرتن لەو تیۆرەی ئەڵمانی، کە جەنگی دەستە و یەخە دەکات و دەست بەسەر وڵاتدا دەگرێ. سەنگەرەکان توانای بەرگری بەهێزیان هەبوو لە ڕووی چۆنییەتی دامەزراندنی هێزی تۆپ و جبەخانە بۆ ئاگربارانکردنی هێزی پەلاماردەر.

٨ – (هێڵی بارلیف) ئەو هێڵە گڵینە بوو، کە سوپای ئیسرائیل لە دوای جەنگی (١٩٦٧ز) لەگەڵ میسر لە ڕۆژهەڵاتی کەناری نۆکەندی سوێس دروستی کردبوو، بەرزاییەکەی لە نێوان (٢٢–٢٥) مەتر بوو، چەندین ڕوانگە و سەنگەری زۆر بەهێزی لەسەر بوو. سوپای میسر لە ساڵی (١٩٧٣ز) بەهۆی ترومپایەکی گەورەی دروستکراوی کۆمپانیا بریتانی و ئەڵمانییەکان توانی (١٥٠٠) مەتر خۆڵ و خاشاک بڕوخێنێ لە ماوەی دوو کاتژمێردا، بەم شێوەیە ڕێگای تانکەکانی سوپای میسر کرایەوە بۆ پەلاماردانی سوپای ئیسرائیل.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ز. ئەرکێکی تری سنور پاراستنی وڵاتە لە کاری قاچاخچێتی و باندەکانی بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان و هەموو ئەو شمەکانەی کە ڕێگا پێنەدراون، یاخود یاساغن لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر. هەروەها سنور بەربەستێکە بۆ پاراستنی دانیشتوانی وڵات لە نەخۆشییە کوشندە ڤایرۆسییە گوازراوەکان، وەک (کۆلێرا و ڕشانەوە و ئەنفلۆزای باڵندە و بەراز و کۆڤید١٩ وچەندین جۆری تر) لە ڕێگای دانانی کۆنترۆڵی پشکنینی تەندروستی و چاودێرکردندا. هەروەها بۆ ڕێگرتن لە هاتنەناوەوەی خۆراکی خراپ و بەسەرچوو و زیانبەخش، لەگەڵ هەموو ئافاتێکی کشتوکاڵی و دەردێکی کوشندەی ئاژەڵداری، یاخود هەر شتێک کە زیان بە سەلامەتی و بوونی سامانی گشتی وڵات بگەیێنێ، یاخود لایەنێکی دەرەکی بیەوێ زیان بە پێکهاتە ئابوری و تەندروستییە گشتییەکانی وڵات بگەیێنێ.

ب- کۆنترۆڵ و چاودێری هاتووچۆی تاکەکان

پاراستنی سنور ئەرکێکی گرنگ تری ئەوەیە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێگرتن لە هاتنەناوەوەی ئەو کەسە نەخوازراوانەی کاتێ دەپەڕنەوە و دەگەنە ناوەوەی وڵات کێشە و ئاژاوە دروستدەکەن و مەترسی دروستدەکەن لەسەر ئاسایشی گشتیی وڵات، یان ئەوانەی داوا کراون لەلایەن وڵاتانی تر بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە. هەروەها ڕێکخستنی سیستەمی کۆچ و ڕێگرتن لە هاتنەناوەوەی شمەک و کاڵا خراپ و یاساغەکان و هەموو ئەو شتانەی بازاڕی وڵات دووچاری ناهاوسەنگی دەکات و دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پەشێوی تێیدا. ئەمەش باری ئاسایشی گشتیی وڵات دەورووژێنێ و زیانی گەورەی پێدەگەیێنێ، بە تایبەت ئەو شتومەکانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئابووری و بەرهەمی نیشتمانی هەیە، لەگەڵ سپیکردنەوەی پارە. هەروەها ڕێکخستنی جوڵە و هاتووچۆی کەسەکان، ئەوانەی وەک کرێکار و دەستی کار ناسراون بۆ ئەوەی بازرگانییان پێوە نەکرێ لە نێوان وڵاتاندا (وەک ئەوەی بەردەوام دەکرێ لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە مەبەستی گواستنەوەی مرۆڤەکان بۆ کیشوەری ئەوروپا تاکو وەک پەناهەندە

وەربگیرێن) لەگەڵ ڕێگری کردن لە زۆر بابەتی ناپەسند و نەخوازراوی تر کە زیانی بۆ سەروەری نیشتمان و دانیشتوانی وڵات هەیە.

پ- بەکارهێنانی نموونەی سامانی سروشتی و بەرهەمەکانی

هەموو وڵاتێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کات و ڕێگای دەستکاری و بەکارهێنانی سامان و بەرهەمە سروشتییەکانی خۆی دیاریدەکات. بە زۆریش ناوچە سنورییەکان، کە دەوڵەمەندن بە ئاو و نەوت و کانزاکان. بۆیە چەندین کێشە و قەیران لەسەر ئەم سەرچاوانە دروست بووە و دروست دەبێت، هەروەک ئەوەی لەسەر کێڵگەی نەوتی (ڕومێڵە)ی نێوان سنوری عێراق و کوێت لە ساڵی (١٩٩٠ز) ڕوویدا، کە هەریەکەی بە جۆرێک باسی لە مافداری خۆی دەکرد لەسەر ئەم کێڵگە نەوتییە. ئەنجامەکەی بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، چونکە عێراق لەرۆژی (٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ز) بە سوپا زەبەلاحەکەی پەلاماری وڵاتی کوێتیدا و لە ماوەیەکی کورتدا داگیری کرد. لەپاشاندا هێزی هاوپەیمانان بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زەبری هێز پاشەکشەیان بە سوپای عێراق کرد لە خاکی کوێتدا.

ج- پاراستنی ئابوری نیشتمانی و گەشەکردنی

بۆ پاراستن و گەشەپێدان و مانەوەی بەرهەمە ڕەسەن و خۆماڵییە ناوخۆییەکان لە بەرهەمی دەرەکی، کەوا ململانێی بەرهەمی ناوخۆیی و نیشتمانی دەکات و زیانی پێدەگەیێنێ سنور ئەرکێکی گەورە دەبینێ لەم بوارەدا، چونکە لە ڕێگای سەپاندنی باجی گومرگ و ڕێگاگرتن لە هەندێکیان ئابووری وڵات دەپارێزێ و گەشەکردنی ناوەستێنێ وهاوسەنگی بازاڕ رادەگرێ، بۆیە لە خاڵە سنورییەکاندا بنکە و خاڵی گومرگی و سەنتەری کواڵێتی کۆنترۆڵ دادەمەزرێ بە مەبەستی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و نیشتمانی لە بەرهەمی بێگانە، هەم وەک پاراستنی توخمی ڕەسەنایەتی هەم وەک هاوسەنگیی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕەکانی ناوخۆی وڵاتدا. ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەرت نەبوونی سەرمایەی گشتی و زیادکردنی ئەو سەرمایە

نیشتمانییە، کە یەدەگی نەختی پێدەڵێن زیاتر لە دراوی قورسە ،ئەو دراوەی کە سەنگینە و نرخی کڕینی بەرزە و وابەئاسانی دانابەزێ.

چوارەم: سنوور و دیاردە جوگرافییە سروشتییەکان

لە دیاریکردنی سنووردا زۆرجار دیاردە جوگرافی و سروشتییەکان ڕۆڵ دەبینن، وەک (بەرزاییەکان و زنجیرە شاخ و تەپۆڵکە و گۆماو و دەریاچە و ڕووبارەکان، لەگەڵ ڕەگەز و جۆری پێکهاتەی خاکەکەی و دار و درەخت و جۆرەکانی ئاژەڵ و ڕێژەی باران بارین و چەندین دیاردەی سروشتی تر) کە ڕۆڵیان هەیە لە نەخشاندن و دیاریکردنی سنور.

أ- چیاکان (شاخ) جیاکەرەوەن لە نەخشاندنی سنور

چیا و زنجیرە شاخ باشترین جۆری دیاردەی سروشتی جوگرافییە، کە لە توانایاندایە سنوری نێوان دوو وڵات بەڕوونی لەیەک جیا بکاتەوە، چونکە دیاردەیەکی کاریگەر و بەرچاوە بۆ ئەوەی ببێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو وڵات. چەندین سودی تری هەیە لەوانە:

١- هەڵکەوتەی چیا و شاخ بەزۆری لەو ناوچانە هەڵدەکەوێ، کەوا ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی تێدا دەژی، ئەمەش وادەکات کێشەی مرۆیی لەو سنورانە کەم بکاتەوە. هەروەها سەرچاوەی سامانی سروشتی و داهاتی کەمە لەبەر قورسی هاتووچۆ و گواستنەوە، لەگەڵ نەبوونی زەوی باش بۆ بەرهەم هێنانی دانەوێڵە.

٢- زنجیرە چیاکان لەیەک جیاکەرەوەیەکی بەهێزی دانیشتوانی هەردوو بەرەیە، واتە دەبێتە بەربەستێکی کاریگەری نێوان هەردوو وڵات، بۆیە زۆرجار ئەم زنجیرە شاخانە نێوانی دوو نەتەوە ودوو ئاین و دوو کەلتور پێکدەهێنن.

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

٣- زنجیرە چیاکان باشترین و ڕوونترین هێڵی لەیەک جیاکەرەوەی سنوری نێوان وڵاتانن، چونکە خاڵ و قوچەکەکان بە باشی جێگیر دەکرێن و دیارن، هاتوچۆ و پەڕینەوە پێیدا سەخت دەبێت.

٤- سنوری شاخاوی یەکێکە لە سنورە جێگیرەکان وا بە ئاسانی ناتوانرێ دەستکاری بکرێت و گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت، وەک ئەوەی لە ڕووبارەکان هەیە لەنێوان دوو وڵاتدا. لە نموونەکانی سنوری شاخاوی لە جیهاندا، زنجیرە شاخی (برانس) لە نێوان هەردوو وڵاتی (ئیسپانیا) و (فەڕەنسا) هەروەها زنجیرە شاخی (ئەڵپ) کە وڵاتی (ئیتاڵیا) جیادەکاتەوە لە هەموو کیشوەری ئەوروپا. بەهەمان شێوە نێوان وڵاتی (سوید) و (نەرویج) بە زنجیرە شاخێک لە یەکتر جیادەکرێنەوە. لە (باشوری کوردستان) هەمیشە زنجیرە شاخی (حەمرین) وەک خاڵی یەکلاکەرەوەی نێوان وڵاتی کوردان و وڵاتی عەرەب باسی لێوەکراوە.

ب- بیابان وەک ناوچەیەکی دابڕاو

سەرەڕای کەمی پێکهاتەکانی زەوی لە ناوچە بیابانەکان بەهۆی جوڵەی زۆری خۆڵ و لمەوە، هەروەها جێگیر نەبوونی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، بەڵام هەندێک لە بیابانەکان بوونەتە ناوچەیەکی دابڕاو و لێک جیاکەرەوەی نێوان وڵاتان لە یەکتری. نموونەی بیابانی گەورە لەناوەڕاستی کیشوەری ئەفەریقا، بۆتە هۆکارێکی کاریگەری دابڕان و جیاکەرەوەیەکی بەهێز لە نێوان وڵاتانی (باکور و ناوەڕاستی کیشوەری ئەفەریقا) هەروەها بۆتە قوڵاییەکی بەهێز و دڵنیاییەکی متمانەپێکراو بۆ هەندێ وڵات لە مەترسی هەڕەشە و هێرشی دووژمنکاریی دەرەکی.

پ- ڕووبار و دەریا و زەریاکان

یەکەم- ڕووبار: سەرەڕای ئەوەی زۆرجار ڕووبارەکان دەبنە بەربەستێکی جیاکەرەوە لە دیاریکردنی سنووری نێوان وڵاتان، بەڵام بایەخ و گرنگییەکەی بێ کەموکوڕی نییە. دوای ئەوەی زانستی نوێ گەشەی کرد بە ئاسانی پردی

پەڕینەوەی لەسەر دروستدەکرێ، هەروەها ئاسانیی پەڕینەوە لێی بەهۆی بەلەم و ئامێرە ئاوییەکان. لەهەمان کاتدا زۆرجار ڕێڕەوەکەی گۆڕانی لەمبەر بۆ ئەوبەری بەسەردا دێت.هەمیشە دەم کەنار ڕووبارەکان بە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان دەور دەدرێ، بۆیە پەڕینەوە و هاتووچۆ لە نێوان هەردوو بەری ڕووبارەکەدا زۆرە و کۆنترۆڵکردنی لەبەردەم هاتووچۆ و پەڕینەوەدا وا ئاسان نییە، چونکە هۆکارەکانی پەڕینەوەی سەردەم زۆر ئاسان و پێشکەوتوون.

دووەم- دەریا و زەریاکان: بەهۆی گەورەیی و فراوانییەکەیان باشترین جیاکەرەوەی سنوری سیاسی نێوان وڵات و کیشوەرەکانن، بە لەبەرچاوگرتنی چەندین هۆکار.

١- جێگیرییەکی بەردەوام و قوڵ و چەسپاوی هەیە، هیچ هۆکارێک نییە دەستی بۆ ببێنێت بە مەبەستی گۆڕینی، چونکە ناگۆڕدرێ و هۆکارەکانی دەستکاریکردنیان کەمە.

٢- لە زۆر کاتدا هاوکات دەبێت لەگەڵ ڕەگەز و ڕەنگ و زمانی مرۆڤەکان، وەک (نەتەوە، زمان، ئاین) نموونەی نێوان ئەوروپا و ئاسیا و ئەمەریکا و ئەفەریقا و ئوسترالیا و چەندین نموونەی تر.

٣- کەمی کێشە و ململانێ لەسەری، چونکە کەمترین سەرچاوەی سروشتی تێدایە، جگە لە ئاوە هەرێمییەکان. هەروەها جیاوازە لە سنوری وشکانی، واتە ئەوەی لە سەر زەوی هەیە لە بەرهەم و سەرچاوە سروشتییەکان. ئەو بەرهەمە نەوتییانەی تاکو ئێستاش کە دۆزراونەتەوە بەزۆری لە ئاوە هەرێمییەکانن، وەک لەوەی لە قوڵایی و شوێنە بێ خاوەنەکان بێت.

٤- (زەریاکان) ئۆقیانووسەکان باشترین دیاردەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە کەوتونەتە ناو زگی زەریاکان، واتە سنورێکی ئاویی فراوانی پان و قوڵ دەوریداون. ئەمەش دەبێتە هۆی پێدانی متمانە و دڵنیاییەکی زۆر بۆ دانیشتوانی ئەم وڵاتانە، ئەمەش زۆر کاریگەرە بۆ درێژەدان بە ژیانی دوور

لە ترس و نیگەرانی لە بەردەم هەر هەڕەشە و هێرشێکی دەرەکی. نموونەی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا و ژاپۆن و بریتانیا و نیوزلەندا و ئوستralیا و چەندانی تر) هەزاران کیلۆمەتر نێوانی لەگەڵ وڵاتانی تر بۆ دروستکردوون لەگەڵ نزیکترین وڵات لێیەوە.

دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی

بۆ دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتی لە ڕووی یاساییەوە چەند ڕێکارێک دەکرێتە بنەما و پێوەری دیاریکردنی سنور، لەوانە:

١- ڕێگای سەپاندنی بە تەنها و یەک لایەنە،واتە ئەو وڵاتەی هێز و هەژمونی کاریگەری هەیە،ویستەکانی خۆی بەزۆر دەچەسپێنێ. وەک ئەوەی وڵاتی روسیا لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠٢٢ لە سەرخاکی وڵاتی ئۆکرانیا کردی.

٢- ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە شێوەی پەیماننامەکان و پڕۆتۆکۆڵاتی نێوان وڵاتانی هاوسێ.

٣- دیاریکردن و دانانی سنوری وڵاتان لە ڕێگای دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی، کە نوێنەرە لە دادگای باڵای نێودەوڵەتیدا، یاخود لە ڕێگای بڕیارەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی، کاتێ کە بۆ دادوەریی کێشە و قەیرانەکانی نێوان وڵاتان دادەمەزرێ.

هەموو ئەوانەی لە بەراییدا خستمانەڕوو بۆ دیاریکردن و دانانی سنوری نێودەوڵەتییە لەسەر نەخشە کاغەزیەکان، وەک بەڵگە و سەنەدێکی یاسایی، کەوا وێنەی بڕیارەکانی ڕێککەوتنی نێوان وڵاتان یان پەیمانە نێودەوڵەتییەکان، یاخود بڕیاری دادوەری نێودەوڵەتی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی سروشت و واقعی سنوری نێوان ئەم وڵاتانە دەربخات و بیکات بە واقعێکی سەلمێنراو لە نێوان ئەم وڵاتانەدا، کە نەخشەی سنورەکەیان بۆ کێشراوە، تاکو لە کێشە و ململانێ و ئاڵنگاریەکان خۆیان لە هەڕەشەکردن لە یەکتری کردن دوور بکەونەوە. هەردوولا ڕێز لەو نەخشە تازەیە بگرن، کە دیاریکراوە و

ڕێككەوتنی لەسەر ئەنجام دراوە بۆ دیاریكردنی سنوری نێوانیان تاكو كۆتایی بە هەموو ئالۆزی و كێشەكانیان بهێنێ، هەروەها ببێتە هۆی وەدیهێنان و چەسپاندنی ئارامی و ئاشتی لە نێوان هەردوو وڵاتدا. بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە لە چۆنیەتی نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی لە ڕووی یاساییەوە دوو شێواز هەیە، كە ئەوانیش ئەمانەن.

سەرچاوەی یەكەم: دیاریكردنی سنوری نێودەوڵەتی چییە و كێ بە نەخشاندنی هەڵدەستێ.

سەرچاوەی دووەم: ڕێگاكانی دیاریكردن و نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی
.

سەرچاوەی یەكەم

دیاریكردنی سنوری نێودەوڵەتی چییە و كێ بە نەخشاندنی هەڵدەستێ

ئەم سەرچاوەیە لەسەر دوو ویست و داوا دەوەستێ بۆ دیاریكردنی سنوری نێوان وڵاتان، لایەنی پەیوەندیدار بۆ نەخشاندن و دیاریكردنی سنور لەسەر چەند بنەمایەك كاری دیاریكردنی سنور ئەنجام دەدات، كە ئەمانەن:

أ- چەمكی كاری نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی.

ب- ئەو لایەنەی كە ئەركی نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی دەگرێتە ئەستۆ و لەگەڵ چوارچێوەی كارەكەی دا.

یەكەم: چەمكی كاری نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی

چەمكی كاری نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی بریتییە لە (كارێكی یاساییە، بەم هۆیەوە لایەنی پەیوەندیدار هەڵدەستێ بە وەسفكردن و شیكارێكی وردی هێڵی سنور، لە پەڕاوێكی متمانەداری (سەنەد) یاسایی دانراو بۆی لە شێوەی پەیماننامەی سنوری، یان وەك پرۆتۆكۆڵێك لە نێوان دوو وڵاتی دراوسێ دەبەسترێ، یان بڕیاری دادوەرێكە، كە دانراوە یاخود لە دادگایەكی سەر بە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

دادگای نێودەوڵەتی دەرچووە، یاخود لە لیژنەیەکی تایبەت، کە دانراوە و توانای دەرکردنی بڕیاری دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی پەیوەندیداری کێشەکەی هەیە).

ئەگەر کاری دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتی بە پلەی یەکەم کاری پیاوانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و شارەزایان و پیاوانی دەسەڵات و سیاسییەکانە، بەڵام کارەکە بە پلەی یەکەم کارێکی هونەرییە و سنوری وڵات لە پەڕاوێکی ڕەسمی دەنەخشێنرێ و پاڵپشتی یاسای دادوەران و شارەزایان و دەسەڵاتدارانی لەگەڵە. دیاریکردنی سنور وەک لە پێشەوە زانراوە نەخشاندنی سنورەکەیە و پاشان گواستنەوەیەتی وەک پەڕاوێکی (سەنەد)ی ڕەسمی و دانپێنراو بە شێوەیەکی یاسایی دروست کە (پەیماننامە، بڕیاری دادگا، بڕیارێکی تاک لایەنە یان لیژنەو دەستە) هەڵساوە بە ئەنجامدانی، نیشانە و ئاماژەکانی دیاری کردووە لەسەر نەخشەکەدا. زۆرجار تێکەڵیەک هەیە لە دانانی سنور و نەخشاندنی، وەک ئەوەی ساڵی (١٩٧٦ز) لە نێوان هەردوو میرنشینی (شاریقە) و (دوبەی) لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو هاتە کایەوە. لە پاشاندا دادگا بابەتەکەی بەوە یەکلاییکردەوە، کەوا ئەمە دانانی سنورە نەوەک نەخشاندنی. هەر لەم ڕووەوە (مەکماهۆن)[٩] پسپۆڕی بواری دیاریکردنی سنور دەڵێ (مەبەست لە دانانی سنوری نێودەوڵەتی ئەوەیە، کە دیاریکردنی لە پەیماننامەیەکدا، یان بەڵگەیەکی یاسایی نووسراو بێت یاخود زارەکی. بەڵام نەخشاندن و دیاریکردن و دانانی هێڵی سنورە، کە دانراوە لەسەر زەوی نەخشەکەی کێشراوە و بەدیار دەخرێت بەهۆی چەند

---

[٩] – ناوی (سێر هنری ئارسەر ماکماهۆن) (Sir Arthur Henry McMahon) لە ساڵی (١٨٦٢ز) لە بریتانیا لە دایک بوو، لە ساڵی (١٩٤٩ز) کۆچی دوایی کردووە. دیپلۆماتکارێکی بەناوبانگی بریتانی بووە، لە سوپای بریتانیا پلەدار بووە. ڕۆڵی زۆری هەبووە لە هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیوەندی بەتینی هەبووە لەگەڵ (شەریفی کوڕی حسێنی مەککە) و هاندانی بۆ هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەتی عوسمانی. شارەزاییەکی باشی لە دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتی هەبووە. (هێڵی ماکماهۆن) ئەو هێڵە سنورییەیە لە نێوان وڵاتی چین و ڕۆژهەڵاتی هیند کە ئەو دیاریکردووە.

نیشانەیەک، هەر بۆیە دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتی چەند تایبەتمەندییکی هەیە) لەوانە:

١- کاری نەخشاندنی سنور و پاشکۆ و تەواوکەری کاری دانان و دیاریکردنی سنورە، بەبێ ئەوە ناگەینە جێگیرکردن و سەقامگیری کۆتایی بۆ دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتی، واتە لە سەرەتادا دەبێ بە تەواوی یەکلا بکرێتەوە، هەردوو لایەنی پەیوەندیدار بە نەخشاندنی سنورەکە پێی ڕەزامەند بن.

٢- نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی کارێکی تەواو ئەندازەیی و هونەرییە، شارەزایانی بوارەکانی ئەندازە، جوگرافیا، نەخشەسازی، زانستی سەربازی پێی هەڵدەستن، بەڵام دانانی سنوری نێودەوڵەتی تەواو کارێکی یاساییە، بۆیە کەسانی یاساناسی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بڕیاری لێدەدەن، بۆ ئەوەی دادپەروەری لەم نەخشاندنەدا هەبێت و مافی هیچ لایەک نەخورێت.

٣- کاری نەخشاندنی سنور کارێکی بەجێگەیاندنە بۆ کردەوەکانی جێبەجێکردنی پێشووی خۆی، کە دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتییە. بە مانایەکی تر گواستنەوەی نەخشاندن بۆ سروشت، کە تۆماری پەڕاوێکی یاسایی دیار و ڕوون لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیدا جێگیر بکات، یان پرۆتۆکۆڵێک، یان بڕیارێکی دادوەری کە بڕیاری دادگایەکی ناسراوی دانپێنراوی لەسەر بێت، یاخود هەر پەڕاوێکی (سند) یاسایی. واتە دەبێ یاسایەکی لەسەر دەرچووبێ و ئاراستەی لایەنی جێبەجێکار بکرێ و پابەند و ملکەچی ئەم یاسایە بێت و ڕێزی لێبگرێت.

٤- کاری نەخشاندن و دیاریکردنی سنوری نێودەوڵەتی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ مەرجی ڕەسمی نییە، وڵاتەکان سەرپشکن لە دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێوان خۆیان، ئەگەر هاتوو هەردوو وڵات هیچ کێشەیەکی سیاسی و ئەمنی و ئابوورییان نەبوو، بەڵام هەمیشە بۆ پاراستنی ئاسایش و دڵنیایی هاوڵاتییانی وڵاتی خۆیان دیاری بکرێت باشترە. لە ڕووی

سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سوودی زیاترە وەک لە دیاری نەکردن و جودا نەکردنەوەی سنورەکەیان لە یەکتر.

دووەم: ئەو لایەنەی ئەرکی نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی دەگرێتە ئەستۆ لە چوارچێوەی کارەکەیدا

ئەگەر نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی وەک ئەوەی باسمان کرد لە پێشەوە بێت، ئەوە کارێکی تەواو هونەرییە و پێویستی بە کۆمیتە و گروپی پسپۆڕ و شارەزا هەیە، بۆ ئەوەی بەم کارە گەورەیە هەڵسن و بە دروستی ئەنجامی بدەن. هەر بۆیە (لۆرد کیرزۆن curzon)[١٠] دەڵێت (نەخشاندنی سنور هونەرە نەک کار، لیژنە ڕاسپێردراوەکان هەڵدەستن بە نەخشاندنی نەخشەی سنور، لیژنەی تەواو هونەری هاوبەشن و پسپۆڕن لە کارەکەیاندا) بۆیە لە دیباجەی بڕیاری ژمارە (٧٧٣)ی ڕۆژی (١٩٩٦/٧/٢٦ز) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و کوێتدا هاتووە (لیژنەکە لە سەروبەندی کارەکەی بۆ نەخشاندنی سنور هەڵناستێ بە دابەشکردنی خاک، بەڵکو تەنها کارێکە زۆر بە وردی کراوە بۆ یەکەمجار بە مەبەستی دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و کوێت، وەک لە کۆنووسەکەدا هاتووە و هەردوولا لەسەری ڕەزامەند بوونە، بۆ کۆتایی هێنان بەو ئاستەنگ و کێشانەی کە لە ڕۆژی (١٩٦٣/١٠/٤ز) لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبوو) هەروەک لیژنەکە پێشتر لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕۆژی (١٩٩٣/٥/٢١ز) بەرزی کردبۆوە کەوا کاری ئەوان تەنها تەکنیکییە، نەک سیاسی، چونکە سروشتی کارەکەیان نەخشاندنی سنورە و هیچی تر نییە.

---

[١٠] – لۆرد جۆرج ناتانیال کیرزۆن (George Nathaniel Curzon)ڕۆژی (١٨٥٩/١/١١ز) لە بریتانیا لە دایک بووە، ڕۆژی (١٩٢٥/٣/٢٠ز) کۆچی دوایی کردووە، لە دەوڵەتی بریتانیا چەندین پۆستی باڵای بینیوە، وەک حاکمی هیند و نوێنەری پاشای بریتانیا و وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە. ڕۆڵی دیاری هەبووە لە داڕشتنی نەخشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات.

ڕێگاکانی دیاریکردنی سنور

١- ڕێگای ڕێککەوتن بە یارمەتی پەیماننامەکانی دانان و نەخشاندنی سنور

وڵاتانی پەیوەندیدار بە پەیماننامەکە ڕێکدەکەون لەسەر دانانی سنوری نێودەوڵەتی هاوبەش، لیژنەکان هەڵدەستن بە دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێوانیان، وەک ماددەی ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٠٢ز)ی پەیماننامەی دیاریکردنی سنوری نێوان ئەسیوبیا و بریتانیا (بریتانیا ئەوکات وڵاتی پارێزەر و سەرپەرشتیاری سودان بوو) . هەروەها ماددەی ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٠٤ز) لەپەیماننامەی سنوری نێوان تایلەند و فەڕەنسا(فەڕەنسا ئەوکات پارێزەر و سەرپەرشتیاری وڵاتی کەمبۆدیا بوو).

٢- ڕێگای ڕێککەوتنی داهاتوو بە هۆی پەیماننامەکانی دانانی سنور

لەم بارودۆخەدا وڵاتانی پەیوەست بە کێشەکە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی نوێ لە نێوان خویاندا بۆ پێکهێنانی لیژنەی تازە، بە مەبەستی نەخشاندنی سنوری هاوبەشی نێوانیان، بە پشتبەستن بە پەیماننامەکانی دانانی سنوری نێودەوڵەتی. وەک ئەوەی هەردوو وڵاتی (عێراق و ئێران) کردیان بەپێی ماددەی ژمارە (١) لە پرۆتۆکۆلی نێوانیان بە پشتبەستن بە پەیماننامەی بەستراوی سنوری نێوانیان لە ساڵی (١٩٣٧ز) هەروەها ماددەی ژمارە (١/٥) لە ڕێککەوتنی نەخشاندنی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی (سوریا و ئوردەن) لە ساڵی (٢٠٠٥ز).

٣- ڕێگای پێکهێنانی لیژنەی نەخشاندن بە یارمەتی بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی.

ئەم لیژنانە لەسەر بڕیاری (دادگای نێودەوڵەتی) پێکدەهێنرێن، بۆ چارەسەری ململانێکان و کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزییەکانی سنوری نێوان وڵاتان، لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتی، چونکە پێکهێنانی ئەم جۆرە لیژنانە پێویستن بۆ نەخشاندن و دیاریکردنی سنوری نێوان وڵاتان و کۆتایی هێنان بە ئاستەنگە سنورییەکان، کە لەسەر داوا و پێشنیاری وڵاتان خۆیان کێشەکانیان

ئاراستەی دادگا کراوە. هەروەک ئەوەی ساڵی (١٩٨٢ز) لە نێوان هەردوو وڵاتی (مالی و بۆرکینەفاسۆ) هاتە کایەوە، ئەنجام کێشەکەیان ئاراستەی دادگای دادوەریی نێودەوڵەتی کرد، بەپێی مادەی ژمارە (٣/٤) ڕێککەوتنی نێوانیان.

٤- ڕێگای پێکهێنانی لیژنەکانی نەخشاندن بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش.

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەزگایەکی جێبەجێکاری سەر بە ڕێکخراوی (نەتەوە یەکگرتووەکان)ە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوری نێوان دوو وڵات دێتە ناوەوە، بڕیاری گونجاو بۆ چارەسەری ململانێی نێوان وڵاتەکان لەسەر سنوری نێوانیان دەردەکات، کۆتایی بە کێشەکەیان دەهێنێ لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و تەبایی نێوان وڵاتان. نموونەی ئەم بابەتە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٧) لە ساڵی (١٩٩١ز) بە مەبەستی دانانی لیژنەی نەخشاندنی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی (عێراق و کوێت).

زۆرجار وڵاتەکان لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون، کە کۆمپانیایەکی تایبەتمەند لە ڕووی ئەندازەیی و نەخشاندنەوە هەڵسێ بە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکان، کە توانای تەکنەلۆژی و ئامرازی زۆر پێشکەوتووی هەیە. هەروەک لیژنەی دیاریکردنی سنوری نێوان (عەرەبستانی سعودی) و وڵاتی (یەمەن). بەپێی پەیماننامەی (جەدە)ی ساڵی (٢٠٠٠ز) لە ماددەی ژمارە (٣)دا هاتووە کە لایەنی سێیەم بەبێ ئەوەی بۆ هیچ لایەک بشکێنێتەوە بە کارەکە هەڵسێ، کە ئەویش کۆمپانیایەکی سەربەخۆ بێت، بەبێ ئەوەی کەسانی سەر بە هیچ لایەکی تێدا بێ کارەکەی ئەنجامبدات. لیژنەکە دەتوانێ بۆخۆی ڕاوێژ بە کەسانی شارەزای بواری ئەندازە و جوگرافیاناسی بکات، تاکو کارەکەی باشتر ڕایی بکات، بۆ ئەوەی لە کاری لایەنی سێیەم دڵنیابێت. لە ماددەی ژمارە (٥)ی پەیماننامەی لۆزانی ڕۆژی (١٩٢٣/٧/٢٤ز) سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری نێوان (تورکیا) و (یۆنان) هاتووە، کە هەر وڵاتە و بە یەک کەس نوێنەرایەتی دەکات لەو لیژنەیەی کە بۆ کارەکە ڕادەسپێردرێت.

سەرۆکی لیژنەکە و ئەندامانی هونەریی لیژنەکە بە مەبەستی نەخشاندن و دیاریکردنی سنوری نێوانیان لە وڵاتی سێیەم دەبێت، واتە لە هیچ یەکێ لە وڵاتەکانی خۆیان نابێت، چونکە ئەوان لایەنی کێشەکەن دەبێ کەسێکی بێلایەن سەرۆک بێت، تاکو لایەنداری بۆ هیچ لایەک نەکات و هەردوو لایەنی پەیوەندیدار بە کێشەکەش لەسەر لایەنی سێیەم ڕەزامەند بن.

ئاستەنگەکانی کاری لیژنەکانی نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی

یاسا گشتییە نێودەوڵەتییەکان چەند بنەمایەکیان دیاریکردووە لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی نەخشاندنی سنوری نێوان دوو هەرێم و دوو وڵات، پێویستە لیژنەکانی نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی ڕەچاوی ئەو بەنەمایانە وەک خالێکی سەرەکی بکەن. لەهەمان کاتدا بەشێک لە یاساکانی تایبەت بە دیاریکردنی سنوریش بوونەتە ئاستەنگ و کۆسپ لە بەردەم ڕاییکردنی کاری لیژنەکانی نەخشاندندا،بەشێک لەم ئاستەنگانە ئەمانەن.

١- ڕێزگرتن لە یەک پارچەیی سنوری شارەوانی شارەکان، واتە شارێکی سنوریی نابێ بکرێت بە دوو بەشەوە ،چونکە کۆمەلگایەکی مرۆیی دابەشی سەر دوو وڵات دەکات ،لەوانەیە یەک لەو وڵاتانە لە رووی کەلتوری و زمان و ئاینەوە جیاوازبێت.یاخود لە رووی سیستەمی سیاسیەوە جیاوازیان زۆربێت .وەک ئەوەی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) بەرامبەر بەشاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیا کرا.بەشێک لەشارەکە بەر سیستەمێکی کۆمەنیستی کەوت و بەشێک بەر سیستەمێکی دیموکراسی و لیبڕال.

٢- ڕێزگرتن لە یەک پارچەیی زەوی کشتوکاڵی و چۆنییەتی بەکارهێنانی خۆجێیەتی، واتە زیان نەگەیاندن بە زەوی بەپیت وبە راو، چونکە سەرچاوەی داهاتە و مولکداریە تایبەتەکەی جیاوازبێت.

٣- ڕێزگرتن لە ڕەوەند و هۆز و تیرە کۆچەرییەکان. لە زۆر وڵات کوێستان و گەرمیانی کۆچەرییەکان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان سنوری وڵات دەبڕن،

بۆیە دەبێ ڕێگایان لێ دانەخرێ و ئازاد بن لە هاتوچۆی خۆیاندا.سەرپشک بن لە هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەی لە رووی ناسنامەوە کە هەڵیدەبژێرن.

لە هەردوو بنەمای یەکەم و دووەم دەکرێ بە ئاسانی ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە و ڕێزی لێبگیرێ، بەڵام بنەمای سێیەم زۆر زەحمەت و ئەستەمە، چونکە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕەوەند و هۆزە کۆچەرییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و نازانرێ بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن، هەروەها بەپێی یاساش دەبێ ڕەزامەندی چوونە ناوەوەیان هەبێ کاتێ سنور دەبەزێنن. هەروەها لە ڕووی باج و داهاتەوە ئایا باج دەدەن بە هەردوو وڵات یان داهاتەکەیان زیاتر بۆ کام وڵاتەدەبێت،ئەمەش کێشەیەکی ئالۆزە و چارەسەری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زەحمەتە و ئاسان نیە.

سەرچاوەی دووەم.

ڕێگاکانی دیاریکردن و نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی

ڕێگاکانی نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی لە ڕووی سروشتییەوە بە ئامرازی پیشەسازی و ئەلیکترۆنی دەنەخشێنرێ، واتە هۆکارەکانی ئەندازەیی و تەلسکۆبی، ئەگەر هاتوو وشکانی بوو. ئەگەر ئاوییش بوو دەتوانرێ لە ئاسمانەوە، واتە بەهۆی فڕۆکەوە ڕاستەهێڵی نێوان وڵاتەکان دیاری دەکرێ. ئەم سەرچاوەیە بۆ سێ خواست دابەش دەبێ، ئەوانیش ئەمانەن.

أ- نەخشاندنی سنوری وشکانی.
ب- نەخشاندنی سنوری دەریا.
پ- نەخشاندنی سنوری هەوایی.
لێرەدا هەریەکەی بە پێی پێویست هۆکار و ریگاکانی نەخشاندنیان دەخرێتە روو.

أ- نەخشاندنی سنوری وشکانی

لە کاتی نەخشاندنی سنوری وشکانی نێودەوڵەتیدا بە یارمەتی لیژنە تایبەتمەند و پسپۆڕەکان بە هاوکاری کۆمپانیا جیهانییە گەورەکانی تایبەت بەم بوارە، جیاوازی دەکرێ لە نەخشاندنی سنورەکان. ئەگەر هاتوو پێکهاتەی خاکەکە شاخاوی بوو یان بیابان، یاخود دارستان و باغ و باغات بوو، بۆ هەر پێکهاتەیەک پرەنسیپ و ڕێکاری تایبەت بەخۆی دەگیردرێتەبەر، کەوا گونجاوبێت لەگەڵ ژینگەی ناوچەکە، ڕێکارەکان بەم شێوەیەیە کە دەیخەینە ڕوو.

یەکەم: نەخشاندنی سنوری وشکانی لە ناوچە شاخاوییەکاندا

نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی وشکانی، ئەگەر هاتوو لوتکە شاخێکی بەرز کەوتە ناو بازنەی ئەندازەکردنەوە، ئەوە لەو ڕێککەوتنەی کە هاتووە لە نێوان وڵاتاندا بە خاڵی لەیەک جیاکردنەوەی سنوری نێوان دوو وڵات دادەنرێ، ئەمەش وەک داب و نەریتێکی نێودەوڵەتی لە دیاریکردنی سنور پەیڕەو کراوە و ڕێزی لێدەگیرێ. بۆیە زنجیرە شاخە بەرز و درێژەکان لە زۆر وڵاتدا وەک خاڵی دیاریکردن و لێک جیاکردنەوەی سنوری نێوان دوو وڵات دادەنرێت و دەست نیشان دەکرێت. نموونە وەک زنجیرە شاخی (برانس) لە نێوان (ئیسپانیا و فەڕەنسا) لە کیشوەری ئەوروپا. زنجیرە شاخی (ئەنزیز) بۆتە جیاکەرەوەی نێوان هەردوو وڵاتی (چیلی و ئەرجەنتین) لە کیشوەری ئەمەریکای باشور، هەروەها زنجیرە شاخی (هیمالایا) کە بۆتە سنوری نێوان هەردوو وڵاتی (چین و هیندستان) لە کیشوەری ئاسیا، کەوا بەرزترین زنجیرە شاخی جیهانە.

دووەم: نەخشاندنی سنوری وشکانی لەنێو کێڵگە و مەزرا و باغ و دارستانەکاندا

وەک لە بابەتەکانی پێشەوە باسمان کرد، نەخشاندنی سنوری وشکانی زۆر ئاسانترە لە نەخشاندنی سنوری ئاویی و هەوایی، چونکە زۆرتر دیار و

ڕوونە، کەمترین کێشە و ناڕەزایی نێوان هەردوو وڵاتی هاوسنوری لەسەر دەبێ، بۆیە سنوری وشکانی کاتێ کەوا زنجیرە شاخەکان لێکیان جودا دەکاتەوە و دەبێتە بەربەستێکی دیار لە نێوانیان زۆرترین دادپەروەری تێدایە، چونکە زیاتر لەگەڵ بنەمای یاسای نێودەوڵەتی دێتەوە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە. بەڵام نەخشاندنی سنوری نێودەوڵەتی دەبێ ڕێز لە کێڵگە و مەزرا و باغ و دارستان و شار و ئاوەدانیەکان بگرێت، چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و نەبێتە هۆی چۆڵکردنی شارەکان و بێکەڵک کردنی دارستان و زەوییە کشتوکاڵییەکان. بۆیە دەبینین زۆرجار شار یان کێڵگە و پردێک دەکات بە دوو بەشەوە، وەک نێوانی (هۆڵەندا و بەلجیکا و ئەڵمانیا) کێڵگەیەک بۆتە خاڵی لێک جیاکردنەوەیان. نێوان (بریتانیا و سکۆتلەندا) کێڵگەیەک کراوە بە دوو کەرت، هەریەکەی بەشێکی بردووە. لەلایەکی تر نێوانی (فەڕەنسا و ئیسپانیا) پردێک بووە بە دوو بەش و هەر وڵاتەی نیوەی بەرکەوتووە، ئەمەش بریتییە لە قوچەکێکی پیشەسازی. هەروەها ئەو پردەی کە بۆتە جیاکەرەوەی سنوری نێوان (چین و پاکستان). چەندین نمونەی تر هەیە لە جیهان بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان وڵاتان.

سێیەم: نەخشاندنی سنوری وشکانی لە بیابان

ئەم جۆرە نەخشاندنەی سنور زیاتر لە نێوانی ئەو وڵاتانەدایە کە کەوتونەتە بیابانێکی وشکی بێ ئاو و بێ درەخت و فراوان و چۆڵ و هۆل، کەمترین ئاوەدانی لە گوند و شار و گروپی مرۆیی تێدایە،چونکە هۆکارەکانی بەردەوام بووی ژیانی زۆر کەم تێدایە. نموونەی وڵاتانی (باکوری ئەفەریقا) کە کەوتوونەتە سەر بیابانی گەورە، هەر لە وڵاتی مەغریب و سەنیگالەوە دەست پێدەکات تاکو هەردوو وڵاتی میسر و سودان دەگرێتەوە. بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان ئەم وڵاتانە زۆرجار لەسەر بناغەی سێگۆشە یاخود چوارگۆشە دەبێت دیاری بکرێت، لە هەندێ شوێنیش بە هێڵێکی ڕاست دیاری دەکرێ، چونکە هیچ پێکهاتە و دیاردەیەکی زەقی سروشتی تێدا نییە لەناو بیاباندا، تاکو وەک خاڵی لەیەک جیاکەرەوەی سنوری نێوان دوو وڵات

دەستنیشان بکرێ. بۆیە زۆرجار لیژنەکانی نەخشاندن و دیاریکردنی سنور پەنایان بردووە بۆ هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی،چونکە بەمشێوەیە سنوری نێوان دوو وڵاتیان لەیەک جودا کردۆتەوە. بۆیە زۆرجار بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان ئەم وڵاتانە پەنا دەبردرێتە بەر تەل و ستونی ئاسنین و دیواری کۆنکرێتی و چەند هۆکارێکی تری دەستکردی سەردەم، تاکو وەک نیشانەیەک بۆ سەرتای دەست پێکردن کۆتایی سنوری نێوان ئەم دوو وڵاتە بخرێتەڕوو. ئەم جۆرە سنورانە زۆرجار گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەهۆی قورسیی دیاریکردنی شوێنەکانیان. نموونە وڵاتانی وەک (عێراق و سعودیە و کوێت) چەندین جار ڕێککەوتنیان لەسەر دیاریکردنی سنوری نێوانیان کردووە لە بەشە بیابانەکانی خۆیاندا وەک:

١- ڕێککەوتنی (محەمەرە)[١١] و (پرۆتۆکۆڵی قسەیر) لە ساڵی (١٩٢٢ز) لە نێوان عێراق و کوێت و سعودیە بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان و دیاریکردنی ناوچەی بێ لایەن، واتە ئەو ناوچەی، کە پێیدەگوترێ چوارگۆشەی بەتال لە دەسەڵاتی هەموو لایەکدایە و هیچ وڵاتێک بە تەنها ناتوانێ بەکاری بهێنێ.

٢- ڕێکەوتننامەی دابەشکردنی ناوچەی بێ لایەن لە نێوان کوێت و سعودیە لە ساڵانی (١٩٦٥- ١٩٦٩ز) بە ڕاستەهێڵێک لە شاری (خەفجی)یەوە دەست پێدەکات بۆ ڕۆژئاوا، بەڵام سامانە سروشتییەکەی ئەم ناوچانە هەر بە هاوبەشی مایەوە.

٣- پەیماننامەی نێودەوڵەتی لە نێوان (سعودیە و عێراق) لە ساڵی (١٩٨١ز)دا بۆ دابەشکردنی ناوچەی بێ لایەنی نێوانیان و هاوبەشیکردن لە سامانە سروشتییەکەیدا، واتە هەردوولا مافی وەک یەکیان هەیە بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم ناوچەیەدا.

---

[١١] - شارێکی ئێرانییە جگە لە محەمەرە ئێرانییەکان خورەم شەهریشی پێدەڵێن. مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی یەکاوی عەرەبی - فارسی.

٤- (ڕێکەوتننامەی جەددە) لە نێوان (عەرەبستانی سعودیە و شانشینی ئوردەندا) ئەویش بە جێهێشتنی حەوت کیلۆمەتر درێژایی کەناری دەریای کەنداوی (عەقەبە) بۆ وڵاتی ئوردەن لەگەڵ ناوچەی (ئەلتبێق) بۆ ئوردەن، لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودیە بەجێهێڵران.

٥- (ڕێکەوتننامەی عەمان) لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و شانشینی ئوردەن لە ساڵی (١٩٦٥ز) دا، لەم ڕێکەوتننامەیەدا سعودیە ناوچەی (ئەلتبێق)ی بە دەستخستەوە، لەبەرامبەردا (٢٥) کیلۆمەتر خاکی تری بەدرێژی لە کەناراوەکانی کەنداوی (عەقەبە) بۆ ئوردەن جێهێشت.

٦- چەندین ڕێکەوتننامەی تری نێوان سعودیە و وڵاتانی تری هاوسێی لە سەر ناوچەی بیاباندا کراوە وەک (پەیماننامەی تائیف) لە ساڵی (١٩٣٥ز) لەگەڵ (یەمەن) هەروەها (پەیماننامەی جدە) لە ساڵی (٢٠٠٠ز) هەر لەگەڵ وڵاتی یەمەن. ڕێککەوتنەکانی ساڵانی (١٩٦٥ز) و (١٩٩٢ز) و (٢٠٠٨ز) لەگەڵ (میرنشینی قەتەڕ) و (ڕێکەوتننامەی جەددە) لە ساڵی (١٩٧٤ز) لەگەڵ میرنشینەکانی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و ڕێککەوتنێکی تر لە ساڵی (١٩٩٠ز) لەگەڵ (سەڵتەنەی عومان) هەموو ئەمانە بۆ یەکلایکردنەوە و ساخکردنەوەی سنورەکانی نێوان ئەم وڵاتە تازە دروست بووانە بوو.

ب- نەخشاندنی سنوری دەریایی

نەخشاندن و دیاریکردنی سنوری ئاویی لە نێوان وڵاتانی پەیوەندیدار پێوەی لە دەریاکان و زەریاکان و ڕووبارە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها دەریاچە سنور برەکان و تەنگەبەرە نێودەوڵەتییەکان ژمارەیان زۆرە و چەندین جۆری هەیە، زیاتر یاسای دیاریکردنی سنور لەسەر ڕووی دەریاکان ئەمانە دەگرێتەوە. ئەوەی لێرەدا زیاتر دەخرێتەڕوو یاسای نێودەوڵەتییە بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان وڵاتان لە دەریاکانی نێوانیاندا. لە ساڵی (١٩٨٢ز) (ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ یاسای دەریاکان لە وڵاتی (جامایکا) ڕاگەیەندرا، دواتر لە ساڵی (١٩٩٤ز) خرایە واری جێبەجێکردنەوە. لەم

ڕێکەوتننامەیەدا چارەسەری گونجاو خراوەتەڕوو بۆ کێشەی وڵاتان لەسەر بەکارهێنانی دەریاکان، چۆنییەتی مافی وڵاتان لە بەکارهێنانی دەریاکاندا بە مەبەستی بازرگانی و ئابوری و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی و هەر کارێکی تر. هەربۆیە عورفی نێودەوڵەتی چەند بنەمایەکی یاسایی خستۆتەڕوو بۆ چۆنییەتی دیاریکردنی سنوری نێوان وڵاتان لەو دەریایانەی، کە دەکەونە نێوانیان. یاساکانیش لەم ڕووەوە دابەشی سەر دوو لق بوونە:

١- دەریاکـان.

٢- ڕووبارەکان.

یەکەم- دەریاکان

دەریاکان بایەخ و گرنگییەکی گەورەیان هەیە لە جیهاندا، چونکە زیاتر لە (٧٠٪) ڕووبەری گۆی زەوی بە ئاوی دەریاکان داپۆشراوە، هەروەها دەریا یەکێکە لە ڕێگا سەرەکیەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی. لەوەتەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، هەتاکو ئەم چرکەساتەی کە ژیان تێیدا بەردەوامە، گرنگی و بایەخی ڕێگا دەریاییەکان زیادی کردووە و کەمی نەکردووە. بۆیە گەورە بیرمەندان و دانەرانی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە زووەوە گرنگیان بە یاسا و ڕێسای تایبەت بە دەریاکان داوە، لەساڵی (١٦٢٥ز) یاساناسی هۆڵەندی (گرۆسیۆس)[١٢] کتێبێکی نوسی بە ناوی (دەریای ئازاد) لە دوای ئەو یاساناسی ئینگلیزی (جۆن سڵدن)[١٣] ساڵی

---

[١٢] -(هۆگۆ گرۆسیۆس) ناوەکەی بەزمانی هۆڵەندی (Hugo de Groot) حاکمێکی کۆماری هۆڵەندی بووە لە نێوان ساڵانی (١٠ی نیسانی ١٥٨٣- ٢٨ی ئابی ١٦٤٥ز) ژیاوە. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری بنەمای یاسای نێودەوڵەتییان بۆ سەرچاوە سروشتییەکان داناوە .

[١٣]- جۆن سڵدن (John Selden) (یاساناس و ڕۆژهەڵاتناسێکی ئینگلیز بووە. لە نێوان ساڵانی (١٥٨٤-١٦٥٤ز) ژیاوە. پسپۆڕی یاسادانان بووە بە تایبەت یاسا نێودەوڵەتییەکان،

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

(١٦٣٦ز) بە پشتیوانی (شارڵی یەکەم) پاشای بریتانیا لە کتێبێکدا بە ناوی دەریای داخراو (Mare Clausum) وەڵامی بۆچوونەکانی (گرۆسیۆس)ی دایەوە. هەریەکەی بە شێوەیەک دەیانڕوانییە ماف و سەروەری وڵاتان بەسەر دەریاکاندا، نموونە (سلْدن) چونکە بریتانی بوو ڕای وابوو، کەوا هەر وڵاتێک هەر چواردەوری ئاو بێت مافی تەواوی هەیە بەسەر دەریاکانی دەوروبەری خۆیدا، واتا ماف و سەروەری تەواوی هەیە لە بەکارهێنانیدا، نابێ بێ پرسی ئەو هیچ لایەنێکی تر بەکاری بهێنێ، چونکە ئەو ئاوە درێژکراوەی سنوری وشکانی وڵاتەکەیە، کە دەڕوانێتە سەر دەریاکان. بەڵام (گرۆسیۆس) چونکە خەڵکی هۆڵەندا بوو وڵاتەکەی نیمچە داخراو بوو بە رووی دەریادا، ڕای وابوو کەوا دەریاکان بۆ هەموو کەس و وڵاتێک ئازادن، هەرکات ویستیان بەکاری بهێنن بۆ هەر مەبەستێک بێت. بۆیە ئەم تێڕوانینانە بوون بە بنەمای گفتوگۆی جیهانی بۆ بنیادنانی چەند یاسایەک بە مەبەستی ڕێکخستنی سنوری دەریاکان و سەروەری و مافی وڵاتان بەسەر دەریاکاندا.

ئەم ڕایانە بەردەوام بوون تاکو چەندین سەدە. لە دوای سەرهەڵدانی چەرخی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی نوێ، لە سەرەتای چەرخی بیستەم و لەگەڵ دامەزراندنی (کۆمەڵەی گەلان) لە سویسرا ساڵی (١٩٢٠ز) دا گرنگی و بایەخی زیاتر بە بنەمای ڕێکخستنی مافی وڵاتان درا، لە ڕێگای یاسای نێودەوڵەتی بۆ دەریاکان. لە ساڵی (١٩٢٤ز) پڕۆژەی ڕێککەوتنی گشتی ئامادە کرا تایبەت بە ئاوە هەرێمییەکان، پێشکەش بە کۆنگرەی (لاهای) کرا، بەڵام وڵاتانی ئەوکات بەهۆی ناکۆکی قوڵیان لەسەر فراوانی و ئەو ئاستەی کە بۆیان هەیە لە دەریا هەرێمییەکان جوڵە بکەن و بەکاری بهێنن، نەگەیشتنە یەک و ڕێککەوتنەکە مۆر نەکرا.

لە سەرەتای دروستبوونی (نەتەوە یەکگرتووەکان)دا ساڵی (١٩٤٥ز)، وەک ڕێکخراوێکی گەورەتر و کاریگەرتر لە کۆمەڵەی گەلان، لیژنەی یاسای

هەروەها شارەزاییەکی باشی لە کەلتوری میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدا هەبووە، چەند زمانێکی ڕۆژهەڵاتی زانیوە، لەوانە زمانی عەرەبی.

نێودەوڵەتی کەوا یەکێک بوو لە لیژنەکانی کۆمەڵەی گشتی ڕاسپێردرا بە توێژینەوە لەو بابەتانەی کە دەبێتە هۆی گەشەپێدان و دەرکردنی چەند یاسایەکی بنەڕەتی لەسەر دەریاکان. لە ساڵی (١٩٥٨ز) ئەم لیژنەیە چوار پڕۆژەی نێودەوڵەتی پێشکەش بە وڵاتانی بەشداربوو لە کۆنگرەی (جنێڤ) کرد، کەوا هەر لەهەمان ساڵدا بەسترا، ڕێکەوتننامەکان ئەمانە بوون.

١- (ڕێکەوتننامەی ئاوی دەریا هەرێمییەکان و ناوچە هاوسێکانی) واتە ئەو وڵاتانەی دەکەونە کەنارەکانی یاخود چوارچێوەی حەوزە ئاوییەکەی.

٢- (ڕێکەوتننامەی دوورایی دەریا) واتە ناوەڕاستی دەریا و زەریاکان کە مافی هیچ وڵاتێک و هێزێکی بەسەرەوە نییە و ئازادە، بە ناوچەی ئازادی نێودەوڵەتی وەک یەکیی بۆ هەمووان دیاری کرا.واتە هەمووان ئازادن و هیچ ئاستەنگێک نیە .

٣- (ڕێکەوتننامەی ڕاوکردن و ڕێکخستن و چاککردنی بەرهەمە زیندووەکانی ناو قوڵایی دەریا و زەریاکان).

٤- (ڕێکەوتننامەی درێژکردنەوەی کیشوەریی) واتە ئەو دەریایانەی بە درێژکراوەی کیشوەر یان وڵات هەژمار دەکرێن، وەک دەریا فراوانەکان، کەوا بۆ مەودایەکی دوور هیچ وڵاتێک و ئاوەدانییەکی تری وشکانی تێدا نییە.

جگە لەم ڕێککەوتنانە، پڕۆتۆکۆڵێکی ئارەزوومەندانەش وەک پاشکۆی ئەم ڕێککەوتنانە هەیە، وەک بەشێک لە چارەسەری ململانێکان، کە لە نێوان وڵاتاندا سەر هەڵدەدات و لە هیچ بڕگەیەکی ئەو چوار ڕێککەوتنەی کە باسمان کرد نەهاتووە.

لە ساڵی (١٩٦٠ز) لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەیەک بەسترا لەسەر خاڵە ناکۆکەکانی نێوان وڵاتان لە ڕێککەوتنەکانی ساڵی (١٩٥٨ز) بەڵام ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە بەشدار بووان نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ لە نێوانیاندا.

دوای زیادبوونی ژمارەی وڵاتانی سەربەخۆ بەهۆی دەرچوونیان لە ژێر ڕکێفی داگیرکاری و وەرگرتنی سەربەخۆیی خۆیان دوای ساڵی (١٩٦٠ز) نەیانتوانیبوو لە هەردوو کۆنگرەی (جنێڤ)ی ساڵی (١٩٥٨ز) و (١٩٦٠ز) بەشدار بن. بۆیە وەک پێویستیەکی نێودەوڵەتی ناچار بوون بە دووبارە داڕشتنەوەی یاسای نێودەوڵەتی بۆ دەریاکان، کەوا لەگەڵ خواست و هەڵکەوتەی ئەو وڵاتە تازانەش بگونجێ. چۆنییەتی پاراستنی ژینگە و سوود وەرگرتن لە بەرهەمی ماسی و کەشتیگەلی، بەتایبەت بۆ وڵاتانی کەناراوی، ئەمە وایکرد نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسێ بەدانانی لیژنەیەک بەناوی (لیژنەی بەکارهێنانی ژەهراوی بوونی قوڵایی دەریا) بە ئەندامێتی (٤٢) وڵات، پاشان لە ساڵی (١٩٧١ز) ژمارەی ئەندامەکان زیادکرا و بوون بە (٩١) وڵات. نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی (١٩٧٠ز)ەوە داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەکرد سەبارەت بە یاسای دەریاکان، تاکو لە (١٩٨٢/١٢/٦ز) لە وڵاتی (جامایکا) نەتەوە یەکگرتوەکان دەستی بە بەستنی کۆنگرەکە کرد و لە (١٩٨٢/١٢/١٠ز) تەواو بوو (١١٧) دەوڵەت لەسەر ڕێککەوتنەکە مۆریان کرد. ڕێککەوتنەکە لە (٣٢٠) ماددە و شەش بەش پێکهاتبوو، ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ڕێکەوتننامەی ساڵی (١٩٥٨ز) تایبەت بە یاسای دەریاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بووە بنەمای یاسای دەریاکان و هەڵسا بە دابەشکردنی پانتایی دەریا بۆ دەریا هەرێمییەکان، لەگەڵ ئاوە ناوخۆییەکان و تەنگەبەرەکان و ناوچە بەیەکەوە نووساوەکان و ناوچەی ئابوری چڕ. درێژکراوەی کیشوەری (وشکانی) لەگەڵ دوورایی دەریاکان (ناوەڕاستی دەریا و زەریاکان کەوا مافی کەسی بەسەرەوە نییە) بۆ هەر پانتاییەک و ناوچەیەک یاسایەکی تایبەت دانرا، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی وڵاتانی کەناراوی و وڵاتانی داخراو، واتە وڵاتانی دوور لە دەریا.

دووەم: ڕووبارەکان

ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان، بەو ڕووبارانە دەوترێ، کە لە وڵاتێک سەرچاوە دەگرن و چەند وڵاتێک دەبڕن یان لە وڵاتی دووەم دەڕژێنە دەریا، یان دەریاچەکان. ئەم جۆرە ڕووبارانە جیاوازن لەو ڕووبارانەی کە نیشتمانین، واتە هەر لە یەک وڵات سەرچاوە دەگرێ و هەر لەم وڵاتەش کۆتایی دێت. بۆیە هەر ئەم وڵاتە خاوەنی سەروەری ئەم ڕووبارەیە و هیچ وڵاتێکی تر ناتوانێ هاوبەشی بکات، واتە یاسا نێودەوڵەتییەکان نایگرێتەوە و خاوەنداریەتییەکە دیارە، کە هی ئەو وڵاتەیە کە ڕووبارەکەی تێدایە و مافی تەواوی خۆی هەیە لە بەکارهێنان و دەستکاریکردنی ئاوی ڕووبارەکە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

جۆرەکانی ڕووباری نیودەوڵەتی و مافی بەکارهێنانی

لێرەدا باس لە چەند جۆر ڕووباری نێودەوڵەتی و شێوە ومافی بەکارهێنانی دەکەین، جا بەکارهێنانیان بۆ کاری کەشتیگەلی بێت، یاخود ئاودێری و هەر کارێکی تربێت، بابەتەکە دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی.

بابەتی یەکەم: جۆرەکانی ڕووباری نێودەوڵەتی.

بابەتی دووەم: ماف و شێوەی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان.

بابەتی یەکەم: جۆرەکانی ڕووباری نێودەوڵەتی

ژمارەی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان لە جیهاندا دەگاتە (٥٢) ڕووباری نێودەوڵەتی بەپێی بنەمای یاسای نێودەوڵەتی ئەم ڕووبارانە سنوری چەند وڵاتێک دەبڕن، جا وڵاتەکان بکەونە کەناریەوە یاخود ناویەوە، بۆیە دووجۆر ڕووباری نێودەوڵەتیمان لەم بابەتەدا هەیە.

١- ڕووبارە نێودەوڵەتییە تخوبییەکان

ئەم ڕووبارانە کەوتوونەتە لاچەپی وڵاتەکان، واتە بوونەتە (تخوب) یان سنوری نێوان دوو وڵاتی بەرامبەر بەیەک. هەردوولا دەتوانن سوود لەلای خۆی وەربگرێ. لە هەمانکاتدا سنورێکی سروشتی نێوانی بۆ پێکهێناون، وەک ڕووباری (سەنیگاڵ) بۆتە هۆکاری دروستبوون و لێک جیاکردنەوەی سنوری نێوان وڵاتانی سەنیگاڵ و مالی و غینیا و مۆریتانیا. هەروەها ڕووباری (ئەمازۆن) لە چەند شوێنێک بۆتە جیاکەرەوەی سنوری نێوان چەند وڵاتێکی وەک ئەرجەنتین و بەڕازیل و ئۆرۆگوای. ئەم جۆرە ڕووبارانە هیچ کێشەیەکی نێودەوڵەتییان دروست نەکردووە، چونکە هەریەکەی بەپێی توانا سوودمەندە لێی، بەبێ ئەوەی کێشە لە نێوانیان دروست بێت.

٢- ڕووبارە نێودەوڵەتییە وڵاتبڕەکان.

ئەو ڕووبارانەی لە وڵاتێک سەرچاوە دەگرن و چەند وڵاتی تر دەبڕن، واتە لە یەک وڵات و دوو وڵات ناوەستێ، نمونەی ڕووباری (نیل) لە کیشوەری

ئەفەریقا، لە هەردوو وڵاتی کینیا و ئەسیوبیاوە سەرچاوە دەگرێ، وڵاتانی ئەسیوبیا و ڕواندا و بۆرۆندی و ئۆگەندا و تەنزانیا و باشوری سودان و سودان دەبڕێ و لە میسر کۆتایی دێت و دەڕژێتە ناو دەریای سپی ناوەڕاست. ڕووباری (دانوب) لە وڵاتی بولگاریاوە سەرچاوە دەگرێ و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا دەبڕێ و لە ئەڵمانیاوە دەڕژێتە دەریاوە. ڕووباری (فورات) لە وڵاتی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێ و بە وڵاتی سوریا ڕەت دەبێ، لە عێراق دەڕژێتە کەنداوی (فارسی-عەرەبی).

ئەم جۆرە ڕووبارانە چەندین کێشەی نێودەوڵەتییان دروستکردووە، هەم لە ڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوەکەی و هەم لە ڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ کەشتی گەلی. زۆرجار وڵاتی پێشتر بەشێوەیەک بەکاری دەهێنێ، کەوا بە تەواوی ئاستی پیسکردنی ئاوەکەی زۆرە، ناچار وڵاتی دواتر دەبێ خەم لە پاککردنەوەی بخوات. بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێککەوتن لە نێوان وڵاتان کراوە لەسەر ئەم بابەتە تاکو ئێستا،کەچی کێشەکان زۆر زیاتر بووە کەم نەبووە، هەروەها لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا هەمیشە وەک بەشێک لە پاراستنی ژینگە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ڕێگاچارەی گونجاوی بۆ دانراوە، کەوا پاک و خاوێنی ئاوی ڕووبارەکان بپارێزرێت و پاشماوە ژەهراوی و پیسەکانی تری یەکسەر نەڕژێتەوە ناوڕێڕەوەکەی.

بابەتی دووەم: ماف و شێوەی بەکارهێنانی ڕووباری نێودەوڵەتی

بەکار هێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئامرازی کەشتیگەلی و مەبەستی تر، کەوا بەم شێوەیەیە:

١- بەکارهێنانی کەشتیوانی

کەشتیوانی لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکاندا کۆنترین کارە، کە مرۆڤ پێی هەڵسابێ بە مەبەستی هاتووچۆ و گواستنەوە. هەموو وڵاتێک کە ڕووبارەکە پێیدا تێپەڕ دەبێ خۆی بە خاوەن سەروەری ئەم ڕووبارە دەزانێ و باجی گومرگی لەو کەشتییانە وەردەگرێت، کەپێیدا ڕەت دەبێت. ئەم بابەتە بووە

هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوان وڵاتان تاکو ڕێڕەوی خۆی گرت و لەسەر بنەمایەکی عورفی سەقامگیر بوو،ئەویش کەشتیوانی ئازاد لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکاندا هاتە کایەوە. ئەم بابەتە بە ئاراستەی ئەوە ڕۆیشت وڵاتانی ئەوروپا لە (کۆنگرەی ڤێنا)ی پایتەختی (نەمسا)ی ئەمڕۆ ساڵی (١٨١٥ز) هەموویان پابەند بوونی خۆیان ڕاگەیاند بە ئازادی کەشتیوانی لە ڕووبارە ئەوروپییە سروشت نێودەوڵەتییەکاندا. بەپێی (پەیماننامەی پاریس)ی ساڵی (١٨٥٦ز) لەسەر ڕووباری (دانوب) کاری کەشتیوانی ڕێکخست لە نێوان وڵاتەکاندا. هەروەها لە ساڵی (١٨٦٦ز) بەپێی (پەیماننامەی مانهایم) لەسەر ڕووباری (ڕاین) هەروەها لە ساڵی (١٨٨٥ز) بەپێی (پەیماننامەی بەرلین) لەسەر هەردوو ڕووباری (کۆنگۆ و نیجیر) لە کیشوەری ئەفەریقا. بەهەمان شێوەی (کۆنگرەی ڤێنا) ڕێککەوتن، کاری کەشتیگەلی بۆ گواستنەوە لەم ڕووبارانەدا ئازاد بێت. لە ساڵی (١٩٢١ز) وڵاتان لە (ڕێکەوتننامەی بەرشلۆنە)دا زیاتر چوونە پێش بەوەی کەوا ئەو وڵاتانەی ڕووباری نێودەوڵەتیان پیدا تێپەڕ دەبێت و بە کەڵکی کەشتیگەلی دێن، دەبێ هەموو چاکسازییەک بکەن و ئەمن و ئاسایشی ئەم ڕووبارانە بگرنە ئەستۆی خۆیان و کارئاسانی تێپەڕ بوونیان بۆ بکەن.

٢- بەکارهێنان بۆ مەبەستی تر

جگە لە بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارەکان بۆ کەشتیگەلی لە ئێستادا، ئاوی ڕووبارەکان گرنگی و بایەخی زۆریان پەیدا کردووە، بەتایبەت کەوا سەرچاوەی ئاوی شیرینن بۆ خواردنەوە و بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری بەکاردەهێنرێن. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پیشەسازی و ئامرازەکانی کشتوکاڵ و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و پێویستی زیاتریان بە خۆراک و ئاوی خواردنەوە هەیە. وڵاتان هەموویان دەست بۆ سەرچاوەکانی ئاو دەبەن، بە تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و زۆر پیشەسازی تر، چونکە باشترین سەرچاوەی ئاوی شیرین لەسەر زەوی ئاوی ڕووبارەکانە. هەروەها لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مەدەنیەت و هۆشیاری مرۆڤ بۆ تەندروستی خۆی. لە

ئێستادا مرۆڤی سەردەم ڕۆژانە زیاتر لە (٢٠٠) لیتر ئاوی دەوێ بەپێی ستانداری جیهانی بۆ خۆ پاککردنەوە و خواردنەوە. لە هەر وڵاتێک ئەگەر تاکێک کەمتر لە یەک هەزار مەتر سێجا ئاوی بەرکەوێ لە ساڵێکدا، ئەوە وڵاتێکی هەژارە لە بوونی ئاوی پاک و شیرین. بۆیە زۆر وڵات لە ئێستادا کەوتوونەتە خۆ، بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاوی شیرین لە وڵاتەکانی خۆیاندا بە تایبەت ئاوی ڕووبارەکان. لە داهاتووشدا زۆرترین کێشە و شەڕ و ئاشوب و ئاڵنگاری لەسەر ئاو دەبێ، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەوا کەمترین سەرچاوەی ئاوی شیرینی هەیە بەردەوام ئاوەکەی لە کەمی دەدات و ژمارەی دانیشتوانشی زیاد دەکات.

پ- نەخشاندنی سنوری هەوایی

سنوری هەوایی زیاتر لەگەڵ داهێنان و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا هاتە کایەوە، کاتێ مرۆڤایەتی توانی فڕۆکە بە هەموو جۆرەکانی دروست بکات، هەروەها داهێنان و گەشەی فڕۆکە وەک ئامرازێکی پێشکەوتووی گواستنەوە و جەنگ، ئایا تاکو چەند سنوری هەوایی وڵاتان لە ئاسمانەوە دیاری کراوە، یاخود وڵاتان بۆیان هەیە تاکو چەند ئاسمان لە دەرەوەی ئاسمانی وڵاتەکانی خۆیان بەکار بهێنن، واتە سەروەریی ئاسمانی و هەوایی وڵاتان تاکو کوێیە و چەندە، ئەوەی زیاتر لە سیستەمی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە ئاستی ئاسۆییە نەوەک ستونی، چونکە ستونیی وەک بنەما یاساییەکانی دەریا دوورایی و قوڵایی ئاسمان ئازادە بۆ هەموو لایەک، بۆ هەر وڵاتێک لە ئاستی ستونی (٨٠- ١٠٠) کیلۆمەتر دەتوانێ بە سەروەریی سنوری خۆی بزانێ لە دوای ئەو بە بۆشایی گەردوونی دادەنرێ و هەموو کەس و وڵاتێک ئازادە پێیدا بفڕێ و تێپەڕێ، بۆیەش مانگە دەستکردەکان بە ئازادی لە قوڵایی و بۆشایی ئاسمان دەسوڕێنەوە و کاری خۆیان بە ئازادانە دەکەن.

نەخشەی جوگرافی

دەستەواژەی جوگرافیا لە زمانی گریکی (یۆنان)یدا لە هەر دوو وشەی (جیۆ) بە مانای زەوی (گرافیا) بە مانای ناسین یاخود وێنە، یان دەتوانین بڵێین بەمانای زانست دێت، واتە بە مانای زەویناسی، یاخود دەرخستنی وێنەی زەوی. لەوەتەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، نەخشەسازیی و دیاریکردنی سنوری شار و وڵات و قەڵەمڕەویش هاتۆتە کایەوە و بایەخی پێدراوە، چونکە بووە بە بەشێک لە ململانێی بنەماڵە و تیرە و عەشیرەت و دەوڵەتەکان، لە ئەشکەوتەکاندا ئەوانەی پاشماوەی شوێنەواری دێرینی مرۆڤایەتیان پێوە ماوە زۆر نەخشەی سەرەتایی کێشراوە و دەبینرێت، کە گوزارشت لە سنور و تخوبی قەڵەمڕەوی کۆمەڵ و دەستە و گروپە مرۆیەکان دەکات. لێرەدا بە کورتی باس لە سەرهەڵدانی نەخشەی جوگرافیا دەکەین، بۆ دیاریکردنی ڕووبەرێک لە زەوی و خاک، جا بۆ ئەوکات ئەو ڕووبەرە خاکە هی وڵات و هەرێم بووبێ یان شار و گوند دەیان خەینە ڕوو.

١- شارستانیەتی بابلی

بەپێی سەرچاوە مێژووییە ئاشکرابووەکان تاکو ئێستا کۆنترین نەخشەی جوگرافی دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی هەشتەمی پێش زاین، ئەم نەخشەیە لە وڵاتی (بابل) کێشراوە واتە (عێراقی ئەمڕۆ و میزۆپۆتامیای کۆن) نەخشەکە لەلایەن (ئێگهارد ئەنگەر) نەخشێنراوە. لە نەخشەکەدا قەڵەمڕەوی بابل دیاریکراوە، کەوا دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات، واتە (دۆڵی میزۆپۆتامیا) هەر چواردەوری بە وشکانی و بیابان دەورە دراوە، سنوری هەردوو وڵاتی (ئاشور) و (ئارارات) دیاریکراوە. بەپێی نەخشەکەش (بابل)ی ئەوکات وا وێنە کێشراوە، کەوا کەوتۆتە ناوەڕاستی جیهان، واتە بە بیروبۆچوونی ئەو سەردەم بابل ناوەڕاستی جیهان بووە، ئەمەش نیشانەی باوەڕ بەخۆبوون و بەهێزی ئەو شارستانیەتە دەگەیێنێ. نەخشەکە ساڵی (١٩٣٠ز) لە نزیک (شاری کەرکوک) دۆزراوەتەوە، پێوانەکەی (٧٠٦×٦٠٨) سانتیمەتر

چوارگۆشە دەبێت، ئەم نەخشەیە تاکو ئێستا بە کۆنترین نەخشە دادەنرێت لە مێژوودا، کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی و پێوانەیی ورد کێشرابێ و سنوری ناوچەکەی دیاری کردبێت.

٢- شارستانیەتی فیرعەونی

(فیرعەونەکان) لە وڵاتی میسر شارستانیەتێکی پێشکەوتوویان لە (دۆڵی نیل) لە سەر (ڕووباری نیل) بنیاد نا، بۆ ماوەی چەندین سەدە بەردەوام بوون. داهێنانی گەورە لە شارستانیەتی میسری کۆن هاتۆتە کایەوە،پاشماوەکانی ئێستاش جێگای سەرنج و تێبینی و سەرسوڕمانی مرۆڤی سەردەمە، فیرعەونیەکان گرنگی زۆریان بە نەخشەسازی و دیاریکردنی شوێنە شاخاوی و بەرزایی و پرد و ڕێگاو بانەکانی وڵاتەکەیان داوە، چەندین پاشماوەی شوێنەواری نەخشەسازی فیرعەونەکان لەسەر دیواری شوێنەوارە دێرینەکانیان تاکو ئێستا دۆزراوەتەوە و ماوە. زۆربەیان بۆ دەرخستنی مێژووی جوگرافیای ئەو سەردەمە پڕبایەخ وبەبەهان و زۆر لایەنی مێژوویيان ئاشکرا کردووە.

٣- شارستانیەتی گریکی (یۆنان)

لە مێژووی (گریکی کۆن)یشدا زانستی جوگرافیا دەبینرێ و گرنگی و بایەخی زۆری هەبووە لە فەرهەنگی یۆنانی کۆندا (هۆمیرۆس)ی شاعیر لە داستانی (ئەلیادە و ئۆدیسەدا)[١٤] خۆی وەک یەکەم جوگرافیناس دەناسێنێ، بەوەی ناوی زۆر شوێن و شار و ناوچەی تۆمارکردووە. باس لە دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست دەکات وەک ئەوەی کە جیهانی ئەوکات سنورەکەی ئەوەندە بێت و لەپشتی ئەم ناوچەیەوە هیچ شوێنێکی تر نەبێت. لەهەمان کاتدا فەیلەسوفی بەناوبانگ (ئەرستۆتالیس) پرسیاری زۆر لە شێوەی زەوی و نەخشەی جیهان دەکات، کەوا چۆن هەڵکەوتووە و سنوری زەوی تاکو کوێ

[١٤] - داستانی ئەلیادە و ئۆدیسە زۆر بەناوبانگە و ناوی دەیان وڵات و شار و ناوچەی تێدایە، بۆ کاتی خۆی سەرچاوەیەک بووە بۆ دونیاناسی لە ڕووی جوگرافییەوە.

بڕ دەکات. هەروەها فەیلەسوفی یۆنانی (ئەنیکسماندەر ٦١٠- ٥٤٥ پ.ز) بە یەکەم نەخشەکێشی جیهانی کۆن دادەنرێ، بەوەی نەخشەی یۆنان و میسڕ و لیبیا و بابل و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کێشاوە وسنوری وڵاتەکانی دیاریکردووە، کەوا جیهانی ئەوکات لای ئەو تەنها ئەوەندە بووە. لەهەمان کاتدا ڕێگا ئاوییەکانی دەریای سپی ناوەڕاستی تاکو دەریای ڕەش نەخشاندووە و دیاریکردووە، هەروەها شارەزاییەکی باشی هەبووە لە زانستی گەردووناسی، هەر ئەویش (کاتژمێری ڕۆژیی) بۆ یۆنانییەکان داهێناوە. لە دوای ئەودا (هیرۆدیت) یان (هیرۆدۆتس)ی مێژوونووس (٤٨٤- ٤٢٥پ.ز) دێت، خاوەنی کتێبی مێژوویی (هیرۆدۆتس)ە. ئەگەرچی ئەو مێژووی جەنگی نێوان گریک و وڵاتی فارسی تۆمار کردووە، بەڵام زۆر ناوی وڵاتانی جیهانی ئەوکاتی تۆمار کردووە، وەک ئەسینا و وڵاتی فارس و کیشوەری ئەفەریقا و ئاسیای بچوک، تەنانەت هیندستانی ئەوکاتیشی وەک خەیاڵ و بۆچون وەسف کردووە، بەپێی ئەو سەرگوزەشتانەی ئەوکات کە بیستوویەتی. بۆیە ئەم مێژوونووسەش وەک جوگرافیناسێک دەناسرێ، چونکە لە باسکردنی وڵاتان باس لە ڕووبار و فراوانی خاک و هەڵکەوتەیان دەکات، وەک باکور یان باشور یان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٤- (ئەسکەندەری مەکدۆنی ٣٥٦- ٣٢٣پ.ز)

ئەسکەندەری مەکدۆنی بە گوێبیست بوونی لە مامۆستاکەی (سۆکرات) و فەیلەسوفەکانی تری یۆنانی لەسەر ئەفسانەکانی جیهان بە گشتی و بە تایبەتی هەردوو وڵاتی فارس و هیند، وایکرد ببێتە گەورەترین دۆزەرەوەی جیهانی کۆن، کاتێ هەڵمەتە سەربازییەکەی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و دوور دەستپێکرد. تاکو سەردەمی ئەو هیچ پاشا و ئیمپڕاتۆرێک ئەو سنورە فراوانەی نەخستبووە ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خۆی، بۆیە بۆ ئەوکات ئەسکەندەری مەکدۆنی ژمارەیەکی زۆری لە شارەزایانی بواری جوگرافیا و فەلەکناسی و مێژووی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ ئەو سەرزەمینانەی کە دەیخستە سەر قەلەمڕەویەکەی، بۆ ئەوەی مێژووی سەیرو سەمەرەی

وڵاتان تۆمار بکەن و نەخشەی وڵاتان بکێشن و هاوکاری بن لە کارەکانیدا لەم وڵاتانەدا. ئەمەش بووە هۆی پاراستن و تۆمارکردنی بەشێکی زۆری مێژووی ئەو سەردەمە و گواستنەوە و تێکەڵبوونی فەرهەنگی شارستانیەتی یۆنانی لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانیەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی دوور و نزیکی ئەوکاتە.

٥- (ئاراتۆستینس ٢٧٦- ١٩٤ پ.ز)

ئەم زانا ناودارەی بواری فەلەکناسی گریکەکان بە یەکەم کەس دادەنرێ، بەوەی هێڵەکانی پانی و درێژی گۆی زەوی کێشاوە، هەروەها زانیارییەکی زۆریشی لەسەر ئەستێرەناسی و جوگرافیا هەبووە و تۆماری کردووە. بۆیە ئەو بە یەکەم کەس دادەنرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە نەخشەی جیهانی کێشابێ. دوای هەڵمەتە سەربازییەکانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو زانیارییانەی کەوا لە ژێر دەستیدا بوون، هەر ئەویش دەستەواژەی جوگرافیای بۆ زانستی دەرخستنی وێنەی زەوی، یاخود زەویناسی داهێناوە، ئەم دەستەواژەیە تاکو ئێستا بەردەوامە و پەڕیوەتەوە ناو زۆرینەی زمانە جیهانیەکان.

٦- سەردەمی ڕۆمانی

(ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی) کە سەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی (٢٧پ.ز) دەستی پێکرد و بە چەند هەڵبەز و دابەزێکدا تێپەڕی، واتە بوونە چەند بەشێک. بەشی ڕۆژهەڵاتیان کە بە (ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتینی) ناسرابوو لەساڵی (١٤٥٣ز) لەسەر دەستی (تورکە موسلمانە عوسمانییەکان) بەسەرکردایەتی سوڵتان محەمەد فاتحی دووەم(١٤٣٢-١٤٨١ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی بێزەنتیەکان (ڕۆمانییەکان) هات، واتە کاتێ شاری (قوستەنتینیە)[١٥] داگیرکرا.

---

[١٥] - قوستەنتینیە ئەو شارەی لە سەدەی چوارەمی زاینی دەرکەوت وەک پایتەختی دەوڵەتی ڕۆمانی و پاشان دەوڵەتی بیزەنتینی و دواتر دەوڵەتی عوسمانی، ناوەکەی بە زمانی یۆنانی

ڕۆمانەکان بۆ ماوەی چەند سەدەیەک دەوڵەتێکی پێشکەوتووی تازە بابەت و گەورە و بەهێزیان لەسەر پانتاییەکی فراوانی هەرسێ کیشوەری ئەورووپا و ئاسیا و ئەفەریقادا دامەزراند، بوونە خاوەن شارستانیەتێکی زۆر گەورە. لە بواری بنیادنانی زانستی و فەرهەنگی یەکجار پێشکەوتوو بوون. زانستی جوگرافیا و نەخشەدانان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕێگاکان و سنوری وڵاتەکەیان بایەخێکی زۆری هەبوو، بۆیە زانستی جوگرافیا لە سەردەمی ڕۆمانەکان گەشەی زۆری کرد و گرنگی و بایەخی زیاتری پێدرا (ئوسترابۆ) یەکێک بوو لە زانا هەرە ناودارەکانی سەردەمی خۆی لە زانستی لێکۆڵینەوە لە شێوەی زەوی و دەستنیشانکردنی هێڵەکان و جوڵەی زەوی لە بازنەی فەلەکیی خۆیدا. ڕۆمانەکان بۆ دیاریکردنی ڕێگاوبانەکانیان پێویستیان بە نەخشەی تایبەت هەبوو بۆ دیاریکردنیان، چونکە ئەوکات دەوڵەتی ڕۆمانی خاوەنی زیاتر لە (٥٥٠٠٠) پەنجاوپێنج هەزار کیلۆمەتر ڕێگا بوو (لەو سەردەمە بوو دەگوترا هەموو ڕێگاکان دەچنەوە ڕۆما) ئەوکات ئەوانەی کە شارەزاییان لە ڕووپێوی هەبوو زۆر بایەخیان پێ دەدرا بۆ دیاریکردنی ڕێگاوبانەکان و دیاریکردنی ئاراستەی هێڵەکان بەهۆی جوڵەی (خۆر) تاکو لە کاتی گواستنەوەدا کاروانەکان بە تایبەت سوپا، ئاراستەکانیان لێ تێک نەچێ و بە شێوەیەکی دروست و دوور لە کێشە بگەن بە شوێنی مەبەستی خۆیان. لەوسەردەمانەدا دەوڵەتی ڕۆمانی یەکگرتوو خاوەنی (٤٠٠) چوارسەد خشتەی دیاریکردنی ڕێگاوبانی و سنورەکان بوو، کە پێیان دەگوت (Peutinger) هەروەها لەو سەردەمدا کتێبێکی تر بە ناوی (ڕێبەری جوگرافیا) هەبوو سوودی زۆری لێدەبینرا، کەوا بەشی زۆری لەلایەن زانای جوگرافی ناس (بەتلیمۆس ٩٠– ١٦٨ز) نووسراوە. ئەم کتێبە لە هەشت بابەت پێکهاتبوو، کەوا تێیدا (٨٠٠٠) هەشت هەزار شوێن و پێگەی دەستنیشان کردبوو، واتە لە ناوی هەرێم و شار و چیا و شاخ و ڕووبار و دەریاچەکان

(Κωνσταντινούπολις)، بە لاتینی .(Constantinopolis) دوای داگیرکردنی لەلایەن تورکە عوسمانییەکان ساڵی (١٤٥٣ز) ناوەکە بوو بە ئەستەنبۆڵ یا ئیستەمبۆل ئێستا گەورەترین شاری کۆماری تورکیایە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری دانیشتوانەکەی کوردن.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

و شوێنە دیارەکان (٢٦) نەخشەی تێدابوو، کە یەکیان جیهانی ئەوکاتی دەخستەڕوو. (١٠) نەخشە بۆ کیشوەری ئەوروپا و (٤) نەخشەش بۆ کیشوەری ئەفەریقای ئەوکات و ئەوانی تریش بۆ نەخشەی گریک و کیشوەری ئاسیای ئەوکات بوو، هەروەها وێنەی (٦٧) شوێنی لەسەر بوو.

٧- شارستانیەتی چین

مێژووی (شارستانیەتی چین) زۆر کۆن و دەوڵەمەندە، چینیەکانیش لەگەڵ بنیادنانی شارستانیەتەکەیان چەندین داهێنانی تازە و پێشکەوتوویان داهێناوە لە ڕووی زانست و زانیاریدا، بە تایبەت زانستی فەلەکناسی، کە یەکێ بووە لە زانستە پێشکەوتووەکانی ئەم شارستانیەتە گەورە و دەوڵەمەندەی مرۆڤایەتی. نەخشەی جوگرافیش لەو دەڤەرە بایەخی خۆی هەبووە، بۆیە تاکو ئێستا چەندین نەخشەی کۆن لە پاشماوەی شوێنەوارەکانی شارستانیەتی چین ماوە و دۆزراوەتەوە. ساڵی (١٩٨٩ز) لە کنە و پشکنینێکدا پاشماوەی (٧) نەخشە دۆزرایەوە، کەوا مێژووی نەخشاندنیان بۆ چەرخی چوارەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، باس لە ناوی چەندین شوێن و ڕووبار و ڕێگاوبانی ئەوکات دەکات. خانەوادەی (هان) لە سەدەی دووەمی پێش زاین زۆر بایەخیان بە نەخشەسازی جوگرافیا دەدا بۆ دیاریکردنی سنوری وڵاتەکەیان. ئەوەی لە شارستانیەتی چینی کۆندا زیاتر باسی لە نەخشەسازی کردبێ کتێبی (مێژووی کلاسیک) لە نوسینی زانایەکی شارەزایە بە ناوی (چوگینگ) باس لە نۆ ناوچە دەکات لە ڕووی پێکهاتەی خاکەکەی و کەشوهەواوە. سیستەمی ئاودێریان و دیاریکردنی چۆم و ڕووبارەکانیان و ڕێگاوبانەکانی بازرگانی و چەندین لایەنی تری ژیاری ئەم ناوچانە دەخاتەڕوو،لەبارەی پێکهاتەی تەواوی جوگرافی ئەوکاتەیانەوە. نەخشەسازی لای چینیەکان زۆر گرنگی پێدەدرا، دوایین جوگرافیناسی بەناوبانگی چین لە چەرخی کۆندا لەلایەن خێزانی (شو xaike ١٥٨٧-١٦٤١ز) ئەم گەڕیدەیە هەموو هەرێمەکانی چین بەپێ گەڕا و زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو هەرێمانە تۆمارکرد، تاکو ئەوکاتە ئەو هەموو زانیارییە بەسەریەکەوە لەسەر خاکی

چینییەکان تۆمار نەکرابوو. ئەمە بووە کەشکۆڵێکی گرنگی پڕ لە زانیاری بۆ ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەوکاتەی چینییەکان،هەروەها بووە هۆکارێکی گرنگیش بۆ شارەزابوون لەسەر شێوەی هەلکەوتەی جوگرافیای وڵاتەکەیان و چۆنیەتی حوکمکردن بەسەریدا.

٨- شارستانیەتی هیند

هیندییەکان وەک خاوەن شارستانیەتێکی دێرین (١٣٠٠) ساڵ پێش زاین ئەوانیش بایەخ و گرنگی نەخشەسازییان زانیوە، بۆیە زانستی فەلەکناسی زۆر بایەخی هەبووە لەلایان، وەک نیشانەیەکی پیرۆزی سەرچاوەی ئاینی و لێکدانەوە گەردوونیەکانیان بەکاریان هێناوەو جێگای بایەخ و گەشەپێدانیان بووە، ئەمەش بەشێک بووە لە هۆکاری شارەزا بوون لە ڕێگاوبانەکان بۆ کاروان و هاتووچۆی بازرگانی.

٩- شارستانیەتی بیزەنتینی

(ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتینی) بەشێک بوو لە (ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی) بەڵام بەم ناوە درێژەی بەخۆیدا تاکو لە ساڵی (١٤٥٣ز) لەسەر دەستی (محەمەد فاتحی دووەم)ی سوڵتانی تورکە عوسمانییەکان کۆتاییان پێهێنرا، کاتێ شاری قوستەنتینیەی بەناوبانگ داگیرکرا. زانستی جوگرافیا لەلایەن بیزەنتینییەکانەوە زۆر گرنگی پێدراوە، لە سەدەی شەشەمی زاینی (ستیفانۆس) کتێبێکی دانا بەناوی (فەرهەنگی جوگرافی) لەم کتێبەدا باسی لە یۆنانی کۆن و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتینی و ناوچەکانی تر دەکرد و بە نەخشە دیاریکردبوو. لەهەمان کاتدا (کۆسماز ئیندکلۆپستیس)[١٦] Indicopleustes لە سەدەی شەشەم چەندین وڵاتی وەک هیند و سریلانکا و ئەریتریا و ئەسیوبیا گەڕاوە، وەک موژدەبەرێکی ئاینی مەسیحی لەگەڵ خۆی نەخشەی زۆر لەم وڵاتانەی کێشاوە و شار و هەرێمەکانی دیارکردووە و لەسەر نەخشە تۆماری

---

[١٦] – قەشەیەکی یۆنانی بووە، ئەوکات چەندین وڵات گەڕاوە کە کەوتونەتە سەر لێواری دەریای سور و زەریای هیندی، زانیاری زۆری تۆمار کردووە.

کردوون. لەهەمان کاتدا ئەو بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند، کەوا زەوی تەختە. زۆربەی زانا ئاین مەسیحیەکانی سەردەمی خۆی لەگەڵی هاوڕا نەبوون. هەروەها مەترانێکی سوری بەناوی (یەعقوب روها ٦٣٣- ٧٠٨ز) بەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی (ئەرستۆ) و (تیۆفراستیۆس) و (بەتلیمۆس) و (باسیل) بە کەرەستەی تازە بابەت سەرچاوەکانی داڕشتەوە، ڕای تازەی خستە سەر بیروباوەڕەکانیان لەبارەی شێوە و وێنەی گۆی زەوی. لە شارستانیەتی بێزەنتینی و وڵاتانی تری ئەوروپیدا لە سەدەکانی ناوەڕاست گرنگی زۆر بە نەخشە دەدرا، بەتایبەت گەڕیدەکان کاتێ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و ئەفەریقادا گەشتیان دەکرد. ناودارترین گەشتیار، کەوا دوور و درێژترین گەشتی کردووە و ناوی وڵات و نەتەوە و شار و ناوچەی یەکجار زۆری تۆمار کردووە ئەویش (مارکۆ پۆلۆ ١٢٥٤- ١٣٢٤ز)[١٧] ی ئیتاڵییە. ئەم گەڕیدە بەناوبانگە گەشتەکەی بە ڕێگای ئاوریشم کردووە و بە ڕێگای ئاوی زەریای هیندی و کەنداوی فارس گەڕایەوە ئێران، لەوێشەوە بە وشکانیدا بۆ ڕۆما گەڕایەوە. چیرۆکەکانی ئەو زانیاری تازەی خستە روو، بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای زانستی جوگرافیا و فراوانی گۆی زەویدا دەگەڕان. لەبەر ڕۆشنایی ئەم چیرۆکانەی کە (مارکۆپۆلۆ) تۆماری کردبوو لە گەشەتەکەیدا، چەندین نەخشەی خەیاڵی تازە بۆ گۆی زەوی کێشرا. ئەم گەشتە بووە هاندەر بۆ دەیان کەسی تر، کەوا گەشت بکەن بۆ دەرەوەی کیشوەری خۆیان. هەر ئەم گەشتانەش بوونە هۆی نەپسانەوەی گەڕان بەدوای ناوچە و زەوی تردا، تاکو کیشوەرەکانی ئەمەریکا و ئوستralیا و زۆر ناوچەی تر دۆزرانەوە.

---

١٧ - (مارکۆ پۆلۆ) بە ئیتاڵی (Marco Polo) لە نێوان ساڵانی (١٢٥٤-١٣٢٤ز) ژیاوە. کوڕی بازرگانی بەناوبانگی ڤینیسیای ئیتاڵی بووە بەناوی (نیکولۆ پۆلۆ) لەگەڵ باوکی و مامی بەناوی (مافی پۆلۆ) گەشتێکی دوور و درێژی کردووە تاکو گەیشتۆتە وڵاتی چین. لە گەڕانەوەی کتێبێکی نووسیوە لەسەر گەشتەکەی، پاشان بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوروپاییەکان لە سەدەکانی دواتر، کەوا بەدوای ناوچە دوورە دەستەکانی جیهان بگەڕێن. مارکۆ پۆلۆ یەکەم ئەوروپی، یاخود بیانییە ناوی کوردستانی تۆمار کردووە بە (کاردستان) نووسیویەتی.

١٠- شارستانیەتی فارس

شارستانیەتی فارس، واتە شارستانیەتی (سەرزەمینی ئێران)ی ئەمڕۆ و دەوروبەری، ئەم سەرزەمینە لە پێشینەیەکی زووی مێژوویيدا شارستانیەت تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، زوو بۆتە خاوەن فەرهەنگ و داهێنانی زانست و ئاینەکان، بەهۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئاینی یەکتاپەرستی (زەردەشتی). زانستی جوگرافیا و نەخشەسازیش گرنگی پێدراوە، بۆ دیاریکردنی ڕێگاوبانەکان و سنوری هەرێمەکان. دوای نەمانی (دەوڵەتی فارس) و هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ باکور و داگیرکردنی وڵاتی ئێران و شام و ئەنادۆڵ و وڵاتانی دەووروبەریان، لە پاشان دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی لە بەغدا، کە ئێرانییەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە دامەزراندنی ژێرخانەکەیدا هەبوو، بووە هۆی گەشەکردنی فەرهەنگ و زانست و زانیاری. لە ناو ئەم زانستانەشدا زانستی جوگرافییش گەشەی زۆری کرد، بەتایبەت دامەزراوەی (بيت الحكمه) کەوا زۆرینەی ئەوانەی لەم دامەزراوە بوون، یان ئەوەتا بە ئاین یەهودی و مەسیحی بوون، یان ئێرانی زەردەشتی بوون بەدیوێکی تر بەدەگمەن لە نەتەوەی عەرەب بوون. بۆیە چەندین جوگرافیناس و نەخشەسازی ئێرانی لەم سەردەمەداپێگەیشتن و لە بواری زانستی جوگرافیای سەردەمدا جێ دەستیان دیارە و بەرهەمی ناوازەی باشیان لەپاش خۆیان جێهێشتووە. بۆ سەردەمی ئێستاش بوونەتە بەڵگەی مێژووی ڕوون و ئاشکرا بۆ یەکلاکردنەوەی زۆر کێشە و بۆچوونی مێژوویی و جوگرافی. لێرەدا ئاماژە بە ناوی چەند کەسێک دەکەین، کە بە ڕەگەز ئێرانی و فارسی بوونە و داهێنانیان لە زانستی جوگرافیادا کردوە.

١-(جابر کوڕی حەیان ٧٢١-٨١٥ز) کۆمەڵێک تێکستی بە پشت بەستن بە سەرچاوە کلاسیکییە یۆنانییەکان داڕشتووە، کەوا باس لە زانستی سروشت و شێوەی سروشتی زەوی دەکات.

٢-(خوارزمی ٧٨٠-٨٥٠ز) خاوەنی کتێبی (وێنەی زەوی) جوگرافیای بەتڵیمۆسی تۆمارکردووە، باس لە نەخشە و جوگرافیای کیشوەری ئاسیا و

دەریای سپی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفەریقا دەکات و بە نەخشە سنورەکانیانی دیاری کردووە.

٣- (ئەبو قاسم عبدالله کوڕی خوردادی ٨٢٠-٩١٢ز) لە خانەوادەیەکی ناوداری باکوری ئێران هاتۆتە دونیاوە و پەروەردە بووە. جوگرافیناسێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە، خاوەنی کتێبی (مسالک و مەمالیک)ە. خوردادی زۆر ناوچەی جیهانی ئەوکاتی بەدەرخستووە لەکیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفەریقا، وەک دوورگەی جاوا و مالیزیا و چین و ژاپۆن، هەروەها باس لە (دوورگەی واق واق) دەکات، کەوا کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی چین و خاوەن سەرچاوەیەکی زۆری ئاڵتون و کانزای بە بەهایە. هەروەها باسی لە هێڵەکانی پانی و درێژی زەوی کردووە. بۆ سەردەمی خۆی زانستی زۆر بە نرخی جوگرافی خستۆتە ڕوو.

٤- (ئەبو رەیحان کوڕی محەمەد کوڕی ئەحمەد بەیرونی ٩٧٣-١٠٤٨ز) لە خانەوادەیەکی ئۆزبەکی لە ناوچەی خوارزم لەدایک بووە. یەکێکە لە زانا و فەیلەسوفە بەناوبانگە موسڵمانەکانی سەردەمی خۆی بووە، لە زۆر بواردا بەرهەم و نووسینی هەیە. لە زانستی جوگرافیادا ماوەی نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵات و نیمچە دوورگەی هیندی پێوانەکردووە، هەروەها بەرزی و نزمی شاخ و چیاکانی بە پێوانەیەکی زانستی خەمڵاندووە، یەکەم کەسە لە وەسفی زەویدا ئەوەی خستۆتەڕوو، کەوا گۆی زەوی خڕە و بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە.

١١- شارستانیەتی ئیسلامی

ئاینی ئیسلام لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی زاینی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی سەریهەڵدا، لەسەر دەستی (محەمەدی کوڕی عەبدوڵلای هاشمی:٥٧١-٦٣٢ز) لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ئیسلام جێنشینەکانی کەوتنە هێنانی هێرش و پەلاماردان بە زەبری هێز بۆسەر خاک و ئاوی وڵاتانی چواردەوری نیمچە دوورگەی عەرەبی، وەک میسر و یەمەن و شام

و ئێران و میزۆپۆتامیا چەندین ئەمارەت و دەوڵەتیان رووخاند و ئاین و کەلتوری تازەی خۆیان بەسەردا سەپاندن. دواتر دوو دەوڵەتیان لەسەر پاشماوەی دەوڵەتەکانی (بیزەنتینی و ساسانی) دامەزراند، کە خۆیان پێشتر ڕوخاندبوویانن (دەوڵەتی ئەمەوی) لە ساڵانی (٦٦٢- ٧٥٠ز) و (دەوڵەتی عەباسی) لە ساڵانی (٧٥٠-١٢٥٨ز) لەم دوو دەوڵەتەدا شارستانیەت بایەخی پێدرایەوە، زانست و زانیاری گەشەیان کردەوە تێیاندا، زانستەکانی گەردووناسی و جوگرافی بایەخی زۆریان پێدەدرا، بۆ زانینی ڕێگاوبانەکان بە مەبەستی بازرگانی و لەشکرکێشی و زانینی شێوەکانی سروشتی خاک. لە جوگرافیناس و نەخشەسازەکانی موسڵمانان چەندین کەسی ناودار هەڵکەوتوون، کەوا جێ پەنجەیان دیارە لە زانستی جوگرافیا و نەخشەکێشان هەندێک لەوانە:

١- (ئیدریسی) ناوی تەواوی (ئەبو عەبدوڵڵا محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان شریفی ئیدرسی ١٠٩٩- ١١٦١ز) یەکێک بووە لە زانا بەناوبانگەکانی موسڵمانان، بە یەکەم کەس دادەنرێت، کەوا باشترین نەخشەی جیهانی ئەوکاتی کێشابێ، هەموو زەوی کردووە بە حەوت هەرێم و هەر هەرێمێکیشی کردووە بە (١٠) ناوچەی یەکسانی وەک یەک. هەروەها (٧٠) نەخشەی کێشاوە و بۆ هەر ناوچەیەک نەخشەیەکی سەربەخۆی نەخشاندووە.

٢- (شەمسەددین مەقدسی) ناوی تەواوی (محەمەدی کوری ئەحمەدی ئەبوبەکری مەقدسی ٩٤٧- ٩٩١ز) لە شاری قودس لە دایک بووە. گەڕیدەیەکی ناودار بووە و زۆر شوێنی ڕۆژگاری خۆی گەڕاوە، دانەری کتێبی (أحسن التقاسیم فی معرفە الأقالیم)ە. ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد لە سەردەمی خۆی و پاش خۆیدا، هەروەها مەقدسی یەکەم کەس بوو، کەوا ڕەنگی لە کێشانی نەخشەکانیدا بەکارهێنا، واتە بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ شوێنەکانی دەنەخشاند بۆ زیاتر لێک جوداکردنەوەی سروشتی پێکهاتەکانی زەوی.

٣- (ئیبن حوقەل) ناوی تەواوی (محەمەد کوڕی قاسم ناسراو بە ابن الحوقل) لە شاری نسێبینی باکوری کوردستانی ئەمڕۆ(کوردستانی تورکیا) لەدایک بووە. لە سەدەی دەیەمی زاینی ژیاوە، بازرگان و گەڕیدەیەکی خاوەن بەهرەی پڕ لە زانست و زانیاری بووە. کتێبێکی لەسەر (شێوەی زەوی) یان وێنەی زەوی داناوە، نەخشەکانی لەسەر بنەمای ئەندازە و نەخشاندن داناوە، هەروەها پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ کتێبەکەی جوگرافیناسی فارسی (ئەبو قاسمی خوردادی) کردۆتەوە، زۆر کەموکوڕی لە کتێبەکەیدا دەستنیشانکردووە، بە زانستی سەردەمی خۆی ڕاستی کردۆتەوە و زیاتری خستۆتە سەر و دەوڵەمەندی کردووە.

٤- (المسعودی) ناوی تەواوی (ئەبو حەسەن عەلی کوڕی حسێن کوڕی عەلی مەسعودییە (بەغداد٨٩٦-٩٥٧ز) نازناوی "قوتب الدین") بووە، خۆی بە نەوەی (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود)ی یاوەری (پێغەمبەر)ی ئیسلام زانیوە. خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (مروج الذهب)ە. مێژوونوس و جوگرافیناس و گەڕیدەیەکی زۆر بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە، زۆر شار و وڵات گەڕاوە. خاوەنی نەخشاندنی نەخشەی جیهانە، کەوا بۆ سەردەمی خۆی نەخشەکەی وردترین نەخشەی جیهان بووە بۆ دیاریکردنی کیشوەر و وڵاتانی سەردەمی خۆی (مەسعودی) و زۆر لە جوگرافیناسە موسڵمانەکانی ئەوکات هەمیشە باشوری زەویان بە باکور دادەنا، دیارە هۆکارەکەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی شارەکانی دیمەشق و کوفە و بەغدا دەکەونە باکوری شاری (مەککە)ی شوێن نزرگەی پیرۆزی موسڵمانان، بۆیە ئەوان تێڕوانینیان وابوو، کەوا هەمیشە شاری مەککە لە سەرووی ئەم شارانەوەیە لەبەر پیرۆزییەکەی، خوا هەڵکەوتەی زەوی وا ڕێکخستووە. بەدڵنیاییەوە ئەمەش زیاتر لە بۆچوونێکی خورافی سەردەم زیاتر هیچی تر نەبووە.

جوگرافیا لە دوای چەرخی دۆزینەوەکاندا

دوای سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانیەتی نوێ لە سەردەمی چەرخی (ڕێنسانس) لە کیشوەری ئەوروپادا، دواتر داهێنانە زانستییەکان و پەلهاویشتنی کاری بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی کیشوەرەکە، وایکرد هەوڵی گەڕیدەکان بە هەموو لایەکی جیهاندا زیاتر بێت بۆ دۆزینەوەی وڵاتی تر و سەرچاوەی داهات و بازاڕی زیاتر بۆ ئاڵوێرکردنی شمەک و کاڵا. ئیتر کیشوەرەکانی جیهان هەمووی بۆ یەک ئاشکرا بوون بەوەی جیهان زۆر گەورەیە، هەر تەنها ئەم ناوچە بەرتەسکەی چواردەوری دەریای سپی ناوەڕاست و پشتی ئەوان نییە، بەڵکو وڵات و ناوچە و کیشوەری زۆر فراوانتر هەیە. هەروەها زانستی تازە لەبارەی جوڵە و شێوەی زەوی هاتەکایەوە. نەخشەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، بە تایبەت کاتێ دەریاوانی بەناوبانگی ئیسپانی (کریستۆفەر کۆلۆمبۆس ١٤٥١-١٥٠٦ز)[١٨] لە ساڵی (١٤٩٢ز) (کیشوەری ئەمەریکا)ی دۆزییەوە. هەموو زانست و بۆچوونەکانی پێشووتری سەبارەت بە فراوانی جوگرافیای جیهان و نەخشەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. بۆیە لە ساڵی (١٥٠٧ز) بۆ یەکەمجار نەخشەسازی ئەڵمانی (مارتین والدیسمۆلەر)[١٩] نەخشەی جیهانی بە شێوەیەک نەخشاند، کەوا کیشوەری ئەمەریکا و ئاسیا و ئەفەریقای بەشێوەیەک تێدا خستەڕوو. لەدوای

---

[١٨] - کریستۆفەر کۆلۆمبۆس یان کریستف کۆلمب بەلاتینی (Christophorus Columbus) لە بنەڕەتدا خەڵکی جەنەوەی ئیتاڵیایە، بەڵام زیاتر لەگەڵ وڵاتی ئیسپانیا کاری کردووە،پاشای ئیسپانیا تەداروکاتی گەشتەکانی بۆ ڕێکخستووە. ناسراوترین دەریاوانە لە جیهاندا بەهۆی دۆزینەوەکانی. لە ١٢/١٠/ ١٤٩٢ز گەیشتە کەناراوەکانی دەریای کاریبی و کیشوەری ئەمەریکای دۆزیەوە، یەکەم ڕووبەریش سان سڵفادۆری ئێستا بوو بەزمانی ئیسپانی واتە دۆزراوەیەکی نوێ.

[١٩] - مارتین والدیسمۆلەر (Martin Waldseemüller) وێنەکێش و نەخشەسازێکی ئەڵمانی بوو، لە نێوان ساڵانی (١١/٩/١٤٧٠-١٦/٣/١٥٢٠ز) ژیاوە. لە ساڵی (١٥٠٧ز) نەخشەیەکی تازەی کێشا، بۆ یەکەمجار هەردوو کیشوەری ئەمەریکای لە ئاسیا جودا کردەوە. دەتوانین بڵێین نەخشەکەی مارتین یەکەم نەخشەیە، کە زۆرینەی جیهانی گرتەخۆی.

ئەوە ئەندازەی پێوانەیی زیاتر بۆ نەخشەسازی بەکارهات. دۆزینەوە نوێیەکانیش بوونە سەرچاوەی دەوڵەمەندی زیاتری جوگرافیناسان، بە تایبەت ئەوانەی کەوا گرنگی و بایەخی زانستی جوگرافیایان دەزانی، چونکە زانستی جوگرافی هۆکارێکی یارمەتیدەری کاریگەر بوو بۆ تێکەڵاوی هەموو وڵاتانی جیهان و چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕێگاکان و دامەزراندنی ڕێگای تازەی ئاوی و وشکانی. لەهەمان کاتدا لە سەدەی (١٨)ی زاینیدا زانستی جوگرافیا بایەخ و گرنگی خۆی وەرگرت، بە تایبەت لە هەردوو پایتەختی بەناوبانگی ئەوکاتە (لەندەن و پاریس) بۆیە لەناوەندەکانی خوێندن و زانستگاکانی ئەوکاتە چەندین ناوەندی خوێندن و توێژینەوە لەسەر زانستی جوگرافیا و نەخشەکێشان کرایەوە و پەرەی پێدرا. دوای ئەوەی لە ساڵی (١٧٧٠ز) کیشوەری ئوستورالیا و دەوروبەری لەلایەن (جیمس کۆک ١٧٢٨– ١٧٧٩ز)[٢٠] دۆزرایەوە، ناوبراو گەشتێکی دووور و درێژی بە (زەریای ئارام)دا کرد و کەناراوەکانی (ئوستورالیا و نیوزلەندا)ی دۆزیەوە، چەندین نەخشەی تازەی کێشا. لەمە بەدواوە نەخشەی جیهان باشتر جێگیر بوو، هەروەها سنوری وڵاتان کەوتە سەر نەخشە، شار و ناوچە و هەرێمەکان لەسەر نەخشەی سیاسی دیاریکران. ساڵی (١٨٣٠ز) لە وڵاتی بریتانیادا (کۆمەڵەی جوگرافیناسانی شاهانە) دامەزرا. ساڵی (١٨٨٨ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ جوگرافیا) دامەزرا. لە چەرخی نۆزدە و بیستەم (فەلسەفەی جوگرافیا) زۆر گەشەی کرد و بە هەزاران توێژینەوە لەسەر جوگرافیای وڵاتان ئەنجامدرا. هەر ئەم توێژینەوانە بوونە هۆکار و پاڵنەری وڵاتانی زلهێزی ئەوکاتی ئەوروپا بۆ داگیرکردن و خستنە ژێر ڕکێفی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بە مەبەستی گەشەپێدانی کاریگەری خۆیان و

[٢٠] – جێمس کۆک (James Cook) دەریاوانێکی ناسراو و شارەزای ئینگلیزی بوو، سێ گەشتی گەورەی کرد بەناو زەریای ئارامدا ساڵی (١٧٦٩ز) گەیشتە نیوزلەندا، ساڵی (١٧٧٠ز) گەیشتە کەناراوەکانی ئوستورالیا، پاشان کیشوەری بەستەڵەکی باشور. لە ساڵی (١٧٧٦ز) دورگەی هاوای. کۆک لە گەشتەکانی زانیاری و نەخشەی زۆرتری دەهێنایەوە. ڕۆڵی زۆر دیاری هەبووە لە فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی بریتانی بە ناوچە کۆلۆنیاڵییەکاندا.

دۆزینەوەی بازاڕی زیاتر و وەدەست خستنی سەرچاوە سروشتییەکانی وزە بۆ پیشەسازی و پاشان ساغکردنەوەیان لەهەمان بازاڕدا. ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە دوای سەرهەڵدان و گەشەی شۆڕشی پیشەسازی و کەڵەکەبوونی سەرمایە بوو لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بە تایبەت هەردوو وڵاتی (بریتانیا) و (فەڕەنسا).

جۆرەکانی نەخشەسازیی زەوی

چەندین جۆر نەخشە هەیە، ئەویش دوای گەشەی زانستی جوگرافی تایبەتمەندی خۆیان وەرگرت. زانایانی بواری جوگرافیا لقەکانی جۆری نەخشەسازییان لێک جوداکردەوە، بۆ ئەوەی باشتر ڕەگەزەکانی زەویناسی بەدەربخەن.

١- نەخشەی تۆبۆگرافی، کەوا بەرزی و نزمی شێوەکانی سروشتی خاک دەخاتە ڕوو.

٢- نەخشەی جیۆلۆجی، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی چینەکانی زەوی و پێکهاتەکانی .

٣- نەخشەی جوگرافی، نەخشەی جیهان و وڵاتان و سنوری نێوان وڵاتان دیاری دەکات.

٤- نەخشەی دەریا، ڕێگا ئاوییەکان دەستنیشان دەکات بە مەبەستی کەشتیوانی و گواستنەوە.

٥- نەخشەی هەوایی، ئەویش نەخشەی هێڵە گشتییەکانی ئاسمان دیاری دەکات بە مەبەستی فڕۆکەوانی.

هەروەها دەبێ ئەوەش بوترێ لە سەردەمی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا پێوەری نەخشەدانان بە شێوەیەکی وردی ئەندازەیی بەهۆی ئامرازی ئەلکترۆنییەوە دەکێشرێ. پێوەری بچووککردنەوە بە شێوەیەک دەنەخشێنرێ کەوا هاوتەریب لەگەڵ یەکەی سروشتی بێت، نموونە یەک کیلۆمەتر چوارگۆشەی

سروشتی بۆ یەک ملیۆن، یاخود یەک ملیار جار بچوکتر دەکرێتەوە و دەخرێتە سەر نەخشەی کاغەزیی و شاشە ئەلیکترۆنییەکان. لە ئێستادا بەهۆی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان بەردەوام مرۆڤ زۆر بە ئاسانی دەگات بە هەموو بستێک لە دیمەن و رووی گۆی زەوی، تەنانەت دەگاتە بۆشایی ئاسمان و قوڵایی دەریا و ئۆقیانووسەکان.

دیاریکردنی سنور لە یاسای نێودەوڵەتی

هەتاکو ئێستا بڕیارێکی دیاریکراو نییە، کە هەموو وڵاتانی جیهان لەسەری کۆک بن بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان. ئەو نەخشە جوگرافییانەی، کە وڵاتەکان لەسەری دامەزراون بەپێی ویستی نێوان وڵاتەکان بووە، یاخود واقیعی ڕۆژگارێک سەپاندویەتی لە ئەنجامی شەڕ، یاخود لە ئەنجامی داگیرکاری خاکی یەکتر.ساڵی (١٨٩٩ز) پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادیی لە (لاهای) دامەزرا، بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشە و ململانێ نێودەوڵەتییەکان. ساڵی (١٩٠٧ز) لە ماددەیژمارە (٣)ی داڕشتنەوەی پەیماننامەکەدا هاتووە، وڵاتان بۆ چارەسەری کێشەکانیان دەتوانن دادگای نێودەوڵەتی هەڵبژێرن بۆ بەلاداخستنی کێشەکانیان لەسەر هەر بابەتێک بێت، بە تایبەت ئەو کێشە و بابەتانەی، کە پەیوەندیان بە لێک جوداکردنەوەی خاکی نێوان دوو هەرێم و دیاریکردنی سنوری نێوانیان هەبێ. بەڵام دادگاکە بە ڕەزامەندی پێشوەختی نێوان هەردوولایەنی پەیوەندیداری کێشەکەوەیە، واتە دادگاکە ئارەزوومەندانەیە، نەوەک سەپێندراو. لەو ڕۆژگارەوە ئەم دادگایە تاکو ئێستا دەیان وڵات بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان پەنایان بۆ بردووە و بە دادوەرییەکەی ڕەزامەند بوونە و کۆتایی بە کێشەکانیان هاتووە. زۆر وڵاتیش بە بڕیارەکانی ڕازی نەبوونە و کێشەکان بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە، نموونەی وەک هیند و پاکستان لەسەر (هەرێمی کەشمیر). میسر و سودان لەسەر ناوچەی

(حەلایب)، ئەریتریا و ئەسیوبیا لەسەر ناوچەی (سێ گۆشەی بادمی) بەحرێن و قەتەر، سەنیگاڵ و مۆریتانیا، عێراق و کوێت، عێراق و ئێران، ئیمارات و عومان، ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی (ناگۆرنی کەرەباغ) لەگەڵ زۆر شوێنی تر. بەڵام زۆر وڵات چارەسەری کێشەی سنوری نێوان خۆیان کردووە، بەشێوەیەک ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەکو ئەوروپا هیچ کێشەیەکی سنوریی لە نێوانیاندا نەماوە و نییە. لە زۆر شوێن هەست بەوە ناکەی ئەمە وڵاتێکە و ئەویتر وڵاتێکی تر، چونکە هیچ دیاردەیەکی دەستکرد و جیاواز لە خاڵە سنورییەکان نابینی وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی سنور لە نێوان ئەم دوو وڵاتە، چونکە زۆربەی کاروبارەکان رێکخراون وەکو یەک وڵات دەڕوات بەڕێوە بە تایبەت لە ڕووی سیستەمی دراوی و بانکی. دەبێ ئەو ڕاستییە بخرێتەڕوو، کەوا بابەتی دیاریکردنی سنور یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی یاسای نێودەوڵەتی، چونکە بەهۆی کێشەی سنورەوە هەمیشە ململانێ و جەنگ ڕوودەدات. بۆیە بنەمای یاسای ڕێکخراوی سنوری نێودەوڵەتی سەرچاوەکەی جیاواز نییە لە یاسای نێودەوڵەتی بۆ بابەتەکانی تر، ئەویش سەرچاوەکەی زیاتر لە دابونەریتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. دابی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵێک ئاکار و بنەما و ڕێکار، کەوا وڵاتان لەسەری دەڕۆن وەک سەرچاوەی پرەنسیپی یاسایی بەکاردێت بۆ پاراستنی سەروەری وڵات و ڕێزگرتن لە ماف و بەرژەوەندی یەکتر لە چوارچێوەی سنوری خۆیاندا. بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وایکردووە ڕێگاکانی جێگیرکردنی یاسای نێودەوڵەتی ئاسانتر کردووە، هەروەها پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش زیاتر متمانە و یەکانگیری خستۆتەوە بۆ دیاریکردن و کەم بوونەوەی کێشە سنورییەکان. لەهەمان کات چەندین ڕێککەوتن و پەیماننامەی نێودەوڵەتی ئەنجامدراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سنورییەکان، ئەویش بە ڕەزامەندبوونی هەردوو لایەنی کێشەکە، یاخود ئەو واقیعەی لە دوای ڕووداوەکانی وەکو جەنگ سەپاندویەتی. بەشێک لەو پەیماننامە و ڕێکەوتنانەی کە کێشەی سنوریان چارەسەر کردووە ئەمانەن:

أ- ڕێککەوتنی ساڵی (١٩٠٦ز) لە نێوان خدێوی میسر و دەوڵەتی عوسمانی (تورکیا) لەسەر مافی ناوچەی تابا و رەئس سەقەب و ناوچەی باکوری میسر.

ب- (پەیماننامەی سیڤەر) (١٠ی ئابی ١٩٢٠ز) لە فەرەنسا، ئامانج وازهێنانی تورکیا لەو خاکەی لەدەستی دابوو لە جەنگی جیهانی یەکەم و وازهێنانی لە پشتیوانی میسر.

پ- (پەیماننامەی لۆزان) لە (٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ز) تورکیا تازە دانی بە هەموو ئەو سنورانەدا نا، کە لە (پەیماننامەی سیڤەر) هاتبوو بە مەرجی پارێزگاریکردن لە سنورە تازەکانی خۆی.

ج- (ڕێککەوتنی لۆکارنۆ) ساڵی (١٩٢٥ز) مۆرکرا لەپاڵ (٧) پەیماننامە بۆ زامنکردنی سنوری نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەلجیکا و ئەڵمانیا لە نێوان ئەڵمانیا و بەلجیکا و فەرەنسا و بریتانیا و ئیتاڵیا.

چ- (ڕێککەوتننامەی جەزائیر) لە نێوان عێراق و ئێران لە (٦ی ئاداری ١٩٧٥ز) بۆ ڕێکخستنەوەی سنوری نێوان هەردوو وڵات لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ساڵی (١٩٢٩ز) ئەم ڕێککەوتنە بووە هۆی کۆتایی هێان (ئاشبەتاڵ) کردنی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٥)بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و ڕێبەرایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ،لە کوردستانی عێراق لە هەمان ساڵدا.

د- (ڕێککەوتنی جەزائیر) لە (١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ز) لە نێوان ئەریتریا و ئەسیوبیا بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەی سنوری نێوانیان.

هـ- چارەسەرکردنی کێشەی سنوری ئاوی نێوان ئەریتریا و یەمەن لەسەر چەند دوورگەیەک ساڵی (١٩٩٥ز) لە ڕێگای دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای.

کێشەی سنور کێشەیەکی گەورەی لە مێژینەی نێوان وڵاتان و هەرێمەکان بووە، لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ زۆربەی جەنگەکان لەسەر سنور بووە. چەندین کێشەی گەورەی سنوریی لە ئێستادا بوونی هەیە. لە باشوری کوردستان

کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کێشەیەکی گەورە و مێژوویی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی عێراق بووە. بە تایبەت شاری کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و دەشتی نەینەوا و شەنگار. لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا چارەسەرکردنەکەی لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠) جێگیر کراوە. دەبوایە ئەم کێشەیە ساڵی (٢٠٠٧ز) کۆتایی پێ بهاتبایە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە. سنوری باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق لەو سنورە وەستاوە، کە ساڵی (١٩٩١ز) ڕاپەڕینی خەڵکی هەرێمی کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی ڕژێمی سەدام حسێن دیارییان کردووە و بووە بە ئەمری واقیع، دەوڵەتی عێراقی دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی ٢٠٠٣ز تەنها ئەم سنورە بە هەرێمی کوردستان دەناسێت.لەهەمان کاتدا نوێنەران و سەرکردە سیاسی و بڕیار بەدەستەکانی کورد زۆر خەم ساردن لەبارەی جێبەێکردنی ماددەی ژمارە ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق .تاکو ئێستا لە ڕێگای دادگای فیدڕالیەوە هیچ سکالایەکیان تۆمار نەکردووە .حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغداش زۆر بێ باکن لە بارەی جێبەێکردنی ئەو ماددە دەستووریە .

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی دووەم

کوردستان سەرزەمینی سەرهەڵدان وبەردەوامی ژیانی نەتەوەی کورد

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION



بەشی دووەم
کوردستان سەرزەمینی سەرهەڵدان وبەردەوامی ژیانی نەتەوەی کورد

کوردستان ناوی ئەو سەرزەمینە فراوانەیە، کە بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە.شوێن هەڵکەوتەکەی لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، کە گەورەترین کیشوەری جیهانە لە ڕووی پانتایی ڕووبەری جوگرافی وزۆری ژمارەی دانیشتوانەوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان و پاشماوەی شارستانیەتە دێرینەکان هەر لە کۆنەوە ئەم سەرزەمینە شوێنی پەیدابوون و گەشەکردن و سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤ بووە، چ لە چاخی دڕندەیی چ لە چاخە بەردینەکان، چونکە پاشماوەکان ئەوەمان بۆ پشت ڕاست دەکەنەوە، کەوا ژیان لەم ناوچەیە هەبووە. لە هەمان کاتدا بەپێی سەلماندنی سەرچاوە مێژوویيە دێرینەکان بێت، سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتی کشتوکاڵیی لە کوردستان بووە، ئەویش بە دۆزینەوەی پاشماوەکانی ئەو ڕۆژگارە. هەندێ سەرچاوە باس لە گوندی (چەرمۆ)ی نزیک شاری (چەمچەماڵ)ی سەر بە (پارێزگای کەرکوک)دەکەن وەک یەکەم شوێنی کشتوکاڵ کردن. هەروەها هەموو لێکۆڵەرە زانستی و مێژووییەکان ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە، کە مرۆڤ لە سەردەمانێکی یەکجار زۆر کۆنەوە لە کوردستان پەیدابووە و ژیاوە. پاشماوە دێرینەکانی ئەشکەوتی (هەزارمێرد و شانەدەر) لە کوردستانی باشور بەڵگەی ڕاستی و مێژوویین. لە دوای سەرهەڵدانی شارستانیەتە دێرینەکانی سەرزەمینی (میزۆپۆتامیا) و (ئەنادۆڵ) و (ئێران) هەمیشە (کوردستان) وەک بەشێک لە درێژکراوەی ئەم سەرزەمینانە شوێن پێگەی شارستانیەت و ژیانی مرۆڤی سەردەم بووە. هۆکاری سەرەکی بەردەوامی و گەشەی ژیانی مرۆڤایەتی لەم ناوچەیەدا بوونی هۆکارەکانی درێژەدان بە ژیان بووە. وەک دەورانی چوار وەرزی ساڵ و بوونی سەرچاوەی ئاوی سازگار و زۆر، زەوی بەپیت بۆ کشتوکاڵ وەک سەرچاوەی وەدەستهێنانی خۆراکی باش و زۆر، لەوەڕگای باش بۆ ئاژەڵداری. هەموو ئەمانە هۆکاری بنەڕەتین بۆ

مانەوە و درێژەدان بە ژیانی مرۆڤ و گەشەکردنی لە ڕووی بەردەوامی و خستنەوەی وەچەی زیاتر.

- **وڵاتی میزۆپۆتامیا**

(میزۆپۆتامیا) بە زمانی گریکی، واتا سەرزەمینی نێوان هەردوو ڕووباری گەورەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (دیجلە و فوڕات) کە لە سنوری (ئەرمەنستان) و ناوجەرگەی (کوردستان)ی ئەمڕۆ سەرچاوە دەگرن تاکو دەڕژێنە کەنداوی (فارسی–عەرەبی) بۆیە سنوری سەرزەمینی (میزۆپۆتامیا) هەموو ئەو ڕووبەرە جوگرافییە دەگرێتەوە، کەوا لە (باکوری کەنداو)ەوە دەست پێدەکات تاکو دەگاتە زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس). لەولاشەوە لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە تاکو (دیمەشق)ی پایتەختی سوریا. کەواتە (کوردستان) دەکەوێتە ناوجەرگەی سەرزەمینی میزۆپۆتامیا. ئەم سەرزەمینە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتە کۆنەکانەوە بووە ناوەندی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارستانیەتە یەک لە دوای یەکەکان. چەندین نەتەوە و میللەت و ئاینی جیاواز هاتونەتە کایەوە، درێژەیان بە ژیان داوە بۆماوەیەک و پاشان نەتەوە، یاخود دەسەڵاتێکی تر هاتۆتە مەیدان و ئەوی تری لە ناوبردووە.بەشێک لەم شارستانیەتانە دەخەینە ڕوو.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

- **سۆمەرییەکان**

بەپێی سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان بێت، (سۆمەرییەکان) پاشماوەی گەلە هەرە لە پێشینە خاوەن شارستانیەکانی سەرزەمینی میزۆپۆتامیان، مێژووی سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ (٦٠٠٠) شەش هەزار ساڵەی پێش زاین. لە سەروبەندی حیسبیەکان، سۆمەرییەکان شارستانیەتی خۆیان لە نێوان هەردوو ڕووباری (دیجلە) و (فورات) بنیادنا، کە دەکاتە باشوری عێراقی ئەمڕۆ. ڕای زۆر و جیاواز هەیە لەسەر کۆچی سۆمەرییەکان بۆ ئەو وڵاتەی کە بنیادیان نا، هەر سەرچاوەیەک بە شێوەیەک باس لە هاتنی سۆمەرییەکان دەکات بۆ ئەم ناوچەیە، هەندێک دەیانبەنەوە بۆ (هیندستان) و هەندێک بۆ

(عیلام) و هەندێک بۆ (ئەنادۆڵ) و چەندین شوێنی تر. سۆمەرییەکان چەندین شاریان بنیادنا لەوانە (ئور، نەیبور، لارسا، کولاب، کیش و ئەریدۆ و چەندین شاری تر) سۆمەرییەکان شارستانیەتێکی گەورەیان لە باری دەوڵەتداری و باڵەخانە و قەڵا و سیستەمی کشتوکاڵی بنیادنا، هەروەها چەندین پەرستگا و ئاین و بیروڕای جیاواز هەر لەسەردەمی ئەوان سەری هەڵدا. سۆمەرییەکان ڕێنووسی تایبەت بەخۆیان داهێنا بۆ نووسین و خوێندنەوە، ئەویش ڕێنووسی (مسماری بوو) بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵ ئەم جۆرە ڕێنووسە لە هەموو سەرزەمینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردەهات.لە هەمانکاتدا سەرخانی شارستانیەتەکەشیان سەریهەڵدا، لەباری فەرهەنگیەوە چەندین داستانی ئەدەبی و هونەری لەو سەردەمە نووسراوەتەوە، لە هەموویان دیارتر (داستانی گەلگامێشە) وڵاتی سۆمەر لە سەردەمی پاشا (لۆگلامنید ٢٥٢٥ –٢٥٠٠پ.ز) سنوری وڵاتی سۆمەری فراوانکرد لە زنجیرە چیاکانی (تۆرۆس)ەوە تاکو زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) لەولاش لە کەنداوی (فارسی–عەرەبی)ەوە تاکو دەریای سپی ناوەڕاست، ئەوە هەمووی وڵاتی سۆمەر بووە. بێگومان ئەم سنورەش بەشێکی زۆری خاکی (کوردستان)ی ئەمڕۆی گرتۆتە خۆی.

- **ئەکەدییەکان**

(ئەکەدییەکان) بە درێژکراوەی سۆمەرییەکان هەژمار دەکرێن، مێژووی سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی (٢٤پ.ز) لە سەردەمی پاشا (سەرجۆن ٢٣٤٠ –٢٢٤٨پ.ز)ەوە دەست پێدەکات. ناوەکەی بە مانای (شەڕوکین) پاشای ڕاستگۆ، یان شەرعی، یان چەسپاو دێت. ئەم پاشایە پەرەی بە وڵاتەکەی داوە لە ڕووی گەشەپێدانی نووسین و فەرهەنگ و سیستەمی کارگێڕی و سەقامگیری ئاسایش. هەروەها لە سەردەمی ئەو ڕووبەری وڵاتەکەیان زۆر فراوان بووە، ناوەندی دەسەڵاتیان باشوری عێراقی ئەمڕۆ بووە بە تایبەت شاری (ئور) لە سەر کەناری ڕووباری فورات.

- **نارام سین (٢٢٦٠ –٢٢٢٣پ.ز)**

(نارام سین) توانی هەموو ئەو زەوییانە بەدەست بهێنێتەوە، کە لە سەردەمی باپیرە گەورەی (سیرجۆن) وەدەست هاتبوون، بە تایبەت وڵاتی (لۆلۆییەکان) لە ناوچەی زنجیرە چیای (زاگرۆس) بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتەکەی خۆی (٣٧) ساڵ حوکمی کرد و زمانی ئەکەدی کرد بە زمانی فەرمی وڵاتەکەی و چەندین پاشماوەی لە بەرد داتاشراوی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەندێکی ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەرە و زۆر شوێنەواری تریشی لە زنجیرە چیای (قەرەداغ) تاکو ئێستا ماوە .

- **شرگلی شری (٢٢٢٣ –٢١٩٩پ.ز)**

ئەم پاشایە زۆر هەوڵیدا پارێزگاری لە سنوری قەڵەمڕەوی ئیمپڕاتۆریەتە فراوانەکەی باپیرانی خۆی بکات، بە تایبەت ئەوانەی کە لەسەردەمی (سیرجۆن پاشا) و (نارام سین پاشا)دا بەدەست هاتبوون، بەڵام نەیتوانی تا سەر ئەم پارێزگارییە لە خاکەکەی بکات. نەتەوەیەک بە ناوی (گوتییەکان) لە شاخەکانی (زاگرۆس) جودابوونەوە و وڵاتی خۆیان دامەزراند، لە باشوریش پاشماوەی (سۆمەرییەکان) جودابوونەوە لەوڵاش (عیلامییەکان) بەمشێوەیە ئیمپڕاتۆریەتی (ئەکەدی)ش ئەستێرەی بەرەو ئاوابوون ڕۆیشت. بەپێی خوێندنەوەی مێژووی سەردەمی ئەکەدییەکانیش بێت خاکی (کوردستان) لە ناوجەرگەی ئەم وڵاتەدا بووە، بەڵکو زۆرجار (کوردستان) هێزی یەکلاکەرەوە بووە بۆ کێشەکانی ئەو رۆژگارە.

- **ئورییەکان (نەوەی ئوری سێیەم)**

دامەزرێنەری ئیمپڕاتۆریەتی ئوری سێیەم، پاشا (ئور نامۆ ٢١١٢–٢٠٩٦پ.ز) دامەزرا، دوای ئەوەی (گوتییەکان) لە زنجیرە چیای زاگرۆس سەریان هەڵدا و توانیان ئیمپڕاتۆریەتی ئەکەدی بڕوخێنن و زۆربەی شار و ناوچەکانیان داگیر بکەن و شاری (ئارابخا) کەرکوکی ئەمڕۆ بکەن بە پایتەختی خۆیان. بەڵام ئورییەکان، کە بە زیندووکەرەوەی چەرخی نوێی سۆمەرییەکان

دەناسرێن، توانیان گوتییەکان لە بەشی هەرە زۆری سەرزەمینی میزۆپۆتامیا وەدەربنێن و ئیمپراتۆریەتێکی تازە بە ناوی زنجیرەی (ئوری سێیەم) دابمەزرێنن و گەشە بە زمانی (سۆمەری) بدەنەوە لە پاڵ زمانی (ئەکەدی) ئورییەکان ماوەی زیاتر لە (١٠٠) سەد ساڵ حوکمیان کرد، چەندین شار و قەڵای گەورەیان بنیاد نایەوە. لە گەورەترین ئەو شارانەی کە دروستیان کرد شاری (لجش)ە، کە پایەختی ئیمپڕاتۆریەتەکەیان بوو، وڵاتەکەشیان هەر بە ناوی ئەم شارەوە کرا، واتە وڵاتی (لجش) هەروەها هەردوو شاری (جرسو و نینا) یان دروستکرد، ئەوەی دواییان ناوەندی پەرستگاکانیان بوو، واتە خواکانیان لەم شارەدا بوو. سنوری وڵاتەکەیان زۆر فراوانکرد لە باشور تاکو کەنداو و دەریای سور درێژ بوونەوە، لە سەرەوە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسیشیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەم پێیە (کوردستان) لەو سەردەمەدا لایەنی ڕکابەری سەرەکی ئورییەکان بووە، چونکە هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان (گوتییەکان) بە ڕەچەڵەکی باپیرانی کورد دادەنێن و پایەختەکەشیان شاری (کەرکوک) بووە،کە ناوچەرگەی خاکی کوردستان بووە. دوا پاشای نەوەی ئوری سێیەم پاشا (ئەبی سین ٢٠٢٧-٢٠٠٣پ.ز) بوو. ئورییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە هەوڵی زیندووکردنەوەی شارستانیەتی سۆمەرییەکاندا بوون و هەتا ڕادەیەکی زۆریش لە زیندووکردنەوەی شارستانیەتی سۆمەرییەکان سەرکەوتوو بوون و زیندوویان کردەوە.

- **بابلییەکان**

شارستانیەتی بابلییەکان (١٨٩٤-١٥٩٤پ.ز) بە گەورەترین و پێشکەوتووترین شارستانیەتی سەردەمی کۆن لە جیهاندا بە گشتی و سەرزەمینی (میزۆپۆتامیا) بە تایبەت دادەنرێت. ئەم وڵاتە بە زنجیرەی بابلی یەکەم یان دەوڵەتی بابلی کۆن دەناسرێت.ساڵی (١٨٩٤پ.ز) لە دوای کەوتنی ئیمپڕاتۆریەتی زنجیرەی ئوری سێیەم و پاشەکشەی (ئیلامییەکان) لە زۆر ناوچەی عێراقی ئەمڕۆدا دەوڵەتی بابلی دامەزرا. سێ دەوڵەتۆکە مابوونەوە

ئەوانیش (لارسا و ئەیسن و بابل) شەڕو ململانێ بەردەوام بوو لە نێوان هەموو شار و ناوچەکان بۆ ماوەی دوو سەدە، تاکو لە کۆتاییدا شاری (بابل) سەرکەوت بەسەر هەموویاندا، وڵاتێکی پانوپۆڕی فراوان و پێشکەوتووی لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆ و سەرزەمینی میزۆپۆتامیای ئەوکات دامەزراند. دەوڵەتی بابلی بۆ ماوەی سێ سەدە توانی بەردەوام بێت، لەو ماوەیەدا (١١) یازدە پاشا حوکمی وڵاتیان کرد. پاشا (سمۆ ئامۆ ١٨٩٤-١٨٨١پ.ز) بە دامەزرێنەری دەوڵەتی بابلی دادەنرێ. لە هەموو پاشاکان بەناو بانگترینیان (حامورابی) بووە.

- **حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز)**

هەرچەندە ماوەی ژیانی ئەم پاشایە بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە، بەڵام ئەو بەهێزترین پاشای دەوڵەتی بابلییەکان بووە، چونکە ئەو خاوەنی (زنجیرە یاساکانی حامورابی)یە، کەوا بە سەرەتای یاسای نووسراو دادەنرێت. لە سەردەمی حامورابی سنوری دەوڵەتی بابل بە هەرچوارلای خۆیدا فراوان کرا، بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانی ئەمڕۆش کەوتە چوارچێوەی دەوڵەتی بابل. لە سەردەمی حامورابی شارستانیەتی بابل زۆر پێشکەوت، بازرگانی و ئاوەدانی گەشەی زۆری کرد (زمانی ئەکەدی) زاراوەی بابلی بووە زمانی نووسین و خوێندن و فەرهەنگی ئەو سەردەمە. دەوڵەتی بابل بەردەوام بوو، تاکو لەسەر دەستی (حیسیەکان) لە ساڵی (١٥٩٤پ.ز) ڕووخێنرا و کۆتایی پێ هاتووە. زۆربەی شار و دێهاتە ئاوەدانەکانی تاڵان کراوە و تێک دراوە (حوسییەکان یان حیسیەکان) لە ناوچەی ئەنادۆڵەوە هێرشیان هێناوە تاکو پایتەختی بابلییەکانیان گرتووە، کە لەسەردەمی دوا پاشای بابلییەکان پاشا (سمسۆ دیتانا ١٦٢٤-١٥٩٤پ.ز) بووە. ئەوکاتە بەشی هەرە زۆری سنوری کوردستان لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی بابلدا بووە.

- **کاشیون**

(کاشیون یان کیشون) یاخود (کاشییەکان ١٦٨٠-١١٥٧پ.ز) ئەمان بەپێی سەرچاوە مێژووییە کۆنەکان بێت، چەند گروپ و تیرە و هۆزێک بوون لە ناوچەی (لوڕستان)ی ئەمڕۆ خەریکی ئاژەڵداری و ڕەوەندایەتی بوونە. بەردەوام بە ئاراستەی خاکی بابلییەکان هاتوونەتە پێش و زۆر کات وەک بەشێک لە دانیشتوانی دەوڵەتی بابل هەژمارکراون. بۆ یەکەمجار ناوی (کاشیون) لە سەردەمی پاشا (سەمسوا ئایلۆنا ١٧٤٩-١٧١٢پ.ز) هاتووە. کاشییەکان زمانیان لە خێزانی زمانە (هیند و ئەوروپاییەکان) بووە، پێچەوانەی نەتەوەکانی پێش خۆیان کەوا زۆربەیان زمانیان لە خێزانی زمانە (سامییەکان) بووە. هێرش و پەلاماری (کاشیەکان) بەردەوام بوو لەسەر دەوڵەتی بابل تاکو دواجار توانیان ناوەڕاست و باشوری ئێستای عێراق داگیر بکەن و پاشماوەی دەوڵەتی بابلییەکان کۆتایی پێ بهێنن و حوسییەکانیش وەدەربنێن. کاشییەکان دەوڵەتی خۆیان دامەزراند، زمانی (ئەکەدی بابلی) یان بەکاردەهێنا، لە پاڵ ئەم زمانەدا (سۆمەری و کیشی) شیان بەکاردەهێنا. سنوری قەڵەمڕەوییان تەواوی ناوچەی کەنداو و ڕۆژئاوای میزۆپۆتامیاشی گرتبۆوە. لە سەردەمی (کیشییەکان) کاری دیبلۆماسی و پەیوەندی هاوبەش لەگەڵ (میسریەکان) پەرەی سەند و دیارییان بۆ یەکتر دەنارد، بە تایبەت ناردنی کەنیزەکی جوان بۆ پاشاکانی یەکتر. دوا پاشای کیشییەکان پاشا (ئانلیل نادۆ ئەخی) بوو. لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگاردا دەوڵەتی کیشییەکان زۆر لاواز بوو، تاکو ساڵی (١١٥٧پ.ز) سەرکردەی ناوداری ئیلامییەکان (شۆترۆک ناختنتی) پەلاماری خاکی بابلیدا و توانی تەواوی باژێڕ و دێهاتی بگرێتە دەست خۆی و کۆتایی بە دەوڵەتی کیشییەکان بهێنێ لە سەرزەمینی میزۆپۆتامیادا. دەتوانین بڵێین کیشییەکان خەڵکی سەرزەمینی کوردستان بوون، چونکە لە لوڕستانەوە سەریان هەڵدا و حوکمی زۆرینەی خاکی کوردستانی ئەمڕۆیان بەدەستەوە بووە.

- **حۆرییەکان (هۆرییەکان)**

(حۆری) یان (هۆری) یاخود (خۆری) ناوی ئەو گروپ و دەستە مرۆڤانەیە، کە (٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵ پێش زاین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و لە دەوروبەری گۆلی وان دەژیان (حۆرییەکان) بە نەتەوەی (هیندو ئەوروپییەکان) هەژمار کراون، بەڵام هەندێ سەرچاوە دەڵێن زمانیان جودا بوو لە زمانی سامی و هیند و ئەوروپییەکان، زمانەکەیان زیاتر سەر بە زمانی (ئۆگارتی) بووە، واتە زمانی نەتەوەکانی (قەفقازیا) لە چەرخی شازدەهەم و پازدەهەمی پێش زاین (دەوڵەتی میتانی) یان لە باکوری سوریای ئەمڕۆ و ناوچەی جەزیرە دامەزراند، کە ناوجەرگەی خاکی کوردستانی سوریا و تورکیای ئەمڕۆ دەگرێتەوە. میتانییەکان توانیان پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ وڵاتی میسر دابمەزرێنن و ژن و ژنخوازی لە نێوان پاشاکانی هەردوولادا بهێننە کایەوە. حۆرییەکان لەسەدەی پازدەهەمی پێش زاین دەستیان بە زنجیرەیەک پەلامار کرد بۆ داگیرکردنی کەوانەی بەپیت[٢١]. توانیان ئەم ناوچانە بە تەواوی بخەنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی خۆیان، کە (دەوڵەتی میتانی) بوو. حۆرییەکان لە کۆتاییدا لەگەڵ نەتەوە و زمانەکانی ناوچەکە تێکەڵ بوون. دەوڵەتی میتانی دوای لاواز بوونی لە سەر دەستی (ئاشورییەکان) کۆتایی پێهات و لەناوچوو. دەبێ ئەو ڕاستییە باس بکەین کەوا حۆرییەکان لەسەر خاکی کوردستانی ئەمڕۆ سەریان هەڵدا و گەشەیان کرد، بۆیە زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان ڕەگەزی کورد لە هەندێ شوێن بۆ سەر حۆری یان خۆری یاخود هۆرییەکان دەبەنەوە و بە باپیرە گەورەی کوردیان دادەنێن. کەواتە دەوڵەتی میتانی لەسەر خاکی کوردستان دامەزرا و لەوێ گەشەی کرد بۆ خوارتر.

---

[٢١] – کەوانەی بەپیت– الهلال الخصیب– لە شێوەی کەوانەیەک لە سەروی کەنداوی عەرەبی– فارسییەوە دەست پێدەکات زۆرینەی خاکی کوردستان وعێراق و سوریا دەگرێتەوە تاکو فەڵەستین و سەروی دەریای سور درێژدەبێتەوە.

- **ئاشورییەکان**

(ئاشور یان ئاشورییەکان) لە نەتەوە دێرینەکانی سەرزەمینی میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە خێزانی میللەتە سامییەکانن. لە (٢٠٠٠) دوو هەزار ساڵی پێش زاین دەرکەوتوون و یەکەم دەوڵەتی ئاشوری لە باکوری میزۆپۆتامیا لە شاری ئاشور دامەزرا و پاشان هەڵکشا بۆ شارەکانی (نەینەوا و نەمرود و خورەسباد) یەکەم پاشای دیاری ئاشورییەکان پاشا (شەمشی بووە، کە لە ساڵی (١٨١٣پ.ز) حوکمی شاری ئاشوری کردووە. پاشای بابلییەکان (حامورابی) لە ساڵی (١٧٦٠پ.ز) توانی وڵاتی ئاشورییەکان داگیر بکات و درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. لە ساڵی (١٢٧٣پ.ز) سەرکردەی ئاشورییەکان (شەلمەنسر) توانی بەسەر دەوڵەتی میتانییەکان لە بابل سەرکەوێت و دووبارە دەوڵەتی ئاشورییەکان بنیاد بنێتەوە لە بابل. ساڵی (١٠٠٠پ.ز) ئارامییەکان توانیان وڵاتی ئاشورییەکان لە بابل تێک بشکێنن و داگیری بکەن. بەلام ئاشورییەکان توانیان لە ساڵی (٧٧٤پ.ز) دەست بەسەر (فینیقیا) دا بگرن و لە ساڵی (٧٤٠پ.ز) شاری سور داگیر بکەن و لە ساڵی (٧٢١پ.ز) سامیری داگیر بکەن، هەروەها لە ساڵی (٧٠١پ.ز) ئاشورییەکان لە هێرشەکانیاندا توانیان پاشا (سیرجۆنی دووەم)ی جولەکەکان بە دیل بگرن لە شاری ئورشەلیم و سنوری وڵاتەکەیان فراوانکرد، تاکو هەموو کەنارەکانی شام و فەڵەستین و ئیسرائیلی ئەمڕۆ و تاکو گەیشتنە وڵاتی میسڕ بخەنە ژێر قەلەمڕەوی خۆیان ئاشورییەکان لە ساڵی (٦٨٦پ.ز) شاری بابلیان وێران کرد و بەسەر یەکیاندا ڕووخاند. لەو ماوە زەمەنییەدا ئیمپڕاتۆریەتی ئاشورییەکان لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، سنوری ئیمپراتۆریەتەکەیان خاکی هەموو کەوانەی بەپیت (الهلال الخصیب) و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەگرتەوە، خاکی کوردستانی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئاشورییدا بوو. دوو چەردە لە دەسەڵاتی ئاشورییەکان هەیە، چەردەی کۆن کەوا لە دوو هەزارەی بەر لە زاین دەست پێدەکات تەنها ناوچەکانی (نەینەوا) و (نەمرود) و (ئاشور)ی گرتۆتەوە. چەردەی دووەم کەوا لەدوای هەزارەی یەکەم دەست پێدەکات زۆرترین ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و تورکیا و ئێران و

میسر و سوریای گرتۆتەوە. لە پاشا دیارەکانی چەردەی دووەم (ئاشورپانیپال و سەنحاریب) بوونە. ئاشورییەکان چەندین شار و ئاوەدانی گەورەیان بنیادنا، خاوەن شارستانیەتێکی دیاری کارگێڕی و سوپایەکی دامەزراوی پڕ چەک بوون. زمان و فەرهەنگی ئاشورییەکان گەشەی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەو سەردەمانەدا، تاکو دواجار پاشای تازەی بابلییەکان (نەبویو لاسر ٦٢٥-٦٠٦پ.ز) ساڵی (٦١٢پ.ز) بە هاوکاری میدیەکان توانی ئیمپڕاتۆریەتی نوێی بابلی دابمەزرێنێ، چونکە لەو ساڵەدا شاری نەینەوای داگیرکرد، کە پایتەختی بە ناوبانگی ئاشورییەکان بوو، دوا پاشایان (سین شار ئۆشکین) بوو (میدیاکان) بە باپیرە گەورەی (کورد) دادەنرێن، چونکە لە چیاکانی زاگرۆسەوە هاتونەتە خوارەوە.

ئیمپڕاتۆریەتی کلدانی بابلی

(ئیمپڕاتۆریەتی کلدانی بابلی) بە دەوڵەتی دووەمی بابلییەکان دادەنرێت لەلایەن پاشا (نیوبولاسەری کڵدانی ئارامی ٦٢٦-٥٦٢پ.ز) لە ئاشورییەکان جودابۆوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و پەلاماری شاری (ئۆرکا)یدا و دەستی بەسەردا گرت. دواتر هەموو وڵاتی بابلی لەدەست ئاشورییەکان ڕزگار کرد بە هاوکاری (میدیاکان) لە باکوری سەرزەمینی میزۆپۆتامیا، تاکو بە یەکجاری کۆتایی بە ئیمپڕاتۆریەتی ئاشورییەکان هێنرا (نەبوخوز نەسر ٦٠٦-٥٦٢پ.ز) کە کوڕە گەورەی پاشا (نیوبولاسەر)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی بابلی کلدانی بوو، بووە یەکێ لە دەسەڵاتدارە هەرە بەهێز و بە ناوبانگەکانی سەردەمی خۆی، ئەم پاشایە توانی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا سنوری وڵاتەکەی فراوان بکات بە شێوەیەک تەواوی ناوچەی کەوانەی بەپیت (الهلال الخصیب) بخاتە چوارچێوەی ئیمپڕاتۆریەتەکەی خۆیەوە، هەروەها لە ساڵی (٥٩٧پ.ز) پەلاماری شاری (ئورشەلیم)ی دا و زۆربەی پەرستگاکانی ئاینی یەهودی ڕوخاند و دامودەزگای وڵاتەکەیانی هەڵوەشاندەوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە جولەکەکان ڕاگواست بۆ بابل و ناوچەکانی تری میزۆپۆتامیا. ئیمپڕاتۆریەتی (بابلی نوێ)ی بنیادنا، هەروەها شارستانیەتێکی گەورەی بنیادنا

لە سەرزەمینی میزۆپۆتامیا و گەشەی گەورەی بە هەموو بوارەکانی فەرهەنگ و بیناسازی و کارگێڕی و سوپا دا. لەو سەردەمەدا بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانی ئەمڕۆ کەوتبووە چوارچێوەی وڵاتی بابلی نوێ، چونکە میدیاکانیش هاوشانی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە حوکمیان دەکرد لە ناوچەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسدا.دەوڵەتی بابلی کلدانی ساڵی (٥٣٧پ.ز) لە سەردەستی (کۆرش)ی پاشای ساسانییەکان کۆتایی پێهات و بابل و میزۆپۆتامیا بوونە بەشێک لە سەرزەمینی دەوڵەت و شارستانیەتی ئێران.

بنەچە و ڕەچەڵەک و سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد

بنەچە یان ڕەگەزی نەتەوەی (کورد) هەروەک لە پێشەوە باسی شارستانیەت و میللەتانی سەرزەمینی میزۆپۆتامیامان کرد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم نەتەوە و هۆز و گروپە مرۆییانەی ناوچەکە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە ئێرانەوە هاتوون و لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون، یاخود ئەوانەی لە ئەنادۆڵ و زنجیرە چیاکانی تۆرۆسەوە نیشتەجێ بوونە. زۆر لە مێژوونووسان بە تایبەت کوردەکان بنەچە و ڕەگەزی کورد دەبەنەوە سەر (سۆمەری و میتانی و کاشی و ئەکەدی) بەڵام هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی لەبەردەستدا نییە، کەوا ئەم نەتەوە و گروپە مرۆییانە باپیرە گەورەی کوردان بن. ئەو سەرزەمینەی کەوا ئەمڕۆ ناوی کوردستانە و نیشتمانی کوردە هەمیشە بەشێکی یان هەمووی بەشێک بووە لە خاکی ئەو دەوڵەت و ئیمپڕاتۆریەتانەی کە لەپێشەوە خراونەتە ڕوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شارەزایان و مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا کوردەکان ڕەگەز و بنەچەی پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە سەر نەتەوە (هیند و ئەوروپییەکان) و بەتایبەت ڕەگەزی (ئارییایی) هەروەها بەشێک بوونە لە نەتەوەکانی زاگرۆس و تۆرۆس و سەرزەمینی ئێران (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) کە لە مێژوونووسە دیار و لە پێشینەکانی کوردە، ڕای وایە (هۆز و نەتەوەکانی وەک لۆلۆ و گوتی و کاسای و سوباری و خالیدی و میتانی و هۆری و نایری) ئەمانە نەتەوە نیشتەجێیەکانی زاگرۆسن و لە بنەچە کۆنەکانی

نەتەوەی کوردن، هەریەکەیان لە سەردەمانێک دەسەڵاتی بەسەر بەشێک، یاخود زیاتری ئەو خاکەدا هەبووە، کەوا ئەمڕۆ بووە بە نیشتمانی کوردەکان. هەروەها نووسەر لە ڕای دووەمیدا (میدیاکان) و (کاردۆخییەکان) بەو نەتەوە ئێرانییانە دەزانێ کەوا کۆچیان کردووە بۆ چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و لەگەڵ پاشماوەی گروپە مرۆییەکانی یەکەمدا تێکەڵاویان بووە و بوونەتە ئەسڵ و ڕەگەز و بنەچەی پێکهاتنی نەتەوەی کورد لەم وڵاتەی ئێستادا.

بە دەیان شارەزا و نووسەر لە نووسینەکانیاندا باسیان لە بنەچە و ڕەگەزی کورد کردووە بە ڕای جیاواز و هاوبەشەوە. بابەتەکەی ئێمە زیاتر پەیوەندی بە سنوری جوگرافییەوە هەیە، بۆیە لێرەدا کورتە باسێک سەبارەت بە هەموو ئەو دەوڵەت و ئیمپڕاتۆریەتانە دەکەین، کەوا لە سەر خاکی کوردستان زەمەنێک ژیاون و لە ئێستادا بەشێک لە پاشماوەکانیان ماوە، بەڵام وەک زمان و نەتەوە نەماون.

١- لۆلۆ

(لۆلۆ یان لۆلۆیۆم) لە چەرخە کۆنەکانی پێش زاین لە ناوچەکانی (زەهاو و شارەزوور و قەرەداغ) ژیاون و تێکەڵی نەتەوەکانی تری ناوچەکە بوون، بە تایبەت (گوتی) و (ئاشورییەکان) بەپێی ئەو نووسینە مسمارییانەی لە سەردەمی پاشای ئەکەدییەکان (نارام سین) دۆزراوەتەوە، مێژووی لۆلۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ (٣٥٠٠پ.ز) هەروەها بەپێی ئەو بەڵگانەی کە (مێجەر ئەدمۆنز)ی ئینگلیز لە (دەربەندی گاور) دۆزیویەتەوە، مێژووی لۆلۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ (٢٨٠٠پ.ز) کەوا لە ڕۆژئاوای ئێران ژیاون و خاوەن شارستانیەتی تایبەت بەخۆیان بوونە. لە سەرچاوە ئاشورییەکان ناوی لۆلۆییەکان هاتووە و تێکەڵاوی زۆریان لەگەڵ ئاشورییەکاندا هەبووە.

٢- گوتی

(گوتییەکان) لە نەتەوە دێرینەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەوروبەری (گۆلی ورمێ)ن، لە چەرخی (٢٥پ.ز) سەریان هەڵداوە و ناوچەیەکی

بەرفراوانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، توانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەدا پاشاکانی ئەکەدی بشکێنن و لە کۆتاییدا وڵاتەکەیان داگیر بکەن و وڵاتێکی تازە لە کوردستانی ئەمڕۆ و بابل دابمەزرێنن، شاری (ئارابخا) کەرکوکی ئەمڕۆ بکەن بە ناوەندی دەسەڵاتداری خۆیان. بەپێی سەرچاوەکان سنوری وڵاتی گوتییەکان لە بەرزاییەکانی (ئەرمەنستان)ەوە تاکو (تور عابدین) درێژ دەبۆوە. گوتییەکان نەتەوەیەکی زۆر ئازا بوونە، هەمیشە ئیمپڕاتۆریەتەکانی بابلی و ئاشوری بەدەستیانەوە دووچاری گرفت بوونە، شارەزایانی زمان پێیان وایە (گوتی- کوتی-کوهی، بووە بە دەربڕی وشەی کورد) کە ئێستا بە ناوی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ کە کوردە.

٣-کاسای

نەتەوەی (کاسای یان کاشۆی ئاکاد) لە نەتەوە و هۆزەکانی زاگرۆس بوونە و هەر لەوێوە سەریان هەڵداوە و کشاون بەرەو خوار بۆ بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و وڵاتی بابل. لە هەندێ کاتدا بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان وڵاتی بابلیشیان خستۆتە ژێر دەستی خۆیان (کاساییەکان) لە سەدەی (١٩پ.ز) ژیاون و زمان و ئەدەبی تایبەت بە خۆیان هەبووە، لەهەمان کاتدا ئاینداری تایبەت بە خۆیان بوونە و پەرستگای تایبەت بەخۆیان هەبووە. دوای شکانیان لە دەشتەکانی وڵاتی بابل پاشماوەی (کاسییەکان) گەڕاونەتەوە چیاکانی زاگرۆس و لەناو ئەو نەتەوانە تواونەتەوە کەوا دوای ئەوان هاتوون و ئێستا نەتەوەی کورد بەشێکە لە پاشماوەی ئەوانیش لە کوردستاندا (کاشۆ) وڵاتەکەیان لەسەر خاکی کوردستان بووە.

٤- میتانی

(میتانییەکان) بە بەشێک لە نەتەوەی (کاسای) هەژمار دەکرێن، بەڵام شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەوان ناوچەی (نەینەوا) و دەوروبەری (ڕووباری فورات) دەگرێتەوە تاکو زۆربەی ناوچەکانی (شام و فەڵەستین)ی لە ژێردەسەت بووە. شوێنی ڕاستەقینەی وڵاتەکەیان باکوری کەوانەی بەپیت (الهلال

الخصيب) بووە. ماوەی فراوان بوون و گەشەی دەسەڵاتی میتانییەکان لە سەدەی (١٥پ.ز) بووە. زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان میتانی و هۆری بە یەک نەتەوە دەزانن. میتانییەکان شارستانیەتێکی پێشکەوتویان بنیادنا، هەر لە چۆنییەتی دروستکردنی خانوو و قەڵا و حەمام و خوێندنگاوە بیگرە، تاکو چەندین بنیادنانی تری شارستانی تر، ئەوە جگە لە گەشەکردنی فەرهەنگ و هونەر لە وڵاتەکەیاندا. کچی پاشای میتانی، کەوا لە مێژوودا بە (نیفەرتیتی) ناسراوە شوی بە پاشای فیرعەونەکانی میسرِ (ئەخناتون) کردووە، ئەمەش نیشانەی بوونی پەیوەندییەکی بەهێزی میتانییەکان و فیرعەونەکانی میسرِ بووە. زمانی میتانییەکان لە خێزانی زمانە (هیند و ئەوروپییەکان) بووە. دەوڵەتی میتانییەکان لە سەدەی (١٣پ.ز) لەسەر دەستی سوپای ئاشورییەکان کۆتایی پێ هاتووە. زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان میتانییەکان بە بەشێک لە باپیرە گەورەی کورد دادەنێن، بە تایبەت کوردانی ناوچەی نەینەوا و ئەنادۆڵ و چۆمی فورات. بەپێی نەخشەکانی کۆن بێت سنوری دەوڵەتی میتانی ناوجەرگەی کوردستانی ئەمرۆ بووە.

٥- سۆباری

(سۆباری) لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا زیاتر ناوچەیەکی جوگرافی بووە وەک لەوەی ناوی نەتەوەیەک بووبێ. لە سەدەی (١١پ.ز) سۆبارییەکان توانیان هەرێمێکی فراوان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بێت لە دەوروبەری چۆمی (فورات) و (ڕۆژئاوای دیجلە) جێگیر بوونە، واتە باکوری (کەوانەی بەپیت) شوێن پێگەی بەهێزیان بووە. هەروەها هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن شارۆچکەی (تەل حەلەف) لە ناوچەی پارێزگای حەسەکەی سوریا و کوردستانی ڕۆژئاوا پایتەختی وڵاتەکەیان بووە، سۆبارییەکان لە کۆمەڵە هۆز و تیرەیەک پێکهاتبوون، کەوا هەندێ سەرچاوە بە باپیرە گەورەی کوردیان دادەنێن. دەوڵەتی سۆبارییەکان لە سەر دەستی ئاشورییەکان کۆتایی پێهاتووە.

٦- نایری (نەیری -نەهری)

(نایری) لە پاشماوەی هەردوو گەلی (گوتی) و (سۆباری) و چەند هۆزێکی تر پێکهاتوون لە سەدەی (١٠پ.ز) لە ناوچەی گۆلی (وان) دەوڵەتی ئۆراراتیۆنیان دامەزراند و گەشەیان کرد بەرەو خوار ڕۆیشتن. لە ئێستاشدا گوندی (نەیری) یان (نەهری) بە پاشماوەی ناوی نایری دادەنرێ. نایرییەکان نەتەوەیەکی زۆر ئازا و شەڕکەر بوونە، بوونەتە بەربەست و نەیارێکی سەرسەختی ئاشورییەکان لە سەردەمی خۆی دا. بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو، سوپای نایری چەند جارێک پەلاماری وڵاتی گەورەی ئاشورییەکانی داوە و تاکو نیوەی هاتووە و خستویەتییە ژێر دەسەڵاتی خۆی (نایرییەکان) بە باپیرەی (کاردۆخییەکان) دادەنرێن، کەوا نزیکترین ناوە، یاخود نەتەوەیە بۆ گەلی کوردی ئەمڕۆ. وڵاتی نایری هەمیشە ناوجەرگەی کوردستانی ئەمڕۆ بووە، گەشەیەکی زۆریان بە ئاوەدانی داوە، ئێستاش پاشماوەی قەڵا و پرد و تەلارەکانیان بە تایبەت لە باکوری کوردستاندا ماوە. نایرییەکان بۆ ماوەی چەند سەد ساڵێک درێژەیان بە ژیانی خۆیان دا. وەک باس دەکرێ ئاشورییەکان شەڕی (٢٣) بیست و سێ پاشای نایرییەکانیان کردووە، ئەمەش نیشانەی تەمەن درێژی ئەم دەوڵەت و نەتەوەیە.

٧- میدیا (مەد-میدیا)

(مەد یان میدیا) بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە سەدەی (١٥پ.ز) لەسەر ڕووباری (ڤۆلگا)وە هاتوونەتە دەوروبەری (دەریای خەزەر) و لەوێشەوە بۆ دەوروبەری (گۆلی ورمێ) و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کۆچیان کردووە و نیشتەجێ بوونە. دیارترین جوڵەی میدیاکان ئەوە بوو لە ساڵی (٦١٢پ.ز) بە هاوکاری دەوڵەتی (بابلی کلدانی) کەوتنە پەلاماردانی دەوڵەتی ئاشوری و توانیان وڵاتی ئاشورییان بە تەواوی لەبەریەک هەڵبوەشێننەوە و پایەتەختەکەیان کە شاری (نەینەوا) بوو داگیربکەن. دەوڵەتی ئاشوری بە یەکێک لە ئیمپڕاتۆریەتە کۆن و بە تەمەنەکانی سەرزەمینی میزۆپۆتامیا و (کەوانەی بەپیت) هەژمار دەکرێت. میدیاکان توانیان ئیمپڕاتۆریەتێکی بەهێز لە

سەر خاکی کوردستانی ئەمڕۆ بنیاد بنێن، بۆ ماوەی زیاتر لە (٥٠) پەنجا ساڵ دەسەڵاتیان بەردەوام بێت. هەر لە سەردەمی میدیاکانیش (ئاینی زەردەشتی) کە ئاینێکی یەکتاپەرستییە سەریهەڵدا لەسەر دەستی (زەردەشت پێغەمبەر) ئەم ئاینە لە پاشاندا بۆ ماوەی چەندین سەدە بووە ئاینی بەشی هەرە زۆری خەڵکی سەرزەمینی ئێران، هەتاکو ئێستا زۆرترین شارەزا و مێژوونوس لەسەر ئەوە کۆکن، کەوا میدیاکان باپیرە گەورەی کوردن، واتە کورد لە نەوەی میدیایە. دەوڵەتی میدیاکان لەسەر دەستی (کۆرش)ی پاشای گەورەی پارسەکان ڕوخێنرا، پاشان دەوڵەتی (ئەخمینی میدیا)ی دامەزراند و لە ساڵی (٥٢٩پ.ز) کۆتایی پێهات. پاشماوەی ئاتەشگا و شوێنەواری میدیاکان لە کوردستاندا زۆر ماوە. کتێبی (ئاڤێستا) کە تێکستی ئاینی زەردەشتییە بە زمانی میدیایە و لە زمانی کوردی شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) ئەمڕۆ نزیکە، کەواتە کوردستانی ئەمڕۆ وڵاتی میدیاکان بووە.

٨- کاردۆخییەکان

(کاردۆخییەکان) بەپێی هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان بێت لە پاشماوەی (نەیریەکان) یاخود لە پاشماوەی (گوتییەکان)ن، کە کۆتایی پێهێنەری دەوڵەتی سۆمەری بوون. کاردۆخییش هەر لە وشەی گوتی سەرچاوەی گرتوە، بەپێی سەردەم وشەکە سواوە و بووە بە (کاردۆخ یان کاردۆخی) لە سەدەی چوارەمی پێش زاین کاردۆخییەکان لە باکوری کوردستان و لە دەوروبەری شاری دیاربەکر دەسەڵاتیان پێک هێناوە و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەیان بە دەسەڵاتی خۆیان داوە. (زەینۆفۆن) نووسەری (دەهەزار سوارەی یۆنانی) لە گەڕانەوەیدا لە بابلەوە بۆ یۆنان بە مەملەکەتی کاردۆخییەکاندا گەڕاوەتەوە و باس لە ئازایەتی و شێوەی ژیانیان دەکات. بەپێی گێڕانەوەکەی ئەو وڵاتی کاردۆخییەکان لە ناوچەی پارێزگای (دهۆک)ی ئەمڕۆوە دەست پێدەکات تاکو ناوچەی (ترابزۆن) لە نزیک دەریای ڕەش(محمەدئەمین زەکی بەگ) پێی وایە (کاردۆخییەکان لە نەتەوە هیند و ئەوروپییەکان بوونە و تێکەڵی ئەو گروپە دانیشتوانە بوونە کە پاشان نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە. بە هەموو پێوەرێک

کاردۆخییەکان بەشێکن لە باپیرە گەورەی کورد، چونکە ناوەکەیان نزیکترین ناوە لە ناو و ناسنامەی نەتەوەی کورد، هەروەها وڵاتەکەشیان لە ناوجەرگەی خاکی کوردستاندا بووە).

٩- ئیلامییەکان

(ئیلامییەکان) کۆنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا بوونە، لە ئێران و ڕۆژئاوای ئێران ژیاون. ئیلامییەکان لە چەندین هۆز و تیرە پێکهاتوون و (گوتییەکان) بە بەشێک لە ئیلامییەکان دادەنرێن. ئەوان کۆنترین شارستانیەتی ناوچەکەیان بنیادناوە بەر لە (٥٠٠٠پ.ز) پێنج هەزار ساڵەی پێش زاین، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرچاوەی ژیانی ئەوان بووە. هەمیشە ئەو نەتەوە و هۆزانەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا لە ئیلامەوە بە زۆری سەرچاوەیان گرتووە، چونکە ئەوانیش بە بەشێک لە دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دادەنرێن. شوێن پاشماوەی وڵاتی ئیلامییەکان ئەمڕۆ زۆرینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) پێکدەهێنن. شارێکی گەورەش لەوێ بە ناوی (ئیلام)ەوە ماوە. هەروەها شاری (شوش) پایتەختی دەوڵەتی ئیلامییەکان بووە، کە سیستەمێکی فیدراڵییان بۆ ناوچەکان پەیڕەو کردووە. لە ئێستادا زۆر لە پاشماوەی ئیلامییەکان لە شارەکانی (کوت و عیمارە)ی عێراق ماوە. ئیلامییەکان خاوەن ئاینی تایبەت بە خۆیان بوونە، بۆیە پەرستگای زۆریان بنیاد ناوە، بە تایبەت پەرستگای خواوەندەکانی خۆیان لە شاری (شوش) هەروەها خاوەن ڕێنووسی تایبەت بە خۆیان بوونە و بۆ ماوەی سەدان ساڵ (ڕێنوسی ئیلامی) بەردەوامی هەبووە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئیلامییەکان بەشێک بوونە لە پێشینانی نەتەوەی کورد.

نەتەوەی کورد و فارس لە سەرزەمینی ئێراندا

کورد و فارس لە زۆر وێستگەی مێژوودا بە یەک نەتەوە یاخود میللەتی سەر زەمینی فارس، یان ئێران هەژمار دەکرێن، ئەم بۆچوونە هەتاکو ئێستا گفتوگۆی زۆری لەبارەوە دەکرێ. لە هەموو دۆخێکدا ئەو ڕاستییە دەبینرێ، کەوا کورد بەشێک بووە لە خەڵکی سەرزەمینی ئێرانی، چونکە تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، بەشێک لەو خاکەی کەوا پێی دەگوترێ کوردستان و بەشێک لە میللەتی کورد، لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا دەژین. هەروەها لە سەردەمی هەموو ئیمپڕاتۆریەتە گەورەکانی ئێراندا، هەمیشە کوردستان بەشێکی دانەبڕاوی ئەم خاکە بووە، یان بەشێکی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا بووە. هەروەها نزیکیی زمان و فەرهەنگیش وایکردووە، کەوا ئەم دوو نەتەوەیە لە سەرچاوەوە بە یەک نەتەوە دابنێن، یاخود بە دوو لقی یەک درەختیان لە قەڵەم بدەن. لێرەدا کورتە باسێک لەسەر ئیمپڕاتۆریەتە گەورەکانی ئێران دەخەینە ڕوو.

١- ئیمپڕاتۆریەتی فارسی

دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی (میدیا) و (بابلییە کلدانییەکان) لەلایەن (کۆڕش)ی گەورەی هەخامنیشی، دەوڵەتێکی گەورە و فراوان لە سەرزەمینی ئێران و پاکستان و ئەفغانستانی ئەمڕۆوە بیگرە تاکو میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ و شام و میسڕ و مەکدۆنیا و چەندین ناوچەی تری ڕۆژهەڵاتی دامەزراند. ئەم دەوڵەتە فراوانە لە ساڵی (٥٥٩پ.ز) بە ناوی دەوڵەتی (ئەخمینی و میدیا) ڕاگەیێنرا. زۆر لە سەرچاوەکان پێیان وایە، ئەم دەوڵەتە هاوبەشی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و فارس بووە. دەوڵەتی فارسی درێژەی بە ژیانی خۆیدا، سیستەمی وڵات لە سەر بنەمایەکی قوچەکی ڕێکخرا بوو، واتە شاهەنشای فارس خاوەنی هەموو دەسەڵات و بڕیارێک بوو. لەوکاتەدا ئاینی یەکتاپەرستی ئێرانی واتە (زەردەشتی) بوو، زەردەشتی بووە ئاینی دەوڵەت و خەڵک لە چواردەوری ئاتەشگاکانی ئەم ئاینە کۆبووبوونەوە و شانازیان بە دەوڵەتی (هەخامەنیشی) دەکرد. ئیمپڕاتۆریەتی فارسی لەو سەردەمەدا

گەورەترین وڵاتی سەر ڕووی زەمین بووە لە هێز و توانا و ڕووبەری خاکەوە، هەروەها وڵاتێکی بەهێزی ئابووری بووە، چونکە کاتێ (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لە ساڵی (٣٣٠پ.ز) پەلاماری دەوڵەتی هەخامەنیشی دا و ڕووخاندی، سەری سوڕما لە دەوڵەمەندی ئەم وڵاتەدا، کەوا بە تەنها لە شاری (شوش) پایتەختی زستانەی (داریوشی فارسی) زیاتر لە (٦٠٠) شەش سەد تورەگە ئاڵتونی ناردەوە بۆ مەکدۆنیا. کورد ئەوکات وەک نەتەوە، کە هێشتا ناوی کوردی هەڵنەگرتبوو بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە بووە، هەروەها سەرتاپای خاکی کوردستانی ئەمڕۆ ناوجەرگەی دەوڵەتی فارسی بووە.

٢- ئیمپڕاتۆریەتی سلوقی

ئەم ئیمپڕاتۆریەتە دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادەی (سلۆقسی یەکەمی نیکاتۆر) کە یەکێک بوو لە فەرماندە دیارەکانی سوپای (ئەسکەندەری مەکدۆنی) پایتەختەکەی (سلۆقیە)ی سەر ڕووباری دیجلە بووە. زۆرینەی ئەو خاکەی کە پێشتر هی ئیمپڕاتۆریەتی فارسی بوو، ئەسکەندەری مەکدۆنی داگیری کردبوو کەوتە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە تازەیەوە. دەوڵەتەکە ساڵی (٣٠٥پ.ز) دامەزرا تاکو لە ساڵی (٢٤٠پ.ز) کۆتایی بە بەشێکی گەورەی هات، تەنها بەشێک هەر بەم ناوە مایەوە لە شاری (ئەنتاکیا) و دەوروبەری ئەویش لە ساڵی (٦٤پ.ز) کۆتایی پێهات. لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی سلۆقی خاکی کوردستان بە تەواوی کەوتبووە ناو چوارچێوەی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە.

٣- ئیمپڕاتۆریەتی ئەشکانی

ئەم دەوڵەتە بە زنجیرەی فەرمانڕەوایی سەرزەمینی ئێرانی هەژمار دەکرێ، بە ناوەکانی (ئەشکانی و ئەرشەکی و پارتی و پارسی و پەهلەوی) ناسراوە. لە ساڵی (٢٤٩پ.ز) لە سەر دەستی پاشا (ئەرشک) گەشەی کرد لە دژایەتیکردنی هەردوو دەوڵەتی سلۆقی و ڕۆمانی، لە پاشاندا هەردوو پاشای بەهێز (کەیقوباد و کەیکاوس) توانیان سنوری ئیمپڕاتۆریەتەکەیان فراوان

بکەن لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستاوە تاکو ئەنادۆڵ و سەر کەنارەکانی دەریای سپی. زۆر لە مێژوونووسە کوردەکان کەیقوباد و کەیکاوس بە کورد دەدەنە قەڵەم و زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی خوارووی ئەمڕۆ بە نزیکترین زمان دەزانن لە زمانی پەهلەوی. ئەشکانییەکان لەو ماوە کەمەی تەمەنی دەسەڵاتیان کۆمەڵێک داهێنانیان لە ڕووی کارگێڕی و بازرگانییەوە ئەنجامدا. کوردستان و گەلی کورد بەشێکی دانەبڕاوی ئەم دەوڵەتە بوون.

٤- ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی

بەپێی لێکدانەوەی شارەزایان وشەی (ساسانی) لە ڕێبەرانی پیاوی ئاینی زەردەشتییەوە هاتووە، بۆیە بە ناوێکی پیرۆز دانراوە. دەوڵەتی ساسانی بە یەکێک لە دەوڵەتە بەهێز و بە تەمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکرێ. لە ساڵی (٢٢٦پ.ز) لەسەر دەستی (ئەردەشێری یەکەم) دامەزرا و گەشەی کرد. ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی چەندین نەتەوە و هۆز و تیرەی جیاوازی لەخۆی گرتبوو، بە تایبەت کورد، چونکە بە درێژایی مێژوو گەر هەموو خاکی کوردستان لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە نەبووبێ، ئەوە بەشی هەرە زۆری لە ناو دەوڵەتی ساسانی بووە، بۆیە زۆر لە مێژوونووسان (ساسانی) بە کوردی ڕەسەن دەزانن. ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی بەردەوام لە ململانێدا بووە لەگەڵ وڵاتانی هاوسێی خۆی، بە تایبەت دەوڵەتی (ڕۆمانی) و پاشان (بیزەنتینی) لە سنوری ڕۆژهەڵاتی خۆیدا زۆر گەشەی کردبوو، هەموو ئەفغانستان و بەشی هەرە زۆری پاکستانی ئێستا و زۆر لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستی گرتبووە خۆی. سنوری دەوڵەتی ساسانی بەندبوو بە بەهێزی و توانای ئەو پاشایەی کە حوکمی دەکرد. گەر پاشاکەیان بەهێز و بەتوانا بایە، ئەوە سنوری وڵاتەکە لە فراوان بووندا بوو، بەڵام ئەگەر لاواز و کەم توانا بوایە، ئەوە سنوری وڵاتەکە بچوک دەبۆوە. سیستەمی حوکم زۆر ئاڵۆز بووە، هەمیشە ترۆپکی دەسەڵات بریتی بووە لە ناوەند، واتە پاشا. هەروەها لە سەردەمی ساسانیدا کاری دیپلۆماسی و پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتان زۆر گەشەی کردووە و پاشای ساسانی باڵیۆزی لەگەڵ زۆر

له وڵاته زلهێزەکانی ئەوکات ئاڵوگۆڕ کردووە. ژیانی کۆمەڵایەتی هەتا ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتوو بووە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەبووە. هەمیشە ساسانییەکان له ململانێدا بوونە لەگەڵ ڕۆمانی و بێزەنتینی لەپێناو بنیادنانی شارستانیەت و پێشکەوتن، بۆیە ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ له سەردەمی ساسانییەکان زۆر گەشەی کردووە و پاشماوەکانیان ئێستاش ماوە. کوردستانی خۆمان بەشێکی کاریگەر و دانەبڕاوی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی بووە، تاکو دواجار ئەم ئیمپڕاتۆریەتە له سەر دەستی شاڵاوی عەرەبە موسڵمانەکان له ساڵی (٦٥١ز) کۆتایی پێ هات. ئەوکات پایتەختی دەوڵەتی ساسانی له ناوجەرگەی کوردستانی ئێستادا بوو، له شاری (دێسفون)ی نزیک شارۆچکەی (جەلەولا)ی ئێستا بووە. بە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ساسانی سەرزەمینی ئێران پچڕ پچڕ بوو، هەرگیز ئیمپڕاتۆریەتێکی وەک ساسانی بەهێزی بەخۆیەوە نەبینیوە. کەواتە ئەوکات کوردستان بەشێکی دانەبڕاوی دەوڵەتی ساسانی بووە. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ناو و ماوەی دەسەڵاتی پاشاکانی ساسانی ڕوونکراوەتەوە[٢٢].

ناوی پاشا	ماوەی دەسەڵات
ئەردەشێری یەکەم	٢٢٤–٢٤١
شاپوری یەکەم	٢٤١–٢٧٢
هورمزی یەکەم	٢٧٢–٢٧٣
بەهرامی یەکەم	٢٧٣–٢٧٦
بەهرامی دووەم	٢٧٦–٢٩٣
بەهرامی سێیەم	٢٩٣–٢٩٣
نرسیە	٢٩٣–٣٠٢
هورمزی دووەم	٣٠٢–٣١٠
شاپوری دووەم	٣١٠–٣٧٩

٢٢ – https://ar.wikipedia.org/wiki– الامبراطورية_الساسانية .

ئەردەشێری دووەم	**٣٧٩-٣٨٣**
شاپوری سێیەم	٣٨٣-٣٨٨
بەهرامی چوارەم	٣٨٨-٣٩٩
یەزید گوردی یەکەم	٣٩٩-٤٢٠
بەهرامی پێنجەم	٤٢٠-٤٣٨
یەزید گوردی دووەم	٤٣٨-٤٥٧
هورمزی سێیەم	٤٥٧-٤٥٩
بەهرۆزی یەکەم	٤٥٩-٤٨٤
بەلاش	٤٨٤-٤٨٨
قوبادی یەکەم	٤٨٨-٥٣١
کیسرای یەکەم	٥٣١-٥٧٩
هورمزی چوارەم	٥٧٩-٥٩٠
بەهرامی چۆبین	٥٩٠-٥٩١
کیسرای دووەم	٥٩١-٦٢٨
قوبادی دووەم	٦٢٨-٦٢٨
ئەردەشێری سێیەم	٦٢٨-٦٣٠
شەهر باراز	٦٣٠-٦٣٠
بوران	٦٣٠-٦٣١
هورمزی شەشەم	٦٣١-٦٣٢
یەزید گوردی سێیەم	٦٣٢-٦٥١

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

کورد له سەرچاوە مێژووییەکاندا

بۆ گەڕان بەدوای ناو و ناسنامە و ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد، یەکەمجار دەبێ لە دەستەواژەی وشەی (کورد) بگەڕێین. لە سەرچاوە کۆنەکاندا پێویستی زۆرمان بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون هەیە، تاکو دەگەینە ئەو سەرچاوانەی، کە بە ڕوونی باسیان لە ناو و ناسنامەی کورد کردووە. مەبەست زیاتر لەو سەرچاوانەیە کە کورد خۆی نەینوسیووە، چونکە نووسین و سەرچاوە مێژوویە خۆکوردییەکان تازەن، بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوە گریکی و ئاشوری و ڕۆمانی و عەرەبی و فارسییەکان. بۆیە بە پێویستمان زانی چەند سەرچاوەیەک بخەینە ڕوو، کەوا باسیان لە کورد و وڵاتی کوردان کردووە، وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی تۆمارێکیان بۆ بەجێهێشتووین.

یەکەم: سەرچاوە یۆنانی و ڕۆمانییەکان

یۆنانی و ڕۆمانییەکان شارستانیەتی پێشکەوتوویان هەبووە. گەڕیدە و جوگرافیناسەکان بایەخی خۆیان هەبوو، هەروەها سنوری وڵاتەکانیان زۆرجار وڵاتی کوردانی دەگرتەوە، یاخود هاوسێی کوردستان بوونە، یان زۆر لە مێژوونوس و جوگرافیناسەکان لەو هەرێمانە بوون کە دەوڵەتی (ئەخمینی و پارسی و ساسانی و فارسی) دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو. بۆیە ئەوانیش ڕووداوەکان و ناوی ئەم شوێنانەیان تۆمار دەکرد کە دەکەوتنە وڵاتی فارسەکان، پاشان بە چیرۆک و گێڕانەوەی زۆر بەبەها و سەیر دەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان. لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین کەوا ناوی کورد و وڵاتی کوردانیان تۆمارکردووە لە نووسینەکانی خۆیاندا.

١- هیرۆدۆت Herodout (٤٨٤-٤٢٥پ.ز)

(هیرۆدۆت) ئەوکاتەی لە دایک بوو شارەکەیان (هالیکارناسۆس)ی سەر بە هەرێمی (بادرن) لە ئاسیای بچوک سەر بە (دەوڵەتی ئەخمینی) بوو. ئەو بە یەکەم کەس دادەنرێت بە شێوەی نووسراو و نزیک لە وشەی کورد باس لە میللەتی (کارداکیس) دەکات کەوا پێکهاتەیەکی سەرەکی سوپا نا نیزامییەکەی

پاشای ئەخمینییەکان (دارای یەکەم ٥٢١-٤٨٦پ.ز) بوون. بەمەش دەردەکەوێ کەوا کورد نەتەوەیەکی نیمچە سەربەخۆی خاوەن پێگە و کاریگەر بوونە لە دەوڵەتی ئەخمینی فارسی.

٢- زێنفۆن Xenephon (٤٣٠-٣٥٤پ.ز)

زێنفۆن لە (ئەسینا) لە خانەوادەیەکی ئەرستۆکراتی هاتۆتە ژیان و فێری هونەرەکانی سیاسەت و سەربازی و کۆمەڵایەتی بووە. یەکێک بووە لە شاگردانی فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی (سۆکرات ٤٩٦-٣٩٩پ.ز) هەروەها یەکێک بووە لە لایەنگرانی (کۆرشی بچوک) کوڕی (دارای یەکەم) لە بەرامبەر (ئەردەشێری پاشای ئەخمینی) کۆرش دەسەڵاتداری ناوچەکانی ئاسیای بچوک بوو. زێنفۆن سەرکردایەتی ئەو دەهەزار سەربازە یۆنانییەی دەکرد کە لە ناوچەکانی بابلەوە گەڕانەوە بەرەو یۆنان، لە گەلی زاخۆوە تاکو نزیک ترابزۆنی نزیک بە ئەرمینیا بە وڵاتی (کاردۆخییەکان)دا ڕەت بووە (زێنفۆن) زۆر باس لە ئازایەتی و شێوەی هونەری شەڕکردنی کاردۆخییەکان دەکات، هەروەها بۆ ئەوکات دەستەواژەی کاردۆخیی بۆ ناوچەیەکی جوگرافیش بەکارهاتووە کەوا پاشان ناوەکە سواوە و بووە بە (بۆتان) بەڵام (کاردۆخییەکان) بە باپیرەی کورد دادەنرێن.

٣- سترابۆن Strabon (٦٤پ.ز- ١٩ زاینی)

جوگرافیناسێکی بە ناوبانگی یۆنانییە و لە ناوچەی (کەپادۆکیا)ی ئاسیای بچوک کە ئێستا بەشێکە لە وڵاتی تورکیا لەدایک بووە. کتێبێکی بە ناوی جوگرافیای جیهان بە ناوی (Geographica) داناوە کە (١٧) بەرگە. لەم کتێبەدا وەسفی زۆر شوێن و ناوچەی کردووە، لەوانە ناوچەی (کوردۆئین) کەوا دەکەوێتە نێوانی (ئامەد و موش). هەروەها لە باسکردنی بۆ دەوڵەتی ئەرمەنی ئەوەی هێناوەتەوە کەوا چەندین وەستا و کرێکاری شارەزایان لە وڵاتی کوردۆئین هێناوە بۆ دروستکردنی قەڵاکانیان بۆ بەرگریکردن لە هێرش و پەلاماری سوپای ڕۆمانییەکان.

٤- پلۆتارک Plutarque(٥٠-١٢٥ز)

له ئەسینا هاتۆته ژیان و له ڕۆما ژیاوه، مێژوونووس و فەیلەسوفێکی ناوداری سەردەمی خۆی بووه، نووسین و کتێبی زۆری هەیه له سەر ناودارانی یۆنانی و ڕۆمانی له ململانێی ڕۆمانی و ئەرمەنی و پارسی. له هەڵمەتی پاشای ئەرمەنییەکان (تیکران) بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی (کاپەتۆکیا) و (باشوری دەریای قەزوێن) و وڵاتی کوردۆئین و پەلاماردانی پاشاکەیان به ناوی (زاریبیون) و پاشان چۆنیەتی هاوپەیمانی بەستنی کوردۆئین، لەگەڵ سوپای ڕۆمانی له بەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی سوپای پاشای ئەرمەنی (تیکران) بەمشێوەیە (کوردۆئین) به باپیرەی کورد هەژمار دەکرێن، چونکه ئەوان کەسانی نیشتەجێ بووی ئەو خاکه بوون، کەوا ئەمڕۆ کوردستانه.

دووەم: سەرچاوه سریانییەکان

له سەرچاوه سریانی و فەلەییەکاندا زۆرجار ناوی کورد یان ئەو ناوانه هاتوون که بوونەته پەیڕەوکارانی ئاینی مەسیحی له کوردستان. هەروەها چۆنیەتی دژایەتیکردنی پاشاکانی (ئەخمینی) و (ساسانی) بۆ ئەو کوردانەی که بوونەته باوەڕدار و موژدەبەری (ئاینی عیسایی) بەڵام له هیچ نووسینێک به ڕوونی وشەی کورد نەهاتووه. ئەوەی هەیه زیاتر ئەو ناوانەن که بۆ ئەوکات به شارەکانی کوردستان وتراوه، یان ناوی قەشه و شەماس و ڕاهیبەکانه، کەناوی کوردییان هەبووه. وەک (فرهاد) ناوێک که قەشەیەکی ناوداری ئاینی مەسیحی بووه و پاشای ساسانی ئازاری داوه یان (شاهدۆست) ئەویش یەکێکی تره لەو کورده ناودارانەی ئاینی مەسیحی. سریانییەکان زیاتر له ناوچەکانی کوردستانی باکور و باشور و ڕۆژئاوا جێ دەستیان دیاره له بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی، چونکه تاکو ئێستاش پاشماوەیان دیاره و ماوه. هەروەها له شارەکانی وەک کەرکوک و ئەربیل (هەولێر) توانویانه به باشی ئاینی مەسیحی به خەڵک ئاشانا بکەن و تاکو ئەمڕۆش پاشماوەی مەسیحییەکان ماوه. بەڵام زۆرینەی وتەی سەر لاپەڕەی کتێب و نووسراوه سریانییەکان بابەتێکن ئەوەنده ناچنه خانەی لێکدانەوەی

زانستی مێژوو و جوگرافیا، زیاتر بەشێکە لە دیدی ئاینی یان خورافی. خاوەنی کتێبی (تقويم قديم للكنيسة النسطورية القديمة) وشەی کوردستانی بەوە لێک داوەتەوە، کە ئەمە (کلدانستانە) نەوەک (کوردستان) چونکە خەڵکی چیاکان هەموو کلدانی کۆن بوون لە پێش زاین، بەڵام ئەو ناوە لە زەمەنی نوێ گۆڕدرا و کرا بە (کورد و کوردستان) لە جیاتی (کلدان و کلدانستان).

سێیەم: سەرچاوە ئەرمەنیەکان

ئەرمەنیەکان نەتەوەیەکی دێرین و خاوەن شارستانیەتی ناوچەی (قەفقاس) و (ئەنادۆڵن) هاوسنوری کورد و کوردستانی ئەمڕۆ بوونە. بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام خاوەن دەوڵەتی گەورە و سەربەخۆ بوونە. هەمیشە ئەرمەنیەکان لە نەتەوەکانی دوای خۆیان بە تایبەت کورد و تورک و فارس و عەرەب خوێندەوارتر و شارستانی تر بوونە، بۆیە هەمیشە سەرچاوە ئەرمەنیەکان بونەتە بەشێک لە سەرچاوەی زانینی مێژووی سەردەمانێک، کەوا ئێمەی کورد کەمترین نووسینمان هەبووە، چونکە ئەوان خاوەن نووسین و زمانی فەرهەنگی خۆیان بوونە. مێژوونووسی ئەرمەنی (موسا خۆرینی) لە سەدەی شەشەمی زاینی ژیاوە، باس لە هەڵمەتەکانی پاشای ئەرمەنی (تیکرانی گەورە ١٥٠-٥٥پ.ز) بۆ سەر (وڵاتی ئەخمینی) باس لە میدیاکان دەکات لەسەر چۆمی (ڕووباری ئاراکس) بەڵام ئەو بە ناوی گەلی (مار) تۆماری کردووە.

هەروەها مێژوونووسێکی تر بە ناوی (ئەلیزیە وردبیت) لە کتێبێکدا باس لە شەڕی (وارتان) دەکات لە نێوان ئەرمەن و ساسانی بە سەرۆکایەتی (یەزید گوردی سێیەمی پاشای ساسانی ٤٣٨-٤٥٧ز) و پاشای ئەرمەنی (وارتان مامیکونیان) دوای ئەوەی شەڕەکە بە شکستی ئەرمەنیەکان کۆتایی هات. ئەم مێژوونووسە باس لە شەڕەکە دەکات کەوا لە نزیک چیای (کۆدک) کە شاخی (جودی) ئێستا دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە باکوری کوردستانی ئێستا.

چوارەم: سەرچاوە فارسییەکان

کورد و فارس دوو نەتەوەی تێک هەڵکێش بوونە، بەردەوام لەناو یەک دەوڵەت، یاخود هاوسێی یەک ژیاون و کەلتور و ئاینی هاوبەشیان هەبووە. هەتا ئەم چرکە ساتەش بەشێک لە کورد و خاکی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێرانە، کە فارسەکان سەردەستەن تێیدا. پاشماوەی نووسینی سەردەمی ساسانی و فارسییەکان باس لە بوونی کورد دەکەن لە وڵاتی ساسانی، لەوانە کتێبی (خدای نامە) لە سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان و لە سەردەمی (یەزید گوردی) دوا پاشای ساسانی نووسراوە. تێیدا باس لە مێژووی پاشاکانی ساسانی دەکات لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، هەروەها لە م کتێبەدا ناوی کورد هاتووە. ئەم کتێبە تاکو ئێستا دیار نییە، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی ساسانی و ناوچەکە بووە. مێژوونووسانی ئیسلامی و عەرەبی وەک (دینەوەری و تەبەری و مەقدسی و مەسعودی) و زۆری تر سوودیان لەم سەرچاوە مێژووییە پڕ بایەخە بینیوە. کتێبی دووەم (کارنامەی ئەردەشێری بابکان)ە، ئەم کتێبە لەساڵی (٦٠٠ز) نووسراوە، باس لە کار و کردەوەکانی پاشا (ئەردەشێری بابک ٢٢٤-٢٤١ز) دەکات. نامەیەکی لە دوا پاشای پارسی (ئەردەوان ٢٠٨-٢٢٦ز)پێگەیشتووە. باس لەوە دەکات، کەوا ئەو کوردە واتە لە هۆبە و ڕەشماڵی کوردەکان پەروەردە بووە. هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کەوا وشەی کورد بۆ ئەوکات لە زمانی فارسی بە (کرمانج یان کۆچەری یان ڕەوەند و گوندنشین) هاتووە. ئەم وەسفە بۆ ئەردەشێر ئەوە بووە، کە ئەو شارنشین نییە و هیچ لە شارستانیەت نازانێ و کەسێکی کۆچەرییە. هەروەها (شاهنامەی فیردەوسی) زۆر بابەتی لە بارەی کوردەوە تۆمار کردووە، کەوا چۆن (ئەردەشێری بابەک) و پاشاکانی تری ساسانی زۆرجار بەدەست کوردەکانەوە گیریان خواردووە. لە ئێستادا زۆر لە کوردە ناسیونالیستەکان و مێژوونووسان، ساسانییەکان بە پێشینەی نەتەوەی کوردی ڕەسەن دەزانن، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی دیار و نووسراو ئەمە پشت ڕاست ناکاتەوە، کەوا ساسانییەکان کورد بووبن، بەڵام کورد بەشێکی

دانەبڕاوی وڵاتی ساسانی بوونە، چونکە پایتەختی ساسانییەکان (دێسفون) لە ناوجەرگەی کوردستانی ئەمڕۆ بووە. هەروەها بەپێی پارچە شیعرێک، کەوا باس لە هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان دەکات بۆ وڵاتی ساسانی و چۆنیەتی ڕوخاندنی پەرستگاکانیان، بەم شێوەیە:

هــۆرمزگان رەمان ئاتیران کوژان

وێشــان شـاردەوە گۆرە گۆرەکـان

زۆرکــار ئارەب کــردتە خاپوور

کەنـــاو پالـە هەتا شـارەزوور

شــنۆ کینـکان وەدیــل شینیا

مێــرد ئازاتای ژە ڕووی هۆینیـا

ڕەوشت زەردەشـــت مانەوە بێکەس

بەزبیکا نیکا هورمز و هویچـکەس

ماناکەی وەک لە زمانی ئەمڕۆی کوردی لەلایەن شارەزایانی زمانەوە لێکدراوەتەوە ئەمەیە مزگەوتەکان (هورمزگان) یا هورمزدگان وێران بوون ئاگرەکانیان کوژاندەوە، گەورەکان هەموو خۆیان شاردۆتەوە، دووژمنەکان زۆر ستەمکارانە شار و دێهاتەکانیان لەناو برد، کچ و ژنیان بەدیل گرت، ئازا و دلێرەکان لە خوێنی خۆیاندا گەوزان، پەیڕەوانی زەردەشت بێکەس مانەوە (هورمز) بەزەیی بەکەسدا نەهاتەوە.

ئەم پارچە هۆنراوەیە ماوەی دەیان ساڵە کەوتۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژووی کورد و دیدی ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد، بەڵام تاکو ئێستا نازانرێ سەرچاوەی دەستخستن و دۆزینەوەی لە کوێ بووە و نووسەرەکەی کێیە و مێژووی نووسینی کەیە، یاخود بۆ یەکەمجار لە کوێ دۆزراوەتەوە و خراوەتەڕوو؟. بۆیە زۆر لە شارەزایان بە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی

نازانن. پێدەچێ یەکەم کەس کەوا ئەم هۆنراوەی بڵاو کردبێتەوە (سەید حوسێن حوزنی موکریانی) بێت، چونکە ئەو لەژمارە (٢١)ی رۆژی (٦ی نیسانی ساڵی ١٩٣٠ز)ی گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا لە لاپەڕە (١٩) بە پێشەکییەک بڵاوی کردۆتەوە، لەوانەیە نووسەرانی دوای ئەو، لەویان وەرگرتبێ و بڵاویان کردبێتەوە[٢٣] .

پێنجەم: سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان

ناوی کورد و وڵاتی کوردان، لەگەڵ هاتنی شەپۆلی عەرەبە موسولمانەکان بۆ عێراق و وڵاتی فارس و کوردستانی ئەمڕۆ، لە سەرچاوە ئیسلامی و عەرەبییەکان بە ڕوونی ناوی کورد بە دەستەواژەکانی (کورد و کرد و الاکراد و باقرد و باکورد) تۆمار کراوە. هەریەک لە گەڕیدە و مێژوونووسە دیارەکانی ئیسلامی و عەرەبی، بە شێوەیەک و لەسەر بنەمای بۆچونێک ئەسڵ و ڕەگەزی کوردی تۆمارکردووە، لەوانە (محمد المدائنی ١٣٥کۆچی–٢٢٥کۆچی بەرامبەر ٧٥٢–٨٤٠ ز) کتێبێکی داناوە بەناوی (القلاع و الاکراد) وەک لە ناونیشانی کتێبەکەی دیارە باس لە قەڵا و شورە قایمەکانی کوردان دەکات بەرامبەر بە سوپای عەرەبە موسڵمانەکان. دوای ئەو هەریەک لە (تەبەری و یەعقوبی و ئەبا حەسەنی بلایزەری و مەسعودی و چەندانی تر) بە شێوەیەک لە شێوەکان باسیان لە ڕەگەزی کورد کردووە و هەریەکەی ئەسڵی کوردی بردۆتەوە سەر نەتەوەیەکی تر، یان کەسێکی دیاری عەرەبی و بابەتی خورافی (مەسعودی) ئەسڵی کورد دەکات بە نەوەی جنۆکە، واتە کورد ڕەگەزیان لە جنۆکەیە. دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئەمەوی (٦٦٢–٧٥٠ز) و پاشان دەوڵەتی عەباسی (٧٥٠–١٢٥٨ز) ناوی کورد و پاشان کوردستان لە

[٢٣] – گۆڤاری زاری کرمانجی یەکەم گۆڤاری کوردییە، کە هەموو لاپەڕەکانی بە زمانی کوردی و لەسەر خاکی کوردستان دەرچووبێ، ساڵی (١٩٢٦ز) بەهەشتی (سەید حوسێن حوزنی موکریانی) لە شاری ڕەواندز یەکەم ژمارەی لێدەرکرد و لە ساڵی (١٩٣٢ز) دوا ژمارەی کە ژمارە (٢٦)ە دەرچووە. گۆڤارێکی دەوڵەمەندی سەردەمی خۆی بووە لە چەندین بابەتی مێژوویی و هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری.

هەموو نووسین و ئەدەبیاتی ئیسلامی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێ. هەروەها بەهۆی پەیوەست بوونی زۆرینەی کورد بە ئاینی ئیسلام و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ عەرەب و موسڵمانانی تر، هەمیشە کورد بەردەوام ئامادەیی هەبووە لە ڕووداوەکانی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییانەدا کە کاریگەرییان بەسەر جیهانی کۆندا هەبووە، وەک ئەوەی دەوترێ ئیسلام گەیشتبێتە کوێ، مرۆڤی کوردیش گەیشتۆتە ئەوێ و کوژراوە، ئیسک و پروسکی لەوێ بەجێماوە و لەگەڵ خاک تێکەڵ بووە، بۆتە بەڵگەیەک بۆ بوونی کورد لەم لەشکر و جەنگەدا. هەروەها چەمکی کوردستان، واتە وڵاتی کوردان، لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگار، وڵاتی کوردان هەمیشە بەشێک بووە لە جوگرافیای ئەو وڵاتانە، یاخود دابەشی سەر چەند وڵاتێک بووە لە یەک کاتدا.

سەرهەڵدان و پەیدابوونی چەمکی وشەی کورد

بەنموونە هێنانەوەی ئەم سەرچاوانەی کە لە پێشەوە باسمان کردن وەک دیکۆمێنتێک، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا چەمکی وشەی کورد، بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تاکو لە وشەی (کورد) وەک ناوی نەتەوەیەک جێگیر بووە، بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ئەوانیش دەکرێ بەم شێوەیە بیخەینە ڕوو (کاردا، کاردۆنیساش، کورتی، گۆتی، کورتا، گورد، کاردۆخی، کارداکا، کارداک، کوردوا، کوردۆئین، کوردچیخی، بیپ قردو، کاردۆ، قوردای، قاردۆ، قردی، بقردی، ئەکراد، کورد) هەروەها بەپێی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە خستمانە ڕوو لەم نووسینەدا تاکو ئێستا لەسەر مێژووی پەیدابوونی نەتەوەی کورد، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا کورد لە پاشماوەی ئەو نەتەوە و گروپ و دەستە و تاقمە مرۆییانە بێت کە لەسەر ئەم خاکەدا ژیاون، کە ئەمڕۆ بە کوردستان ناسراوە، ئەوانیش ئەم نەتەوانەن (سوباری، گۆتی، لۆلۆ، کاشی، خوری، میتانی،ماننا، میدی و ئورارتو، نایری، کاردۆخی .....هتد).

سەرهەڵدان و بلاوبوونەوەی چەمک و زاراوەی کوردستان لە مێژوودا

زاراوەی (کوردستان) بە مانای (وڵاتی کوردان یان شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردان) دێت، پاشگری (ستان) لە زمانی فارسیدا بە مانای شوێن یان هەوار دێت. بۆیە سەیر دەکەین زۆر لە وڵاتانی دەوروبەری ئێران بەم ناوە کراون وەک (تاجیکستان و کیرغیزستان و ئۆزبەگستان و کازاخستان و ئەفغانستان و پاکستان و لوڕستان و خوزستان و عەرەبستان و کوردستان) ئەمەش بەهۆی فراوانی بەکارهێنانی زمانی فارسی بووە، لە ڕۆژگاری خۆیدا، چونکە زمانی فارسی زمانی نووسین و خوێندن بوو لە کۆشک و دیوانی زۆربەی هەرە زۆری پاشا و میر و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بە عەرەب و تورک و کورد و هەموو ئەوانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بوون.

هەتا ئێستا نازانرێ ناوی کوردستان لە کەیەوە سەری هەڵداوە و کەوتۆتە ناو ناوانەوە، یان کێ ئەم دەستەواژەی داهێناوە، بۆ ئەم پانتاییە جوگرافییە بەرفراوانە، چونکە پێشتر کوردستان زۆر ناوی لێبووە، زۆرجار هەر ناوچە و هەرێم وبەشێک ناوێکی تایبەت بە خۆی هەبووە. بەڵام زۆرینەی سەرچاوە مێژووییەکان تاکو ئێستا لە سەر ئەوە کۆکن کەوا بۆ یەکەمجار وشەی کوردستان لە سەدەی دوازدەهەم و لەسەر فەرمانی (سوڵتان سەنجەر)ی سەلجوقی ساڵی (١١٥١ز) بۆ بەشێک لە ئایەلەتێکی وڵاتەکەی لە ناوچەی هەمەدان بەکار هاتووە، دەستەواژەی کوردستانی وەک یەکەیەکی کارگێڕی بۆ ناوچەیەکی جوگرافی بەکارهێناوە. بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ پسانەوە لە سەدەی (١٣)ی زایینی و (٧)ی کۆچی ناوی کوردستان وەک ناوێکی دیار بۆ سنورێکی فراوانی جوگرافی بەکارهاتووە. ئەو سەرچاوانەی کە یەکەمجار زاراوەی کوردستانیان بەکارهێناوە، دەکرێ پۆلێنیان بکەین، لە هەریەکەیان چەندین نموونەی نووسراو بخەینەڕوو بۆ خوێنەران.

١- سەرچاوە ئیسلامی و عەرەبییەکان

لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا سەرەتا ناوی کوردستان بە ناوی (بلاد الكرد- بلاد الاكراد) هاتووە، وەک گوزارشت کردنێک لە ناوی کوردستان (قازی عەیاز ١٠٨٣-١١٤٩ز) لە زاری یەکێک لە هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە کەوا (عبدالوهاب بن نصر المالكي) لە ساڵی (٥١١ی کۆچی) چۆتە گوندی (ئەسعر) سێرت لە وڵاتی کورد نزیک چیای جودی.هەروەها مێژوونوسی حەلەبی (ئەلعەزیمی) ساڵی (١١٦١ز) کۆچی دوایی کردووە، لە ڕووداوەکانی ساڵی (١١١٧ز) ناوی وڵاتی کوردانی هێناوە.

وڵاتی کوردان لای (عبدالله بن ابی بكر الزهری) لە سەدەی (١٢ی زاینی) و (٦ی کۆچی) زیاتر ناسراوە وەک ناوچەیەکی جوگرافی سنوردار. بە گوێرەی کتێبەکەی جوگرافیای دەڤەری سێیەم، سێ وڵات دەگرێتەوە ئەوانیش (الصقع الثالث بلاد الكرد و الديلم و الانبار) وڵاتی کوردان دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەرمینیا، باسی باژێرەک (شارێک) دەکات، کە موڵکی بارەگای کوردان بووە (وكذلك مما يلی هذه المدينة (ارمنية) لناحية المغرب مدينة جاجل: رجاجل _ رجاجير وهی من بلاد الكرد وهي دار ملكهم) لە شوێنێکی تردا لە ناساندنی (بحر الديلم) واتە دەریای خەزەر دەڵێت (وينصب الى ناحية الجنوب على بلاد الكرد ثم ينعطف على بلاد الديلم).

هەرێمی چیاکان یان وڵاتی کوردان

لەبەر ئەوەی بەشی زۆر خاکی کوردستان شاخاوییە و زنجیرە چیای بەرز و سەختی تێدایە، بۆیە لە زۆر سەرچاوەدا ناوی وڵاتی کوردان بە وڵاتی چیاکانی کوردان (جبال الاكراد) هاتووە، بە تایبەت لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا، چونکە کوردستان یەکەم وڵاتی شاخاوی بوو کە عەرەبە موسڵمانەکان پێیگەیشتن، لە دوای دەرکەوتنیان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی. هەروەک شاعیری عەرەبی (بەشار بن برد ٦٩٦-٧٨٤ز) لە شیعرێکدا دەڵێ (جون الربى مثل جبال الكرد منبعق القصف هزيم الرعد) لە شیعرێکی تردا هاتووە، (جبال

بها الاكراد صم صخورها) هەروەها لە دابەشکردنی گۆی زەویدا بەسەر هەرێمەکاندا، کوردستان کەوتۆتە ستونی هەرێمی چوارەم و سەر بە بورجی گا و بە (الاكراد الجبليون) ناوی هاتووە. لە دوای ئەوە هەموو ئەو گەڕیدە و نووسەر و شاعیرانەی تری عەرەب و موسڵمانان کە بە زمانی عەرەبی نوسیویانە، لە ناوهێنانی کوردستان بە ناوی (جبال الاكراد یان جبل الكرد) یاخود (بلاد الاكراد) ناوی وڵاتی کوردانیان تۆمارکردووە. سەرچاوەی زۆر هەن لە بارەی سەرەتاکانی هاتنە ناوەوەی ناوی وڵاتی کوردان بۆ ناو لاپەڕەی کتێبە مێژووییەکان، لە لاپەڕەی کتێب و نوسینی مێژوونووس و گەڕیدە و جوگرافیناسەکانی ڕۆژگاری خەلافەتەکانی ئەمەوی و عەباسی. بەپێی ئەو کتێبانەی کەوا لە بەردەستن، تاکو ئێستا بۆ یەکەمجار، وشەی کوردستان لە کتێبە عەرەبییەکان تۆمار کرابێ. مێژوونووسی میسری (النويری) لە سەرەتای سەدەی چواردەهەم ناوی کوردستانی لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی (١٣٢٨ز) هێناوە، کاتێ نوسیویەتی (وقتل ايضا ولد لجوبان بكردستان) دوای ئەو ناوی کوردستان بە ڕوونی لە سەرچاوەی تری عەرەبی و ئیسلامی دەبینرێ. هەروەها لەلایەکی تردا هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە مێژوونوسی عەرەب (الغياثي البغدادي) ساڵی (١٤٨٦ز) کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبەکەیدا بەناوی (التاريخ البغدادي) ناوی کوردستانی هێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ وڵاتی کوردان.

٢- سەرچاوە بیانییەکان

بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەوا لەبەر دەستدان، نووسەر و مێژوونووسانی ئەم ڕۆژگارەی کورد بەدوایانەوەن و سۆراغیان کردووە، چەندین گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس ئاماژەیان بە وڵاتی کوردان داوە (دکتۆر زرار صديق توفيق) لە کتێبەکەی خۆیدا (کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا. ١٦کۆچی-٦٥٦کۆچی ،٦٣٧-١٢٥٧ز) باس لە مێژوونووسێکی ئەرمەنی دەکات کەوا لە زووەوە ناوی کوردستانی تۆمار کردووە. مێژوونووسی ئەرمەنی (مادتیوس ئۆرهایتسی، متى الرهاوی) خەڵکی ئۆرفەیە لەسەدەکانی

(١١و١٢) ژیاوە، باسی کوردستان دەکات لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی (١٠٣٠ز) لە سەر زاری سەرکردەیەکی کورد کەوا نووسیویەتی (کوردستان لە دۆزێکی ئاڵۆزدایە) بەم پێە بێت دەستەواژە و وشەی کوردستان زۆر بەر لەو مێژووەی مێژوونوسان دیاریان کردووە بۆ ناوی کوردستان کە ساڵی (١١٥٠ز) پاشای سەلجوقی دیاریکردووە و ناوی هاتووە گەڕیدە و قەشەی ئیتالی (مارکۆپۆلۆ ١٢٥٤-١٣٢٣ز) کاتێ بە کوردستاندا ڕەت بووە ناوی کوردستانی تۆمار کردووە بە (کاردستان) بەمەش مارکۆ دەبێتە یەکەم ئەورووپی کەوا ناوی کوردستانی تۆمارکردووە. هەروەها (رشیدالدین هەمەدانی) کە لە ساڵی (١٣١٨ز) کۆچی دوایی کردووە لە کتێبەکەیدا (جامع التواريخ) چەند جارێک ناوی کوردستانی هێناوە.

٣- سەرچاوە فارسییەکان

کورد و فارس دوو نەتەوەی هاوسێ و هاوئاینی کۆن و هاوسەرزەمینی یەک ئیمپراتۆریەت بوونە. زۆرجار مێژوونووس و شارەزایان سەرچاوەی پەیدابوونی کورد و فارس بە یەک ڕەگەز دادەنێن، بۆیە بڵاوبوونەوەی دەستەواژەی ناوی کوردستان ئاساییە، بەر لە هەموو میللەتانی تر لە ناو فارسەکان، یاخود ئێرانییەکان بڵاو ببێتەوە. ئەوەی تاکو ئێستا لە بەردەستی ئێمە و لە کتێبخانەی کوردیدایە ئەوەیە (دکتۆر زرار صدیق تۆفیق) لە کتێبەکەی خۆیدا لە لاپەڕە (٤٥) دا، ناوی شاعیرێکی فارسی هێناوە، کەوا سەرچاوەکان ماوەی ژیانی ئەم شاعیرە بە سەدەی دوانزەهەمی زاینی ئەژمار دەکەن بەناوی (الحكيم جنتی بیا) لە پارچە شیعرێکدا بەمشێوە ناوی کوردستانی هێناوە:

(تو گوئی أز صراحی کردستانی بجابی أب پر اذر پیاله

زهی از عکس رخسارت گرفته فروغ لاله و أحمد پیاله)

ئەم شیعرە بە یەکەم سەرچاوەی نووسراوی فارسی دادەنرێ کە ناوی کوردستانی تۆمار کردبێ. لەوانەشە ڕۆژگارێک بێت و سەرچاوەی کۆنتریش

هەبێ کەوا ناوی کوردستانی تۆمار کردبێ. نووسەری دیاری ئێرانی (شهاب الدين عبدالله بن فضل الله بن عبدالله بن روزبه اليزدى الشيرازى ٦٦٣-٧٣٠ کۆچی) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (تجزية الامصار وتجزية الاعصار- المعروف بتاريخ وصاف) ناوی کوردستانی هێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ وڵاتێک، یاخود وەک ناوچەیەکی جوگرافی.

هەروەها گەڕیدە و شاعیر و جوگرافیناسی فارسی (حمدالله بن ئاتابەگ، ناوی ڕاستەقینەی ابوبکر بن حمد بن نصر القزوينى المستوفى ١٢٨١-١٣٤٩ز) لە کتێبەکەیدا (نزهة القلوب) باس لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ دەکات، پێکهاتەی خاکەکەی دیاریکردووە، وەک ناوچەی شاخاوی و پێدەشت. هەروەها باس لە سەردەمی پاشای سەلجوقی (سەنجار ١١١٧-١١٥٧ز) دەکات، کەوا بەشێک لە خاکەکەی وەک ئەیالەتێک بۆ (سليمان الاجوائي) دەستنیشانکردووە بەناوی کوردستان. گوایە پیاوێکی تورکمان بووە، بەڵام (مەلا جمیل بەندی ڕۆژبەیانی) دەڵێ: ئەم (سليمان الاجوائي) یە نە تورکمان بووە نە ئیلیخانی بەڵکو سەرکردەیەکی کورد بووە.بەمشێوەیە ناوی کوردستان لە سەرچاوە فارسییەکان پەرەی سەندووە، وەک دەستەواژەیەکی جوگرافی بۆ ناوچەیەکی بەرفراوان.

٤- سەرچاوە کوردییەکان

نووسین بە زمانی کوردی زۆر درەنگ دەستی پێکردووە، ئەمەش دیارە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا کورد قەوارەیەکی جێگیر و سەربەخۆی نەبووە، تاکو گرنگی بە نووسین و خوێندن بدات بە زمانی زگماکی نەتەوەکەی خۆی. هەموو ئەو نووسەر و شاعیر و زانا ئاینییانەی کە کوردیش بوونە، بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی بابەتەکانی خۆیان نووسیووە. لەبارەی یەکەم سەرچاوەکی کوردی کە ناوی کوردستانی هێنابێ ئەمانەن نووسەری کورد (سادق بەهائەددین ئامێدی) لە کتێبەکەیدا (هۆزانڤانێت کورد) باس لە شاعیرێک دەکات بەناوی (عبدالصمد بابک ٩٧٣-١٠١٩ز) لە کوردانی هەکارییە وەک (ئیبن خەلەکان) یش لە کتێبەکەیدا (وفيات

الاعیان) باسی کردووە، کەوا شاعیرێکی بە ناوبانگی سەردەمی خۆی بووە. سادق بەهائەددین شیعرێکی کوردی بەناوی ئەم شاعیرە لە کەشکۆڵێکی نووسەری کورد (مەلا ئەنوەر مائی) وەرگرتووە، لەم شیعرەی ئەم شاعیرەدا ناوی نەورۆز و کوردستان هاتووە، کەوا لە پارچەیەکیدا وا هاتووە:

ب مێهڤان چیا تەڤ خەملینە
ب هزار ڕەنگا خویا نەقش و نگارە
ل کوردستان بنێڕە ئەی پەریخان
ل سەر دل دێ بچیت ژەنگ و تەمارە
ل من خۆش هات نەسیمێ ڤێ سبێ زوی
هژاندی شەنگەبی لەیزی چنارە
هەورۆ نەوروزە ئەی دل سەد (تبارک)
وەرە گەشتێ سەمایە ل چار نکتارە
پەشیمانم ژ عومرێ چون پەریخان
ب سانورێ مە پڕ بێ دۆست و یارە

گەر بێت و ئەم شیعرە ڕاست بێت و هی ئەم شاعیرە بێت، سەردەمی ژیانیشی وەک نووسراوە لەم ڕۆژگارە بووبێ، کەواتە ناوی کوردستان لە سەدەی دەیەمەوە هاتۆتە سەر زمانی خەڵک و بڵاو بۆتەوە. کەواتە سەدە و نیوێک بەر لەوەی پاشا (سەنجاری) سەلجوقی ناوی بەشێک لە قەڵەمڕەوییەکەی بنێت کوردستان. لە هەمان کاتدا سەرچاوە کوردییەکان بەر لە هەموو سەرچاوەکانی تر ناوی کوردستانیان تۆمارکردووە. هەرچەندە بۆ ساغکردنەوەی ئەم شیعرەی ئەم شاعیرە، تاکو ئێستا هەر ئەوەی لەبەر دەستە ئەوانەیە کەوا ئەوانیش هی سەدەی بیستەمە، نازانرێ ئاخۆ لە هیچ سەرچاوەیەکی کۆن ئەم شیعرە بینراوە یان نا، شاعیرێکی تر، کەوا زۆرجار بە میری شاعیران، یاخود سەردەستەی شاعیرانی کورد دادەنرێ ئەویش (مەلای جزیری)یە، سەردەمی ژیانی هەتاکو ئێستا لە نێوان سەدەی (١٥ز) و (١٦ز) ساغ نەبۆتەوە. زۆرینەی شیعرەکانی بە کوردییە، لە چەند شیعرێک

ناوی کوردستانی هێناوە و وەک وڵات و نیشتمانی خۆی دەستنیشانی کردووە.

نە تنێ تەبرێز و کوردستان لەبەر حوکمێ تەبن

سـەد وەکی شاهێ خوراسـانێ د فەرواریێ تەبن

یاخود دەڵێت:

گولێ باغـێ ئیرەمێ بۆتـانم

شەب چراغێ شەبێ کوردستانم

هەروەها یەکەم نووسەری دیاری کورد مێژوونووس (شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣-١٦٠٤ز) لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (شەرەفنامە) بە ڕوونی باس لە کوردستان و سنوری کوردستان و مێژووی کوردان و شێوەی زمان و زۆر بابەتی هەستیاری سەردەمی خۆی و پێش خۆی دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین یەکەم سەرچاوەی دیار و بەرجەستەکراوی کوردی بێ ڕتوش و لێکدانەوە (شەرفنامە) یە، کەوا باسی لە وڵاتی کوردان بە ناوی کوردستان کردووە.

لەدوای هێنانەوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی کەوا خستمانەڕوو، ناوی کوردستان پەرەی سەند و لە سەردەمی دەسەڵاتی (جەلائیرییەکان ١٣٣٧-١٤١١ز) بە شێوەیەکی بەربڵاو ناوی کوردستان بڵاو بۆوە، لە نووسراوەکانی ئەوکاتەدا وەک وڵاتێک، کە دانیشتوانەکەی زۆرینە کوردن بەکارهاتووە تاکو ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان. ئەگەرچی کوردستان هێشتا نەبووە بە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆ، کەوا ناوی لە نەخشە سیاسییەکانی دونیا بێت، بەڵام ناوێکە و بووە بە واقیع، کەوا وڵاتێکە و داگیرکراو و دابەشکراوی سەر چەند دەوڵەتێکە، هیچ هێزێکیش لە دونیادا بە دۆست و نەیار ناتوانێ نکوڵی لە بوونی کوردستان بکات.

کوردستان خاکی وڵاتی کوردان

کوردستان وەک ناو و ناسنامەیەک بۆ ناسینەوەی وڵاتی کوردان بەکاردێت، هەرچەندە مەرج نییە هەموو دانیشتوانی کورد بێت، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ ناوی وڵاتی کوردان. هەروەها وشەی کوردستان زۆر دوای ناوی (کورد) هاتۆتە سەر زمان و لاپەڕەی نووسراوەکان. لە دیاریکردنی شوێنی کوردستان لەسەر نەخشەی جوگرافیا بەمشێوەیە لەلایەن نووسەر و گەڕیدەکان دیاریکراوە. لە ئینساکلۆپیدیای بریتانیدا هاتووە (کوردستان خاکی کوردان بانێکی فراوان و ناوچەیەکی شاخاوییە، هەموو دانیشتوانەکەی یان زۆربەی زۆریان کوردن).

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی (باسیل نیکیتین) لە کتێبەکەیدا (کورد– توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی) نووسیویەتی (کوردستان هەرچەندە سنورێکی سیاسی نییە و لە نێوان وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دابەش کراوە و جگە لە وڵاتی کوردان هیچ مانایەکی تر ناگەیێنێ) مێژوونووسی گەورەی کوردیش (محمەدئەمین زەکی بەگ) لە کتێبەکەیدا (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) نووسیویەتی (بۆ ئەوەی لە مانای ڕاستەقینەی وشەی کوردستان تێبگەین پێویستە سەرنجی ئەو وڵات و ویلایەتانە بدەین، کە کوردنشینن و کوردەکان خۆیان بە وشەی کوردستان ناوی دەبەن) زۆر نووسەر و شارەزای تری بیانی و کورد باسیان لەم بابەتە کردووە، بەڵام ئێمە لێرە تەنها ئەو چەند سەرنجەی شارەزایانمان هێناوەتەوە.

شوێن و پێگەی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان

هەموو خاکی کوردستان بەسەریەکەوە کەوتۆتە کیشوەری ئاسیا. زۆرینەی خاکی کوردستان بەسەریەکەوەیە، زمانی کوردی سەرەڕای بوونی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز، بەڵام زمانێکی زیندووی نەتەوەیەکە و جیاوازە لە زمانی نەتەوەکانی دەوروبەری. کوردستان خاکەکەی دابەشی سەر چەند دەوڵەتێک کراوە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕەسمی هیچ وڵاتێک بە سنور و جوگرافیایەکی ڕەسمی و دان پێنراوی نێودەوڵەتی نییە بەناوی (دەوڵەتی کوردستان) بۆیە سنورەکەشی ڕەسمی نییە، ئەوەی هەیە وەک دیمۆگرافیای نیشتمانی دیاریکراوە. جگە لەوەش کورد دابەشی سەر چەندین وڵات و ناوچەی جیاوازی وڵاتانی تری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە. هەروەها لە ئێستادا کورد پەڕاگەندەی زۆرینەی وڵاتانی جیهان بووە، بەهۆی کۆچکردنیان لەدەست زوڵمی وڵاتە چەوسێنەرەکانی کە کوردستانیان زەوت کردووە دەتوانین ڕای چەندین نووسەر و شارەزای بواری جوگرافیا و مێژوو و سیاسەت لە کورد و بیانی وەک سەرچاوەی ئاماژەدان بهێنینەوە، سەبارەت بە دیاریکردنی شوێن هەڵکەوتەی کوردستان.

١- سەرچاوە بیانییەکان

أ- (مێجەر ئەدمۆنس) لە کتێبەکەیدا (کورد و تورک و عەرەب) دا دەنووسێت: (کوردستان واتە ئەو زەوییەی کوردەکان وەک کۆمەڵێکی هاوچەشن لە سەری نیشتەجێن، دابەش بووە لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێراندا و چەند درێژبوونەوەیەکی کەم لە سوریا و یەکێتی سۆڤیەت).

ب- (تۆمابوا) نووسەر و گەڕیدەی فەرەنسی سەبارەت بە کوردستان نووسیویەتی: (زنجیرە چیای تۆرۆس و زاگرۆس نزیکەی بڕبڕە پشتی ئەم وڵاتە دەگرێتەوە، کە بریتیە لە خاکێکی بەرزی جوان و دەتوانرێ لەسەر هەندێ لە لوتکە بەرزەکانیەوە بڕوانرێ بەسەر ناوچەکانی دەوروپشتیدا).

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پ- (مارتن ڤان بروسن) نووسەر و کوردناسی هۆڵەندی نووسیویەتی: (کوردستان-وڵاتی کوردان-ناوچەیەکی ستراتیژی خۆرهەڵاتی نێوەندە و گرنگترین بەشی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا پێکدەهێنێت. لە مێژوودا هەرگیز دەوڵەتێک بەو نێوەوە نەبووە).

ج- ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ڤلادیمێر ڤێودۆرۆڤیچ مینۆرسکی ١٨٧٧-١٩٦٦ز) لە بارەی هەڵکەوتەی خاکی کوردستانەوە نووسیویەتی: (ئەگەر بەشەکانی سەرووی ڕووباری فورات و ناوچەکانی دەریاچەی وان - ئەرمینیای کۆن- مانای جێگا، یاخود خاکی کۆن بێت کە کوردەکانی تێدا دەرکەوتووە، ئەوا ئیتر من وادەزانم بەشەکانی خواروو لە تۆڕۆس و کەنارەکانی لای چەپی دیجلە / بۆتان، خەربووت، زێی سەروو/ لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا نیشتمانی یەکەمی گەلی کوردە).

چ- (باسیل نکتین ١٨٨٥-١٩٦٠ز) کۆنسوڵی ڕووسی لە کتێبەکەیدا بەناوی کورد نووسیویەتی (کوردستان هەرچەندە سنورێکی سیاسی نییە، لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دابەشکراوە، جگە لە وڵاتی کوردان هیچ مانایەکی تر نابەخشێ).

ئینسکلۆپیدیای بریتانی بەمشێوەیە باس لە کوردستان دەکات (کوردستان - خاکی کوردان- انێکی فراوان و ناوچەیەکی شاخاوییە و هەموو دانیشتوانەکەی یان زۆریان کوردن).

٢- سەرچاوە تورکی و عەرەبی و فارسییەکان

أ- لە یەکەم ئینساکلۆپیدیای تورکی کە بە (قاموس الاعلام) ناسراوە، لەلایەن (شەمسەدین سامی) بە شەش بەرگ لە نێوان ساڵانی (١٨٨٩-١٨٩٨ز) نووسراوە. بەمشێوەیە باس لە کوردستان دەکات (کوردستان وڵاتێکی گەورەیە، بەشی هەرە زۆری لە ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی) لە ئاسیا و بەشێکیشی بە ئێرانەوە بەستراوە، بەناوی گەلی کوردەوە نراوە، کە بەشی هەرە زۆری پێک دەهێنێ. ئەم ناوە چووەتە ناو دابەشکردنی بەڕێوەبەرێتی

و سیاسییەکانەوە، سەردەمانێک لای ئێمە ویلایەتی کوردستان و ئێستاش لە ئێران ئیبالەت -ویلایەتی کوردستان-هەر وەکو ئەم ناوانە هەموو ئەم وڵاتەیان نەگرتۆتەوە، کوردیش بەشێوەیەکی پەرت و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکی تردا دەژین).

ب- نوسەری عەرەبی عێراقی (فایەق سامەڕائی ١٩٠٨-١٩٧٩ز) ساڵی (١٩٦١ز) لە کاتی پێشکەشکردنی یاداشتێک بۆ سەرۆکی میسر (جەمال عەبدولناسر) لە قاهیرە، بەمشێوەیە کوردستان دەناسێنێ (کوردستان بە مانایەکی فراوان، واتە ئەو وڵاتەی کە کورد تێیدا نیشتەجێن بەشێوەی گروپێکی یەکگرتووی تێکەڵاوی گونجاو دەژین).

پ- لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا هاتووە (وشەی کوردستان بۆ ئەو جێگایانە دانراوە، کە کوردی تێدا دەژی وەکو چۆن ئێرانییەکان بە وڵاتی کوردی خوراسان دەڵێن کوردستانی خوراسان).

ج- (عەلی شەمیمی هەمەدانی) لە کتێبەکەیدا (جوگرافیای کوردستانی ئێران) سەبارەت بە وڵاتی کوردان نووسیویەتی (کوردستان لە باری ڕەگەزییەوە مەڵبەندێکی پان و بەرینە، ئەم مەڵبەندە فراوانە لە نێوان سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا بەش کراوە).

چ- فارسەکان وەک دەوڵەتی ئێران هەر لە زووەوە کێشەیان لەگەڵ ناو و دەستەواژەی کورد و کوردستان نەبووە، بۆیە ئۆستانێکی (پارێزگا) گەورەیان بەناوی کوردستان ناو ناوە، کە ناوەندەکەی شاری سنەیە. ئەوەی کێشە بووە، مافی نەتەوەیی و سیاسی کورد بووە .

٣- سەرچاوە کوردییەکان

سەرکردە سیاسی و نووسەرەکانی کورد هەریەکەی بەشێوەیەک باسی لە کوردستان کردووە و شوێنی کوردستانی دیاری کردوە .

أ- مێژوونووسی گەورەی کورد (محەمەدئەمین زەکی بەگ ١٨٨٠-١٩٤٨ز) دەنووسێ (بۆ ئەوەی لە مانای ڕاستەقینەی وشەی کوردستان تێبگەین، پێویستە سەرنجی ئەو وڵاتانە بدەین کە کوردنشینن و کوردەکان خۆیان بە وشەی کوردستان ناوی دەبەن).

ب- مێژوونووس (محەمەد مەردۆخی کوردستانی ١٨٧٨-١٩٧٥ز) لە کتێبەکەیدا (مێژووی کورد و کوردستان) نووسیویەتی (کوردستان بریتی یە لە وڵاتێک کە کورد لە سەدەکانی پێش زاینەوە کۆچییان بۆ کردووە و پەلیان بە هەموو لایەکیدا هاویشتووە و تێیدا جێگیربوون بە ناوی خۆیانەوە ناو نراوە (کورد-ستان) کە هەردوو بەشەکەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە).

پ- (جەلال تاڵەبانی ١٩٣٣-٢٠١٧ز) وەک سەرکردەیەکی سیاسی و نووسەرێک بەمشێوەیە باس لە کوردستان دەکات و دەنووسێت (کوردستان ئەو وڵاتەیە، کە کورد تێیدا نیشتەجێیە و شان بەشانیشیان چەند کەمینەیەکی نەتەوەیی هەیە).

ج- (دکتۆر عەزیز شەمزینی) سیاسی و نووسەر لە کتێبەکەیدا (جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان) نوسیویەتی (بێگومان کوردستان ناوچەیەکی دیاریکراوی کارگێڕی، یاخود چەند ناوچەیەکی کارگێڕی نییە، بەڵکو ئەو وڵاتەیە کە کوردی تێدا دەژی و لە کۆنەوە بە خاک و نیشتمانی ئەوان ناسراوە).

چ- جوگرافیناسی کورد (فوئاد حەمەخورشید) دەنووسێت (کوردستان واتە وڵاتی کوردان، هەم دەستەواژەیەکی جوگرافییە هەم نەتەوەیی، کوردستان ئەو نیشتمانەیە، کە کورد وەک گروپێکی مرۆیی جیاواز لە سەرەتای مێژووەوە تێیدا نیشتەجێیە).

د- نووسەری کوردی ئەرمینیا (دکتۆر جەلیلی جەلیلی) لە کتێبەکەیدا (ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠ز) لەبارەی وڵاتی کوردان دەنووسێت

(ناوچە کوردنشینەکان لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا دابەش کراون، لە کۆنەوە سامانی سروشتی کوردستان و بە تایبەتی ئەو جوگرافییە هەڵکەوتووەی هەیەتی سەرنجی دەوڵەتە ئەوروپییەکانی ڕاکێشاوە).

ت- (دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل) لە کتێبەکەیدا بەناوی (تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراق)دا دەنوسێت: (کوردستان مانای وڵاتی کوردان، یاخود ئەو خاکەی کە کوردی لەسەر دەژی، بەمەش دەستەواژەکە دەبێتە دەستەواژەیەکی جوگرافیایی-مرۆیی).

هـ- (حوسێنی مەدەنی) هەم نووسەر و هەم سیاسیی کورد لە کتێبەکەیدا (کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان) بەمشێوەیە باس لە کوردستان دەکات (کوردستان بە وڵاتێک دەڵێن، کە کوردی تێدا دەژی لە ئاقاری پڕ حەستەمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کە دەکەوێتە نێوان وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران و ئەرمەنستان هەڵکەوتووە ،پردەبازێکە سێ قارەی ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقا پێکەوە وەسڵ دەکا).

و- جوگرافیناسی کورد (دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور) لە کتێبەکەیدا (جوگرافیای کوردستان) بەشێوەیەکی زانستی و ئەندازەیی شوێن هەڵکەوتەی کوردستان دیاری دەکات. لەسەر شوێنگەی فەلەکی کوردستان نووسیویەتی (شوێنگەی وڵات بە گوێرەی تۆڕی هێڵەکانی درێژیی و پانی، کوردستان لە نێوان هێڵی پانی (٣٩-٤٠)ی باکور و (٦١-٣٠)ی باکور، واتە (٩،٧٨) هێڵ لە نێوان هێڵی درێژی (٦١-٥٢)ی ڕۆژهەڵات و (٣٦،٠٠) ڕۆژهەڵاتدا (١٦،٦١هێڵ) ڕاکشاوە. درێژایی خاکی کوردستان لە باکورەوە تاکو باشور نزیکەی (١٣٠٠) کیلۆمەترە. پانایییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا خۆی لە (٥٥٠) کیلۆمەتر دەدات. ئەو پانایییە لە هەموو لایەکەوە وەکو یەک نییە، لەلای باکورەوە پانایییەکەی دەگاتە (٥٧٨) کیلۆمەتر و لە ناوەڕاستدا کەم دەبێتەوە، تا دەگاتە (٢٣٢) کیلۆمەتر وە هەتا بەرەو باشوریش بڕۆین، ئەو پانایییە تەسکتر دەبێتەوە لە بەشی کۆتایی باشوردا لە (١١٢) کیلۆمەتر زیاتر نابێ).

لە شوێنگەی فەلەکی کوردستاندا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم وڵاتە کەوتۆتە بەشی باشوری ناوچەی سازگاری باکورەوە، واتا شوێنی کوردستان لە نێوان ئاو و هەوای بیابانی و گەرم و دەریای ناوەڕاست دایە.
هەروەها سەبارەت بە ئاسمانی کوردستان نووسیویەتی (ئاسمانی کوردستان بۆی هەیە، لەنێوان ئەورووپای ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ببێ بە ڕێگەیەکی گرنگی هاتوچۆی ئاسمانی).
لە بارەی شوێنگەی زەمینییەوە نووسیویەتی (خاکی کوردستان بەشێک لەو خاکە پێک دەهێنێ کە ڕێگەی زەمینی نێوان وڵاتەکانی ئەوروپا لەلایەکەوە و دەوڵەتەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەلایەکی دیکەوە پێیدا تێپەڕ دەبێ).
بە هێنانەوەی هەموو ئەو بیروڕا جیاوازە مێژوویی و جوگرافی و فەلەکییانە بۆمان دەردەکەوێت، کوردستان وەک دەستەواژەیەکی جوگرافی و نیشتمانی تەنها مانای وڵات و نیشتمانی ئەو گەلە دەبەخشێت، کە ناویان (کوردە) لەگەڵ چەندین نەتەوەی تری بە ژمارە کەمتر لە ئێستادا لەسەر ئەم سەرزەمینە دەژین، کە ناوی کوردستانە، بەڵام ئەوەندی ناوێکی میللی و سروشتییە ئەوەندە ناوێکی ڕەسمی نیە، چونکە کوردستان خۆی دابەشی سەر چەند وڵاتێک بووە. جگە لەوەی بەشێکی لە عێراق بە ناوی هەرێمی کوردستان دێت و لە ئێرانیش ئوستانێک (پارێزگایەک) بە ناوی کوردستانەوەیە، ئەگەرنا لە هیچ یەکێ لەم وڵاتانەدا، ناوی کوردستان وەک خاک و نیشتمانی کوردان بە ڕەسمی نەناسراوە و دانی پێنەنراوە و نەخراوەتە ناو چوارچێوەیەکی دەستوری و یاسایی. لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کوردستان بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک دەهێنێت، لەڕووی هەڵکەوتەی فەلەکیشەوە دەکەوێتە نێوان هێڵی (٣٠-٤١)ی پانایی و نێوان هێڵی (٣٦-٥١)ی درێژایی.

ڕووبەری خاکی کوردستــان

سەبارەت بە ڕووبەری خاکی کوردستان هەتاکو ئێستا ژمارەیەکی مسۆگەر و دانپێدانراو لە بەردەستدا نییە. دیارە ئەویش بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، لەسەر تەواوی خاکی خۆی، یاخود دان پێنەنانی ڕەسمی لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان زەوت کردووە. بە مافی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد تاکو ڕووبەری ئەو بەشانە بزانرێ و بخرێتە سەریەک ئەوکات بزانرێ، کە ڕووبەری خاکی کوردستان بە گشتی چەندە، بۆیە لێرەدا هەر دەبێ بچینەوە سەر ڕای مێژوونووسان و جوگرافیناس و نووسەر و ڕای سەرکردە سیاسیەکانی کورد، ئایا ڕووبەری خاکی کوردستان چەندە، وەک لایەنەکانی تری نووسینەکەمان لێرەش دەمانەوێ ڕای نووسەر و شارەزایان وەربگرین لەسەر ئاستە بیانی و خۆماڵییەکان. بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستیەکی نزیک، لەو ژمارەی دەمانەوێ یان ڕاستیەک بۆ خوێنەران سەبارەت بە ڕووبەری خاکی کوردستان بخەینەڕوو ، کەوا لەگەڵ ڕاستی ڕۆژگار ویک بێتەوە.

١- سەرچاوە بیانییەکان

أ- (دکتۆر م.س لازاریڤ) لە کتێبەکەیدا (کێشەی کورد ١٨٩٧-١٩١٧ز) لەبارەی ڕووبەری خاکی کوردستانەوە نوسیویەتی (ئەگەر هەموو ئەم ناوچانە بە درێژی بپێوین، ئەوە نزیکەی هەزار کیلۆمەتر دەگرێتەوە، پانایيشی (٣٠٠-٥٠٠) کیلۆمەتر دەبێت. بەمجۆرە پانتایی کوردستان لە (٤٠٠) چوارسەد هەزار کیلۆمەتر زیاترە. ئەم پانتاییە نەختێک لە بریتانیا و ئێرلەندا و بەلجیکا و هۆڵەندا و دانیمارک گەورەترە).

ب-(ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی) کە کۆمەڵە وتارێکە لەلایەن چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەوروپی نووسراوە، بەمشێوە دەنووسێت: درێژییەکەی (٦٠٠) میل دەبێت و پانییەکەشی (١٢٠-١٥٠) میل دەبێت.

پ- (ئادەمسۆن) پێی وایە نێوانی باکور و باشوری کوردستان زیاتر لە (٦٢٠) کیلۆمەترە.

٢- سەرچاوە هەرێمیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

أ- گەڕیدەی تورک (ئەولیای چەڵەبی ١٦١١-١٦٨٤ز) لە سەر ڕووبەری خاکی کوردستان دەنووسێت (درێژایی کوردستان حەفتا (قۆناغ) فەرسەنگ ڕێگایە -هەر فەرسەنگێک نزیک بە سێ میلە- پانایییەکەی کەمترە).

ب- (قاموس ئەعلام)ی تورکی لە نووسینی (شەمسەدین سامی ١٨٥٠-١٩٠٤ز) دەنووسێت (درێژایی کوردستان نزیکەی (١٠٠٠) کیلۆمەترە، بەرینی لە نێوان (١٠٠) تا (٢٠٠) کیلۆمەترە).

پ- (شەمیمی هەمەدانی) لە کتێبەکەیدا (جوگرافیای کوردستانی ئێران) دەنووسێت: (درێژایی کوردستان لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوا (٦٠٠-١٠٠٠) کیلۆمەترە و پانایيشی (١٢٠-١٤٠) کیلۆمەترە و تا (٤٨) دەرەجەی ڕۆژهەڵاتی کشاوە).

٣- سەرچاوە کوردییەکان

أ- سیاسەتمەدار و خەباتگێڕی کورد (دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو) لە کتێبەکەیدا (کوردستان و کورد) لە بارەی ڕووبەری خاکی کوردستان دەنووسێت (ڕووپێوی کوردستان دەگاتە (٤٠٩.٦٥٠) کیلۆمەتر دووجا، ئەم ڕووپێوەش لە سەرجەم ڕووپێوی وڵاتانی بریتانیا، هۆڵندا، بەلژیک، سویسرا، دانیمارک فراوانترە).

ب- سیاسەتمەدار و نووسەری کورد (عەزیز شەمزینی) لە کتێبەکەیدا وای لەبارەی ڕووبەری کوردستانەوە نووسیوە (ڕووبەری کوردستان (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کیلۆمەتر زیاترە، واتە ڕووبەری خاکی کوردستان بەقەدەر تێکڕای ڕووبەری عێراق، سوریا، لوبنان، ئوردەن، فەڵەستین و ئیسرائیلە).

پ- مێژوونووسی کورد (شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی) لە کتێبەکەیدا لەبارەی ڕووبەری کوردستانەوە دەنووسێت: (لە ڕۆژهەڵاتی لوڕستانەوە تا ڕۆژئاوای دیاربەکر پانتایی (٣٢-٣٩) پلەی ژوروو و هێڵی درێژی (٣٩-٥٠) پلەی ڕۆژهەڵاتی، کە ماوەی (٧) پلە پانی و (١١) پلە درێژی، هەر پلەیەک بریتیە لە (١٥) میل. ئەنجامی کۆی (درێژی×پانی×١٥=١٧٣٢٥) میل چوارگۆشە، کە بریتیە لە ڕووبەری خاکی کوردستان، ئەگەر ئەم ژمارەیە (×١٠) بکەین دەکاتە (١٧٣٢٥٠) سەد و حەفتا و سێ هەزار و دووسەد و پەنجا کیلۆمەتر چوارگۆشە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووبەری کوردستان لاکێشە و چوار گۆشە نییە وەک شێوەی دوو سێ گۆشە لەمسەرو ئەوسەرەوە هەیە، سێ بەشی ڕووبەرەکەی داگیرکردووە. ئەگەر ئەم سێ بەشەی لێ دەربکەین (١٣٠٠٠٠) سەد و سی هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەمینێتەوە، کە بریتی یە لە پانتایی ڕووبەری خاکی کوردستان.

ج- (مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا) لەبارەی ڕووبەری خاکی کوردستان دەنووسێت: (درێژیی کوردستانی گەورە نزیکەی (٧٦٠) میل (١٢١٦) کیلۆمەتر و پانتاییشی نزیکەی (٤٧٥) میل (٧٦٠) کیلۆمەتر دەبێ. ئەم وڵاتە گەورەیە دەکەوێتە بەینی (٣٤، ٣٩) پلەی پانی جوگرافی یەوە (٣٧، ٤٦) پلەی درێژی جوگرافییەوە.

چ- ساڵی (١٩٤٩ز) سەنتەری لێکۆڵینەوەی کورد لە پاریس لە نەخشەیەکی جوگرافیدا، کە بۆ کوردستانی کێشاوە ڕووپێوی کوردستان بە زیاتر لە (٥٠٠٠٠٠کم٢) دەزانێ، نەخشەکە سەرانسەری ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە لە کەنداوی فارسەوە تا ترۆپکی چیای ئارارت و لەودیوەوە تا سەر دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە.

د- نووسەری کوردی دانیشتوی وڵاتی ئەمەریکا (میهردادی یەزدی) لەبارەی ڕووبەری خاکی کوردستان دەنووسێت (ڕووبەری فراوانی خاکی کوردستان دەوروبەری (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار میلی دووجایە، کە تەقریبەن یەکسانە بە ڕووبەری فەڕەنسا هەردوو ویلایەتی کالیفۆرنیا و نیویۆرک).

هـ- نووسەر و سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات (حوسێنی مەدەنی) لە کتێبەکەیدا (کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان) نووسیویەتی (بێ کوردستانی سوریە، سەرجەمی پان و بەرینایی کوردستان دەگاتە (٤٠١٣١١) کیلۆمیتری چوارگۆشە، هەر ئەو ڕەقەمە دەریدەخا کە کوردستان بە یەکێک لە وڵاتانی گەورە و پان و بەرینی ئەم جیهانە دەژمێردرێ).

و- جوگرافیناسی کورد (عەبدوڵڵا غەفور) لە کتێبەکەیدا بەناوی (جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان) دەنووسێت (کوردستان بە ڕووبەری (٥٤٣٠٠٠) پێنج سەد و چل و سێ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانی (٢٤) بیست و چوار ملیۆن کەسە، لە ساڵی (١٩٨٤ز) بە یەکێک لە وڵاتە گەورەکانی باشوری رۆژئاوای ئاسیا دادەنرێ. لە ڕووی سامانی سروشتییەوە بە تایبەت نەوت، وڵات کەمن شان لە شانی بدەن).

هەروەک لەسەرەتاوە وتمان، چونکە کوردستان خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووە، بۆیە ڕووبەرەکەشی نەپێوراوە، هەمیشەش لەلایەن دەوڵەتە زالەکانی سەر کوردستان، هەوڵی بچوککردنەوەی ڕووبەری خاکەکەی دراوە. دەکرێ خاکی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان و ڕای نوسەران و دانیشتوانی ئەمڕۆی کوردستان وەربگرین، بە گریمانە دەستنیشانی بکەین، هەروەها ئەو نەخشانەی بۆ دیاریکردنی کوردستان دەکێشرێن. ڕووبەری خاکی کوردستانی گەورە بە نزیک لە (٥٠٠) پێنج سەد هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشە دابنێین، ئەم ڕووبەرەش زۆر لە ڕووبەری وڵاتی فەرەنسا زیاترە. لەهەمان کاتدا زۆرجار نەخشەی ڕووبەری کوردستان، لەلایەن هەندێ کوردی ناسیۆنالیستەوە دەکێشرێ، یاخود دەخرێتە ڕوو، کە زیادەڕەوی زۆری تێدا دەکرێت، چونکە نەخشەکە ڕووبەرێکی یەکجار فراوان دەگرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێ لەو ناوچانەی دەیخەنە چوارچێوەی نەخشەکە لە ئێستادا کوردنشین نین، یاخود بڵێین خاکی کوردستان نییە، ئەگەرچی ڕۆژگارێکیش بە خاکی کوردستان هەژمار کرابێ. لەهەمان کاتدا زۆر لەو سەرچاوانەی لە وڵاتە زەوتکەرەکانی کوردستانەوە لە بارەی

نەخشەی ڕووبەری کوردستانەوە دەردەچن خاکی کوردستان زۆر بچوک دەکەنەوە، بەشێوەیەک زۆر شار و ناوچەی کوردنشین و مێژوویی کوردستان لە نەخشەی کوردستان دادەبڕن و بە خاکی خۆیانی دەزانن.

ڕووبەری خاکی کوردستان لە هەر چوارهەرێمە سەرەکییەکە لەنەخشەکان دیاری کراون

١- باکوری کوردستان (تورکیا) (٢٢٠٧٣٥) کیلۆمەتری چوارگۆشـــە.

٢- ڕۆژهەلاتی کوردستان (ئێران) (١١٣٠٠٠) کیلۆمەتری چوار گۆشە.

٣- باشوری کوردستان (عێراق) (٧٨٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشـــــە.

٤- ڕۆژئاوای کوردستان(سوریا) (١٨٥٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشـــــە.

ژمارەی دانیشتوانی گەلی کورد لە جیهاندا

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان و ژمارەی کورد لە جیهاندا، هیچ سەرچاوەیەکی ڕەسمی لەبەردەستدا نییە، چونکە کوردستان دابەشی سەر چەندین وڵات کراوە، هەروەها کورد پەڕاگەندەی دەیان وڵات بووە لە سەرتاسەری جیهان. ئەو وڵاتانەی کوردستانیان زەفت کردووە، لە سەرژمێرییە گشتییەکانیان ژمارەی کورد نانووسن، چونکە دان بە بوونی نەتەوەی کورد نانێن. لەهەمان کاتدا ئەو شار و ناوچانەی کە کوردستانن، هەوڵی شێواندنی ژمارەی دانیشتوانیان دراوە. وەک ئەوەی لە سوریا و عێراق بە (عەرەب) کراون، لە تورکیا بە (تورک) کراون، لە ئێران بە هەمان شێوە بە (فارس) کراون. تەنها لە وڵاتی عێراقدا چەند جارێک لە سەرژمێرییە گشتییەکاندا ڕەگەزی نەتەوەیی نووسراوە، بەڵام ئەویش زۆر ناڕەوایی و ساختەکاری تێداکراوە، بەوەی ژمارەی کوردیان کەم کردۆتەوە. بۆیە لە ڕابردوودا ئەو ژمارانەی کەوا لەبارەی نەتەوەی کوردەوە نووسراوە یان باسکراون هیچیان سەرچاوەی ڕەسمی نین، ئەوەی هەیە بیروبۆچوونی نووسەر و سیاسییەکان و جوگرافیناسەکانە. هەروەها لە هەموو ئەو

وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، ئەگەر هاتوو بارودۆخەکە بە ئاراستەی بیری نەتەوەیی و بەرژەوەندی کوردبوون بوو، ئەوە ژمارەی کورد زۆرتر دەبێت لەوەی پێشبینی دەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو دۆخەکە لە بەرژەوەندی کوردبوون نەبوو، ژمارەکە کەم دەبێتەوە. لە سەردەمی گفتوگۆکانی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەم ڕەوشانە بینراوە. هەروەها لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز) و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ساڵی (٢٠٠٣ز) حەشیمەتێکی زۆر کوردبوونی خۆی ئاشکراکرد لە ناوچەکانی نزیک سنوری باشور کوردستانی عێراق لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی. ئێستا لە باکوری کوردستان و ڕۆژئاواش دۆخەکە بەمشێوەیەیە، بۆیە ژمارەی دروستی کورد لە بەردەستدا نییە. بەڵام ئەگەر بێت و بە گریمانە ژمارەی دانیشتوانی هەموو ئەو شار و ناوچە و گوندانە سەرژمێری بکەین، لەگەڵ ئەو هەموو کوردانەی ئاوارە و پەڕاگەندەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوسترالیا بووە، لەگەڵ ئەو ژمارە کوردانەی سەدان ساڵە لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دەژین، دەتوانین کۆی ژمارەی کورد لە سەرتاسەری جیهان لە نێوان (٤٥–٥٠) ملیۆن کەس دابنێین. لە ڕابردوودا زۆر کەس و لایەن لە بیانی و کورد ژمارەی گەلی کوردیان نووسیوە، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوان هەمیشە لە زیادبوونە، بۆیە ئاماژەمان بە ڕای هیچ نووسەر و کەس و دەزگایەک نەدا، تەنها ئەو ژمارانەمان کۆکردەوە و نووسیمان کەوا ئێستا وەک گریمانە و خەملاندنێک بۆ ژمارەی گەلی کورد دەکرێت لە جیهاندا.

ژمارەی کورد بەپێی سەرچاوە میدیاییە کوردی و جیهانییەکان

١- باکوری کوردستان (تورکیا) (٢٥) ملیۆن .

٢- ڕۆژهەلاتی کوردستان (ئێران) (٩) ملیۆن.

٣- باشوری کوردستان (عێراق) (٦) ملیۆن.

٤- ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا) (٣) ملیۆن.

٥- سەرجەم وڵاتانی تری ئاسیا (١) ملیۆن.

٦- سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا (٢) ملیۆن.

سنوری خاکی کوردستان

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان، کە بابەتی سەرەکیمانە لەم کتێبەدا، هەتاکو ئێستا لە کۆنەوە تاکو ئێستا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لەسەر ڕووبەری ئەو خاکە دانەمەزراوە، کە ناوی (کوردستان)ە، بۆیە هیچ ڕووپێویک بۆ دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان نەکراوە، یاخود لیژنەیەکی نێودەوڵەتی دیاری کرابێت لەلایەن لایەنێکی فەرمی سەر بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، تاکو هەڵسێ بە دیاریکردن و پۆلێنکردنی نیشانەکانی سنور لە نێوان خاکی کوردستان و خاکی ئەو وڵاتانەی کە دەبنە هاوسێی کوردستان، هەروەها ئەو وڵاتانەی کوردستانیان زەفت کردووە، یان بەسەریان دابەش کراوە. لەبەرئەوەی دان بە بوونی کورد و خاکی کوردستان نانێن، هیچ دەستنیشانێکی جوگرافییان نییە بۆ لێک جوداکردنەوەی ئەو خاکەی کە پێیدەگوترێ کوردستان لەگەڵ خاکی خۆیان.

ئەوەی هەیە لەبارەی خستنەڕووی سنوری کوردستان، لە کۆنەوە تاکو ئێستا وتەی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و نووسەر و سیاسییە کوردانەیە، کە بە بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆیان سنوری کوردستانیان دەستنیشانکردووە. ئەمەش تەنها وەک بەڵگەی مێژوویی بەکار دەهێنرێت، نەوەک وەک بەڵگەی فەرمی و نێودەوڵەتی. زۆرجار لە نەخشەکانی وڵاتانی عوسمانی و عێراقدا وشە و دەستەواژەی (کوردستان) یان لەسەر نووسیوە، بەبێ ئەوەی هێڵەکانی جوداکردنەوەی نێوان خاکی کوردستان و خاکی دراوسێکانی دەستنیشان بکەن و لە سەر نەخشەکەدا تۆماری بکەن. کەواتە ئەوەی ئێمە لێرەوە دەیخەینەڕوو تەنها بیروبۆچونی گەڕیدە و نووسەر و سیاسییەکان و جوگرافیناسەکانی کوردە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی خاکی کوردستانەوە، کە نەخشەی سنوری کوردستانیان کێشاوە، جا ئەم کێشانە بە نووسین بێت، یاخود بە پێوانەی ئەندازەیی زانستی بێت لەسەر نەخشەدا.

بۆ گەڕانەوەمان بۆ هێنانەوەی ئەم بابەت و سەرچاوانە پۆلێنی سەرچاوەکان دەکەین لە نێوان کورد و نەتەوەکانی تر، لە نێوان کۆن و تازە، بۆ ئەوەی

خوێنەر بەرچاوڕوونی تەواوی هەبێ لەسەر سنوری کوردستان لە کۆن و ئێستادا.

١- سەرچاوە بیانییەکان

ا- (مێجەر ملینگن)ی ئەلمانی لە سەدەی نۆزدەهەم هاتۆتە وڵاتی کوردان و کتێبێکی لەوبارەیەوە نووسیوە بە ناوی (ژیانی سەرەتایی لەنێو کوردان) لە بارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (کوردستان لە باکور لە چیای ئارارات دەستپێدەکات تا سنوری گورجستان، لە باشور تا نزیک بەغداد، لە ڕۆژهەڵاتدا لە سنوری ئێرانەوە تاکو لازستان و ئەنادۆڵ) درێژەی پێدەدات و دەنووسێت

(ئەو سنورە گریمانەییە و تێڕوانینێکی جوگرافییە، ئەگەرنا چەندین ویلایەتی کوردنشین لە ناو ململانێکانی تورکی و ئێرانیدان وە زۆر ناوچەی تری کوردەکان لە فراوان بوون و جێگیر بووندان).

هەروەها دەنووسێت (هێڵی سنوری کوردستان لە قارس و ئەرزەڕۆم و چیای دەرسیم دەستپێدەکات و شۆڕ دەبێتەوە بۆ دیاربەکر و لەوێشەوە درێژ دەبێتەوە تاکو چیای حەمرین).

ب- (مێجەر ئەدمۆنس)حاکمی سیاسی ئینگلیزلە عێراق و کوردستان لە کتێبەکەیدا (کورد و تورک و عەرەب) نووسیویەتی (سنوری باکوری کوردستان بە شوێن ئەو خەتەدا دەڕوات کە بە یەریڤان و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجاندا تێدەپەڕێ، پاشان لە مەڕاشەوە کەوانە ئاسا دەچەمێتەوە و ڕوودەکاتە حەلەب. سنوری لە باکوری رۆژئاواوە بەدرێژایی چیاکانی ڕۆژئاوا دەڕوات. لە وێشەوە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە سنوری کوردستان بە درێژایی زنجیرە شاخەکانی حەمرین دەستپێدەکاتەوە، لەوێشەوە شۆڕ دەبێتەوە و لە نزیک شاری مەندەلی دەگاتە سنوری دەولیی عێراق و ئێران. هەرچی سنوری ڕۆژهەڵاتیشە بەخەتێک لە باشوری ڕۆژهەڵاتی یەریڤانەوە دەستپێدەکات و بەرەو باشور بەرەو ناوچەکانی ماکۆ

و بەشێک لە خووی و ورمێ و مەهاباد و سنە و سەقز تا کرماشان دادەکشێ و دەچێتە سەر ڕێگای سوڵتانییە، کە لە کرماشانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کەرەند، ناوچە کوردنشینەکان لە خزمەکانیان لە (لوڕ و لەک) جیا دەکاتەوە).

پ- (ئادەمسۆن) دەنووسێت (سنوری ئەوپەڕی کوردستان دەگاتە ئەرمەنستانی سۆڤیەت، سنوری باشوری کوردستانیش لە خانەقینەوە لە عێراقەوە تا کرماشان لە ئێران درێژ دەبێتەوە) لەهەمان کاتدا دەنووسێت (کوردە ناسیۆنالیستەکان دەیانەوێت لوڕ و بەختیارییەکان کە لە باشوری ئێراندا دەژین تێکەڵ بە خۆیان بکەن، بەڵام من بە تەواوەتی نەهاتومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لوڕ خۆیان بە کورد دابنێن. کوردە ناسیۆنالیستەکانی جیهان حەز بە زیادەڕەوی دەکەن و دەڵێن کورد لە شێوەی بومیرگ (boomerang) لە کەنداوی ئەسکەندەرۆنەوە لە کەناری دەریای ناوەڕاستی تورکیاوە تا کەنداوی فارس درێژ بۆتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ڕەنگە سنوری ڕۆژئاوای کوردستان (١٦٠) کیلۆمەتر لە کەناری دەریای ناوەڕاستەوە دوور بێت.

ج- (ن.أ.خالفین)ی ڕوسی لە کتێبەکەیدا (خەبات لە ڕێی کوردستاندا) دەنووسێت (کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە، لە ناوەڕاستیدا شاخەکانی کوردستان بەرزبۆتەوە و سنوری بەمجۆرەیە، لە ڕۆژهەڵاتەوە شاخەکانی ئەرمەنستان و ئێران، لە ڕۆژئاواوە زنجیرە شاخەکانی گۆلی ورمێ و گۆلی وان. لە خواروی ڕۆژهەڵاتەوە جەزیرە (میسۆپۆتامیای سەروو) و شاخە نزمەکانی ماردین لە ژوور ڕۆژئاواشەوە بەشێک لە چیاکانی زاگرۆس دەوریان داوە).

چ- (دکتۆر .م.س. لازاریڤ) کوردناسی ڕوسی لە کتێبەکەیدا (کێشەی کورد ١٨٩٧-١٩١٧ز) لەبارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (لەبەرئەوەی کوردستان سنورێکی سیاسیی نییە، بە وردی ڕووبەرە جوگرافییەکەی بزانرێ. کوردستان دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئاسیا، واتە لە نێوان هێڵی بەرینی (٣٤و٤٠)ی باکور و هێڵی درێژی (٣٨و٤٨)ی ڕۆژهەڵاتدایە و

ناوەڕاستی ئەو لاکێشە دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوای دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست و باکوری ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر و کەنداوی فارس).

د- (پرۆفیسۆر یاڤیچ) لە کتێبەکەیدا (کوردستان و مەسەلەی کورد) دەنووسێت (هەرێمە کوردنشینەکان بەمشێوەیە دەستنیشاندەکات، باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا نزیک بە ئەرمەنستانی سۆڤیەت، باکوری ڕۆژئاوای ئێران، باکوری عێراق و ئەوپەڕی باکوری سوریا، بە مەڵبەندی سەرەکی کوردستان دادەنرێت کە کەوتۆتە نێوان جەزیرە و ورمێ و وان. تا ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە لە تورکیا، لە فوراتەوەش تا مورادسو، کە کەوانەی نوێ هەیڤی بەپێت سنوری باشوریەتی درێژ دەبێتەوە. بێجگە لەم شوێنانە کورد لە ناوچەی ئەنادۆڵی تورکیا و کەنداوی ئەسکەندەرۆنە و باکوری سوریا و ئەزەربایجانی فارس (ئێران) و خوراسان و بلوچستانی باکوریش دەژی).

هـ- (ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی ١٨٧٧-١٩٦٦ز) ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کورد) لەبارەی سنوری کوردستانەوە نووسیویەتی: (ئێستا کوردەکان لە خاکێکی فراواندا دەژین، هەر لە سنوری تورکیا و فارس و کوردستانی عێراقەوە هەتا دەگاتە ئارارات، کە خاکیان لە سنوری ئێمە تێپەڕ دەبێ و دێتەوە ناو قەفقاسمانەوە (مەبەستی یەکێتی سۆڤیەتە) کوردەکان لە هەموو زنجیرە چیاکانی ئەرمینیادا لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دەژین و سنووری ژوروویان لە تورکیادا لە پەنای ئەرزەڕوم دا کۆتایی دێت. لە خوارووشدا کوردەکان دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراواندا گرتووە، هەتا دەگاتە کۆتایی دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبار، لە ڕۆژئاواشەوە سنووریان ڕووباری فوراتە، یاخود بە شێوەیەکی تر قەرەسۆ. ئەوان لەو سنوورەدا نەوەستاون، بەڵکو ڕۆشتوون بۆ قوڵایی ئاسیای بچوک و تەنها ناوچەی خواروی ڕۆژهەڵاتی سیواسیان داگیر نەکردووە، بەڵکو هەتا نزیکی قونیە لە کلیکیەدا کۆمەڵی جیاجیایان هەیە، بەمشێوەیە دەگەنە دەریای سپی ناوەڕاست).

و- (كاپتن سی ئێل ولی) لە دوای سەردانێکی بۆ کوردستانی باکوری ڕۆژئاوا نووسیویەتی لە بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥٦٨/٩١٤٧٩/١٤٦٧٧) (بزوتنەوەی نیشتمانیی کورد) (٧ی تەموزی ساڵی ١٩١٩ز). لەبارەی سنوری کوردستان، بەمشێوەیە دەستنیشانی دەکات (خاکی کوردستان، کوردستان وڵاتێکە لە فارس و تەفلیسەوە لەدوای (قەفقاس)ەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەدەنە (باشوری رۆژئاوای ئەنادۆڵ) و لە تەرابزۆن و مەلاتیاوە بەرەو ڕەواندوز).

ز- سنوری کوردستانی گەورە بەپێی بەڵگەنامەی بەریتانیا ژمارە (٣٧١/٣٣٨٦) (FO) لە (١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ز)، بەمشێوەیە نووسراوە (کوردستان ڕووبەرێکی شاخاوی زۆری داگیرکردووە، کە چواردەوری پانتاییەکی بەپیتی زۆری لە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا هەیە و بە درێژایی شاری حەلەب و دەریاچەی ئورمیە لە باکوور، لە ڕۆژهەڵاتی ئورمییە و درێژایی سنوورەکانی ئێران تا دەگاتە (مەندەلی و چیای پشتکۆ) لە ڕۆژهەڵات و لە شارۆچکەی (پیرچەک)ەوە درێژەی هەیە بەرەو باکوری (مەڵاتیە) و تا (ئەرزنجان) بەرەو ڕۆژهەڵات دەبێتەوە تا دەگاتە ڕووباری (ئاراکس) نزیک زنجیرە چیای ئارارات، لەوێشەوە سنوورەکە بەرەو باشوور دەچێ تا لە (وان)ەوە دەگاتە باکوری ڕۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە، لەوێشەوە بە ڕۆخی کەناری ڕۆژئاوای ئەو دەریاچەیە (ئورمیە) بەرەو شارۆچکەی (میاندواب) دەچێ لەوێوە بۆ (خورسلباد) لەوێشەوە دەگاتە (کرماشان)ی ئێرانی، لەوێشەوە دەگاتەوە شارۆچکەی (مەندەلی) کە دەکەوێتە سەر سنووری (عێراق-ئێران) و (٩٠) میل لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدایە.

ح-(کاپتن دەبلیۆ ئارهەی) لە کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستان) لەبارەی خاکی کوردستانەوە دەنووسێت (ناوی (کوردستان) واتە وڵاتی کوردان، کە دەبینی بە پیتی گەورە لەسەر نەخشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نووسراوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هەوڵدا بەدوای سنورەکەیدا بگەڕێ، ئەوە هەرگیز نایدۆزێتەوە، چونکە ئەم دەستەواژەیە بەشێکی گەورەی بەشی سەرەوەی (میزۆپۆتامیا)

دەگرێتەوە، کە ئێستا لە ژێر داگیرکاریی بەریتانیا دایە، بەشێکی گەورەشی دەکەوێتە سنوری ڕۆژئاوای فارس و بە شێکیشی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تورکی، وەک شارەکانی وان و ئەرزەڕۆم و بەدلیس و خەربوت و دیاربەکر. تەنانەت بەشێکی دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا لە باکوری حەلەب).

گ- (کریس کۆچێرا) کوردناسی فەڕەنسی ڕای وایە (وڵاتی کوردستان لە دەریای ناوەڕاستەوە تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە).

ی- (ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی) کە بریتیە لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا، لەبارەی سنوری کوردستانەوە نووسیوویەتی (کوردستان زەوییەکی شێوە لاکێشەییە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لوڕستانەوە درێژبۆتەوە تا باکوری ڕۆژهەڵاتی مەلاتییە، کە درێژییەکەی (٦٠٠) میل (٩٦٠) کیلۆمەتر دەبێت و پانییەکەشی لە (١٢٠-١٥٠) میل (١٩٢-٢٤٠) کیلۆمەتر دەبێت. زۆربەی پانتاییەکەی لە نێوان موسڵ و ئارارات هەڵکەوتووە، کە خۆی لە (٢٥٠) میل (٤٠٠) کیلۆمەتر دەبێت.

ک- دکتۆر گۆنتەر دیچنەر (١٩٤١-٢٠٢٣) رۆژنامەنووس و لێکۆلەری ئەلمانی سەبارەت بە سنوری کوردستان دەنووسێت(ناوچە کوردنشینەکان بە دیاریکراوی دەست پێدەکات لە چیای ئاراراتی تەوراتی لە باکور تاکو دەگاتە کەنداوی فارسی، لە ئەرمینیاوە تاکو دەگاتە کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، لە کەناری رووباری دیجلە وە تاکو دەگات بە ناوچە بەرزایەکانی ئێران.ئەوە وڵاتییانە کەدابەشکراوە خاکی کوردستان)

٢- سەرچاوە تورکییەکان

سالی (١٥١٤ز) شەڕێکی گەورە لە دەشتی (چالدێران)ی نزیک شاری (ورمێ)ی ئێران روویدا، لە نێوان سوپای هەردوو وڵاتی گەورەی ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیمپراتۆریەتی (سەفەوی) تورکی ئێرانیی مەزهەب شیعەی ئیسلام و ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی)ی تورکی مەزهەب سوننی ئیسلام. لە ئەنجامی ئەم شەڕە کوردستان بە واقیعی بووە دوو بەش لە نێوان

هەردوو وڵات، بەشە زۆرەکەی بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت. لەوکاتەوە دەستەواژە و ناوی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی زۆرە، ماوەیەکی زۆریش ویلایەتێکی گەورە ئیمپراتۆریەتەکەیان بەناوی (ویلایەتی کوردستان) بوو. لە نەخشەکانی دەوڵەتی عوسمانییش ناوی کوردستان لە دەمێکەوە دەبینرێ، بۆیە ناوی کوردستان وەک ناوچەیەکی جوگرافی هیچ کێشە نەبووە لەم دەوڵەتە تاکو ڕووخانی لە ساڵی (١٩٢٤ز). سەرەڕای چەوسانەوە و سەرکوت کردنی گەلی کورد، بۆیە لە ئەرشیفی عوسمانییدا زۆر نەخشە هەیە، کە ناوی کوردستانی لەسەرە، هەندێکیان نەخشەی کوردستانیشی وەک سنور دەستنیشان کردووە.

أ- گەڕیدەی تورک (حەیدەر چەلەبی) لە نێوان ساڵانی (١٥١٤-١٥١٨ز) لە گەشتێکدا زۆر وەسفی کوردستانی کردووە، زۆر لایەنی ئەوکاتەی ژیانی کوردەواری تۆمار کردووە.

ب- (ناسیح ئەترەقچی) لەنێوان ساڵانی (١٥٣٤-١٥٣٦ز) پێدەچێ لەگەڵ لەشکرکێشییەکەی (سوڵتان سلێمانی قانوونی) بۆ سەر کوردستانی باشور و عێراقی عەرەبی هاتبێتە کوردستان. کتێبێکی نووسیوە بەناوی (سلێمان نامە) ئەم کتێبە لە ساڵی (١٥٤٥ز) بڵاو کراوەتەوە، لەگەڵ چەند وێنەیەک باسی کوردستان دەکات، هەروەها باسی شارەکانی (ئاڵتون کۆپری و دیاربەکر و کەرکوک) دەکات، سوپاکەی عوسمانییش بەم ڕێگایەدا بەرەو بەغدا ڕۆیشت.

پ- گەڕیدەی بەناوبانگی تورک (ئەولیای چەلەبی ١٦١١-١٦٨٢ز) لە ساڵی (١٠٦٥ی کۆچی) گەشتێکی بە کوردستاندا کردووە، زۆر وەسفی شار و دێهات و دابونەریتی کوردانی کردووە. لە کتێبەکەیدا (سیاحەتنامە) بەمشێوەیە سنوری کوردستانی دەستنیشانکردووە (لای سەرەوە ئەرزەڕۆم و لەوێوە بەرەو وان، هەکاری، جەزیرە، ئامێدی، موسل، شارەزوور، ئەردەڵان، دەماوەند، دەروونە، دەرتەنگ تا بەسرە دەڕوات).

ج- قاموسی ئەعلامی تورکیی عوسمانی (شەمسەدین سامی) ساڵی (١٨٩٦ز) لە بارەی سنوری کوردستان دەنووسێت: (کوردستان لە ڕۆخەکانی هەردوو گۆمی ورمێ و وانەوە تا سەرچاوەی ڕووبارەکانی کەرخا و بالا تا دەگاتە ڕێڕەوی دیجلە و بەرەو باکوری خۆرئاوا بەپێی ڕێ ڕۆیشتنی دیجلە، تا ڕێڕەوی قەرەسو، کە فورات پێکدەهێنێ و لەوێوە بەرەو باکوری خۆرهەڵات تا دەگاتە ئەو هێڵەی جیاکردنەوەی ئاوی دوو حەوزی ئاراس لە لایەک و فورات و دیجلە لە لایەکی ترەوە).

بەم پێیە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا بەشێکی گەورەی ویلایەتی موسڵ، واتە ئەو شوێنانەی لەلای چەپی دیجلە و ویلایەتەکانی وان و بەتلیس و دیاربەکر و مەعموورە تولعەزیز، وەکو پارچەیەکی وڵاتەکە و سەنجەقی دەرسیم بە پارچەیەکی کوردستان دەژمێردرێن. لە ئێرانیش ئەو ویلایەتەی بە (کوردستان) ناودەبرێ، لەگەڵ نیوەی ویلایەتی ئازەربایجان، واتە بەشی باشوری خۆرئاوای کوردستانە.

بەمجۆرە کوردستان، لەلای باکوری خۆرئاوایەوە ئازەربایجان، لە خۆرهەڵاتەوە عێراقی عەجەم و لە باشورەوە لوڕستان و عێراقی عەرەب، لەلای باشوری خۆرئاوایەوە جەزیرە، لەلای باکوری خۆرئاوایەوە هاوسنوری ئەنادۆڵە. لەناو ئەم سنورانەدا، لەناو هێڵی پانیی باکوری (٣٤ و ٣٩ و ٣٧ و ٤٦) ی هێڵی درێژیی خۆرهەڵاتدا درێژ بۆتەوە، سێگۆشەیەکی گەورە و ڕاستتر شێوەی هەرمییەک دەنوێنێ، کە لایە تیژەکەی بەرەو لای باکوری خۆرئاوا وەرگەڕاوە لەو خاڵەوە، کەوا قەرەسو کە فورات پێکدەهێنێ و لەگەڵ چەمی (کوراد)دا بەیەک دەگەن و لەوپەڕی باکوری خۆرئاوادایە، تا سنورەکانی لوڕستان.

لەوانەیە ئەرشیفی عوسمانی زۆر بابەتی زیاتری تێدابێت لەسەر دیاریکردنی جوگرافیا و شوێن هەڵکەوتەی کوردستان و سنورەکەی، بەڵام هەتاکو ئێستا وەک پێویست لێکۆڵەرەوانی کورد بەدواداچونیان بۆ نەکردووە.

٣- سەرچاوە فارسییەکان

لە کۆنەوە (کورد) و (فارس) هەمیشە هاوسێ و نزیکی یەک بوونە، زۆربەی کات بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە بووە، کە ناوی جۆراوجۆری لەخۆی ناوە، بەڵام بە سەرزەمینی ئێرانی ناسراوە. لە ئێستاشدا بەشێکی گەورەی کوردستان، کەوتۆتە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە، کە ناوی (کۆماری ئیسلامیی ئێران)ە. هەروەها لەسەردەمی (قاجارییەکان)ەوە بەشێک لە خاکی (کوردستانی ڕۆژهەلات) کەوتۆتە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران بە ناوی ویلایەت، یان ئوستان، یاخود (پارێزگای کوردستان) ناسراوە. بۆیە لە کۆنەوە ناوی کوردستان وەک دەستەواژەیەکی جوگرافی لەناو ئەدەبیاتی سیاسی و جوگرافی فارسی و ئێرانیدا ناسراو و بڵاوە.

أ- (حەمەدالله مستەوفی قەزوینی ١٢٨١-١٣٤٨ز) گەڕیدە و جوگرافیناسی فارسی لە کتێبەکەیدا (نزهة القلوب) لە بارەی کوردستانەوە دەنووسێت (کوردستان لە (١٦) ویلایەت پێکهاتووە، بە ویلایەتەکانی عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکرەوە نووساون) .

ب- (حەسەن ئەرفع) سەرلەشکری ئێران لە ساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٦ز) لە کتێبەکەیدا (گەلی کورد) لە بارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (لە ڕۆژهەڵاتەوە دیارە بە شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس تا دەریاچەی ڕەزائیە (ئورمییە-ورمێ) لەگەڵ بوونی ئازەری لە دەورووبەری شاری ڕەزائیە. دەڕوات بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەو خەتەی کە بە ناوەڕاستی ناوچەکەدا دەڕوات لە نێوان هەردوو بەری سنە و هەمەدان و کرماشان و هەمەدان، بەڵام بۆ باشور، ئەو هەرێمە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو خەتە نزیکەی، کە کرمانشان و کەرکوک بەیەک دەگەیەنێت. لەوێ دەڕوات بۆ دەرەوەی شاری موسڵ، لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ ماردین و وێرانشار و ئورفە. لە پاشان ئەم هێڵە ڕوو لە باکوور دەکات بۆ مەلاتیا، لەوێشەوە بۆ ڕووباری فورات، هەتا دەگاتە کەمالیا. لەوێ هەرێمەکە لە باکور دیاری دەکات بە زنجیرە چیای مەرجان داغ و خرخال داغ، کە هاوتان و درێژ دەبنەوە بۆ باشوری ناوچەی

ئەرزنجان و ئەرزەڕۆم، تاکو دەگاتە ناوچەی چیای ئاگری داغ (ئارارات) بەمشێوەیە تێکەڵییەک لەو ناوچە سنورییە دەبێت، لە نێوان تورک لە باکور و کورد لە باشور). هەروەها زۆر کورد لە دەرەوەی ئەو سنوورە دەژین کە باسمان کرد.

پ- (شەمیمی هەمەدانی) لە کتێبەکەیدا (جوگرافیای کوردستانی ئێران) لەبارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (کوردستان لەباری ڕەگەزییەوە مەڵبەندێکی پان و بەرینە، کە سنوری باکوری و جنوبی فەلاتی ئەرمەنستانە و سنوری جنوبیشی دەرەی چۆمی دیالەیە، کە یەکێکە لە لق و پۆپەکانی دیجلە. درێژایی کوردستان لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکوری رۆژئاوا (٦٠٠-١٠٠٠) کیلۆمەترە و پانایيشی (١٢٠-١٤٠) کیلۆمەترە و تا (٤٨) دەرەجەی ڕۆژهەڵاتی ڕاکشاوە. ئەم مەڵبەندە بەرفراوانەی لە نێوان سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا دابەشکراوە.

٤- سەرچاوە ئیسلامی و عەرەبییەکان

سەرهەڵدان و هاتنی ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینییەوە، بۆ ناوچەکانی عێراقی ئەمڕۆ و شام و سەرزەمینی ئەوکاتەی ئێران. ڕووخانی (ئیمپراتۆریەتی ساسانی) کەوا هەندێ سەرچاوەی مێژوویی، کورد بە بەشێکی سەرەکی ئەم ئیمپراتۆریەتەی دەزانن. پاشان دامەزراندنی (دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیی ئەمەوی) و دوای ئەویش (دەوڵەتی عەباسی) کورد و کوردستان بوون بە دوو پارچەی دانەبڕاو، هەم وەک میللەت لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییانە، هەم خاکەکەشی وەک بەشێک لە خاکی ئەم دەوڵەتانە هەژمار دەکرا. چەندین گەڕیدە و جوگرافیناس و مێژوونووس هەڵکەوتوون، هەریەکەی بە شێوەیەک ناوی کورد وەک نەتەوە و میللەت، یان وڵات وەک وڵاتی کوردانی لە نووسراوەکانی خۆیان تۆمار کردووە، بۆیە زۆرترین سەرچاوەی کۆن لەبارەی تۆمارکردنی ناوی کورد و کوردستان سەرچاوە ئیسلامی و عەرەبییەکانن. بۆیەش لێرە سەرچاوەکەمان بەناوی سەرچاوە ئیسلامی و

عەرەبییەکان تۆمارکرد، چونکە زمانی نووسینی ڕەسمی ئاینی ئیسلام بەزۆری بە (زمانی قورئان) بووە، کە (زمانی عەرەبی) بووە. لێرەدا باس لەو جوگرافیناسانە ناکەین، کە بە نەخشە خاکی کوردانیان دیاریکردووە، بەڵکو ئەوان لە بەشی چوارەم دەخەینە ڕوو. لێرەدا تەنها نووسینی ئەوانە دەخەینە ڕوو، کە بە نووسین باسیان لە سنوری کوردستان کردووە.

أ- (ئەبو فیدا ١٢٧٣-١٣٣١ز) جوگرافیناس و گەڕیدەی ئیسلامی لە کتێبەکەیدا (تقویم البلدان) سەبارەت بە وڵاتی کوردان دەنووسێت: (ئەم وڵاتانە بەدوای سنوری خوزستانی عێراق و چیا و جەزیرە و ئەرمینیا و موکان و ئازەربایجان دێن، یەکێتی کارگێڕی نەتەوەیی نییە).

ب- (موفتی عەبدولسلام ماردینی) یەکێ لە زاناکانی سەدەی حەڤدەهەمە لە مێژووی (ماردین)دا، لەبارەی سنوری کوردستان نووسیویەتی (وڵاتی کوردان شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەمشێوەیە لە دەریای هورمزەوە تاکو دەوروبەری مەڵاتیە و مەرعەش درێژدەبێتەوە).

پ- (جەرجیس جوبرائیل هومی) لە کتێبەکەیدا (القومیات العراقیة ماضیها وحاضرها) دەنووسێت وڵاتەکەیان بەناوی (کوردستان لە باکورەوە دەست پێدەکات بە هێڵی یەریڤان -ئەرزەڕوم - ئەرزنجان ئەو کەوانەیە دەڕوات لە ماراش، یان ماراس تاکو حەلەب. لە ڕۆژئاواوە بانی چیاکانی باکوری دیجلە دەڕواتە خوارەوە تاکو باکوری چیای حەمرین، لەوێشەوە بۆ مەندەلی. ئەمە لە بەری باکور و باشوری ڕۆژئاواوە، بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی لە یەریڤان و باکۆ و بەشێک لە کۆی (خووی) و ڕەزائیە (ورمێ) و مهاباد (ساوج بڵاق) و سەقز و سنە، تاکو کرمانشان بە ڕێگای کرند و مەندەلی. بەمشێوەیە تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵات).

ج- (فایەق سامەڕائی) سیاسی و نووسەری عەرەبی عێراقی کاتێ پەناهەندە بوو لە قاهیرە بەرهەڵستکاری حکومەتەکەی (عەبدولکەریم قاسم) بوو لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو. لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر کێشەی

کورد لەبارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (سنوری کوردستان لە باکورەوە لەشێوەی کەوانەیە و بە یەریڤان و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجاندا تێپەڕ دەبێت، لەپاشان لە شاری مەراشەوە ڕوودەکاتە حەلەب، لە باشوری ڕۆژئاواشەوە سنوری کوردستان لە بناری گردەکاندا تێدەپەڕێ تا دەگاتە ڕووباری دیجلە، پاشان لە ڕۆژڵاتی ڕووباری دیجلەوە ڕوودەکاتە مەندەلی لە نزیک سنوری دەولیی نێوان عێراق و ئێران).

چ- (دکتۆر شاکر خسباک) توێژەری عێراقی، چەندین کاری توێژینەوەی لەسەر نەتەوەی کورد ئەنجام داوە، لەبارەی سنوری کوردستان دەنووسێت: (ئەگەر لوڕەکان بە کورد دابنێین، هەروەکو زۆر لە بەڵگە مێژووییەکان و زمانەوانیەکان بە کوردبوونیان دەردەخەن، سنوری کوردستان بە درێژایی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس تا سەر کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە) د.خسباک درێژە بەباسەکەی دەدات و دەنووسێت (کە وابوو کوردستان وڵاتێکە سنورێکی سروشتی هەیە و دانیشتوانەکەی ڕەگەزێکی تایبەتیان هەیە، هەرچەندە سنورێکی دەولییان نی یە).

د- (ئەمین غەمراوی) لە کتێبەکەیدا (قصة الاکراد في شمال العراق) دەربارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (دەتوانرێت کوردستان بەو ناوچە شاخاوییە دەستنیشان بکرێت، کە دەکەوێتە باشوری چیای ئارارات لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت. ئەم ناوچە شاخاوییە لە نیوەی مەسافەی نێوان دەریای قەزوێن و دەریای ڕەشەوە دەستپێدەکات و بەرەو ئازەربایجانی ئێران و کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت درێژ دەبێتەوە و بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەگرێتەوە، لەوێشەوە بەرەو باشور دادەکشێ تا دەگاتە سنوری باکوری دورگەی عەرەب، باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، ڕۆژئاوای ئێران. لە باشوریشەوە بە خەتێک کۆتایی دێت، کە لە شاری مەندەلیی عێراقەوە تا شاری کرمانشان دەکێشرێ).

٥- سەرچاوە کوردییەکان

نەتەوەی کورد چونکە خاوەن دەوڵەت نەبووە، نەیتوانیوە هیچ نەخشەیەکی وڵاتەکەی بە شێوەیەکی دروست و ئەندازەیی بۆ سنوری وڵاتەکەی بکێشێ، یاخود سنوری دەوڵەتەکەی لەلایەن لیژنەیەکی ڕەسمی نێودەوڵەتییەوە بکێشرێ. ئەوەی هەیە لە کورد، تەنها تێڕوانین و گریمانەی نووسەر و مێژوونووس و جوگرافیناس و سەرکردە سیاسییەکانیەتی، لەسەر ڕووبەر و فراوانی خاکی وڵاتەکەیان و سنورەکانی. زۆربەی سەرچاوە کوردییەکانیش پشتیان بە بیروبۆچوونی ئەو سەرچاوانە بەستووە کەوا باسیان لە سنوری کوردستان کردووە، جا سەرچاوەکان بیانی بن، یاخود هی ئەو وڵاتانە بن کە بەسەر کوردستاندا زاڵن . لەلایەکی تر لەبەر نەبوونی خوێندن و خوێندەواری لە کۆنەوە بە زمانی کوردی، وایکردووە کەمتر نووسەر و زانای بوارەکانی جوگرافیا و مێژوو پەیدا ببن و باس لە جوگرافیا و مێژووی وڵاتەکەیان کە کوردستانە بکەن. کۆنترین سەرچاوەی نووسراوی کوردی، کە باس لە سنوری کوردستان دەکات کتێبی (شەرفنامە)ی (میر شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣-١٦٠٤ز)یە ،کە بەزمانی فارسی لە ساڵی (١٥٩٧-١٥٩٩ز) نووسیوویەتی، ئەوەی تر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی نوێ. دوای جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨ز) لەگەل هەڵوەشانەوەی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەش بوونەوەی بەسەر چەندین وڵاتی تر کە کوردستان لەم دابەش بوونە هیچی وەک ناو و دەستەواژەی خۆی بەرنەکەوت، بەڵکو خۆی بووە زیاتر لە پێنج بەش و بەسەر وڵاتانی تردا دابەشکرا. لێرەدا ڕای نووسەران و سیاسییەکانی کورد وەردەگرین لەسەر سنوری کوردستان.

یەکەم: نووسەرەکان

لە کۆنەوە کۆمەڵێک مێژوونووس و نووسەر باسیان لە جوگرفیا و سنوری خاکی کوردستان کردووە، کەوا لێرەدا بۆچوونی هەموو ئەوانە دەخەینەڕوو کە دەستمان کەوتوون.

أ- (شەرەفخانی بەدلیسی) مێژوونووسی گەورەی کورد، لە کتێبەکەیدا (شەرەفنامە) لەبارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (کەوشەنی وڵاتی کوردان کە ناوی کوردستانە، لە سەر لێواری دەریای هورمزەوە، کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە دەستپێدەکات و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرعەش دەبڕێتەوە. وڵاتی فارس و عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی بچکۆڵە و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە ئەو خەتە، عێراقی عەرەب دەکەوێتە باشوری ئەو سنورە) .

ب- (محەمەد عەلی عەونی ١٨٩٨-١٩٥٢ز) لەو پێشەکییەی کە بۆ کتێبی (شەرەفنامە)ی بەزمانی عەرەبی نووسیووە، سنوری کوردستان بەمشێوەیە دەستنیشان دەکات (کوردستان لە شیمالەوە دەگاتە چیای ئارارات، کە ئەو چیایە لەمپەرێکی جوگرافی و سیاسی نێوان ئێران و ڕوس و تورک و سنووری نیشتمانی و ڕەگەزایەتی کورد و فارس و ئەرمەنە).

(لە جنوبەوە دەگاتە جەبەل حەمرین، کە لە نێوان عێراقی عەرەب و (ویلایەتی بەغدا و بەسرە) و عێراقی کورد و یان کوردستانی عێراق -ویلایەتی موسل- دایە).

ڕۆژهەڵاتەکەی: لەوسەری لوڕستانەوە دەست پێدەکات.

ڕۆژئاوای: دەگاتە ویلایەتی مەلاتیە لە تورکیا.

بەوپێیە: هەموو ویلایاتی شەرقی تورکیای ئاسیا، جگە لە ویلایەتی ترابزۆن و بەشێک لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم، کورد لە ناو سنوری کوردستان هەڵکەوتووە، هەروەها بەشی باشوری ئێستای ویلایەتی تەورێز و هەموو ویلایەتی کوردستان و لوڕستان لە ئێران دەکەونە سەر کوردستانی مەزنەوە.

پوختەی سنوری ئاوایە،لە باکورەوە کۆماری ئەرمەنستانی بەردەست روسیا. لە ڕۆژهەڵاتەوە ئازەربایجانی ئێران و عێراقی عەجەم و مەڵبەندی فارس، لە باشورەوە خوزستانی ئێران و عێراقی عەرەب و چۆڵی(بیابان) شام (لیوای دێرزور) لە خۆرنشینەوە چەمی فورات برێک لە ویلایەتی شەرقی لە ئەنادۆڵ.

پ- (محەمەدئەمین زەکی بەگ ١٨٨٠-١٩٤٨ز) مێژوونووسی گەورەی کورد لە کتێبەکەیدا(خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) لە بارەی دیاریکردنی سنوری کوردستان بەمشێوەیە دەنووسێت (لە باکورەوە چیاکانی ئارارات و سنوری ویلایەتی کەرچ واتە هێڵی درێژی (٤٢-٤٣)ی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو کارس و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و دێرسیم لە ڕۆژئاواوە. لە دێرسیمەوە بەرەو خارپوت و دیاربەکر، لەوێشەوە بەدرێژایی ڕووباری دیجلە تا چیای حەمرین، کە ئەم زنجیرە شاخە سنوری باشوریەتی، سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عوسمانی ئەو زنجیرە شاخەیە کە دەکەوێتە نێوان سنوری ئێرانی و عوسمانی. کورد لە سنوورەکانی باکور و ڕۆژئاوای کوردستانی عوسمانیدا لەگەڵ تورک و ئەرمەن و عەرەب لە باشورەوە لەگەڵ عەرەب تێکەڵن) دەربارەی سنووری کوردستانی ئێران دەنووسێت (زانیارییە ڕەسمیەکان و لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە هەموو ویلایەتەکانی لوڕستان و کرماشان و ئەردەڵان و ناوچەی موکری و ساوجبولاق و باشوری ڕۆژهەڵات و باشوری ویلایەتی ئازەربایجان بە تەواوی کوردنشینن، جگە لەمەش زۆربەی زۆری دانیشتوانی قەزای (خوی) کە دەکەوێتە ویلایەتی ئازەربایجان و قەزاکانی سەڵماس و ئورمیە و ماکۆ کوردن).

ج- (بڵەچ شێرکۆ) کە زۆر کەس گومانی ئەوە دەکات (محەمەد عەلی عەونی) بێت لە کتێبەکەیدا (کێشەی کورد، مێژینە و ئێستای) لەسەر سنوری کوردستان دەنووسێت (کوردستان، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە، لە زەریاچەی -ورمێوە دەست پێدەکات، تا لای مەلاتیە لە باشوور و خۆرئاوا، درێژایی دەگاتە نزیکەی (٩٠٠) نۆسەد کیلۆمەتر و پاناییشی لە نێوان (١٠٠-٢٠٠) کیلۆمەتردایە، وڵاتێکی شاخاوییە و دەکەوێتە نێوان هێڵی (٣٤-٣٩)ی پانایی و نێوان(٣٧ و ٣٦) درێژایی.

لە عێراق و لەوێوە بۆ خوارووی لوڕستان و شاخەکانی بەختیاری و زاگرۆس، کە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای ئێران. لەوێوە درێژ دەبێتەوە تا

دەگاتە ویلایەتی مەلاتیە لە تورکیا. بەم پێیە درێژیی کوردستانی گەورە نزیکەی (٧٦٠) میل (١٢١٦) کیلۆمەتر و پانتاییشی نزیکەی (٤٧٥) میل (٧٦٠) کیلۆمەتر دەبێ. ئەم وڵاتە گەورەیە دەکەوێتە بەینی (٣٤،٣٩) پلەی پانی جوگرافییەوە و (٣٧،٤٦) پلەی درێژی جوگرافییەوە).

چ- (محەمەد مەردۆخی کوردستانی) مێژوونوس لە کتێبەکەیدا (مێژووی کورد و کوردستان) لە بارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (سنووری کوردستان لای سەرەوە ئەرمەنستان، لای ڕۆژهەڵات ئازەربایجان و زنجیرە شاخی زاگرۆس. لای خوارەوەی عێراقی عەرەب (بابلستان) لای رۆژئاوا ڕووباری فورات و وڵاتی ئاسیای بچووک. هەندێکی تر لە مێژوونووسەکان سنوری کوردستانیان بەمشێوەیە دیاری کردووە، لای سەرەوە چیاکانی ئاگری داغ و ئارارات، لای ڕۆژئاوا ڕووباری فورات تا سنوری شاری بەغدا، لای خوارەوە سنوری سەرەوەی بەغدا عێراقی عەرەبی ،لای ڕۆژهەڵات سنوری خوزستان و پارس و زنجان و ورمێ و خوی و ماکۆ).

د- (کەریم زەند) نووسەر و گەڕیدە لە بارەی سنوری کوردستان دەنووسێت:

- لە باکورەوە: ئەرمەنستان، ئەرزەڕۆم و قارس.
- لە ڕۆژهەڵاتەوە: ئازەربایجانی ئێران، ناوچەی هەمەدان، ئەسفەهان و فارس.
- لە باشورەوە: خوزستان و عێراقی عەرەب، شاخی حەمرین، لیوای دێرەزور.
- لە ڕۆژئاواوە: ڕووباری فورات، هێندێ ناوچەی ئەنادۆڵ، قوڵگەی ئەسکەندەرونە.

ئەو زنجیرە چیایەی، کە لە قەوقاس و ئارارات درێژ دەبێتەوە تا نزیکی کەنداوی فارس بە ناوەندی کوردستاندا کشاوە وەک تیرەیەک کوردستانی کردووە بە دوو هەرێمەوە. هەرێمی ڕۆژهەڵات و هەرێمی خۆرنشین، هەرێمی ڕۆژهەڵات بریتیە لە: ١- ناوچەی باکور (نێوانی گۆمی ورمێ و ڕیزە

چیاکانی سنور) ٢- ناوچەی موکریان. ٣- ناوچەی ئەردەڵان. ٤- کرماشان. ٥- لوڕستان. ٦- لەکستان.

هەرێمی خۆرنشین بریتیە لە:

١- ناوچەی ئەرزەڕۆم. ٢- ناوچەی بەتلیس. ٣- ناوچەی دیاربەکر. ٤- ناوچەی وان. ٥- ناوچەی مەعمورەی عەزیز. ٦- بادینان. ٧- سۆران. ٨- بابان. ٩- ناوچەی فەیلییەکان (خانەقین و مەندەلی تا هێڵی بەدرە و زورباتییە). ١٠- ناوچەی دیجلە و قامیشلی. ١١- ناوچەی ئەسکەندەرونە کە سێ قەزایە (ئەسکەندەرونە، چل خان و ئەنتاکیە).

دووەم: سیاسییەکان

زۆر لە سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی کورد، ئەوانەی نووسینیان هەیە، هەریەکەی بە شێوەیەک باسی لە جوگرافیا و سنوری کوردستان کردووە، کەوا لێرەدا دەیانخەینە ڕوو .

أ- (دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو ١٩٣٠-١٩٨٩ز) سەرکردە و سیاسەتمەداری دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کتێبەکەیدا (کوردستان و کورد) لە بارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (لە شیمالی ڕۆژهەڵاتی لوتکەی ئاراراتەوە خەتێکی ڕاست دەستپێدەکات، بەرەو جنووب بۆ بەشی جنووبی زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لەوێڕا خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری موسڵ لە عێراق، لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا، کە لە موسڵەوە دەگاتە بەشی تورک نشینی ویلایەتی ئەسکەندەرون و لەو نوختەوە خەتێک بۆ لای شیمالی ڕۆژهەڵات ڕادەکێشێ، تا دەگاتە ئەرزەڕۆم لە تورکیا. پاشان لە ئەرزەڕۆمەوە خەتێک بەرەو ڕۆژهەڵات دێ تا دەگاتەوە لوتکەی ئارارات.

ب- (دکتۆر عەزیز شەمزینی) لە کتێبەکەیدا (جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان) لە بارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (سنوری کوردستان لە ڕۆژئاوادا لە کورداخەوە "سوریا" دەستپێدەکات و لە ناوچەکانی کیلیس،

مەراش، بستان و لیویرکدا تێدەپەڕێ و ڕوو دەکاتە باکور تا ڕووباری کیلیکت و مارابە و بەرەو دەریای ناوەڕاست. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لە شارەکانی بایبورد و تۆڵتی یەوە دەستپێدەکات. بە خوارووی ڕۆژهەڵاتی قارس و لێواری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێدا تێدەپەڕێ، لوڕستان و ناوچەی بەختیارییەکان دەبڕێ، تا دەگاتە سنە و کرمانشان. لە باشوردا لە لوڕستانەوە دەستپێدەکات و ڕوو دەکاتە باکوری ڕۆژئاوا و بە خانەقین و کفریدا تێدەپەڕێ تا دەگاتە نزیک چیای حەمرین، لەوێدا ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوا و بە ناوچەکانی خوارووی چیای شنگاردا تێدەپەڕێ، فورات دەبڕێ و لە شاری تەڕابلس و خوارووی کورداخ نزیک دەبێتەوە تا لە سەرووی ئەسکەندەرون دا دەگاتە دەریای ناوەڕاست.

پ- (جەلال تاڵەبانی ١٩٣٣-٢٠١٧ز) سەرکردەی سیاسی دیاری کورد لە کتێبەکەیدا (کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد) لەبارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (کوردستان بڕبڕەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، خەتی سنورەکەی لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لە چیای ئاراراتەوە دەست پێدەکات و ڕووەو پشتکۆ بەرەو خوار دادەکشێ و ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە. لە باشوریشەوە کوردستانی عێراق لە مەندەلی یەوە شان بە شانی چیای حەمرین دەڕوات، تا دەگاتە سەر ڕووباری دیجلە لەوێشەوە دەتوانین خەتێکی ڕاست بکێشین بەرەو لیوای ئەسکەندەرونە، لەوێشەوە خەتی سنور بەرەو ئەرزەڕۆم و لوتکەی چیای ئارارات درێژ دەبێتەوە.

ج- (جەواد مەلا) سیاسی کوردی سوریا بەمشێوەیە باس لە سنوری کوردستان دەکات (بە پشت بەستن بە نووسینی ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسان درێژ دەبێتەوە لە کەنداوی فارسی، هەتا دەریای قەزوێن هەموو لوڕ و بەختیاری لە قوڵایی باشورە. دوایی بۆ باکور ئیلام و کرمانشان و هەمەدان و خەتی سنووری کوردستان ڕوودەکاتە باکوری دەریای قەزوێن. بەرەو ڕۆژئاوا نزیک دەریای ڕەش چیای ئاگری (ئارارات) دەبڕێ وە هێڵی چەماوەی درێژ بۆوە لە ترابزۆن لەسەر کەناری دەریای ڕەش بە

ئاراستەی ئەدەنە و ئەسکەندەرونە لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست دەڕوات، کە سنوری کوردستانە لە باکور و ڕۆژئاوا، بەڵام سنوری باشوری کوردستان سێ گۆشەیەک وەردەگرێ و سوچێکی لە ئەسکەندەرونە دەستپێدەکات بە هێڵێکی ڕاست تا موسڵ. سوچی دووەم لە موسڵەوە دەست پێدەکات تا کەنداوی فارس بە مەندەلی و بەدرەو زورباتیە و کوت لە باشوری بەغدا تێدەپەڕێ.

چ- د. مکرم طالبانی سیاسەتمەداری کوردی عێراق لە بارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (کوردستان دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیایی ئارارات لە باکوری رۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس وپشتکۆ لە باشور وە چیای حەمرین بە ئاراستەی موسڵ ئەوجا لە کورداغ وقامیشلو لە سوریا و لەوێوە بۆ لیوای ئەسکەندەرۆنە و ئەرزەڕۆم وچیایی ئارارات لە تورکیا.

سێیەم: جوگرافیناسەکان

لە ئێستادا چەندین پسپۆڕی بواری جوگرافیا لە کوردستان پەیدا بوون. ئەوان بە شێوەیەکی زانستی و ورد بابەتە جوگرافییەکانی کوردستانیان خستۆتە بواری لێکۆڵینەوە، بۆیە دەستنیشانکردنەکانی ئەوان بۆ سنور و ڕووبەری کوردستان لە هەموان زانستی تر و بەڵگەدار ترە. لێرەدا دەستنیشانکردنەکانی بەشێک لەوان بۆ سنوری کوردستان دەخەینەڕوو.

أ- (د.فوئاد حەمە خورشید) لەبارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت (کوردستان هەرێمێکی گەورە و بەرینی خۆرئاوای ئاسیای تەنیوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەوپەڕی باکورەوە، هەر لە لینینکان و ئەرمەنستانی شورەوی و قارس و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و سیواس و مەرعەشەوە دەگرێتەوە، تا لە باشوری خۆرئاوایەوە بە عفرین و جبل الاکراد، سنوری نێودەوڵەتی نێوان تورکیا و سوریەدا دەڕوات و لە ڕووباری دیجلەوە دەپەڕێتەوە و شان بە شانی خۆرهەڵاتی زورگەکانی حەمرین تێدەپەڕێ، تا لە خۆرهەڵاتی عەرەبستانەوە بە سنورەکانی باکوری کەنداوی عەرەب

دەگات. ئەوپەڕی خۆرهەڵاتیشی دەگاتە خۆرهەڵاتی ڕووباری ئاراس، ماکۆ، خۆی، ڕۆخەکانی خۆرئاوا و باشوری گۆلەکەی ورمێ، چیای سەهەند (کە کەوتۆتە باشوری مەراغە) و لەوێشەوە وەکو هێڵێکی پێچاوپێچ بە دێهات و شارۆچکەی ئەحمەدئاوا، مەسیر ئاباد، بێجار و ئەسەدئاوا (کە کەوتۆتە خۆرئاوای هەمەدان) کارێز، عەلی چادەر، شارکورد و (لە خۆرئاوای ئەسفەهانەوە) بە شار کوردیشدا بەرەو باشور دەڕوات، تا شاری کەزەیرون و بەندەر دەیلەم و حەساری لیبە کۆتایی دێت).

ب- (د.عەبدوڵڵا غەفور) بەمجۆرە سنوری کوردستان دەستنیشان دەکات (کوردستان لە باکورەوە لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیادا هاوسنورە. لەباشورەوە لە تەک ئێران و عێراق و کەنداو، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئازەربایجانی ئێرانی و فارس، لە ڕۆژئاواشەوە هاوسنوری عێراق و سوریا و کەنداوی ئەسکەندەرونەیە. درێژایی کوردستان لە باکورەوە بۆ باشور (١٣٠٠) کیلۆمەترە و پانابییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا دەوروبەری (٥٥٠) کیلۆمەترە).

پ- (دکتۆر ئازاد نەقشبەندی) لە بارەی سنوری کوردستانەوە دەنووسێت:

١- کوردستان لە شێوەی سێگۆشەیەکی وەستاوی ناڕێکدایە. ئەو خەتەی ویلایەتی ئەسکەندەرونەی سەر دەریای ناوەڕاست بە شاری لینینکانەوە لە کۆماری ئەرمەنستان دەبەستێتەوە، بنکەی ئەو سێگۆشەیە پێکدێنێ. ئەو خەتەی لینینکان بە کەنداوی فارسەوە دەبەستێتەوە خەتە وەستاوە گەورەکەیەتی و ئەو خەتەی کەنداوی فارس بە ویلایەتی ئەسکەندەرونەوە دەبەستێتەوە، ژێی سێگۆشەکەیە، بەم پێیە کەنداوی ئەسکەندەرونە و شاری لینینکان و کەنداوی فارس هەرسێ سوچی ئەو سێگۆشەیە پێکدێنن.

٢- خەتی بنکەکەی ئەم سێگۆشەیە لە ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی ئەسکەندەرونەوە دەستپێدەکات، بەرەو باکور هەڵدەکشێت، لەگەڵ خەتی درێژی (٣٦،٣٠)ی ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، تا دەگاتە خەتی پانی (٣٨)ی

باکور، لەوێشەوە ڕوو دەکاتە باکوری ڕۆژهەڵات تا دەگاتە ڕووباری کلیکیت، لە نزیک خەتی درێژی (٣٨)ی ڕۆژهەڵات. لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات تا دەگاتە شاری لینینکان لە کۆماری ئەرمەنستان. بەم پێیە ئەم خەتە سنورە مەراش، مەلاتیە، دفریگی، ئەرزنجان، ئەرزەڕۆم و کارس دەگرێتەوە.

٣- خەتە وەستاوە گەورەکەی ئەم سێگۆشەیە لە لینینکانەوە دەستپێدەکات بەرەو باشور و ڕۆژهەڵات و تا بەندەری دەیلەم لەسەر کەنداوی فارس دادەکشێ. ئەمەش شارەکان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئاچۆڕیان لە کۆماری ئەرمینیا و خۆی و ڕۆخەکانی رۆژئاوا و باشوری گۆلی ورمێ و ڕۆژهەڵاتی مەهاباد و سنە و کرماشان و شارکورد و چارام دەگرێتەوە.

٤- خەتە ژێیەکەی ئەم سێگۆشەیە لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکوری ڕۆژئاوا درێژبۆتەوە. واتە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کەنداوی فارسەوە لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبستانەوە بەرەو باکور دەڕوات تا شاری دیزفول، لەوێشەوە بەرەو باکوری ڕۆژئاوا دەڕوات تا دەگاتە سنوری دەولیی نێوان عێراق و ئێران لە نزیک شاری بەدرە. لە وێشەوە بەرەو مەندەلی و شارەبان و لەگەڵ زنجیرە چیای حەمرین دەکشێت تا لە ڕووباری دیجلە دەپەڕێتەوە. لە ڕۆژئاوای دیجلەوە لەگەڵ چیای مەکحول و شنگار درێژ دەبێتەوە تا سنووری دەولیی نێوان عێراق و سوریا و تورکیا، ئیدی لەگەڵ خەتی ئەم سنوورەدا بەرەو باکوری شاری حەلەب و ویلایەتی ئەسکەندەرونە دەڕوات. شارەکانی سوران و ئازاز و ئەفرین و چیای کوردان (جبل الاكراد) دەگرێتەوە.

٥- لەسەر بنەڕەتی ئەو راستیانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین کوردستان دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، لە نێوان خەتی پانی (٣٠ تا ٤١) پلەی باکور و خەتی درێژی (٣٦ تا ٥١) پلەی ڕۆژهەڵات بەسەر تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و ئەرمەنستاندا دابەشکراوە و ئەم شوێن و ناوچانە دەگرێتەوە.

١- ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

٢- هەموو ڕۆژئاوای ئێران جگە لە خوزستان.

٣- باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق.

٤- سوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوای سوریا.

٥- ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئاچوڕیان لە ئەرمەنستان.

ج- د. ابراهیم شێخ محمود لە بارەی سنوری کوردستان دەنووسێت (لە باکوری رۆژهەڵاتی لوتکەی شاخی ئاراراتەوە خەتێکی ڕاست دەست پێی ئەکا، بەرەو باشور بۆ بەشی باشوری زاگرۆس وپشتکۆ دێتەخوارەوە، لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆ لای رۆژئاواوە ڕائەکێشین هەتا ئەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق، لەوێوە بە خەتێکی ڕاست کە لە مووسڵەوە دەسپێئەکات دەگاتە ولایەتی ئەسکەندەروونە، لەوێوە بە خەتێک بۆ لای باکوری ڕۆژهەڵات ڕائەکێشین تا ئەگاتە ئەرزڕۆم لە تورکیا، پاشان لە ئەرزڕۆمەوە خەتێک بەرەو ڕۆهەڵات تا ئەگاتە شاخی ئارارات.

ئەنجام بە هێنانەوەی ئەو هەموو بۆچوون و گریمانە و دەستنیشانکردنەی سنوری خاکی کوردستان، لە مێژوونووس و گەڕیدە و نووسەر و سیاسی و جوگرافیناس، لە بیانی و عەرەب و فارس و تورک و کورد لەسەر سنوری کوردستان. زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکە، کە ڕووبەرێکی فراوانی خاک لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوی کوردستانە و خاکی نەتەوەیەکی داگیرکراوە، ئەم خاکەش دابەشی سەر چەند دەوڵەتێک کراوە. کوردستان هەرگیز لە مێژوودا دەوڵەت یان یەکەیەکی کارگێڕی یەکگرتووی سەربەخۆی نەبووە، تاکو سنورەکەی بە شێوەیەکی ڕەسمی و قوچەک بەندی بۆ کرابێ، یان لەلایەن تیمێکی شارەزا لە بواری ئەندازەی دیاریکردنی سنور دەستنیشان کرابێ. ئەوەی هەیە بوونی بەڵگە مێژووییەکان و بوون و مانەوەی دانیشتوانی

کوردە لەو ناوچە و شار و گوندانە، کە هاوسنورن لەگەڵ نەتەوەی تری وەک عەرەب و فارس و تورک و ئەرمەن. لە بۆچوونی هەموو ئەوانەی کە خستومانەتەڕوو، زۆرجار کەمکردنەوە لە خاکی کوردستاندا هەیە، کاتێ سنوورەکان دەستنیشان دەکرێ، چونکە زۆر لەو ناوچانەی بە خاکی دەرەوەی کوردستان دادەنرێ، ئێستا دانیشتوانەکەی زۆرینە (کورد)ن. لەهەمان کاتدا زۆرجار زیادەڕۆیی کراوە لە فراوانی سنوری خاکی کوردستان، ناوی هەندێ شار و ناوچە دێت نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستا کوردستانی نییە و ژمارەی دانیشتوانی کورد تێیدا زۆرینە نییە. ئەمەش زیاتر لەلایەن کوردە ناسیۆنالیستە سیاسی ومێژوونووس و جوگرافیناسەکانەوەیە.

دەوڵەتە زەوت کەرەکانی کوردستان هەمیشە لە هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی ئەو خاکەدا بوونە، کە خاکی کوردستان بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەموو دەم جوڵانەوەی ڕزگاریی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان بوونی هەبووە و لە خەباتدا بووە، بۆ گێڕانەوەی سەربەخۆیی ئەو خاک و گەلەی، کە لە سەریدا دەژی. بۆیە هەموو کاتێک هەوڵی بەرتەسککردنەوەی خاکی کوردستانیان داوە، بۆ ئەوەی هەر ڕۆژێک گفتوگۆ کرا خاکی کوردستان بە بچوکی نیشان بدرێت.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پوختەی سنوری خاکی کوردستان

کوردستان لە شێوەی سێ گۆشەیەکی وەستاوە. سوچێکی کە سوچی ڕۆژئاوایەتی، لە نزیک کەنداوی ئەسکەندەرونەیە. سوچەکەی تری کە سوچی باکورە ،لەسەر سنوری وڵاتی (ئەرمینیا)یە. سوچی سێیەمی کە سوچی باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتیەتی، لە نزیک (کەنداوی فارس)ە. لە ڕووی فەلەکییەوە کوردستان دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٣٠- ٤١) پلەی باکور. هەروەها هێڵی درێژی (٣٦-٥١) پلەی ڕۆژهەڵات. دەتوانین بەمشێوەیە دەستنیشانێکی سنوری کوردستان بکەین. خەتێک دەستپێدەکات لە باکوری کەنداوی ئەسکەندەرونە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات دەڕوات، بە مەرعەشدا تێپەڕ دەبێت ڕووەو ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوای مەلاتیە دەڕوات بەرەو باکوری رۆژئاوا، دەگەڕێتەوە تا دەگاتە شاری سیواس. لەوێوە بە خەتێکی ڕاست بەرەو ڕۆژهەڵات بە دەرەوەی شاری ئەرزەڕۆم و قارسدا تێدەپەرێت، تا دەگاتە باشوری شاری لینکیان لە وڵاتی (ئەرمینیا). لەوێوە خەتێکی ڕاست دێتە خوارەوە بەرەو باشوری ڕۆژئاوای شاری (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا، لەوێ دەپەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاوای نەخچەوان و ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، پاشان بەرەو ڕوژهەڵات دەڕواتەوە تا لە (مەراخا) تێپەڕ دەبێت و دێتە خواروی بەرزی هەمەدان و نەهاوەند و بەرەو ڕۆژهەڵات خوار دەبێتەوە تاکو دەگاتە ڕۆژهەڵاتی کەنداو. لەلای باشورەوە سنوری کوردستان لەسەر کەنداو دەستپێدەکات بەرەو باکوری ڕوژئاوا، لە سنوری دەولیی نێوان عێراق و ئێران دێتە ژوورەوە. لە بەدرە و جەسان و زورباتیە و مەندەلی سەردەکەوێ تاکو زنجیرە شاخەکانی حەمرین. لەوێشەوە ڕووباری دیجلە دەبێتە سنور تاکو فەتحە، لەوێوە بە دەوری شاری موسڵ پێچ دەکاتەوە تاکو نزیک بەعاج، لەوێشەوە بە خەتێکی نیمچە ڕاست دەڕوات بۆ نزیک شاری ئورفا، لەوێشەوە بەرەو خوار تا شاری عەفرین. دوای ئەوە بەرەو کەنداوی ئەسکەندەرونە دەچێتەوە .

بەشی سێیەم

دەربارەی دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION



بەشی سێیەم

دەربارەی دیاریکردنی سنوری

هەرێمی کوردستانی عێراق

بۆ دەستنیشان کردنی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستمان بە بەڵگە و دیکۆمێنتی مێژوویی هەیە، تاکو سنوری هەرێم لەگەڵ بەشی عێراقی عەرەبی دیاری بکرێت. ئەم سنورەش زیاتر دەکەوێتە باشوری هەرێم بە هەردوولای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای باشور، چونکە هەرسێ لایەکەی تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوری هەرێم سنورەکەی دیارە، کە هەر خاکی کوردستانە، بەڵام سنوری نێودەوڵی سوریا و تورکیا و ئێرانە. لە ڕابردوودا دەیان بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافی و سیاسی و ڕەسمی هەبووە و هەیە، کەوا سنورەکانی باشوری خاکی کوردستان دەسەلمێنێ. هەروەها ئەم خاکەی کەوا ئێستا بەشێکە لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی دەوڵەتی عێراق، هەموو کات تایبەتمەندی نیشتمانی و کەلتوری و شارستانیەتی خۆی پاراستووە، بە جیاواز لەگەڵ ناوەڕاست و باشوری عێراق. ئەم بەشەی کتێبەکەمان وەک بەشی یەکەم و دووەم بەسەر چەندین بابەت و تەوەری جیاواز دابەش دەکەین، کەوا لە ڕووی مێژوویی و جوگرافی و سیاسی و ڕەسمیەوە، ئەوە بۆ خوێنەر بسەلمێنین کەوا ئەم وڵاتە لە زەمەنێکی زووەوە بە نیشتمانێکی جیاواز لە نیشتمانی ئەوانی تر ناسراوە، کە ئەویش نیشتمانی کوردەکانە. لێرەدا لە نزیکەوە بۆ ڕابردوو یان مێژوو بەهەموو ئەو دەستەواژانەدا دەڕۆینەوە، کە لە ڕابردوودا بەم هەرێمەیان گوتووە، یاخود ئەم سەرزەمینەی پێوە ناسراوە .

قۆناغەکانی گەشەکردنی ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق لە مێژوودا

لەبەرەبەیانی مێژووەوە تاکو دوا قۆناغ کە چەمک و ناوی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی قانوونی بۆ ئەو رووبەرە خاکە وەک سنورێکی جوگرافی جێگیر بووە .ئەو سەرزەمیە بە چەندین ناو ودەستەواژەی جیاواز ناسراوە .چەندین نەتەوە و گروپی مرۆیی جیاواز لەسەری ژیاوە .هەروەها لە چوارچێوەی چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی گەورەدا بووە، هەرسەردەمە و بە سنورێک و بەیەکەیەکی کارگێڕی وجوگرافی ناسراوە .

١- هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرێم: وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە بە مانای ناوچە، ڕووبەر، بەشێک لە خاک دەگوترێ، ئەم دەستەواژەیە ساڵی (١٩٩٢ز) هاتە کایەوە ،وەک دەستەواژەیەکی سیاسی و نیشتمانی و حوکمڕانی. دوای ئەوەی ڕژێمی حزبی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حسێن سەرۆکی ئەوسای عێراق، رۆژی (٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ز) بە سوپایەکی زەبەلاح پەلاماری دەوڵەتی کوێتی دا لە باشوری عێراق .خاکی ئەم وڵاتەی داگیرکرد و خستیە سەر خاکی عێراق، یەک لایەنە ئەم کردارەی کرد. دوای ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی عێراق، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەرووی هەموانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە توندی دژی ئەو دەستدرێژیە وەستایەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەڵسا بە دروستکردنی هاوپەیمانیەکی گەورە، کە لە (٣٤) دەوڵەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی و ئیسلامی بۆ ڕێگرتن لەم کارەی عێراق پێکهات. هاوپەیمانیەتیەکە لە ژێر چەتری بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، هەروەها لە چەند بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشدا گەمارۆی ئابووری خرایە سەر عێراق. دوای ئەوە سوپایەکی گەورەی هاوپەیمانان هێنرایە عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی تری کەنداو و تورکیا. ڕۆژی (١٩٩١/١/١٧ز) هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق دەستی پێکرد و لە ماوەی چەند

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

هەفتەیەکدا توانرا بەشی هەرە زۆری یەکەکانی سوپای عێراق تێک بشکێنری. ڕۆژی (٢٨ی شوباتی ١٩٩١ز) شەڕ بە دەرکردن و تێکشکاندنی سوپای عێراق لە وڵاتی داگیرکراوی کوێت کۆتایی هات. ئەمە بووە هۆکار و زەمینەسازی ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق لە باشور و کوردستان. لە باشوری عێراق و لە ناوچەی شیعەنشین، سەرەتا ڕاپەڕینەکە کڵپەی سەند و زۆربەی پارێزگاکانی باشوری عێراقی گرتەوە. زۆربەی شارەکان کەوتنە دەستی ڕاپەڕیوان. لە کوردستانیش بە پشتیوانی مەعنەوی پێشمەرگە و حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی کە لەسەر سنورەکان بوون و زوو مەفەرەزە پارتیزانەکانیان نزیکی شار و ئۆردوگاکان کردبۆوە، لە ڕۆژی (٥ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ز) یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵک بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە لە شاری (ڕانیە)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لێدرا، لە ماوەیەکی کەمدا شارەکە و دەوروبەری ئازادکرا. ئەمە بووە سەرەتای دەستپێکێکی گرنگ، بۆ ڕاپەڕینێکی گەورەی سەرتاسەری، لەماوەی دوو هەفتەدا توانرا پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک بە تەواوی ڕزگار بکرێ، لەگەڵ شارەکانی کەرکوک و خانەقین و دوزخورماتوو و چەندین شوێنی تر. دواتر بە ئاماژەی لێپرسراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی تری زلهێزی ڕۆژئاوا، بە بیانووی ئەوەی ئەمە کێشەیەکی ناوخۆییە، سوپای عێراق دەستی بەهێرش و پەلاماردان کرد بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیوو، سەرەتا باشوری عێراقی کۆنترۆڵکردەوە، پاشان لە کۆتایی مانگی ئادار ڕووی کردە شارەکانی کوردستان،توانی شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک داگیر بکاتەوە، بە هاوکاری ڕێکخراوی (مجاهیدینی خەلقی ئێران) کە گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بوون و لە عێراق نیشتەجێبوون و هێزی چەکداریان هەبوو. بەڵام دواتر لە چیاکانی کوردستان هێرشی سوپا ڕاگیرا. لە شاخەکانی ئەزمەڕ و هەیبە سولتان و دەربەندی کۆڕێ، ڕووبەڕووی تێکشکانی هێزی پێشمەرگە بۆوە، بەرەو پێشچوونی سوپا وەستێنرا، لەوێوە گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و بەرەی کوردستانی دەستی پێکرد، بەڵام کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بەردەوام بوو، بە ملیۆنان مرۆڤ لەترسی

سوپای عێراق ڕوویان له سەر سنورەکان کرد. دیمەنەکانی ئەم کۆچڕەوە هەست و سۆزی دونیای هەژاند. وڵاتانی زلهێز کەوتنە ژێر کاریگەری ڕای گشتی مللەتەکانیان. ئەوە بوو وڵاتی فەرەنسا پێشنیاری بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد، بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لە باکوری عێراق بۆ کوردەکان، تاکو لە دەست هێرش و پەلامارەکانی سوپای سەدام حسێن پارێزراوبن. لەوەوە هێزێکی گەورەی هاوپەیمانان هاتنە تورکیا و بەشێکی خاکی باشوری کوردستان، بۆ پاراستنی دانیشتوانی کورد، چەتری پاراستنی ناوچەکانی سەروی هێڵی (٣٦)ی دامەزراند. فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق نەیاندەتوانی بە ئاسمانی سەروی هێڵی (٣٦)دا بفڕن. گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەغدا بە بنبەست گەیشت و هیچی لێ سەوز نەبوو. دواتر پێشمەرگە گەڕایەوە ناو شارەکان و لە هەولێر و سلێمانی و کفری و گەرمیان پەلاماری سوپای عێراق درایەوە و زیانی گەورەی بەرکەوت. بۆیە حکومەتی عێراق ناچار لە مانگی (ئۆکتۆبەری ١٩٩١ز) بڕیاری کشانەوەی گشتی دا، لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک. دواتر هەموو دامەزراوە کارگێڕییەکانی خۆی کشاندەوە. نزیکەی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی لەپانتایی خاک بەجێهێشت. دوای ئەوە بەرەی کوردستانی کە لە حزبە کوردستانییەکان پێکهاتبوو، کاروباری ئیداری هەرێمی گرتە ئەستۆ، بۆشایی ئیداری و کارگێڕی و ئاسایش دۆخێکی نەخوازراو بوو، بۆیە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی ناچارکرد، بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی بدات، ئەوە بوو ڕۆژی (١٩٩٢/٥/١٩ز) یەکەم هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق) بەڕێوەچوو. لەبەر ئەوەی مەرجی ڕێژەیی دانرابوو هەر لیستێک ئەگەر لە (٪٧) زیاتر نەهێنێ مافی بەشداربوونی نیە، بۆیە تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرکەوتن بە ڕێژەی (٥٠ بە ٥٠) واتە لە سەد کورسی پەرلەمان هەر یەکەی (٥٠) کورسی بەرکەوت، لەگەڵ (٥) کورسی بۆ کۆتای مەسیحی، لە خولی دووەمی پەرلەمان (٥) کورسی تر بۆ پێکهاتەی

تورکمان وەک کۆتا دیاریکرا، لە خولی سێیەم (١) کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەنی دانرا. لەهەمان کاتدا بۆ ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێنج کەسایەتی خۆیان هەڵبژارد، بەڵام هیچیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بۆیە مەسەلەی ڕابەریی وەلانرا. لە (١٩٩٢/٧/٤ز) یەکەم حکومەتی خۆجێیەتی لە کوردستانی عێراق پێکهات، بەناوی (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) لەوکاتەوە ئەم دەستەواژەیە بۆ کوردستانی عێراق بەکاردێت. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣ز) و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هەرێمی کوردستان بەو سنورەی کە بەر لە (٢٠٠٣/٤/٩ز) هەیبوو بووە هەرێمێکی قانوونی و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بە ڕەسمی جێگیرکرا ماددەی (١١٧) دەستور بە رونی هەرێمی کوردستانی وەک هەرێمێکی فیدراڵ ناساندووە .

٢- کوردستانی ئۆتۆنۆمی (منطقة كوردستان للحكم الذاتي)

ئەم دەستەواژەیە لە دوای گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول هاتە کایەوە. ئەوە بوو لە (١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ز) حکومەتی عێراق دانی بە مافی کورد نا لە چوارچێوەی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. سنوری ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمیە تەنها پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکی دەگرتەوە. دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە نێوان حکومەت و پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٧٤) و پاشان کۆتایی هاتنی شۆڕش بە هۆی ڕێکەوتننامەی (٦ی ئاداری ١٩٧٥ز)ی جەزائیر، ڕێکەوتنەکە لە نێوان محەمەد ڕەزاشای ئێران و سەدام حسێنی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق مۆرکرا. دەستەواژەی کوردستانی ئۆتۆنۆم یان **(منطقة كوردستان للحكم الذاتي)** زیاتر لەلایەن پیاوانی دەوڵەت و ئەوانەی سەر بە بەعس بوون بەکاردەهات . ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان نەبووە ناوێکی میللی لەسەر زاری هەموو کەس لە خەڵکی کوردستان بەکاربێت .یەکەیەکی کارگێڕی بەناوی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و ئەنجومەنێکی (تەشریعیش) بەناوی ئەنجومەنی یاسادانان هەبوو لەگەڵ چەند ئەمینداریەکی گشتی.

٣- کوردستانی عێراق

دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشوری کوردستان بەم دەوڵەتەوە، بە ڕەسمی لە دوای کۆتایی هاتنی بەناو کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (١٩٢٦ز) پاشان هەڵکشانی بزووتنەوە سیاسیەکانی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا، لەگەڵ دروستبوونی چەند ڕێکخراو و پارتێکی سیاسی لە هەموویان دیارتر (حزبی هیوا) بوو کە ساڵی (١٩٣٩ز) دامەزرا. پاشان چەندین حزب و ڕێکخراوی تر هاتنە کایەوە. تاکو ساڵی (١٩٤٦ز) (پارتی دیموکراتی کورد) وەک حزبێکی مۆدێرنتر و کۆکەرەوەی زۆربەی حزبە بچوکەکانی پێش خۆی دامەزرا. کەسایەتییە دیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی کورد زۆربەیان لە پارتی کۆبوونەوە. لەو سەروبەندانەوە دەستەواژەی کوردستانی عێراق لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی گەشەی کرد، بووە دەستەواژەیەکی بەربڵاو لەسەر ئاستی میللی، بە تایبەت لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول و پاشان شۆڕشی نوێ، تاکو ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز) و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢ز) دەستەواژەی کوردستانی عێراق، بڵاوترین دەستەواژەی سیاسی و جوگرافی بوو بۆ باشوری کوردستان. بەبێ ئەوەی یەکەیەکی کارگێڕی هەبێ تایبەت بە کوردستان، زۆربەی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش پاشگری کوردستانی عێراقیان پێوەبوو .

٤- کوردستانی جنوبي

ئەم دەستەواژەیە لە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨ز) و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی هێزەکانی بەریتانیا بۆ بەشێکی خاکی عوسمانی کە دواتر بە عێراق ناسرا سەری هەلداو کەوتە ناوناوان. ئەوکات ویلایەتی موسڵ زۆرینەی خاکی باشوری کوردستانی گرتبووە خۆی. ڕۆژی (١٩١٨/١١/١٧ز) لە شاری سلێمانی ئیدارەیەکی خۆجێیەتی بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحمودی حەفید: ١٨٨١-١٩٥٦ز) بەناوی (حکومەتی کوردستان یان حوکمداریەتی کوردستان) بەپشتیوانی بەریتانیا دامەزرا،

لەوکاتەوە دەستەواژەی کوردستانی جنوبی کەوتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و میللی گەلی کوردەوە. زۆر لە دیکۆمێنتە ڕەسمیەکانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بەناوی (حکومەتی کوردستانی جنوبی) یە. لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس ساڵی (١٩١٩ز) لەسەر کارتی بانگهێشت کردنی (ڕەشید زەکی کابان) نووسراوە (ڕەشید زەکی -سلیمانیە- مرخص کردستان جنوبی) دواتر لە هەموو ئەو عەریزە و یاداشتانەی کە بۆ مەندوبی سامی و کۆمەڵەی گەلان نووسراوە لەلایەن کەسایەتی و ڕۆشنبیرانی کورد. ناونیشان یان داواکەیان بۆ سەربەخۆیی نووسراوە (کوردستانی جنوبی) ئەم دەستەواژەیە بەردەوام بوو، تاکو لە ساڵی (١٩٣٢ز) عێراق بە ڕەسمی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا دەرچوو، جوڵانەوەکانی شێخ مەحمود کۆتایی هاتبوو لە واقیعدا، کوردستانیش بە ڕەسمی بووە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، لەوکاتەوە دەستەواژەی کوردستانی جنوبی لاواز بۆوە. لە دوای دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (١٩٧٨ز) و گەشەکردنی ئەم پارتە، دەستەواژەی کوردستانی باشور یان باشوری کوردستان زۆر بەکاردێت بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی کە بیری سەربەخۆیی کوردستانیان بەهێزە یان کوردە ناسیۆنالیستەکان.

٥- ویلایەتی موسڵ

ساڵی (١٨٧٩ز) بە فەرمانێکی سوڵتانی بابی عالیی، ویلایەتی موسڵ دامەزرا، کە ناوچەیەکی بەرفراوانی باشوری کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی باشور و دەوروبەری موسڵی دەگرتەوە. شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و ئامێدی و کفری لە چوارچێوەی ئەم ویلایەتە بوون. سنوری ویلایەتی موسڵ دەکشا تاکو نزیک شاری بەغدا، کە ویلایەتێکی تری عوسمانی بوو، بەپێی هەموو بەڵگەکان ویلایەتی موسڵ زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون . کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق زۆر هەڵکشا و بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی لە نێوان دەوڵەتی تازەی عێراق و تورکیای تازە و بەریتانیا، تاکو ئەنجام لە (١٩٢٥/١٢/١٦ز) بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی

گەلان بە ڕەسمی خرایە سەر دەوڵەتی تازەی عێراق، لە (١٩٢٦/٧/١٨ز) ڕێکەوتننامەی خەتی (برۆکسل)ی نێوان عێراق و تورکیا جێگیرکرا، ئەمەش دوای پەیماننامەی (لۆزان)ی ساڵی (١٩٢٣ز) هات لە نێوان تورکیای تازە و وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی یەکەم. بەتایبەت بەریتانیا و فەڕەنسا. بەمشێوەیە ئەم پەیماننامەیە،پەیماننامەی (سیڤەر)ی ساڵی (١٩٢٠ز) هەڵوەشاندەوە، کە لە ماددەکانی (٦١،٦٢،٦٣) مافی نەتەوەی کوردی دیاریکردبوو بە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی لەسەر بەشێکی نیشتمانە مێژووییەکەی. کورد. زۆرجار هەوڵی زیندوو کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵی داوە، بە مەبەستی وروژاندنی وەک دۆزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی. تورکیاش زۆرجار ئەم بابەتەی وروژاندوە، بە بەڵگەی ئەوەی ویلایەتی موسڵ دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لەلایەن سوپای هاوپەیمانانەوە داگیرکراوە، بەتایبەت بەریتانیا. لە قامووس ئەعلامی تورکی کە لەلایەن (شەمسەدین سامی) لە نێوان ساڵانی (١٨٨٩-١٨٩٨ز) نووسراوە، بەم شێوەیە باس لە ویلایەتی موسڵ دەکات (ویلایەتێکە لە بەشی باکوری جەزیرە وباشوری خۆرهەڵاتی کوردستان پێکدەهێنێ، هەرێمەکە بە پارچەیەک لە کوردستان دادەنرێ).

٦- ویلایەتی شارەزوور

دوای داگیرکردنی کوردستان و بەغدا لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانونی لە ساڵی (١٥٣٤ز) دووبارە پەیکەری کارگێڕی بۆ ناوچەکە داڕشتەوە. بەشی هەرە زۆری خاکی باشوری کوردستان لە یەکەیەکی کارگێڕی بەناوی (ویلایەتی شارەزوور- شهرزور) ڕێکخست، ئەم ویلایەتە ناوەندەکەی شاری کەرکوک بوو، هەولێر و کۆیە و ڕەواندز و کفری و دەشتی شارەزوور و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەی دەگرتەوە. ئەم یەکە ئیدارییە بەردەوام بوو تاکو ساڵی (١٨٧٠ز) (مەدحەت پاشا) والی بەغدا ویلایەتەکەی هەڵوەشاندەوە و کردی بە متەسڕفیەتی شارەزوور (سەنجاغی شارەزوور) خستیە سەر ویلایەتی بەغدا. ساڵی (١٨٧٩ز) کاتێ ویلایەتی موسڵ

دروستكرا. سەنجاغی شارەزوور بووە بە شێک لەم ویلایەتە.لە مانگی (شوباتی ١٨٩٣ز) لەسەر پێشنیاری سەرۆک وەزیران (جواد پاشا)ی سەرۆک وەزیران (**صدر الاعظم**) بۆ سوڵتان (عبدالحمیدی دووەم) ناوی سەنجاغی شارەزوور بگۆڕێ بۆ (سەنجاغی کەرکوک) چونکە لەگەڵ ناوی (سەنجاغی دێرزور) لێیان تێکدەچێ. بەمشێوەیە کۆتایی بە ناوی شارەزوور وەک ویلایەت یان وەک سەنجاغ هات دوای نزیکەی سێ سەد ساڵ لە بەردەوامی ئەم دەستەواژەیە.

هێنانەوەی ناو و دەستەواژە جوگرافی و کارگێڕیەکانی باشوری کوردستان بەم شێوەی لەپێشەوە هێنامانەوە، لەبەر ئەوەی لەم ڕێکەوتەوە هەمیشە ناوی کوردستان وشەیەکی باو بووە، لە زۆربەی نەخشە جوگرافیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئیمپڕاتۆریەتەکەی ناوی کوردستان بەسەر ئەم دەڤەرەدا هاتووە کە ناوی ویلایەتی شارەزوور و ویلایەتی موسڵ بووە.

میرنشینەکانی باشوری کوردستان

لە دوای کەوتنی (دەوڵەتی عەباسی) لەسەر دەستی (مەغۆلەکان) ساڵی (١٢٥٨ز) چەندین دەوڵەت و ئەمارەت و میرنشین لەسەر خاکی دەوڵەتی عەباسی دروستبوون، کوردستانی باشوریش بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە. لە باشوری کوردستان سێ میرنشین، کە ماوەیەکی زۆر تەمەنیان بەڕێکردووە دەسەڵات و پێگەیان هەبووە، هەندێجار گەشەی زۆریان کردووە و بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.لێرەدا کورتە باسێکی مێژووی ئەم میرنشینانە دەخەینە روو.

١- میرنشینی سۆران

ئەم میرنشینە لە ناوچەی ڕەواندز و هەریر سەری هەڵداوە. مێژووی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئەم ئەمارەتە زۆر بە ڕوونی دیار نیە، بەڵام مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی بەر لە سەدەی شازدەهەم ئەم میرنشینە

دامەزراوە، چونکە لە (شەرەفنامە) ناوی دامەزرێنەرانی تۆمارکراوە. گوایە پیاوێک بەناوی (کەولۆس) سێ کوڕی هەبووە، کەسانی خزمەتگوزار بوونە، یەک لە کوڕەکانی ناوی (عیسا) بووە، توانیویەتی خۆشەویستی دەوروبەری بەدەست بهێنێ و ببێتە برا گەورەیان. ڕۆژێک لەسەر تاشە بەردێکی سور وەستاوە ناویان ناوە میری سور، لەوەوە ناوی سۆران بووە بەناوی ئەمارەتی سۆران. قەلەمڕەوی ئەم میرنشینە زۆر جار فراوان بووە بەشێوەیەکی بەرچاو، بەڵام هیچ کاتێک وەک سەردەمی (میر محەمەد) کە بە پاشای کۆرە یان پاشای گەورە ناسراوە، گەشەی نەکردووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم (پاشا کۆرە) سوپایەکی گەورەی پێکهێنا و دەیان قەڵای گەورەی بنیادنا و کارگەیەکی دروستکردنی تۆپ و تفەنگ و کەرەستەی جەنگی لەسەر دەستی (وەستا ڕەجەب) دامەزراند. ئەمارەتی سۆران بە شێوەیەک گەشەی کرد، هەموو شارەکانی ڕەواندز و هەریر و برادۆست و هەولێر و ئاڵتون کۆپری و کۆیە و ڕانیە و ئاکرێ و ئامێدی و تا دەگاتە نسێبین و ماردین و سنجار و چەندین شوێنی تری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، تەنانەت باس لە موسڵ و کەرکوکیش دەکەن، کەوا لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی پاشای گەورەدا بوونە. لەساڵی (١٨٣٦ز) کاتێ سوڵتانی عوسمانی بڕیاری کۆتایی هێنانی ئەمارەتە کوردیەکانی دا، مستەفا ڕەشید پاشای سەرۆک وەزیرانی خۆی بە سوپایەکی گەورە هەناردە سەر میرنشینی سۆران. دوای چەند شەڕ و پێکدادانێک پاشای گەورە خۆی دا بە دەست سوپای عوسمانییەوە، بردیان بۆ ئەستەمبوڵ و لە پاشاندا لە ناویان برد و کۆتایی بەژیانی خۆی و ئەمارەتەکەی هێنرا. زۆربەی کات دەسەڵاتی ئەم میرنشینە لە نێوان هەردوو زێی بچوک و گەورەدا بووە (زاب الصغير و زاب الكبير). بەڵام سەردەمی پاشای کۆرە میرنشینی سۆران سنوری لە ناوچە قوڵاییەکانی خواروی کوردستاندا پەلی هاوێشت بوو ئەگەر چەند هەڵەیەکی نەکردبایە وەک جینۆسایدکردنی ئێزیدیەکان زۆر زیاتر گەشەی دەکرد و سنوری دەسەڵاتی فراوان تر دەبوو.

٢- میرنشینی بابان

لە کتێبی (شەرفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی باس لە میرنشینی (بەبە) دەکرێ، بەڵام پێدەچێ ئەم میرنشینە کۆنتر بێ لەوەی دوای، چونکە ئەمارەتی بابان زۆربەی سەرچاوەکان سەدەی حەڤدەهەم بە سەرەتای دروستبوونی دادەنێن، سەرەتا لە ناوچەی پشدەر لەلایەن (فەقێ ئەحمەد)ی دارەشمانەوە دامەزراوە و پاشان فراوان بووە و گەشەی کردووە. تاکو لەسەر دەستی (ئیبراهیم پاشا) لە ساڵی (١٧٨٤ز) شاری سلێمانی ئێستای بنیاد ناوە و ئەمارەتەکەیان گەشەی کردووە. لەم قۆناغەی کە ناوەندی ئەمارەتی بابان هاتە شاری سلێمانی گەشەیەکی بەرچاو لە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی هاتە کایەوە، بەتایبەت شیعری شێوەزاری کرمانجی خواروو یان شێوەزاری سۆرانی لەسەر دەستی هەرسێ شاعیری ناودار (نالی و سالم و کوردی) گەشەی کرد لەهەمان کاتدا ئەم بزووتنەوە ئەدەبی و رۆشنبیریەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی فراوانی کوردیی لەسەر دەستی بابانییەکان. زۆربەی کات قەڵەمڕەوی ئەم میرنشینە لە نێوان هەردوو زێی بچوک و زێی سیرواندا بووە. لە هەندێ قۆناغدا گەشەی کردووە و سنوری دەسەڵاتی چۆتە کەرکوک و ناوچەکانی کفری و قزرابات. لە ڕۆژئاواشەوە زۆر کات سنوری پەڕیوەتەوە بۆ کۆیە و هەریر و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی میرنشینی سۆران و دەشتی هەولێر. سەرانی ئەم ئەمارەتە بەردەوام لە نێوان بەرداشی سوپای دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا بوونە، تاکو دواجار لە ساڵی (١٨٥١ز) دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی بەم ئەمارەتە هێنا، ناوچەکەی خستە سەر ویلایەتی شارەزوور لە کەرکوک و پاشان ویلایەتی موسڵ.

٣- میرنشینی بادینان

میرنشینی بادینان بەپێی سەرچاوەکان بێت لە پێش هەموو میرنشینەکانی تر دامەزراوە، کتێبی (شەرەفنامە) سەرتای دامەزراندنی دەگەڕێنێتەوە چەرخی عەباسیەکان (٧٥٠-١٢٥٨ز) لەلایەن (بەهائەددین) ناوێکەوە دامەزراوە. وشەی

(بەهدینان یان بادینان) گوایە لە ناوی ئەوەوە هاتووە. زۆربەی کات شاری (ئامێدی) پایتەختی ئەو میرنشینە بووە، زۆربەی کات سنوری دەسەڵاتی ئاکرێ و زاخۆ و ناوچەکانی تری بادینانی ئەمڕۆ بووە.لە هەندێ سەردەم و کاتدا دەسەڵاتی گەشەی کردووە و سنوری بۆ دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی تر چۆتە خوارەوە. دواین میریان (ئیسماعیل پاشا) بووە، کە میرێکی بەهێز و سەرکێش بووە، زۆرکات پەلاماری شاری موسڵی داوە.لە ساڵی (١٨٤٨ز) دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی بەم ئەمارەتە هێنا و ناوچەکەی خستەوە سەر ئیدارەی شاری موسڵ.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

هەرێمەکان

چەند ناوچەیک وەک هەرێم ناویان لە مێژوودا هاتووە کەوا مێژونووسان بە بایەخەوە باسیان کردووە لێردا هەندێکیان دەخەینەڕوو.

هەرێمی جەزیرە

دەستەواژەی هەرێمی جەزیرە لەلایەن جوگرافیناس و گەڕیدەکانی عەرەب زیاتر ناسێنراوە،وەک چۆن وشەی (میزۆپۆتامیا) بۆ وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبار بەکارهاتووە. لە زۆر کات بەناوی (جەزیرەی ئاقوڕ) یان (جەزیرەی فورات) یاخود بەناوی (هەرێمی جەزیرە –اقلیم الجزیرة) هاتووە. بەشی هەرە زۆری خاکی هەرێمی کوردستانی ئەمڕۆ کەوتبووە ئەم سنورە، واتە هەرێمی جەزیرە دەکەوتە نێوان هەردوو ڕووباری فورات و دیجلە، تاکو هەولێر و کەرکوکیشی دەگرتەوە. گەڕیدەی عەرەب مەقدسی (محەمەد کوڕی ئەحمەد مەقدسی:٩٤٧–٩٩٠ز) نووسیویەتی (جەزیرەی ئاقور، واتە جەزیرەی ئاشور، بۆ گەڕانەوەی ناوە کۆنەکەی، کەوا ئاشوریەکان لەم هەرێمەدا نیشتەجێ بوونە ڕۆژگارێک سنوری هەرێمی جەزیرە لە تکریتەوە دەستی پێدەکرد تاکو شاری (رەقە)ی سوریای ئێستا، لەوێشەوە تاکو دیاربەکر، هەرچەندە سنوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی جەزیرە ڕوباری دیجلە بووە، بەڵام زۆرجار زیاتر ڕۆیشتوە بۆ هەولێر و کەرکوک و ناوچەی تریشی گرتۆتەوە) لەلایەکی ترەوە جوگرافیناس (ئیبن فەقی) کە لەدوای ساڵی (٩٠٣ز) کۆچی دوایی کردووە، لە بارەی سنوری جەزیرەوە نوسیویەتی (کاتێ فەرماندە عەتەبە کوڕی فەرقەدی موسلمی، مەرج و گوندەکانی و زەوی باهندراو داسنی داگیرکرد هەموو قەڵاکان کورد بوون) لەهەمان کاتدا گەڕیدەی ئەندانووسی (ئیبن جبێر:١١٤٥–١٢١٧ز) لە گەشتەکەیدا باس لە بڵاوە بوونی کورد دەکات لە (لایەکانی موسڵ و نسێبین و دونیسەر) هەروەها گەڕیدەی ناوداری عەرەبی (ئیبن بەتوتە: ١٣٠٤–١٣٧٧ز) لە گەشتەکەیدا بۆ شەنگار (سنجار) باس لەوە دەکات، کە خەڵکەکەی هەموو کوردن و لە وڵاتی جەزیرەیە و خاوەن ڕێز و

ئازایەتین. وڵاتی جەزیرە ئەگەرچی زۆرجار باس لەوە کراوە دانیشتوانەکەی عەرەب بووە،بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی، چونکە جەزیرە هەمیشە بەشێک نەبووە لە وڵاتی عێراقی عەرەبی، بەڵکو سەربەخۆ بووە.عەرەب لە هەرێمی جەزیرە گەر هەبووبێ لە باشوری هەرێمەکە بوونیان هەبووە، ئەگەرنا زۆرینە لە کورد و ئاشوری و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر پێکهاتبووە.

هەرێمی چیاکان (اقليم الجبال)

دەستەواژەی هەرێمی چیا یان چیاکان لە (کوهستان و قوهستان)ی فارسیەوە هاتووە،کەوا لە سەردەمی ساسانیەکان بۆ ناوچە شاخاویەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاردەهات،چونکە ناوچەیەکی شاخاوی سەختە،واتە بە مەبەستی ناساندنی وڵاتی کوردان بەکاریان دەهێنا. گەڕیدە و جوگرافیناسەکانی عەرەب لە بەرامبەردا هەرێمی چیا یان چیاکانیان (اقليم الجبال، بلد الجبل) یان بەکارهێناوە بۆ ئەو وڵاتەی کە پێشتر لەلایەن گەڕیدە بیانیەکان بە وڵاتی (میدیا) ناسراو بوو.لە مێژووی ئەدەبیاتی ئیسلامی، بە تایبەت سەردەمی خەلافەتی عەباسی (٧٥٠- ١٢٥٨ز) وشەی هەرێمی چیاکان زۆر بەرچاو دەکەوێت، دیارە ئەم دەستەواژەیەش زیاتر بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی باکوری عێراقی عەرەبی بەکار هاتووە. لەسەردەمی سەلجوقیەکان (سەدەی ١١ی زاینی) بەدواوە زۆرجار بەم ناوچەیە وتراوە (عێراقی عەجەم) وەک جیاکردنەوەیەک لە عێراقی عەرەبی (یاقوتی حەمەوی: ١٢٢٩ز) مردووە لەکتێبی (معجم البلدان) دا نووسیویەتی (لە زۆربەی وڵاتانی عەجەمیدا چەند شوێن هەیە بە قوهستان دەناسرێن). هەروەها (ئیبن الفيقه: پاش ساڵی ٩٢٣زاینی مردوە) دەنووسێت شارەکانی (قەزوێن و قومس و ئەصفەهان و ڕەی خراونەتە پاڵ چیاکان، بەڵام سەر بەو هەرێمە نین. لەهەمان کاتدا نوسیوویەتی : حەلوان و مەندەلی(بندنيجين)و شارەزوور و بەدرە و جەسان (پشتکۆە) لە چوارچێوەی هەرێمی چیان (كتاب البلدان). جوگرافیناسێکی تر دەتوانین بڵێین لەهەموان زیاتر شیکردنەوەی بۆ هەرێمی کوردان کردووە ئەویش (فضل الله العمری: ١٣٠١-١٣٤٧ز) ئەو لە جیاتی

هەرێمی چیا (مەملەکەتی چیاکان)ی بەکارهێناوە و باس لە زۆر لایەنی جوگرافی وڵاتی کوردان دەکات. بەپێی سەرچاوەی پێشینەکان بێت سنوری هەرێمی چیا لە کورەی حەڵوانەوە درێژ دەبێتەوە لە خانەقین و زنجیرە شاخی حەمرینەوە تاکو رەی (تەهران) لە نەخشەکەی (ئیبن حوقەل: ٩٧٧ زاینی مردوە) زیاتر ڕونکردنەوە دەدات لە (مصايف الاكراد ومشايتهم) کەوا کورد هێزی سەرەکی دانیشتوانی هەرێمی چیا پێکدەهێنن. لەهەمان کاتدا (یەعقوبی:٨٣١ زاینی مردوە) لە کتێبی (البلدان) دا دەنووسێت (وڵاتی چیا لە بنەڕەتدا ماڵی کوردانە (دار الاكراد) یاخود دەکاتە وڵاتی کوردان .چوونە ناو جەلەولا کە هەڵکەوتووی گۆڕایی باشوری چیای حەمرینە لە پشت شارەبان لە چوارچێوەی وڵاتی چیادایە) دکتۆر زرار سەدیق تۆفیق لە کتێبەکەیدا (کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر هەرێمی چیا گەیشتۆتە ئەوەی سنوری هەرێمەکە بەمشێوە دیاری بکات (لەگەڵ هەبوونی ناکۆکیش، دەکرێت بێژین چیاکان ئەو هەرێمە چیاییە بوو کە لە وڵاتی دەیلەم و هەرێمی ئازەربایجانەوە شۆڕدەبۆوە تا سنوری هەرێمی خوزستان، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنوری وڵاتی فارس و ئەصفەهان و بیابانی خۆراسان بوو، لە ڕۆژئاواوەش هاوسنوری عێراق و جەزیرە بوو. شار و باژێرەکانی: کرمانشاهان-کرماشان، دینەوەر- ماە کوفە، نەهاوەند- ماە البصرة، سیسەر، شاپورخواست، ماسبزان، میهرەگانکدک لە ناوەندە ئاوەدان و ناودارەکانی چیاکان بوون کە کورد زۆربەی دانیشتوانەکانی پێکدەهێنا و هیچ گومانێک لە ئارادا نەبوو کە بەشێکن لە نیشتمانی کورد).

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کەوا هەرێمی چیاکان بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستانی پێکهێناوە و دانیشتوانەکەی کورد بووە.لە ئێستاشدا دوای ئەو مێژووە دوور و درێژ و پڕ لە ڕووداو و کارەساتەی بەرامبەر بە کورد کراوە ،دەتوانین بەشێک لە سنوری هەرێمی چیاکان لە خاکی کوردستانی باشور دیاری بکەین، چونکە باکوری ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی عێراق پێکدەهێنێ، کەواتە ئەو سەردەمە

هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتبووە ناو هەردوو هەرێمی چیاکان و هەرێمی جەزیرە. چۆن لە ئێستادا کوردستان لە نێوان وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و ئەرمینیا دابەشکراوە .لە ئێستادا ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان لە چوارچێوەی ئەو نەخشانە دەستنیشان کراوە کە کاتی خۆی بە خاکی کوردان دیاریکراوە، گەلی کورد دەسەڵاتی بەسەر زۆر شوێندا دەڕوات و ئازادی کردووە.

وڵاتی کوردان (بلاد الكرد)

(بلاد الكرد یان بلاد الاكراد) ئەم دەستەواژەیە زیاتر لەلایەن مێژوونووس و گەڕیدە و جوگرافیناسەکانی ئیسلام و عەرەب بەکارهاتووە، بۆ شوێن و نیشتمانی نیشتەجێبوونی کوردان، چونکە بۆ یەکەم جار عەرەب کە لە نیمچە دورگەی عەرەبی هاتن بۆ وڵاتی ساسانی یاخود سەرزەمینی ئێرانی وڵاتی کوردان یان کورد یەکەم نەتەوە بوو ڕووبەڕووی عەرەبە موسڵمانەکان بوونەوە. بەهۆی نزیکی جوگرافییەوە دوای ئەوەی کورد بەشێکی زۆری بوونە هەڵگری بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام، لەهەمان کاتدا خاکەکەشیان بوو بەبەشێک لە وڵات و قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی، بەتاییەت لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی، هەروەها لە زۆر سەرچاوەشدا هاتووە وڵاتی کوردان بەناوی چیای کورد یان چیاکانی کوردان (جبال الكرد) هاتووە. ئەمەش زیاتر لەوانەیە وەک بەشێک لە وەرگێڕانی وشەی (کوهستان یان قهستان و قوهستان)ی فارسی و پەهلەوی هاتبێ بۆ زمانی عەرەبی. شاعیر (بشار بن برد: ٦٩٦-٧٨٤ز) لە شیعرێکدا نووسیویەتی (جبال بها الاكراد صم صخورها). هەروەها (عبدالله بن خرداذبة) ساڵی (٨٦٤ز) مردووە یەکەم جوگرافیناس بووە کە باسی لە شوێن وخاکی وڵاتی کوردان کردووە و دەنووسێت (زموم الاكراد بفارس وهي اربعة) زموم لێرەدا بە مانای شوێن دێت. بەڵام (الاصطخري) (٩٥١ز) مردووە باس لە وڵاتی کوردان دەکات بەم شێوەیە (خمسة زموم للأكراد بفارس) واتە شوێنی کوردان پێنجە لەلای

فارس. نوسەرێکی تری عەرەب بەناوی (یەعقوبی) (٨٩٧ز) مردووە باس لە شاری حەلوان دەکات، کە یەکەم شاری وڵاتی چیایە کە دانیشتوانەکەی تێکەڵن لە عەجەم و عەرەب و کورد و فارس. نوسەرێکی تر (قازی عەیاز :١٠٨٣-١١٤٩ز) لە زاری یەکێک لە هەڤاڵەکانیەوە دەگێڕێتەوە کە (عبدالوهاب بن نصر المالکی) ساڵی (١٠٣١زاینی) چۆتە گوندی (ئەسعرد-سێرت) لە وڵاتی کورد نزیک چیای جودی. مێژوونوسی حەلەبی(العظيمي) (١١٦١ز) مردووە لە کتێبی (تاريخ العظيمي) ناوی وڵاتی کوردانی هێناوە. نووسەرێکی تر بەناوی (ابن البيطار) (١٢٤٨ز) مردووە لە کتێبی (جامع مفردات الادوية) لە ناساندنی ڕوەکێکد دەنووسێت (باشترین جۆری ڕەنگ سورەکەیەتی لە وڵاتی کوردانەوە دەهێنرێت) بەڵام (بلاد الکرد) لەلایەن (أبی عبدالله بن أبی بکر الزهري) لە سەدەی ١٢زاینی زیاتر ناسراوە و سنور و تخوبی تا ڕادەیەک ڕوون و دیارە، وا دەردەکەوێت لە سەردەمی خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی (المأمون:٨١٤-٨٣٣ز) ئەم دەستەواژەیە لە ئارادابووە و هاوکات لە پاڵ (جبال الاکراد)دا کوردستانی پێ هاتۆتە ناسین. بە گوێرەی کتێبەکانی جوگرافیا، دەڤەری سێهەم سێ وڵاتی دەگرتەوە (الصقع الثالث بلاد الکرد و الديلم و الأنبار) و وڵاتی کوردان دەکەوتە ڕۆژئاوای ئەرمینیا بارەگای موڵکی کوردان بوو (وکذلك مما يلي هذه المدينة – أرمنية – لناحية المغرب مدينة جاجل "رجاجل – رجاجير وهي من بلاد الکرد وهي دار ملکهم" لە شوێنێکی تردا لە ناساندنی (بحر الديلم) واتە دەریای خەزەر- دەریای قەزوێن دەنووسێت (وينصب الى الناحية الجنوب على بلاد الکرد ثم ينعطف على بلاد الديلم) هەروەها گەڕیدەی بەناوبانگ (یاقوتی حەمەوی:١١٧٨-١٢٢٥ز) لە کتێبەکەیدا (معجم البلدان) کە تۆماری گەشتێکی دوور و درێژیەتی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا کردووە، زۆر لە کوردستان ماوەتەوە ناوی زۆر باژێر و ناوچەی تۆمار کردووە. بۆ ناوی وڵاتی کوردان، زیاتر ئەم ناو و دەستەواژانەی بەکار هێناوە: منزل الاکراد ومحلتهم .. من احياء الاکراد. هەروەها بە زۆزان و هەکاریە و بوختیە ناوی دەهێنێ، هەروەها جوگرافیناسێکی وەک (زەکەریا بن محەمەد بن مەحمود القزويني: ١٢٠٨- ١٢٨٣ز) ناوی ڕۆژئاوای چیاکانی بە قوهستان

یان فارسیەکەی کوهستان بردووە. لەهەمان کاتدا (حەمەد الله بن مستەوفی) لە کتێبی (نزهة القلوب و التاریخ گزیده) وشەی کوردستانی بەکارهێناوە، هەر ئەویش ئەوەی گێڕاوەتەوە کە سوڵتان (سنجەری) سوڵتانی سەلجوقی لە ساڵی (١١٥٩ز) بە دابڕینی بەشێک لە زەویەکانی وڵاتەکەی بەناوی کوردستانەوە کردووە، بۆ یەکێ لە کەسە نزیکەکانی خۆی. هەروەها بەشێکی زۆری خاکی باشوری کوردستان لە سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە بە (ارض السواد) ناسراوە، گوایە لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلام عومەری کوڕی خەتابی عەدەوی کاتێ عەرەبەکان هاتوون دوای ئەوەی لە بیابان دەردەکەون خاکێکی سپی بەدەرکەوت دار خورما و درەختەکانی تریان بە ڕەش دەبینی لەبەر ئەوە ناویان نا زەوی ڕەش. سنورەکەشی لە باکورەوە لە (حديثة) لەسەر ڕووباری فورات و(تكريت) لەسەر ڕووباری دیجلە، لە باشووریشەوە لە عەبادان و دەریای فارس لە ڕۆژهەڵاتیشەوە سنوری شارەزوور و حەلوان و سیروان چەیمەرەو سوس(شوش) لە ڕۆژئاواشەوە قادسیەی کوفە کۆتایی دێت بەڵام نایاب ترین سەرچاوە بۆ ناسینی وڵاتی کوردان کتێبەکەی (أحمد بن أبی بکر بن وحشیه النبطي الكلداني) یە بە ناوی (شوق المستهام فی معرفه رموز الأقلام) ئەم کتێبە بەپێی نووسینی نووسەرەکەی بێت لە ساڵی (٢٤١کۆچی) لە نووسینی بۆتەوە. ئەم کتێبە باس لە کۆمەڵێک ڕێنووس دەکات کە هی زمانە کۆن و تازەکانی سەردەمی نووسەر بووە. وێنەی پیتەکانی تۆمار کردووە لە گەڵ ناساندنی خاوەنداریەتەکەی کەوا هی چ میللەت و نەتەوەیەکە. لە ڕێنووسی کوردی بەم شێوە باسی کردوە (وباقي هذه الحروف ما وجدنا لها نطقا ولا مثالا في لغة بغداد في ناووس، من هذا الخط نحو ثلاثين كتابا، وكان عندي منها بالشام كتاب في -افلاح الكرم والنخيل -و كتاب في -علل المياه- وكيفية استخراجها واستنباطها من الاراضي المجهولة الاصل فترجمتها من لسان الأكراد الى اللسان العربي لينتفع بهما ابناء البشر وكنت قبل ذلك ما أتمته، فلما يسر الله لي أتمامه فی احدی و عشيرن عاما وجاء بحمد الله وعونه في المراد والمقصود بعون الرب المعبود وجعلته ذخيرة لخزانة حضرة أمير المؤمنين عبدالملك بن

مروان متعه الله بسعاده دولته ،وأقام عماد الدين بشوكة ملكه وسلطنته يوم الخميس المبارک ثالث شهر الرمضان سنة احدى وأربعين و مائتين –والحمد لله وحده– تم)پاشماوەی ئەم پیتانەمان دۆزیەوە کە نە لە دەربڕین نە لە شێوەی نەبوو لە زمانەکانی بەغدا لە ناو سندوقێکدا بوون. لەم شێوە خەتە نزیکەی (٣٠) سی کتێب هەبوو من دوانم لەلایە لە شام (داچاندنی ڕەزی ترێ و خورما) کتێبەکەی تر (ئاودێری) و چۆنیەتی دەرهێنانی لە زەوی نادیار. هەردوکیانم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی تاکو مرۆڤایەتی لێی سوودمەندبێت. بە یارمەتی خوا لە ماوەی (٢١) ساڵ تەواوم کرد بە ئامانج و ئاواتی خۆم گەیشتم بە پشتیوانی خوای پەروەردگار وە کردمە دیاری کتێبخانەکەی ئەمیری ئیمانداران (عبدالملک بن مروان) بە ستایشی خوا و خۆشیی دەوڵەتەکەی. بە هەستانی بە ڕاگراتنی ئاین و شکۆی خاک و دەسەڵاتی. ڕۆژی پێنج شەممەی پیرۆز لە سێی مانگی رەمەزانی ساڵی دووسەد و چل و یەک. سوپاس تەنها بۆخوا تەواو.

ئەم کتێبە چەند جارێک لەبەری گیراوەتەوە وەک لە دوا چاپی کتێبەکە لە ساڵی (٢٠٠٨ز) نووسراوە. بەپێی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بێت، زمانی کوردی لە ناوچەکانی بەغدا و دەوروبەری باو بووە. ئەمەش ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێ، کەوا زۆرینەی دانیشتوانی دەشتی نەهاوەند و ڕوباری دیجلە و دەشتی دیالە کورد بوونە و جووتیار بوونە و شارەزایی تەواویان لە کشتوکاڵ هەبووە، بەتایبەت ئاودێری و چاندنی دارخورما و ترێ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی شارەزایانە لەسەر ئەم کتێبە ئەوەیە لە کاتێکدا نووسراوە و باسی (عبدالملک بن مەروان:٦٤٦–٧٠٥ز) خەلیفەی ئەمەوی دەکات، لە کاتێکدا بەغدا لە سەردەمی عەباسی و خەلیفە (ابو جعفر المنصور:٧١٤–٧٧٥ز) دروستکراوە. کەواتە لێرەدا هەڵەیەک لە نووسینەکە هەیە، ئایا ئەو تەنها کتێبەکەی داوەتە کتێبخانەی ئەمەوی لە دیمەشق، یان دوای ئەو دەستکاری نووسینەکەی کراوە، لە هەموو حاڵەتێک دەبێ مەبەست هەر کتێبخانەکەی بێت، چونکە گەر لە سەردەمی (عبدالملک بن مەروان) نووسرابێ بەغدا دروست نەکرابوو، ئەگەر لەو سەردەمەی کە بەغدا پایتەخت بووە دەوڵەتی ئەمەوی نەمابوو.

بەمشێوەیە ئەو زەویەی لە دوای بیابانی عەرەبی و سەروی چۆمی فورات و سەروو ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە دەرکەوتووە لە مێژووی کۆن بە گشتی و عەرەبی و ئیسلامی، هەمیشە ناوی جیاوازی هەبووە تاکو ناوی وڵاتی کوردان و ناوی کوردستانی بەبەردا بڕاوە. هەرگیز ناوی وڵاتی عەرەبی نەبووە گەر لە هەندێ کات و زەمەن عەرەبیشی تێدا نیشتەجێ بووبێ، بەڵام خاکی عەرەب نەبووە، وەک ئەوەی زۆربەی سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان ئەو ڕاستیەیان دووبارە کردۆتەوە. بۆیە خاکی کوردستان لە باشور بە درێژایی مێژوو جێگای چاوتێبڕینی تەماعکاران بووە، بەمەبەستی بچووککردنەوە و بەرتەسککردنەوەی سنورەکەی.

سنوری وڵاتی عەرەب لە عێراقدا (دیار العرب)

نەتەوەی عەرەب بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام زیاتر لە نیمچە دورگەی عەرەبی ژیاون. هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام نیە کەوا ئاماژە بەوە بدات عەرەب لە ناوچەکانی تر ژیابن، کەوا ئێستا بە نیشتمانی عەرەب دادەنرێ . وەک بەشی زۆری عێراق و شام و میسر و باکوری کیشوەری ئەفەریقا ،لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و پاشان عێراق و چەندین ناوی تر عەرەب، ئەگەر هەبووبێ لە خوارووی چۆمی فورات بووە، چونکە بەپێی هەموو سەرچاوەکان لە سەردەمی هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان لە ناوچەکانی بەسرا و دیجلەوە دوچاری جەنگ و بەرەنگاری بوونەتەوە. لەپاشانیش دوای دامەزراندنی خەلافەتە ئیسلامییەکان بە تایبەت خەلافەتی عەباسی (٧٥٠-١٢٥٨ز) کە پایتەختەکەی لەسەر خاکی وڵاتی عێراقی ئەمڕۆ بووە، هیچ کات عەرەب زۆرینەی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە ئیسلامییەیان پێک نەهێناوە، بەڵکو نەتەوەکانی تری وەک فارس و عەجەم و کورد و بیزەنتینی و چەندانی تر زۆرینە بوونە. بەپێی نووسین و گێڕانەوەی گەڕیدە و جوگرافیناس و نووسەرەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی و سەدەی دەیەمی زاینی، سنوری دانیشتوانی خاکی عەرەبیان لە عێراق دیاریکردووە، کەوا هەرگیز لە سەروی

چۆمی ڕوباری فورات و ڕوباری دیجلەوە عەرەبی نیشتەجێ نەبووە. لە ناوهێنانی وڵاتی عەرەب زیاتر وشەی (دیار العرب) واتە شوێنی عەرەبیان بەکارهێناوە لە جیاتی (بلاد العرب) دەوڵەتی عەباسی کەوا بۆ ماوەی (٥٢٤) ساڵ ژیاوە، لە زۆر بوار ئەم دەوڵەتە گەشەی کرد، شارسستانیەتێکی گەشەکردووی ئەو ڕۆژگارەی بنیادنا، بۆیە بواری خاکناسی و جوگرافیاش یەکێک بوو لە زانستەکانی ئەو زەمانە، کەوا گرنگی و بایەخی زۆری زانستیی خۆی هەبوو. بەهۆی تێپەڕ بوونی ڕۆژگار و دەسەڵاتی هەمیشەیی عەرەب بە ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی) و پاشان دەوڵەتی نەتەوەیی، سنوری خۆیان فراوان کردووە و هەڵکشاون بۆ قوڵایی باکوری خۆیان، تاکو ئەوەی ئێستا دەبینرێ سنوری عەرەب زۆر فراوان بووە. زۆر شار و ناوچە هەیە لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی خاڵی بۆتەوە، تەنها عەرەب تێیدا زۆرینەیە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا ئەو سنورەی وڵاتی عەرەبە، کە بۆتە هاوسنوری وڵاتی ئێمە، نەوەک ئەو سنورانەی کە پەیوەندیان بە کوردستانەوە نیە. هەروەها ناچینە سنوری ڕۆژئاوای کوردستانیش، چونکە ئەوەی ئێمە تایبەتە بە باشوری کوردستان، واتە (هەرێمی کوردستانی عێراق) زۆر لە گەڕیدە و وڵات ناسانی عەرەب بە نووسین و نەخشە، سنوری وڵاتی عەرەبیان دیاری کردووە. بە تایبەت ئەوانەی لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسی. زۆربەی جوگرافیناسەکانی عەرەب لەسەر ئەوە کۆکن کەوا سنوری وڵاتی نەتەوەیی عەرەب لەلای عێراق لەسەر ڕوباری دیجلە کۆتایی دێت. واتە لە ڕووباری دیجلە هەرگیز نەپەڕیوەتەوە. ئەوکات لەبۆ ناسینی جوگرافیا وشەی وێنەیان بەکار هێناوە (صورة –نموونە –صورة الارض). یەکەم کەس کەوا لە کتێبەکەیدا (صورة الاقالیم)ی بەکارهێناوە باسی لە سنوری وڵاتی عەرەب کردووە (بەلخی)یە کە ناوی تەواوی (أحمد بن سهل بأبی زید البلخی) ساڵی (٩٣٤ز) کۆچی دوایی کردووە، بۆیە زۆربەی نووسەرەکانی دوای خۆی کتێب و نەخشەکەی ئەویان وەک سەرچاوە بەکارهێناوە جگە لە (ابن الحوقل) نەبێت، ئەویش ڕای وایە سنوری وڵاتی عەرەب بەمشێوەیە کە لە نەخشەکەدا دیاریکردووە (دیارە وڵاتی عەرەب دەست پێدەکات لە "عەدەن"ی یەمەن

هەڵکەوتووی سەر دەریای عەرەب کۆتایی دێت لە ڕۆژهەڵات بە ڕوباری دیجلە. کە شاری بەغدای کردووە بە دوو بەش. لەگەڵ واست "کوت" کە ئەویشی کردووە بە دوو کەرت) لەدوای یان لەپشتی ئەم دوو شارە ناو و نەخشەی هیچ شار و ئاوەدانیەکی تری نەهێناوە، کە هی وڵاتی عەرەب بێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سنوری وڵاتێکی تر دەستپێدەکات کە دانیشتوانەکەی عەرەب نین. گەڕیدەیەکی تر کەوا باسی لە سنوری وڵاتی عەرەب کردووە (اصطخري) یە کە ناوی تەواوی (ابو اسحق ابراهیم بن محمد بن الفارسی) کە کتێبەکەی لە ساڵی(٣٤٠کۆچی بەرامبەر ساڵی ٩٥١زاینی نووسیوە) بە ناوی (مسالک الممالک) لەسەر وڵاتی عەرەب بەم شێوەیە دەنووسێت: شوێنی عەرەب حیجازە کە مەکە و مەدینە و یەمامە و دەوروبەری دەگرێتەوە. دەبینین حیجاز دەگاتە خاکی بەحرێن و بانی عێراق و بانی جەزیرە و بانی شام و یەمەن و مهرە و حەزرمۆت. هەروەها لە ڕاستی یەمامەوە تاکو نزیک مەدینە لەوێ بگەڕێوە بانی بەسرا درێژ دەبێتەوە تاکو بەحرێن لەوێش بۆ دەریا. بۆیە دەبینین لە ڕاستی عەبادانەوە تاکو ئەنبار، لە بانی عێراق لە ڕاستی ئەنبارەوە تا باڵس، پاشان بانی جەزیرەیە. بەپێی ئەم دیاریکردنە بێت وڵاتی عەرەب لە جەزیرە کۆتایی هاتووە و لە بەغدا و واست ڕەتی نەکردووە. ئەوە هیچ کە ناوی وڵاتی چیاکان نەهاتووە، بۆیە لەدەرەوەی ئەم سنورانە سنوری وڵاتی تر دەست پێدەکات بەپێی هەموو سەرچاوەکانیش بێت خاکی کوردان هاوسنوری خاکی وڵاتی عەرەب بووە. کەواتە سنوری باشوری کوردستان لە کۆنەوە دیاری کراو بووە لەلایەن نووسەر و گەڕیدەکانی عەرەب و ئیسلام. جوگرافیناسێکی تر کە ناودارێکی گەورەی مێژووی ئیسلامە، سنوری وڵاتی عەرەبی بە وردی دیاری کردووە. ئەویش (ابن حوقل) ە کەناوی تەواوی (محمد بن علی النصبي) ساڵی (٩٨٨ز) کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی (٣٦٧ک-٩٧٧ز) دووبارە بە کتێبەکەی بەلخی (صورة الاقالیم)دا چۆتەوە بەناوی (صورة الارض) خستویەتیەوە ڕوو. لە کتێبەکەیدا لە بارەی سنوری وڵات و شوێنی عەرەب دەنووسێت: لە دەوری دەریای فارس لە عەبادان کە ئاوڕێژی دیجلەیە بۆ دەریا درێژ دەبێتەوە بۆ

بەحرێن تاکو عومان، پاشان دەسوڕێتەوە بۆ کەناراوەکانی میهرە و حەزەرمۆت و عەدەن تا لە کەناراوەکانی یەمەن کۆتایی دێت، لەوێش بۆ جدە. لەوێوە درێژ دەبێتەوە بۆ جار و مەدین تاکو لە ئیلە کۆتایی دێت. لە ئیلەوە درێژ دەبێتەوە بۆ شارەکانی نەتەوەی لوت و دەریای مردوو، بۆ شەرات و بەلقا کە لەکاری فەڵەستینن. لە ئەدروعات وحۆران و بسەینە و غوتەی دیمەشق و دەوروبەری بەعلەبەگ کە لەکاری دیمەشق و تەدمر سەلمینەوە تا خناسر و بالس ئەوانیش لە کاری قونسرینن کۆتایی دێت لە ڕاستی فورات ،لە فوراتەوە درێژ دەبێتەوە بە وڵاتی عەرەب دا دەڕوات بە ڕەقە و قرقیسیا و رحبە و دالیە و عانە و حەدیسە و هیت و ئەنبار تاکو کۆتایی دێت بۆ کوفە. لە ئەنبارەوە بۆ عەبادان لە ڕاستی عێراق. بەم شێوەیە (ابن حوقەل) باس لە بوونی عەرەب ناکات لە هەرێمی فورات، ئەوە هیچ کە ناوی هەرێمی چیای نەهێناوە. لەم بارەیەوە نووسیویەتی: هیچ کەسمان نەبینی لە جەزیرە بێت لە وڵاتی عەرەب دابەزیبێت، چونکە شوێنی فارس و ڕۆمە لە چواردەوری گوند و شارە ئاوەدانەکان کۆبوونەتەوە و کاری چاکیان هەیە و دانیشتوانەکەی هاوکارن لە فارس و ڕۆم. بەمشێوەیە سنوری وڵاتی عەرەب لە دیجلە ناپەڕێتەوە، لەلای ئیبن حوقەلیش لە پشتی بەغدا و واست هیچ شار و ئاوەدانیەک نیە بە ناوی عەرەب یاخود لە ناو سنوری وڵاتی عەرەبدا بێت. هەروەها (نورالدین أبو الحسن علی بن الوزیر أبی عمران موسی بن سعید الغرناطي الآندلسی) ساڵی(١٢٨٦ز) کۆچی دوایی کردووە، ناسراو بە (ئیبن سعید المغربی) سنوری وڵاتی عەرەب لای ئەویش لە ڕوباری دیجلە کۆتایی دێت و زیاتر نیە. ئەگەرچی عەرەب زۆرینەی خێڵەکی و کۆچەری بوونە زۆرجار بۆ لەوەڕگاکانی موسڵ و سەروی دیجلە هاتوون. بەڵام ئەوەی وڵاتی عەرەبی فراوان کردووە هاتنی ئاینی ئیسلام بووە. ئەم ئاینەش زیاتر لە وڵاتانی سەر سنوری عەرەب بڵاو بۆتەوە بە زەبری هێزی شمشێر و داگیرکاری و خۆسەپاندن. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دانیشتوانە ڕەسەنەکەیان لەناو بردووە و ئاین و زمان و کەلتوری خۆیان لە دەستداوە و ئاوێتەی زمان و کەلتوری عەرەب بوونە، بەناوی ئاینی ئیسلام، یاخود کۆچیان کردووە لە

ترسان خاکی خۆیان جێ هێشتووە، یان بەزۆر دەرکراون وەک ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی دەوڵەتی تازەی عێراقەوە پەیڕەو کراوە، لەساڵی (١٩٢٠ز) تاکو ساڵی (٢٠٠٣ز). یان خەڵکێکی زۆر ناسنامەی نەتەوەیی خۆی گۆڕیوە بۆ عەرەب. لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣ز) زۆر عەشیرەت و بنەماڵە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق کورد بوونی خۆیان ئاشکرا کرد، کەوا لە بنەڕەتدا کورد بوونە، بەڵام ڕۆژگار کردونی بە عەرەب.

چەند شارێکی مێژوویی لە کوردستانی عێراقدا

هەندێ شاری مێژوویی لە باشوری کوردستان کە کەوتونەتە نزیک سنورەکانی خواروی باشوری کوردستان و وڵاتی عێراقی عەرەب، لە کۆنەوە هەموو دەم جێگای گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان بووە، لەسەر ئەوەی ئەم شارە لە بنەڕەتدا موڵکی کام نەتەوەیە. لەوانەیە هەموویان بەڵگەیان لەلا بێت بۆ سەلماندن، کەوا ئەم شارانە هی کامە نەتەوەیە، لەوانەشە هی هەموویان بێت. بەڵام هەمیشە واقیعی جوگرافی شتێکمان پێدەڵێ ئەویش کوردستانی بوونی ئەم شارانەیە، چونکە لە سەر سنور یان لە ناو جوگرافیای کوردستان هەڵکەوتوون، بەڵام واقعێکی تر هەیە ئەویش زۆریی تەمەنی دەسەڵاتی عەرەب و تورک وای کردووە زۆرجار سیما و ڕووخساری نەتەوەکانی ئەوان بەم شارانەوە دیار بێت. بەڵام مێژووی هاتنی ئەوان بۆ ئەم سەرزەمینە دیارە، کەوا لە کوێوە هاتوون و هۆکاری هاتنەکەشیان دیارە. کەچی مێژوو هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی لەدەست نیە کورد لە کوێوە هاتووە. بەڵکو کورد هەڵقوڵاوی ئەم سەرزەمینەیە، جا پاشماوەی کامە نەتەوە و ڕەگەزە، ئەوە شتێکی ترە. عەرەب لەگەڵ هاتنی شەپۆلی دەست بەسەرداگرتنی ئاینی ئیسلام لە چەرخی حەوتەمی زاینی هاتوون بۆ سەرووی چۆمی فورات، واتە بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا. تورکیش لە دوای ئەو شەپۆلانەی کەوالە سەدەکانی (١٠)ی زاینی بەدواوە بەناوی سەلجوقی و بوهی و تاتار و مەغۆل و قەرەقۆینلو ئاق قۆینلو چەندین ناوی

تر هاتوونەتە ئەم سەر زەمینە. لێرەدا مێژووی چەند شارێک دەخەینەوە ڕوو کە لە کتێبی جوگرافیا و گەڕیدەکانی ئیسلام و عەرەب و تورک و بیانی باسیان لێوەکراوە. بۆ سەلماندنی ئەوەی کەوا ڕۆژگارێک ئەم شارانە لە مێژوودا خاکی کوردان بوونە.بۆ ئەم مەبەستە بە وێستگە مێژووییەکانی چەند شارێکدا گوزەر دەکەین بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان.

١- موصل (نەینەوا)

٢- کەرکوک

٣- شەنگار (سنجار)

٤- مەندەلی

١- موصل (نەینەوا)

شاری موصل یان (میسڵ) یاخود ناوە کۆنەکەی (نەینەوا) شارێکی کۆن و دێرینە. لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە دەکەوێتە هەردوو بەری ناوەڕاستی درێژایی ڕوباری دیجلە و باشوری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان، لە هەڵکەوتەی فەلەکیی کەوتۆتە سەر هێڵی پانی ٣٦ی باکور و هێلی درێژی ٤٣ ڕۆژهەڵات. لە کۆنەوە یەکێکە لەو شارانەی بەردەوام ژیانی تێدابووە و دیاربووە لە مێژووی وڵاتی میزۆپۆتامیا. هەمیشە جێگای دیارە لە ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە بە گشتی و میزۆپۆتامیا و عێراق و کوردستان بەتایبەتی. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بێت ئەم شارە (١٨٠٠) ساڵ پێش زاین لەلایەن سەرکردەی ناوداری ئاشورییەکان (نینۆس) دروستکراوە. ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کەوا بەر لەو مێژووە نەینەوا هەبووە و مەڵبەندێکی ژیاریی و کشتوکاڵی بووە. ئەم شارە دوای کەوتنی دەسەڵاتی ئاشورییەکان لەلایەن بابلی و میدیەکان لە ساڵی(٦١٢ پ.ز) گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە کتێبی (فتوح البلدان)ی مێژوونووس (احمد

بن یحیا جابر) ناسراو بە (بلایذری) لە گرتنی موسل باس لە هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان دەکات ساڵی (٦٣٧ز) بۆ ئەم شارە. لەسەردەمی خەلیفەی دووەم (عومەری کوڕی خەتابی عەدەوی) لەسەر دەستی فەرماندە (عتبە بن فرقد الاسلمی) موسڵ دەستی بەسەرداگیرا لە بەرامبەردا کوردەکان دەرکەوتن و زۆر بەتوندی بەرگرییان لە شارەکە دەکرد. لەو کاتەوە ناوی نراوە (موصل) واتە بەیەک گەیشتن. هەندێ سەرچاوەش ناوەکە بۆ زمانی کوردی دەگێرنەوە، کە بە مانای (تیشکی ڕۆژ) دێت. تا هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان موسڵ سیمایەکی کوردانەی هەبووە، چونکە دانیشتوانەکەی لە کوردانی مەجوسی و مەسیحی پێکهاتبوو. هەروەها گەڕیدەی ناودار (ابن بطوطة: ١٣٠٤–١٣٧٧ز) لە کتێبەکەیدا (رحلة ابن بطوطة) دەنووسێت: شارەکانی موسڵ و ماردین و سنجار شاری کوردانن. مەسعودی کە لە ساڵی (٩٥٦ز) کۆچی دوایی کردووە، لەگەڵ ئیبن حوقەڵ کە لە ساڵی (٩٧٧ز) کۆچی دوایی کردووە، باس لە بوونی کورد دەکەن لە دێرزەمانەوە، کەوا نیشتەجێی شاری موسڵ و دەوروبەری بوونە. گەڕیدەی ناوداری ئەوروپی (مارکۆپۆلۆ) لە ساڵی (١٢٨٠ز) بە موسڵ گوزەری کردووە باس لەوە دەکات، کەوا هۆز و تیرەکانی دەوروبەری شاری موسڵ کە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن پێیان دەگوتن (کورد) گەڕیدە و بازرگان و پزیشکی ئەڵمانی(دکتۆر لیونارد ڕالووف) لە ساڵی (١٥٧٥ز) سەردانی موسڵی کردووە دەنووسێت: کە چوینە ناو شاری موسڵ پردەکەمان بڕی، کە لەسەر پشتی چەند کەڵەکێک دروست کرابوو، موسڵ لە وڵاتی کوردان هەڵکەوتووە. گەڕیدەی ناوداری عوسمانی (ئەولیای چەڵەبی) لە کتێبەکەیدا (سیاحەتنامە)دا لەبارەی موسڵەوە دەنووسێت: نۆ ویلایەت لە سەردەمی ئەودا کوردستان بووە ئەوانیش، ئەرزەڕۆم، وان، هەکاری، دیاربەکر، جەزیرە، ئامێدی، موسڵ، شارەزوور، ئەردەڵان، کە مرۆڤ حەڤدە ڕۆژی پێویستە تاکو دەیبڕێ. لەهەمان کات گەڕیدەی تورک (حاجی خەلیفە) ناسراو بە (کاتب چەڵەبی) لە سەدەی حەڤدەهەمی زاینی ژیاوە. وا دادەنرێ، کەوا لە ساڵی (١٦٣٨ز) سەردانی موسڵی کردبێ. لە کتێبەکەیدا (جهان نما) دەنووسێت: دانیشتوانی

موسڵ کوردن و بە زمانەکانی عەرەبی و تورکیش قسە دەکەن، یان دانیشتوانی موسڵی بینیوە بە کوردی ئاخاوتوون .گەڕیدەی فەڕەنسی (ئۆلیفییە G. A. Olivier) لەساڵی (١٧٩٥ز) سەردانی شاری موسڵی کردووە و ژمارەی دانیشتوانی بەم شێوەیە دیاریکردووە (٧٠٠٠–٨٠٠٠) حەوت بۆ هەشت هەزار کریستیان، (١٠٠٠) یەک هەزار جولەکە، (٢٥) بیست و پێنج هەزار عەرەب، (١٥٠٠٠–١٦٠٠٠) پانزە بۆ شانزە هەزار کورد. گەڕیدەی بەریتانی (جاکسۆن) لە (١٧٩٧/٧/٢٥ز) سەردانی شاری موسڵی کردووە دەنووسێت: شاری موسڵ پڕە لە دانیشتوان لە چەندین ڕەگەز و جۆرەها ئاینن، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردەکانن. مێژوونووسی نەمساوی (فۆن هامەر: ١٧٧٤–١٨٥٩ز) لە کتێبەکەیدا (مێژووی دەوڵەتی عوسمانی) دەنووسێت: دانیشتوانی موسڵ بە زمانی کوردی دەدوێن و کوردن، لەسەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بە عەرەبی و فارسی و تورکیش قسە دەکەن. لەلایەکی تر گەڕیدەی ناوداری بەریتانی (جێمس لیک بکنگهام) کاتێ لە ساڵی (١٨١٦ز) سەردانی شاری موسڵی کردووە دەنووسێت: (دانیشتوانی موسڵ بە ڕێژەیەکی یەکسان لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب)دایە، هەروەها گەورە ئەفسەری ئەڵمانی (فیلد مارشاڵ هولمس فونی موڵتەکە) ساڵی (١٨٣٨ز) سەردانی شارەکەی کردووە و دەنووسێت: نیشتەنی ئەم شارە (کورد ،کلدانی ،عەرەب)ن. بە کوردی و عەرەبی و ئێرانی و تورکیش وتوێژ دەکەن. سەرەڕای ئەو هەموو هەڵمەتی تەعریب کردنە ڕێکخراوەی دەکرێتە سەری، لەگەڵ کۆچی زۆری عەرەب و تورکمان لە چەند قۆناغێکی مێژوویی کراوەتە سەری، بەتایبەت لەسەردەمی سەڵجوقی و بوهی و قەرەقۆینلو ئاق قۆینلو و چەندانی تر، بەڵام شارەکە هەتاکو ڕۆژگاری ئیمڕۆ سێ یەکی دانیشتوانی کوردن و ڕێژەی عەرەب ناگاتە سێ یەکی دانیشتوان، بە هەرحاڵ کەوا ژمارەیەکی زۆری کورد و تورکمان و ئاشوری و ئێزیدی کراون بە عەرەب، بەتایبەت لە دوا سێ دەیەی سەدەی بیستەم. گەڕیدەی بەریتانی (کی لسترنج) لە کتێبەکەیدا (وڵاتانی خەلافەتی ڕۆژهەڵاتی) لە ساڵی (١٩٠٠ز) دەنووسێت: خەڵکی موسڵ کوردن لە دێرزەمانەوە، بەتایبەت لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا

زۆرینە کورد بوون. لەلایەکی ترەوە (لۆنگریک) پشکنەری کارگێڕی بریتانیا لە عێراق لە کتێبەکەیدا (چوار سەدە لە مێژووی عێراق)دا دەنووسێت: موسڵ پایەختی سروشتی جەزیرە و ناوەندی کوردستانی ناوەڕاست بووە. لە ساڵی (١٩٢٣ز) نووسەرێک لە پاشکۆی گۆڤاری (لازی فرانسیز) دەنووسێت: موسڵ دەکەوێتە سەر ڕێگەی هیندستان، شوێنێکی سەربازی و سیاسی و ئابووری گرنگی هەیە، خاڵی بەیەک گەیشتنی ڕێگاکانە لە باکوری بەغدا و مەڵبەندی سیاسی کوردستان و مەڵبەندی بەرهەمهێنان و سوود وەرگرتنە لە نەوت. لیژنەی بەدوادچوون لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ ساڵی (١٩٢٥ز) گەیشتە ئەو ڕایەی: تەنها ئەو گروپانە پابەند و نیشتەجێی ناوچەیەکی فراوانن، ئەوانیش کورد و عەرەبن، هێڵی جیاکردنەوەی نێوان هەردوو ڕەگەز ڕوباری دیجلەیە هەتاکو دەگاتە یەک ئاوی زابی بچوک. مێژوونووسی گەورەی کورد (ئەمین زەکی بەگ ١٨٨٦-١٩٤٨ز) دەنووسێت: خەڵکی موسڵ کوردن. بەشێوەیەکی گشتی لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە سەردەمی ساغکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم تورکەکان پێداگیریان لەسەر ئەوە دەکرد، کەوا موسڵ بە پلەی یەکەم تورکمانە ئەوجا کورد. لە (٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ز) بە شێوەیەکی فەرمی ڕێککەوتنی نێوان بەریتانیا و تورکیا و عێراق کرا، هێڵی برۆکسل سنوری نێوان عێراق و تورکیای لە ناوجەرگەی خاکی کوردستان کێشا و ویلایەتی موسڵ بووە بەشێک لە خاکی عێراقی تازە، کە نەخشەکەی لەلایەن بەریتانیەکانەوە کێشرابوو، هەرسێ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرە بوونە پێکهاتەی بنەڕەتی ئەم وڵاتە. شاری موسڵ کاتێ عوسمانییەکان لە ساڵی (١٥١٦ز) دەستیان بەسەرداگرت، زۆرینەی خێزانەکانی کورد بوون، هەربۆیە سوڵتان سەلیمی عوسمانی (مەلا ئیدریسی بەدلیسی) کە لە ساڵی (١٥٢٠ز) کۆچی دوایی کردووە، ناردیە ئەم شارە وەک خاوەنداری کردنی. بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی لەم شارە (١٥١٦-١٩٢٤ز) هەمیشە تایبەتمەندی خۆی پێداوە، چونکە هەرێمەکە جیاواز بووە لە هەرێمەکانی تر کە زۆرینە عەرەب نشین بوونە. تایبەتمەندییەکی تری شاری موسڵ ئەوەیە لە پاڵ ناوچە

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

کوردستانییەکان هەڵکەوتووە، لە دێرزەمانەوە وەک دەریایەک بووە ڕووبار و جۆگاکانی کوردستانی ڕژاوەتە ناو. هەمیشە خێزانە ناودارەکانی کورد چوونەتە ئەم شارە نیشتەجێ بوونە. تایبەتمەندییەکی تری ئەم شارە و دەوروبەری ئەوەیە ناوەندی بازاڕی کوردستان بووە، هەمیشە سێ لای ئەم شارە ناوجەرگەی کوردستان بووە. لەوێوە شمەک و بەروبووم هاتووە لە موسڵ ساغ کراوەتەوە، موسڵیش شمەکی خۆی فرۆشتۆتە ئەم ناوچانە. ئەوەندی بازاڕی موسڵ بەسەر دیاربەکر و ورمێ و هەولێر و کەرکوک و سنجارەوە بووە، کەمتر بە قوڵایی بیابانی خوارووددا بووە. لە سەردەمی دەوڵەتی تازەی عێراق(١٩٢٠-٢٠٠٣ز) هەمیشە کورد بوونی هەبووە لە شاری موسڵ. لە سەردەمی ڕژێمی بەعس هەڵمەتی دەرکردنی کورد لەم شارە و دەوروبەری دەستی پێکرد، لەگەڵ بەزۆر گۆڕینی ناسنامەیان لە کوردەوە بۆ عەرەب. سەدان بەڵگەی فەرمی ڕژێمی بەعس لەبەر دەستدایە کاتێ هەوڵی گۆڕینی شوناسی ئەم شارەیان داوە بۆ شارێکی تەواو عەرەبی. لە پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (٢٠٠٣ز) لەسەر دەستی هاوپەیمانان و ئۆپۆزیسۆنی عێراقی بەگشتی و کورد بەتایبەتی، شاری موسڵ و دەوروبەری لەلایەن هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵ کرا. کورد جارێکی تر ژیایەوە لەم شارە. بەڵام لە دوای لە دەست پێکردنی کردەوە تیرۆرستییەکان لە بەرامبەر سوپای ئەمەریکا و حیزب و گروپە تازەکانی عێراق. ژمارەیەکی یەکجار زۆری کورد لە ناوەندی شارەکەوە کۆچیان کرد بۆ دەشتی نەینەوا. لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی (٢٠٠٥ز) وە هەمیشە لیستی کوردستانی بە لیستی دووەم دێت لە دوای لیستی عەرەبی. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کورد بوونی هەبووە و هەیە لە پارێزگای نەینەوا، سەرەڕای ئەو هەموو کردەوە تیرۆرستییەی بەرامبەری کراوە. لە ئێستاشدا هەرکاتێ هەرێمی کوردستان جودابێتەوە شاری موسڵ گەر لە چوارچێوەی ئەم وڵاتە تازەیەدا نەبێت وەک شارێکی نیمچە مردوو دەبێت، چونکە موسڵ لە چەندین لاوە بە دانیشتوانی کورد دەورە دراوە. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کورد لە دێرزەمانەوە لە موسڵ ژیاوە، بەبێ

ئەوەی دیاربێت لە شوێنێکی تر و لەگەڵ شەپۆلی داگیرکاری هاتبێتە ناوچەکە. بەڵام دیارە لەگەڵ هاتنی شەپۆلی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بۆ شارەکە لە ساڵی (٦٣٧ز) عەرەبیش لەم شارە نیشتەجێ بوونە و بوونەتە فەرمانڕەوای ناوچەکە. یەکەم کەسیش کە دەستی دایە تەعریبکردنی شاری موسڵ (هەرشەمە بن عرفجە البارقی) بوو کە یەکێک لە فەرماندەکانی عەرەبی ئیسلام بوو لە سەردەمی خەلیفەی دووەم (عومەری کوری خەتابی عەدەوی) ئەم پیاوە یەکسەر دەستی کرد بە نیشتەجێ کردنی خێڵە عەرەبەکانی ناوچەی جەزیرەی خوار موسڵ لە شارەکەدا. بەر لەو مێژووە هەموو سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، کەوا عەرەب نەبووە لە ناو شاری موسڵ. لەو ڕۆژگارەوە ئاینی ئیسلام بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ داگیرکردنی وڵاتان و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی بۆ نەتەوەی عەرەب و ئاینی ئیسلام لە ژێر زەبری شمشێر و توندوتیژی، ئەگەرنا ئەم سەرزەمینانەی ئەمڕۆ عەرەب بەهی خۆی دادەنێ هەتاکو چەندین سەدەش لە دەسەڵاتی عەرەبە موسڵمانەکان زۆرینە نەتەوە و ئاینی تر بوونە، نەوەک عەرەب و ئیسلام. دووەم شەپۆلی گەورەی بەعەرەب کردنی شاری موسڵ و دەوروبەری و ناوچەی جەزیرە لە سەدەی حەڤدەهەمی زاینی بووە. لە ئەنجامی وشکەساڵی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە عەشیرەتی شەمەر کە گەورەترین عەشیرەتی عەرەبین لە دەوروبەری موسڵ جێگیرکراون. بەتایبەت لە قۆناغی یەکەم لەسەر دەستی (سوڵتان موڕادی چوارەم) (١٦٢٣-١٦٤٠ز) سوڵتانی عوسمانی کاتێ بەغدای گرتەوە لە ساڵی (١٦٣٨ز) لە دەست فارسەکانی دەرهێنا، ژمارەیەکی یەکجار زۆری عەرەبی شەمەری لە دەوروبەری موسڵ و ناوچەی جەزیرە نیشتەجێ کرد، عەشیرەتی شەمەر لە باکوری نەجد دەژیان لە نیمچە دورگەی عەرەبی. دواتر عەشیرەتەکانی جبور و زەفیر و عگێدات و بێگات و بەنو خالید و تەی، زیاتر کۆچیان کرد و زەوی بەپیت و سەرچاوەی ئاو و لەوەڕگای باشیان دەست کەوت. لە سەدەی نۆزدەهەمی زاینی لەسەر دەستی والی عوسمانی (مەدحەت پاشا) لە نێوان ساڵەکانی (١٨٦٩-١٨٧٢ز) ژمارەیەکی زۆرتری عەشیرەتی شەمەر و

عەشیرەتەکانی تر نیشتەجێ کران و سەرچاوەی ئاوی بۆ دابین کردن، بەمشێوەیە عەرەب بوونە خاوەنی زۆرینەی موسڵ. لە سەردەمی دەوڵەتی تازەی عێراق لە ساڵی (١٩٢٠ز) و بەتایبەت ماوەی دەسەڵاتی حزبی بەعس (١٩٦٨-٢٠٠٣ز) زۆرترین تەعریبی موسڵ و دەوروبەری کرا. لە هەمووی مەترسیدارتر سەرهەڵدانی گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوو لە ساڵی (٢٠١٤ز)[٢٤] بە تەواوی شاری موسڵیان بەتاڵ کردەوە لە دانیشتوانی نا عەرەب .

٢- کەرکوک

شاری کەرکوک دەکەوێتە ناوەڕاستی خوارووی باشوری کوردستان، لەسەر قەڵایەکی دەستکردی مێژوویی بە ڕووبەری زیاتر لە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار مەتر چوارگۆشە بنیادنراوە. شوێن هەڵکەوتە فەلەکییەکەی لەسەر هێڵی پانی (٤٧-٣٥) باکور و هێڵی درێژی (٣٩-٤٤) ڕۆژهەڵاتە. سەرچاوە کۆنەکان مێژووی دروستبوونی کەرکوک دەگێڕنەوە بۆ نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر و ناوە کۆنەکەشی (ئارابخا)ی زمانی سریانیە. ساڵی (١٩٢٣ز) لە گەڕان و پشکنینێکدا لە گردی (عەرەفە) چەند پارچە شوێنەوارێکی کۆنی بسماری دۆزرایەوە. لەچەند شوێنێک ناوی شارەکە بە (ئارابخا) (ئارافا) هاتووە. دەسەڵاتدارانی عێراقی ناوەکەیان کرد بە (ئەرەفە یان عەرەفە) بۆ ئەوەی ناوەکە زیاتر ببەنەوە سەر زمانی عەرەبی. لە سەرەتای دروست بوونیەوە کەرکوک لە هەموو چەرخێک بەردەوام جێگای ژیان بووە، ناوی لە چەندین سەرچاوەی مێژووییدا هاتووە. لە سەرچاوە گریکییەکان ناوەکەی بە (ئاراپخۆس) هاتووە. سترابوی جوگرافیناس (٥٨٥-٥٢٥پ.ز) نووسیویەتی ناوی (دیمتریاس)ە. بەڵام مێژوونووسی یۆنانی (بلوتارخ: ٥٠-١٢٥ز) بە (کورکورا) ناوەکەی تۆمارکردووە (بەتلیمۆس: ٩٠-١٦٨ز) نووسیوویەتی ناوی (گوڕگوڕا)یە، بێگومان ئەم ناوە هەر لە گڕی ئاگرەکەی (باباگورگور)ە

---

[٢٤] - معركه_الموصل_٢٠١٤/www.ar.wikipedia.org/wiki

وە هاتووە. ئاگری باباگوڕگوڕ هەمیشە لە کۆندا وەک پیرۆزییەک هاتۆتە هەژمارکردن. ئەوکات ئاگر سەرچاوەی ڕۆناکی و گەرمی و زۆر شت بووە. وەک نوری خوداوەند دانراوە. زۆر لە نووسەرانی کورد ڕایان وایە ناوی کەرکوک لە (کارکۆک) هاتووە واتە قەڵای گەورە یان کارێکی پوختە و مەزن و گەورە. لە قاموسی ئیعلامی تورکی ساڵی (١٨٩٦ز) دا هاتووە (کەرکوک شارێکی کۆنە و ناوە کۆنەکەی -کەرکۆرە-)یە لەسەرچاوە ئارامییەکاندا بە (کرخا) هاتووە. یان مالی سلوخ ،کرخ سلوخ واتە شاری سلوقیەکان. سلوقیەکان بەشێک لە ئیمپڕاتۆریەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی بوون، حوکمی بەشی ئاسیایان دەکرد (٣٨١-٣١١پ.ز) سەرچاوە لە پێشینەکانی ئیسلام بە (کرخینی) تۆماریان کردوە. کۆنترین سەرچاوە کە شاری کەرکوکی بە (کەرکوک) تۆمار کردبێ (عەلی یەزدی) بووە لە سەدەی نۆیەمی کۆچی، بەرامبەر سەدەی پازدەهەمی زاینی لە کتێبی (زەفەرنامە) بەڵام زۆر لە سەرچاوە مێژووییە زانستییەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کەوا کەرکوک زیاتر بەناوی (باباگوڕگوڕ) هاتبێ، چونکە زۆرجار وتراوە کوڕکوڕ، یان(کوڕکوڕا یاخود کورکوڕوک) و چەندین ناوی تر، تا بووە بە کەرکوک.

کەرکوک وەک ناوەندی دەسەلاتداران

کەرکوک بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی بەردەوام ژیان و ئاوەدانی تێدا بووە. زۆر سەردەم ناوەندی دەسەڵاتداریەتی دەوڵەت یان هەرێمیی بووە، کە هەردەمەی لەناو بەرگ و فۆڕمێک خۆی ناساندووە. لە ساڵی (٢٢١٠پ.ز) بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پایتەختی وڵاتی (گوتیەکان) بووە. دواتر بووە بە پایتەختی (حۆریەکان) لەسەردەمی دەوڵەتی (ئەدیابین) و (فرسیەکان) پایتەخت بووە، دواتر گواستویانەتەوە بۆ هەولێر. لە زۆر کات کەرکوک کەوتۆتە ناو قەڵەمڕەوی ئەمارەتی ئەردەڵان بەتایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەمی زاینی لە خاوەنداریەتی (خان ئەحمەد خان) میری ئەمارەتی ئەردەڵان بووە، کە لە ساڵی (١٦٣٨ز) کۆچی دوایی کردووە. ئەمارەتی ئەردەڵان هەردەمەی وابەستەی یەکێک لەوڵاتە گەورەکانی وەک سەفەوی و

عوسمانی بووە. دواتر کەرکوک کەوتۆتە چوارچێوەی قەڵەمرەوی ئەمارەتی بابان، کە لەناوچەی شارباژێڕ و شارەزوور و گەرمیان دەسەڵاتیان هەبووە. پاشان ناوەندەکەی بووە شاری سلێمانی، دوای ئەوەی لە قەڵاچۆلانەوە پایتەختیان گواستەوە بۆ دەشتی کانی ئاسکان لەساڵی (١٧٨٤ز) و شاری سلێمانیان بنیادنا. هەندێ سەردەم ئەمارەتی سۆرانیش توانیویەتی بگات بە کەرکوک. بەڵام کەرکوک لە دوای داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی (١٥٣٥ز) ئەویش کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی. لەوکاتەوە زۆربەی کات شاری کەرکوک ناوەند یان پایتەختی ئایەلەتی شارەزوور یان ویلایەتی شارەزوور بووە، کە زۆربەی خاکی باشوری کوردستانی گرتۆتەوە، تەنانەت تاکو پشتکۆ و کرمانشان و مەریوان و سەردەشت و شنۆش ڕۆیشتووە. جگە لەوکاتانەی کە میرنشینە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبووە. بەڵام لە ڕەسمیات هەر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی بووە. دوای دروستکردنی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (١٨٧٩ز) کەرکوک بووە سەنجاغێک سەر بە ویلایەتی موسڵ بە ناوی سنجاغی شارەزوور. دواتر لە ساڵی (١٨٩٣ز) بە نووسراوێکی ڕەسمی ناوەکە گۆڕدرا لەبۆ سەنجاغی کەرکوک[٢٥] .لەدوای هاتنی سوپای بەریتانیا بۆ کەرکوک و دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی عێراق کەرکوک کرا بە لیوا. سەرەتا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەر بە لیوای کەرکوک بوو. تەنانەت تاکو سیەکانی سەدەی بیستەم زۆر لە ناوەندە فەرهەنگی و پەروەردەییەکانی تایبەت بە کورد بارەگاکانیان لە کەرکوک بوو. کەرکوک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان، هەمیشە خاڵی گرنگ و جێ ناکۆکی سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی ناوەندیی عێراق بووە. لە هەموو گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لە ساڵانی (١٩٦١ز) تاکو (٢٠٠٣ز) کەرکوک چەقی وەستان بووە. لە دوای ڕوخانی

---

[٢٥] – لە نووسراوە ڕەسمییەکان و ڕێکخستنی بودجەی ساڵانەی دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە تێکەڵ بوونێک لە نێوان هەردوو سەنجاغی شارەزوور و دێرزوور روویدەدا بۆیە باب العالی، واتە سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بە بڕیارێک لە ساڵی (١٨٩٣ز) بڕیاری گۆڕینی ناوی سەنجاغی شارەزووریدا لە شارەزوورەوە بۆ کەرکوک.

ڕژێمی بەعس، کەرکوک لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەساڵی (٢٠٠٥ز) جێگیرکراوە. بەڵام هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو مادده دەستووریە به سستی و لاوازی دەڕوات. لە بەرامبەردا کورد دەسەڵاتی زۆرینەی بەسەر کەرکوک هەیە و بەرپرسی یەکەمی پارێزگای کەرکوک کوردە[٢٦].

کوردستانی بوونی کەرکوک

بەلای کوردەوە هەمیشە شاری کەرکوک و دەوروبەری خاڵی هەرە گرنگی کێشە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکەیەتی. لەوەتەی کورد لەسەر ئەم خاکە ناو و بوونی هەیە کەرکوک وەک شارێکی ڕەسەن و دێرینی نیشتمانی خۆی هەژمار دەکات. هەمیشە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا کەرکوک شوێن و بایەخێکی گەورە و گرنگی بووە و هەیە، ململانێ لەسەر کەرکوک دەمێکە هاتۆتە ئاراوە، ئەگەر جاران کێشەکە زیاتر لە نێوان کورد و تورکمان بوو، ئەوە لەگەڵ سیاسەتی تەعریبکردنی کوردستان عەرەب بوونەتە گەورەترین کێشە بۆ ئەم شارە، چونکە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق (١٩٢٠-٢٠٠٣ز) هەمیشە لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەدا بوونە. بۆ سەلماندنی کوردبوون و زیاتر کوردستانی بوونی کەرکوک دەگەڕێینەوە بۆ وتە و تۆماری گەڕیدە و مێژوونووسە بیانی و تورک و عەرەب و کوردەکان، لەگەڵ هەموو ئەو نەخشە و تۆمارانەی دەوڵەتی عوسمانی و عێراقی، کەوا کوردستانی بوونی ئەم شارە دەسەلمێنن.

١- بازرگان و پزیشکی ئەڵمانی (دکتۆر لیۆنارد راوڵف) لە کۆتایی ساڵی (١٥٧٤ز) سەردانی کەرکوک و دەوروبەری کردووە. گەشتەکەی لە کتێبێکدا بە زمانی ئینگلیزی ساڵی (١٦٩٣ز) چاپ کراوە. بابەتی گرنگ و مێژوویی بۆ

---

[٢٦] - ئەم بابەتە پێش ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠١٧ز) و هاتنەوەی سوپای عێراق بۆ شارەکە لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ز) نووسراوە. لەوکاتەوە پارێزگار بووە بە عەرەب و هێزە سیاسیەکانی کورد لەبەر ناکۆکی نێوان خۆیان نەیانتوانی پارێزگارێکی کورد دابنێن. کورد لەناوچە کێشە لەسەرەکان پاشەکشەی زۆری کردووە.

تۆمار کردوین سەبارەت بە سنوری کوردستان، کاتێ دەنوسێت: گەشتەکەمان دەست پێکرد لە بەغداوە (١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٥٧٤ز) ڕوومان لە کەرکوک کرد، کە شەش ڕۆژە ڕێ دوورە، دەکەوێتە سنوری (میدیا) گەشتەکەمان لەبەری دووەمی ڕوباری دیجلە دەستپێکرد. لە مەودایەکی نزیکی داقوق بینیمان قەڵایەکی قایمی لێیە، کە هی یەکێ لە ئۆردوەکانی تورکە، ئەمە دەکەوێتە ناوچەی کوردەکان کە لێرەوە دەست پێدەکات و دەڕوات بەدرێژایی ڕوباری دیجلە لە نێوان میدیا و نێوان هەردوو ڕوبار هەتاکو دەگاتە ئەرمینیا. لەبارەی کورد خۆیان (بە زمانێکی تایبەت بەخۆیان دەدوێن، کە هیچ یەکێ لە هاوسەفەرەکانم نەیاندەزانی، هەروەها کوردەکان ناتوانن قسە بکەن بە فارسی و تورکی، کە باوە بۆ بەکارهێنان لە نێوان بەغدا و ئاشور، بۆیە پەنامان بردە بەر یەکێک کوردی بزانێ، دوو وەرگێڕمان هەبوو لە تێپەڕینمان بە وڵاتی کوردان).

٢- گەڕیدەی فەڕەنسی (تاڤێرنییە-Jean Baptiste Tavenier) لە کاتی گەشتەکەیدا لە بەغداوە بۆ موسڵ(١٩ی شوباتی ساڵی ١٦٥٢ز) کاتێ گەیشتۆتە شوێنی بەیەک گەیشتنی زێی بچوک بە روباری دیجلە (واتە یەکاوی عەرەبان) یان (فەتحە)ی پێدەڵێن. شەرگات لە باکورییەتی و تکریت لە باشورییەتی. دەنووسێت: لەم ڕۆژەدا کەسمان نەبینی جگە لە عەرەب و کورد دەڕۆیشتن لە نزیک هەردوو بەری ڕوبارەکە. کورد لە بەری نێوان هەردوو ڕوبار، عەرەبیش لەبەری ئاشوور. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەوا شوێنی نیشتەجێ بوونی کورد زۆر لە خوار کەرکوک بووە، نەوەک هەر بەتەنها ناو شاری کەرکوک.

٣- گەڕیدەی فەڕەنسی (ژان ئوتی) کە بەیەکەم گەڕیدەی فەڕەنسی دادەنرێ سەردانی کەرکوکی کردبێ. گەشتەکەی لە ساڵی (١٧٣٤ز) دەستپێکردووە، لە ساڵی (١٧٨٤ز) چاپی کردووە بەناوی (گەشت بۆ تورکیا و ئێران لەگەڵ فراوان خوازییەکانی تەهماسپ قولی خانی عەسکەری) لەم کتێبەدا ئوتی دەنووسێت: لە بەیانیەکی زوو گەیشتینە شاری کەرکوک، کە ئێستا پایتەختی

حکومەتی شارەزووری کوردستانە. ئەو حکومەتە دابەشبووە بۆ دوو هەرێم تا سێ هەرێمی هاوتەریبە کەوتۆتە نێوان ئازەربێجان و عێراقی فارسی ویلایەتی بەغدا و موسڵ و ئامێدی و هەکاری. وادەبینرێ کوردی گۆران گەورەترین هەڵسوڕاون لەناوچەکە لە ڕووی ڕووبەری خاک و دەسەڵات. ناوەندی سەرەکیان (پەلکانە)یە کە فراوانە و کەوتۆتە ناوچەی (قزلچە).

٤- گەڕیدەی فەڕەنسی (ئاکلیمان) لە ساڵی (١٨٥٦ز) گەشتێکی کردووە بۆ باشوری کوردستان. نووسینەکەی بەناوی (لێکۆلینەوە لە ناوخۆی کوردستانی باشوری عوسمانی لە کەرکوک تا ڕەواندوز) بەزمانی فەڕەنسی لە هەمان ساڵ لە گۆڤاری (ESGG) سویسری بڵاو کردۆتەوە، لەبارەی کەرکوکەوە دەنووسێت: لە (١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٥٦ز) بەر لە ڕۆژهەڵات گەیشتینە کەرکوک، هەڵسام بە وردی و بەپێی هەنگاوەکانی ڕێبەری پۆستە. بەحیسابی ماوەی گەیشتەکەمان هەنگاوەکانمان گەیشتە ٦١ هەنگاو بە پلانی ڕێبەری پۆستە. کەرکوک ناوچەیەکی کارگێڕی سەر بە ولایەتی شارەزوورە، هەڵکەوتووە لەوپەڕی سنوری ڕۆژهەڵات لە ناوچەیەکی بیاباندایە. لە دەوروبەری باشوریدا گردێک دەبینین، دەبێ تێیپەڕێنین بۆ چوونە ناو کوردستان. هەروەها دەنووسێت: لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە، بەشی سەرەوە و ناوجەرگەی شار و دەوروبەری جگە لە سەربازگەکان ژمارەی دانیشتوان دەگاتە نزیکەی (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار کەس، کە سێ لەسەر چواری کوردن.

٥- گەڕیدەی ڕۆژهەڵاتی (سید محەمەد کوڕی سەید ئەحمەد حسێنی) ناسراو بە (المنشئ البغدادي) لەساڵی (١٨٢٠ز) گەشتێکی کردووە بۆ کوردستان. لەبارەی کەرکوکەوە دەنووسێت: لە توزخوورماتوو بۆ کەرکوک حەوت فەرسەنگە. کەرکوک شارێکی جوانە، قەڵاکەی لەسەر بەرزاییەک دایە. شارەکە لە دەوری قەڵاکە و دامێنیەتی، خەڵکەکەی شەڕانگێزن، هەموو تورکی

یەنیچەری (ئینکشاری) و کوردی زۆرینە شافیعین و هەندێک حەنەفین، نزیکەی دووسەد گوندی هەیە، هەموو گوندەکان عەلی ئیلاهین[٢٧].

٦- ساڵی (١٨٧٢-١٨٧٣ز) ئەندازیارێکی ڕوسی بەناوی (یوسف چیرنیک) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە هێنراوەتە شاری کەرکوک بۆکاری توێژینەوە و لێکۆلینەوە، لەبارەی هەردوو زێی دیجلە و فوراتەوە. دوای گەڕانەوەی لە ساڵی (١٨٧٩ز)دا، لە گۆڤاری قەفقاسی سەر بە (کۆمەڵەی پاشایەتی)دا باسێکی بڵاوکردۆتەوە، دانیشتوانی کەرکوکی بە(١٢٠٠٠-١٥٠٠٠) دوانزە بۆ پانزە هەزار کەس داناوە و دەنووسێت: شارەکە هەموو (کوردن) و تەنیا (٤٠) چل خێزانی ئەرمەنی تێدایە.

٧- (ستیڤن هملسی لۆنگریک) ئەفسەری پشکنەری کارگێڕی بریتانیا لە عێراق (١٩٢٠-١٩٣٢ز) لە کتێبەکەیدا (چوار سەدە لە مێژووی عێراق)دا ، لەبارەی کەرکوکەوە دەنووسێت: گەڕیدەکان سەرسام بوونە بە کەرکوک، بە شارێکی جوان و خۆش وەسفیان کردوە، بێگومان زمانی باوی ئاخاوتنیان تورکیەکی پەرش و بڵاوە لەگەڵ کوردی شارەزووری.

٨- نووسەری عوسمانی (شەمسەدین سامی) لە کتێبی (قامووس ئەعلام) کە بە ئەنیسکلۆپیدیای تورکی دادەنرێ لە ساڵی (١٨٩٦ز) چاپکراوە، لەبارەی کەرکوکەوە دەنووسێت: کەرکوک شارێکە، ناوەندی لیوای شارەزوورە، لە ویلایەتی موسڵی کوردستان (١٦٠) کیلۆمەتر لە باشوری خۆرهەڵاتی مووسڵ، لەژێر ڕێزە گردێکدا لە ڕۆخی دەشتێکی بەریندا لەسەر زێی ئەدهەم دایە (مەبەستی ڕۆخی بەستی خاسەیە، شادمان). (٣٠٠٠٠) سی هەزار کەسی دانیشتوان هەیە و (٣٦) مزگەوت و نوێژگە و (٧) مەدرەسە و (١٥) تەکیە و کونج و (١٢) خان و (١٢٨٢) کۆگا و دوکان و قەیسەری و (٨) گەرماو و پردێکی سەربەست و قوتابخانەیەکی ناوەندی و (١٨) قوتابخانەی منداڵان و

---

[٢٧] - مەبەست لە عەلی ئیلاهیەکان (کاکەیەکان)ە، زۆرینەی دەوروبەری ڕۆژهەلات و باشوری کەرکوک کوردی (کاکەیی)ن.

(٣) کڵێسە و (١) سیناگۆگ (پەرستگەی جولەکەکان)ی هەیە. لە ناوەوەی ئەو قەڵایەی لە سەر گردێکدا دروستکراوە، لەگەڵ ئەو گەڕەکانەی ژێرەوەی قەڵاکە، لە بەشی لای ڕاستی بەستەکە پێکهاتووە. سێ چارەکی خەڵکەکەی کورد و ئەوی تریش تورک و عەرەب و هی ترن(٧٦٠) ئیسرائیلی (جوو) و (٤٦٠) کلدانییشی لێیە. لەبەر ئەوەی لە شوێنی بەیەکگەیشتنی چەند کاروانە ڕێیەکدا جێی گرتووەتەوە بازرگانی تێیداچالاکە.

٩- مێژوونووسی عێراقی (عەبدوالرزاق حسێنی) لە کتێبەکەیدا (العراق قدیما و حدیثا) دەنووسێت: دانیشتوانی کەرکوک دابەشی سەر سێ ڕەگەز دەبن، کورد و عەرەب و تورکمان، بەڵام زۆرینەی دیار کوردن، چونکە زۆرینەی عەشیرەتەکانی پارێزگاکە کوردن، وەک خستمانە روو.

١٠- لە دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی بەریتانییەکان بۆ عێراق لە (ئابی ١٩١٩ز) حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە کەرکوک ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی پشتیوانی لە دانیشتوانی لیوای کەرکوک دامەزراند، کە لە (١٢) کەس پێکهاتبوو، بەمشێوەیە دابەشی سەر پێکهاتەکان کرابوو: یەک نوێنەر بۆ مەسیحیەکان، یەک نوێنەر بۆ جولەکەکان، یەک نوێنەر بۆ عەرەب، سێ نوێنەر بۆ تەرکمان و شەش نوێنەر بۆ کورد. بەم پێیە کورد نەتەوەی سەرکی کەرکوک بووە.

١١- لە سەرجەم ئەنیسکلۆپیدیاکانی بەریتانی و دانیمارکی و نەرویجی و ئەوروپی شاری کەرکوک بە شارێکی کوردستانی دراوەتە قەڵەم، چونکە لە ڕووی جوگرافییەوە کوردستان بووە. لە ڕووی دانیشتوانیشەوە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن.

دەوڵەتی عێراق لە سالی (١٩٢٠ز) لەسەر دەستی بەریتانیەکان دامەزرا. هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرا و موسڵ خرانە سەریەک و ئەم وڵاتە تازەیان پێکهێنا. کەرکوک یەکێک بوو لە لیوا تازەکانی عێراق، کە لە سێ قەزا پێکهاتبوو (کفری، چەمچەماڵ، گڵ). لە چەند سەرژمێرییەک، کە دەوڵەتی

عێراق کردوویەتی، هەمیشە کورد نەتەوەی زۆرینەی ئەم شارە و ئەم پارێزگایە بووە، بەڵام هەموو کاتێک ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق لە پاشایەتییەوە تاکو کۆمارییەکان لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەدا بوون. لەسەردەمی ڕژێمی بەعس (١٩٦٨-٢٠٠٣ز) تەعریب و دەستکاریکردنی یەکە ئیدارییەکانی کەرکوک گەیشتە لوتکە، بەڵام بەعس هەر نەیتوانی ئەم شارە لە ڕووی ناسنامە و سروشت و سیمایەوە لە کوردستان و کوردەواری دابڕێ. لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی ساڵی (١٩٩١ز) جەماوەری کەرکوک بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە توانیان بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک شارەکە ئازاد بکەن و لە سیمای تەعریب دایماڵن. لە ساڵی (٢٠٠٣ز) لە پرۆسەی ئازادی عێراق دووبارە ئەم شارە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کرا، کەرکوک هەناسەی کوردستانی بوونی کەوتەوە گیان. لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥ و ٢٠١٠ و ٢٠١٤ز) لیستی کوردستانی هەموو دەم زۆرینەی دەنگەکانی لە کەرکوک بەدەست هێناوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٤ز) لیستی کوردستانی توانی زیاتر لە (٦٢٪) دەنگی دەنگدەرانی کەرکوک بەدەست بهێنێت. بەگەڕانەوەمان بۆ سەرچاوە مێژووییە بیانی و عەرەبی و تورکی و عێراقییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کەوا هەمیشە کەرکوک شارێکی کوردستانی بووە. لەلای کوردیش خاڵی هەرە گەرمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە. لە گفتوگۆکانی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراقی (١٩٦١-١٩٧٥ز) هەموو دەم کەرکوک خاڵی وەرچەرخانی گفتوگۆکان بووە. لە گفتوگۆی نێوان شۆڕشی نوێ و حکومەتی عێراقی لەساڵی (١٩٨٤ز) کوردستانی بوونی کەرکوک خاڵی سەرەکی ئەم دانوستانە بوو. لە گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٩١ز) بەهەمان شێوە کەرکوک دوا وێستگەی نەگەیشتن بە ڕێککەوتن بوو. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣ز) پاشان نووسینەوەی دەستووری عێراق چارسەرکردنی دۆخی کەرکوک خرایە چوارچێوەی (مادەی١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە لە (٢٠٠٥/١٠/١٥ز) خەڵکی عێراق و کوردستان دەنگیان بۆ دا و پەسەندیان کرد.

٣- شەنگال (سنجار)

شەنگال یان (شەنگار و سنجار) شارێکی کۆنی ناوچەکەیە، هەندێ سەرچاوە بە کۆنترین شوێنەواری سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤی دادەنێن، لە مێژوودا ئەم شارە زۆر ناوی هاتووە. دیارە هۆکارەکەش بۆ بە پیتیی ناوچەکە و بوونی چیایەکی سەخت و گەورە بۆ خۆ حەشاردانی مرۆڤ لە مەترسی نەیارەکانی و کارەساتە سروشتییەکان سوودی لێ وەرگرتووە. هەروەها بوونی کۆنترین ئاینی ئاریایی، کە ئێستا بە ئاینی ئێزیدی ناسراوە. لەگەڵ هاتنی هەر ئاینێکی تر بە تایبەت ئاینی ئیسلام زۆرترین هێرش و پەلامار بۆ سەر ئەو ناوچەیە بووە بە مەبەستی ڕەشەکوژکردنیان. چیای شەنگال کە درێژییەکەی (٧٢) کیلۆمەترە و بەرزییەکەی لە ئاستی دەریاوە (١٤٦٣) پێیە لەبەرزترین لوتکەدا دەگاتە (٤٨٠٠)پێ. پاشماوەی چەندین شارستانیەتی کەونار لەم شاخەدا شوێنەواری ماوە، هەر لە مێژووی سۆبارتۆ و ئەخمینی و ڕۆمانی و کوردی و چەندین شارستانیەتی تر. ناوی شەنگال لە زمانی کوردی بەمانای (شەنگ+ئاڵ) هاتووە واتە قەشەنگ و جوان، بەڵام وشەی سنجار گوایە لە (سن و جار)ی ڕۆمانییەوە هاتووە. شەنگال لە ڕووی هەڵکەوتەی فەلەکی جوگرافییەوە دەکەوێتە نێوانی هێلی پانی (٢٢-٣٦) باکور. هەروەها هێڵی درێژی (٤١-٤٧) ڕۆژهەڵات. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بێت، هەمیشە ئەم ناوچەیە ئاوەدانی تێدا بووە، ئەویش بەهۆی بوونی زەوی بە پیت و سەرچاوەی ئاوی باش و هەڵکەوتەکەی کە سەرە ڕێگای سەروی ناوچە بیابانەکان بووە. واتە کەوتۆتە ناوچەی کەوانەی بەپیت. بەپێی لێکدانەوەکانی ساڵنامەی موسڵ بێت، کە لە ساڵی (١٨٩٣ز) لەلایەن (تۆفیق فکرەت)ەوە نووسراوە ،واهاتووە: لە سەردەمی سەلجوقییەکان لەساڵی (١٠٧٥ز) ژمارەی دانیشتوانی شەنگال زیاتر لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار کەس بووە. لە ساڵی (١٣٩٤ز) شەنگال (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار ماڵ بووە. بەڵام بە هاتنی سوپای تەیموری لەنگ (١٣٣٦-١٤٠٥ز) تەواوی شارەکەی تەخت کردووە. لە ساڵی (١٥١٦ز) شەنگال دەکەوێتە دەست دەوڵەتی عوسمانی و دەکرێتە سەنجاغێک سەر بە ویلایەتی دیاربەکر. لە سەردەمی دەوڵەتی

عوسمانی چەندین فەرمان بۆ لەناوبردنی ئێزیدیەکان دراوە، واتە هەڵمەت دژ بە خەڵکی شەنگال دەرکراوە بە مەبەستی کۆمەلکوژکردنی دانیشتوانەکەی، کەوا سەرچاوەکانی مێژوو بە زیاتر لە (٧٣) فەرمانی دادەنێن. گەڕیدەی موسڵمانان (ئیبن بەتوتە:١٣٠٤–١٣٧٧ز) لەگەشتەکەیدا هاتۆتە شەنگال و باس لە جوانی و ئاوەدانی و باغ و بێستانی شەنگال و خزمەتگوزاری و میوان دۆستی کوردانی شەنگال دەکات. لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق شەنگال بووە بە قەزایەکی سەر بە پارێزگای موسڵ. بەڵام کوردانی ئێزیدی، کە زۆرینەی دانیشتوانی قەزایەکەیان پێکدەهێنا لە زوڵم و زۆریی ڕزگاریان نەبوو. لە ساڵی (١٩٧٥ز) بەدواوە زۆربەی گوندەکانی کوردانی ئێزیدی خاپور کران و عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرا. کوردەکانیش لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملێی بێ خزمەتگوزاری کۆکرانەوە. هەمیشە بەعس وەک سوکایەتیەک ئێزیدیەکانی بەعەرەب دادەنا و بنەچەی دەبردنەوە سەر (یەزیدی کوڕی معاویە:٦٤٧–٦٨٣ز) لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (٢٠٠٣ز) شەنگال وەک ناوچەیەکی کوردستانی دووبارە دەرکەوتەوە. هەمیشە دەنگی خەڵکی شەنگال بۆ لیستی حزبە کوردستانییەکان بوو. لە هاوینی ساڵی (٢٠١٤ز) کوردانی ئێزیدی و شەبەک و مەسیحی و موسڵمانیش کەوتنە بەر شاڵاوێکی دڕندانەی گروپێکی تیرۆرستی بەناوی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش). بە هەزاران کەسیان کوشت و زیندە بەچاڵ کرد و هەزاران ژن و کچی ئێزیدیان بە کەنیزەک برد و لە بازاڕەکانی موسڵ و ڕەقەی سوریا فرۆشتنیان. ئەم کۆمەڵکوژییە بە تاوانێکی گەورەی سەردەم دانرا. بەم تاوانە فەرمانی (٧٤) لەسەر کوردانی ئێزیدی بەناوی ئەوەی، کەوا ئەمانە باوەڕداری ئیسلام نین جێبەجێکرا. لەم هێرشە وەحشیگەرییەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ،تیرۆرستەکان دەیان گوند و شاری کورد بەر پەلاماری ئەنفالی وەک سەردەمی فتوحات و هەڵمەتەکانی سەردەمی عەباسی و مەنگۆلی و عوسمانی و بەعسی کەوتن.

٤- مەندەلی (بندنجین)

مەندەلی، کە ناوە ناسراوەکەی ئێستایەتی، لە کۆندا وەک مێژوونووسان ئاماژەیان پێداوە، ناوی (بندنجین) بووە، لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار ناوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تاکو لەسەر وشەی (مەندەلی) وەستاوەتەوە. مێژووی دروستبوونی ئەم شارە زۆر کۆنە، بەر لە هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ ناوچەکە ئاوەدان بووە و هەبووە، چونکە لە زۆر سەرچاوە ئیسلامییە لە پێشینەکان ناوی تۆمار کراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەمیشە ئاوەدانی بەردەوام لە مەندەلی نەبڕابێت. بەپێی ئەو کنە و پشکنینەی کەوا تیمێکی بەریتانی ساڵی (١٩٦٦ز) لە گردێکی نزیک شاری مەندەلی کردوویانە، چەندین پاشماوەی دێرینی لێ دۆزراوەتەوە. مێژووی دروستبوونی شاری مەندەلی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەری و عیلامی، دواتر ئەخمینی و پارسی و میدی و ساسانی دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبووە. مێژوونووسی عەرەبی ئیسلامی (ئەبا حەسەنی بلایزەری کە لەساڵی ٨٩٢ زاینی کۆچی دوایی کردوە) لە کتێبی (فتوح البلدان) لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی (٣٧ کۆچی) ناوی بندنیجینی تۆمار کردووە (ڕووداوەکانی ساڵی ٣٧ کۆچی دەرچوونی بەشێک لە سوپای ئیسلام لە سەردەمی خەلیفەی چوارەمی ئیسلام عەلی کوری ئەبی تالیب(٥٩٩-٦٦١ز) بوو بەناوی -الخوارج- ئەم کێشە و ڕووداوە لە کۆتاییدا بووە هۆی کوژرانی خەلیفەی ئیسلام عەلی کوڕی ئەبی تالیب خەلیفەی چورەمی راشیدین لە ساڵی (٤١ی کۆچی) و کۆتایی هاتن بوو بە سەردەمی خولەفای ڕاشیدین، هەروەها بەشێک لە دەرچوان بەرەو ناوچەی بندنیجین رۆیشتوون) گەڕیدەی دیاری ئیسلامی (تەبەری :٨٣٨-٩٢٣ز) لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی (٣٧ی کۆچی) ناوی (بندنیجین)ی هێناوە. هەروەها بەهەمان شێوەی مێژوونووسانی پێش خۆی (ابن الاثیر ١١٦٠-١٢٢٣ز) مێژوونووسی دیاری ئیسلامی بە ڕەگەز کورد لە کتێبەکەیدا (الکامل) لەسەر ڕووداوەکانی ساڵی (٣٧ی کۆچی) ناوی شاری مەندەلی تۆمارکردووە. لە چەندین دەوران مەندەلی لە چوارچێوەی سنور و دەسەڵاتی میرنشین و خانەوادەی بابانەکان بووە، زیاتر لەچەرخی ١٨ی زاینی. مەندەلی هەمیشە

شوینی چاوتێبڕینی دەسەڵاتداران بووە، بەهۆی بەپیتی و دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕووی کشتوکاڵ و داهاتەوە. لەدوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و دەرپەڕاندنی عوسمانییەکان بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤-١٩١٨ز) و پاشان دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە بە نەخشەیەکی دیاریکراو بەناوی عێراق، لەساڵی (١٩٢٠ز) شاری مەندەلی کرا بە قەزایەک سەر بە پارێزگای دیالە. تاکو جەنگی ئێران -عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨ز) ئەم شارە زیانی گەورەی بەرکەوت، چونکە هەڵکەوتەکەی سنورییە و بوو بوو بە مەیدانی جەنگ. دواتر ڕژێمی بەعس بە بڕیارێک یەکە ئیدارییەکەی لە قەزاوە گۆڕی بۆ ناحیە. لەدوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٣ز) کرایەوە بە قەزاو دواتر نەچووە ڕەسمیات و بۆوە بە ناحیە. ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٧٥ز) کەوتە وێزەی ئەم شارە و زۆرینەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ڕاگواست یان دەریکردن بۆ ئێران و شارەکەی تەعریب کرد، چونکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن بە شێوەزاری کەڵهوڕی دەئاخفن. بەپێی سەرژمێریی گشتیی ساڵی (١٩٤٧ز) لە عێراق زیاتر لە (٥٠٪) دانیشتوانەکەی کورد بوون و ئەویتریش تورکمان و ئێرانی و عەرەب بوون.

هەڵکەوتەی مەندەلی

مەندەلی لە ڕووی جوگرافی لە نەخشەی وڵاتی عێراقدا کەوتۆتە (١٦٠) کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی بەغدای پایتەختی عێراق و (٩٥) کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی شاری بەعقوبەی ناوەندی پارێزگای دیالە، هەروەها کەوتۆتە (٤٠٠) کیلۆمەتری باشوری ڕۆژهەڵاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. هەڵکەوتەکەی دەکەوێتە کلکەی زنجیرە چیای حەمرین لە خاڵی (گۆمەسەنگ) هەروەها دەکەوێتە ناوچەی پشتکۆ، لەسەر چۆمی (کەنگیر) هەڵکەوتووە، کەوا لەودیو سنورەوە واتە لە ئێران و لە دۆڵی (حەڕان)ەوە هەڵدەقوڵێ. مەندەلی بە باغ و بێستان بەناوبانگە، بەتایبەت خورما، سەردەمانێک زیاتر لە یەک ملیۆن دار خورمای هەبوو، زیاتر لە (١٧٠) جۆر خورمای بەرهەم دەهێنا، بەڵام لەگەڵ شەڕی عێراق - ئێران زۆربەی

باغەکانی لەناوچوون. کۆمەڵناسی گەورەی عێراقی (عەلی وەردی) لە کتێبەکەیدا (لمحات اجتماعية من التاريخ العراق الحديث)دا لەبارەی مەندەلی دەنووسێت: دەکەوێتە سەر سنوری ئێران و بە باغ و بێستان بەناوبانگە لە (٩٨٪) خاوەندارییەتی ئەم باغ و بێستانانە کوردن، هەروەها سەرەڕای ئاستەنگەکان، کەچی ئەم شارە داب و نەریتە ڕەسەنەکانی کوردبوونی خۆی پاراستووە. لەسەردەمی ڕژێمی بەعس (١٩٦٨-٢٠٠٣ز) دانیشتوانە ڕەسەنەکەی مەندەلی بە دڕندانەترین شێوە دووچاری ڕاگواستن و دەرکردن و پشتگوێ خستن بووبوونەوە. ناوەندی شار و گوندەکانی بەردەوام تەعریب دەکرا، تاکە هۆکاریش بۆ ئەم هەموو تاوانەی بەرامبەری دەکرا، زۆرینە کوردبوونی دانیشتوانی ئەم شارە بوو. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣ز) کورد بەشێک لە دەسەڵاتی شاری مەندەلی گرتەوە دەست.

مەبەست لە مێژووی ئەم چوار شارە

باسکردنی کورتەیەک لە مێژووی دامەزراندن و هەڵکەوتەی ئەم چوار شارە (موسڵ و کەرکوک و سنجار و مەندەلی) بۆ ئەوە بوو، کەوا بەرچاوڕوونی بدەینە خوێنەر لە کوردستانی بوونی ئەم شار و ناوچانەی دەوروبەریان، چونکە ئەم شارانە زیاتر دەکەونە ناوچە سنورییەکانی سنوری باشوری هەرێمی کوردستان. هەروەها لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بگرە پێشتریش گفتوگۆ و ململانێی زۆر هەبووە لەسەر ئەم ناوچانە، ئایا خاکی کام نەتەوە و نیشتمانن، کورد بەردەوام لەم ناوچانە دووچاری چەوسانەوەی نەتەوەیی و کەلتوری و فەرهەنگی بۆتەوە. کورد لەسەر خاکی خۆی دەرپەڕێندراوە و عەرەبی تێدا نیشتەجێ کراوە، هەمیشە فشاری خراوەتە سەر بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە چۆڵ بکات و عەرەب لە جێگای نیشتەجێ بکرێت، هەروەها بە هێنانەوەی بەڵگە مێژووییەکان ڕاستیی کوردستانی بوونی ئەم شارانە و قوڵایی سنوری کوردستانمان لە کۆنەوە تاکو ئێستا بۆ دەردەکەوێت.

لە بارەی سنوری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق

مەبەست لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو بەشەی کوردستانە، کە دەکەوێتە خواروی کوردستان و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدایە. لە ساڵی (١٩٩٢ز)ەوە دەستەواژەی (هەرێمی کوردستان)ی بەسەردا براوە، ئەمەش دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز) و ڕزگارکردنی بەشی هەرەزۆری خاکەکەی لەلایەن خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەوە. دواتر حزبە سیاسیەکانی کوردستان، کە لە ناوبەرەیەکی یەکگرتوودا بوون، بەناوی بەرەی کوردستانی، بڕیاری هەڵبژاردنێکی گشتیاندا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیان دامەزراند. لەوکاتەوە ناسنامەی سیاسی و جوگرافی ئەم بەشەی کوردستان کرا بە (هەرێمی کوردستانی عێراق) ساڵی (٢٠٠٥ز) لە جێگیرکردنی دەستووری عێراقدا، بەهەمان شێوە دەستەواژە و ناوی هەرێم لە دەستووری عێراقدا هاتووە. بەشی زۆری سنوری خواروی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری جێگیر کرا بۆ چارەسەرکردن، بەڵام تاکو چاپکردنی ئەم کتێبەش، ئەم ماددەیە هەنگاوێکی وا نەچۆتە پێش، چونکە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە زۆر بە سستی دەڕوات، بۆیە سنوری خواروی هەرێم هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی و نووسراو یەکلایی نەبۆتەوە.لەم رووەوە حکومەتی ناوەندی بەرپرسیارە لە جێبەیکردنی ئەو ماددە دەستووریە .لەهەمان کاتدا سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان زۆر کەمتەرخەمە لە هەولدان و فشارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددە دەستووریەکە.

دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان

کاتێ دەڵێین دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان. دیارە ئەوەی مەبەستە زیاتر سنوری هەرێم لە ناو خاکی جوگرافیای دەوڵەتی عێراقە، چونکە سێ لاکەی تری سنوری کوردستان ئەوەندە کێشەمان نیە. لەبەرئەوەی هەرسێ لاکەی تری کوردستان هەر خاکی کوردستانە، بەڵام

کەوتۆتە ناو سنوری جوگرافی وڵاتێکی تر و زەفتیان کردووە لە خاوەنە ڕەسەنەکەی. لەوانەیە ئەو بەشانەی کوردستانیش بەهەمان شێوەی هەرێمی کوردستانی باشور زیاتر کێشەی سنوریان لەگەڵ ئەو وڵاتە هەیە کە پێوەی لکێنراوە. نموونە کوردستانی ڕۆژهەڵات، زیاتر کێشەی لەگەڵ سنوری ڕۆژهەڵات و باشوریەتی، چونکە نەتەوەکانی تری ئێران کەوتوونەتە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، بەڵام ڕۆژئاوا و باکوری هیچ کێشەی نیە، چونکە بەشەکانی تری کوردستانە. بەهەمان شێوە باکوری کوردستان کێشەی سنوری لەگەڵ ڕۆژئاوا و باکوریەتی، کە نەتەوەی تورکە، ئەگەرنا لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باشور نیەتی. ڕۆژئاوا بەهەمان شێوە کێشەی لەگەڵ باشور و ڕۆژئاوایەتی، ئەگەرنا کێشەی باکور و ڕۆژهەڵاتی نیە.

بەم شێوەیە ئەوەی مەبەستمانە لەم کتێبەدا ساغی بکەینەوە، لەبارەی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق یان کوردستانی باشور تەنها سنوری باشوریەتی، چونکە سنوری خواروی کوردستان هاوسنورە لەگەل نەتەوەی عەرەبی عێراق و لە کۆنەوەش کەوتۆتە بەر پەلاماری داگیرکاری و ڕاگواستن و تەعریب و گۆڕینی سیما و سروشتی جوگرافی و دیمۆگرافی. هەرسێ لاکەی تری سنور لە ڕووی ئەندازە و قوچەک بەندی ڕەسمیەوە دیاریکراوە، وەک سنوری دەوڵی نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا. بەڵام ئەوەی لە هەردوو دیوی سنورەکانن هەر کوردن و خاکی کوردستانە. بۆیە پێویستمان بەوە نیە سنوری هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوا دیاری بکەین. هەروەها هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و جوگرافیش خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە نەداوە، کەوا سنورەکە دیاری بکات، چونکە هەمووی (١٠٠) سەد ساڵە ئەم سنورانە دەستنیشان کراون.

هەروەها لە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی دەستنیشان کردنی سنوری کوردستان لە باشور، لەم بەشەدا زۆر ناگەڕێینەوە چەرخە دورەکان، چونکە لە بەشی دووەم لە هێنانەوەی بەڵگە مێژووییەکان سنوری کوردستانی گەورەمان لە هەر چوارلاوە دەستنیشان کرد. لە هێنانەوەی مێژوو و ناوی هەموو ئەو

نەتەوە و وڵاتانەی کە لەسەر خاکی باشوری کوردستان دامەزراون، یاخود دەستەواژەکانی (هەرێمی کوێستان و هەرێمی چیا و وڵاتی چیا و وڵاتی کوردان و وڵاتی جەزیرە) لەگەڵ چەندین دەستەواژەی تر، کە گوزارشت لە ناو و مێژووی خاکی کوردستان دەکەن، تاکو سەردەمی ویلایەتەکانی عوسمانی و پاشان کوردستانی جنوبی تاکو دەگاتە کوردستانی عێراق و هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەوەی لەم بەشە دەهێنینەوە تەنها ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەیە، کە لە ماوەی کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە دەستنیشانی سنوری خوارووی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

سنوری سروشتی هەرێمی کوردستان

سنوری سروشتی نێوان دوو هەرێم و دوو دەوڵەت بەو توخوبە دەوترێ، کەوا بەهۆی بوونی دیاردەیەکی سروشتی دەستنیشان دەکرێت. واتە بوونی پێکهاتەیەکی سروشتی سنور دیاری دەکات و دوو وڵات یاخود ناوانی دوو هەرێم دەیاری دەکات و لە یەکیان جودا دەکاتەوە، وەک:

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

١- زەریا: زەریا بەو پانتاییە گەورە و فراوان و قوڵە دێت کەوا ئاو داپۆشیوە، زەریاکانی وەک: زەریای ئارام و زەریای ئەتڵەنتی و زەریای هیندی. ئەمانە بوونەتە هۆی لە یەک جوداکەرەوەی کیشوەرەکانی جیهان.

٢- دەریا: دەریا بچوکترە لە زەریا، دەریاکان زۆر کیشوەر و وڵاتیان لەیەک جودا کردۆتەوە، وەک دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای بەڵتیک و دەریای ڕەش و دەریای سوور و چەندانی تر. هەروەها هەندێ لە دەریاکان داخراون، واتە هەرچوار لای بە وشکانی دەورە دراوە و ئاوڕێژی بەسەرەوە نیە بۆ دەریایەکی تر، یان ناچێتەوە سەر هیچ دەریایەکی تر. نموونەی دەریای خەزەر و دەریای مردوو، کەوا سنوری چەندین وڵاتیان لەیەک جوداکردۆتەوە.

٣- کەنداوەکان: کەنداوەکان زیاتر بەو دەریایانە دەگوترێ، کەوا تەنگەبەرن و سەرێکیان بە وشکانی سێ لایەنە کۆتایی دێت. ئەوانیش بوونەتە هۆی لێک جودا کەرەوەی سنوری وشکانی چەندین وڵات و هەرێم، وەک کەنداوی (فارسی -عەرەبی) و کەنداوی مەکسیک و عەقەبە و چەندانی تر.

٤- ڕوبارەکان: ڕوبارەکان هەمیشە دەکشێن و درێژ دەبنەوە، دەبن بە دیاردەی سروشتی دیار بۆ دەستنیشان کردن و لێک جوداکردنەوەی خاکی دوو هەرێم و دوو وڵات. هەندێ جار زمان و کەلتوریش لێک جودادەکەنەوە، وەک ڕوبارەکانی دانوب لە ئەوروپا و ئامازۆن لە ئەمەریکای لاتین و نیل لە ئەفەریقا و دیجلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندانی تر.

٥- زنجیرە چیاکان: یەکێ لە دیاردە سروشتییە دیارەکان، زنجیرە چیاکانن کەوا نێوانی چەند وڵات دیاری دەکەن و لێکیان جودا دەکەنەوە، وەک زنجیرە چیاکانی ئەلپ لە ئەوروپا و چیلی لە ئەمەریکای لاتین و زاگرۆس و تۆرۆس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٦- بیابان: دوو جۆر بیابان هەیە، یەکەمیان بیابانی وشکانی بە ناوچەیەکی وشک و بێ ئاوەدانی دادەنرێ و دەبێتە دیاردەیەکی سروشتی لە نێوان وڵاتان و هەرێمەکان، کە کەمترین شوێنی ژیانی تێدایە بۆ مرۆڤ. نموونەی بیابانی گەورە لە کیشوەری ئەفەریقا. دووەمیان بیابانی سارد، ناوچەیەکە کەوا لەبەر ساردی، کەم وایە مرۆڤ بتوانێ تێیدا بژی، وەک بیابانە ساردەکانی سیبریا و گۆدۆ لە ئاسیا.

لە هەرێمی کوردستان هەروەک لە بەراییدا باسمان کرد، کەوا تەنها باس لە دیاریکردنی سنوری باشوری هەرێم دەکەین لە باشوری ڕۆژهەڵاتییەوە، تاکو باشوری ڕۆژئاوای. واتە ئەو بەشەی کەوا لە چوارچێوەی سنور و جوگرافیای دەوڵەتی عێراقدایە. چەند دیاردەیەکی سروشتی لە کۆنەوە بەوە ناسراون ،کەوا خاڵی دیاریکردن و لێک جیاکەرەوەی نێوان خاکی کوردستان و خاکی وڵاتی عەرەبە. سنوری سروشتی نێوان هەرێمی کوردستان و

عێراقی عەرەبی وەک لە سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکان دەستنیشان کراوە (٤٥٦) کیلۆمەتر درێژە. ئەم سنورە تایبەتمەندیەکی سروشتی هەیە، کەوا بە زنجیرە چیای حەمرین دەست پێدەکات و بە ڕوباری دیجلە و چیای مەکحول و سنجار کۆتایی دێت. زنجیرە چیای حەمرین لە وەتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە بەوە ناسراوە کەوا سنوری لێک جیاکەرەوەی دوو پێکهاتەی زەوییە، ئەویش بانی عێراق و خاکی کوردانە، چونکە لە حەمرین بەسەرەوە باران زۆر دەبارێ و لە خوارووی حەمرین نابارێ، یان زۆر کەم دەبارێ، هەروەها ناوچەی شاخاوی لەوێ دەست پێدەکات. زنجیرە شاخی حەمرین لە کۆندا بە (بارما و ساتیدما) ناسراوە، پێکهاتەیەکی سروشتی دیار و جێگیری یەکلاکەرەوەی سنوری کوردستانە. سنوری سروشتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەتوانین دەستنیشان بکەین. لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە لە خوار شارۆچکەی (مەندەلی) و لە نزیک (بەدرە و جەسان) لەسەر سنوری دیاریکراوی ئێرانەوە دەست پێدەکات، هاوتەریب بە زنجیرە چیای حەمرین لە نزیک پێدەشتەکانی بەغداوە دەست پێدەکات و هەڵدەکشێ بۆ باکور و باکوری ڕۆژئاوا. ئەم زنجیرە شاخە نزیکەی (٢٥٠) کیلۆمەتر دەکشێ تاکو دەگاتە ڕوباری دیجلە لە ناوچەی فەتحە. لەوێوە دەکشێ، واتە لای چەپ و باکوری ڕۆژئاوای ڕوبارەکە خاکی کوردانە و تاکو دەگاتە سەروی شاری موسڵ و هاوکات بە بناری هەردوو زنجیرە چیای مەکحول و شەنگال دەڕواتە خوارەوە تاکو دەگاتە سنوری دیاریکراوی نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا.

سنوری خوارووی هەرێمی کوردستان چۆن دیاری کراوە

سەرنج و تێبینی و تۆماری هەموو ئەو نووسەر و گەڕیدە و مێژوونووسانەمان هێنایەوە، کە دەستمان کەوتووە و لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە تۆمارمان کردووە ،کە باسیان لە خواروی سنوری کوردستان کردووە. بێگومان کوردستانی گەورە، کە بەشی زۆری باشوری سنوری هەرێمی کوردستان، یاخود باشوری کوردستان دەگرێتەوە. بۆیە ئەوەی لەم بەشە دەیهێنینەوە زیاتر ڕاو سەرنج و تێبینی ئەو نووسەرە بیانی و هەرێمی و کوردانەیە، کە لە دوای بەرکەوتنی خاکی کوردستان بەسەر هەر چوار وڵاتی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا. یاخود دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی (١٩٢٠ز) و پاشان لکاندنی بەشێکی کوردستان بەم دەوڵەتەوە، کە تەواوی باکور و باکوری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئەم دەوڵەتە دەگرێتەوە.

١- نووسەر و جوگرافیناسە بیانییەکان

چەندین نووسەر و جوگرافیناس و ئەفسەری شارەزای سوپای بەریتانیا لەکاتی داگیرکردنی ناوچەکە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨ز) باسیان لە سنوری کوردستان کردووە و بە چەند شێوەیەک دیارییان کردووە و لەگەڵ عێراقی عەرەبی جودایان کردۆتەوە. هەندێک لەم نووسینانە دیکۆمێنت و بەڵگەی ڕەسمی دەوڵەتی بەریتانیا و ئەو لیژنەیەن، کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی موسڵ کاری کردووە، هەروەها لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا بیروڕای زۆر لە نووسەر و گەڕیدە و جوگرافیناسە بیانییەکانمان نووسیوە لە دیاریکردنی سنوری کوردستانی گەورە،بەتایبەت سنوری باشوری کوردستان،کە زۆرینەی سنوری باشوری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.لێرەدا ڕای ئەوانە دەنووسین،کە زیاتر باسیان لە سنوری کوردستانی عێراق کردووە.

أ- (فردریک میلنگن لە ساڵی ١٨٧٠ز) نووسیویەتی: زنجیرە بەرزاییەکانی شەنگار و ڕوباری دیجلە سنوری باشور و باشوری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق پێکدێن و ئەو گردانە سنوری ڕۆژئاوای کوردستانی گەورە و سنوری باشور و باشوری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق پێکدێن و لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەم بەشەدا ڕەگەزی کورد بە ڕەگەزی تورک و عەرەب تێکەڵاو دەبێ.

ناوبراو سەبارەت بەم دەستنیشان کردنە جوگرافییە مێژووییەی سنوری کوردستانی عێراق دەنووسێت: ڕەنگە هەندێ وا تێبگەن کە ئەم دەستنیشان کردنە بۆ جوگرافیناسەکان شتێکی سەیر و سەمەرە بێ و ڕەنگە ئەمە شتێک بێ، کە کاربەدەستان و وەزیرەکان کەیفیان پێ نایەت، یاخود لەوانەیە ببێتە مایەی نارەزایی هەندێ لەو کەسانەی کە بە گوێرەی ئەم دەستنیشان کردنە بە کورد دەژمێردرێن، ئەگەرچی ڕەنگە خۆیشیان نەیانەوێ، بەڵام نە سەرسوڕمانی جوگرافیناسەکە ڕاستییەکە دەشێوێنێ و نە نارەزایی کاربەدەست و نە توڕەبونی هەندێ کەس، چونکە کورد هەر کوردە و وڵاتەکەشی کوردستانە و بەبێ هیچ گومانێکیش زنجیرە شاخی حەمرین، کە دەڕوانێتە سەر دەشتی بەغدا و دەشتی دیجلە سنوری ڕۆژئاوای کوردستان پێکدێنێ.

ب- لە سێ نەخشەی جوگرافیدا کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لە ساڵەکانی (١٧٩٤ و ١٨٩٥ و ١٩٠١ز) کێشراوە بۆ سنوری نێودەوڵەتی و سنوری ویلایەتەکانی دەوڵەتەکەیان. ویلایەتی موسڵ کە زۆرینەی خاکی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندا بووە،بەناوەندی شاری موسڵیشەوە.

پ- لە بەڵگەنامەی ژمارە (f0371_3386) ئەرشیفی بەریتانی دا هاتووە کە ڕۆژی (١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ز) نووسراوە لەبارەی دیاری کردنی سنوری کوردستانی گەورە، سنوری باشور بەم شێوەیە دیاری دەکات: هەموو ئەو زەوییانەی، کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و چیای

حەمرینەوە (کە سنوری وڵاتی فارس دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە) تا دەگاتە مەندەلی بە کوردستان دەستنیشان دەکات.

ج- باسیلی نیکتین لەبارەی سنوری خواروی هەرێمی کوردستان نووسیویەتی: شارۆچکەی مەندەلی و زنجیرە چیای حەمرین و ناوچەی شەنگار سنوری باشوری هەرێمی کوردستانن.

چ- لەیاداشتێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ساڵی (١٩١٨ز)دا هاتووە، کەوا (سنووری کوردستانی تێدا دەستنیشان کردووە، جگە لەکوردستانی ئێران) لە ڕاپۆرتەکەدا درێژەی پێدەدات و دەنووسێت (زەوییەکانی کوردستان دەکەونە باشووری ڕوباری بۆتان کە دەڕژێتە هەردوو ڕوباری دیجلە و فوراتەوە لە نزیک شاری (سرت) کە دەکەوێتە سەرهێڵی پانی پلەکانی (٣٥-٤٥) و هێڵی درێژی پلەکانی (٤١-٥٠)ەوە، هەروەها ئەو زەوییانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەء چیای حەمرینەوە (کە سنووری وڵاتی فارس دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتییەوە) بەم جۆرە ئەو یاداشتەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەموو ئەو بەشانەی ویلایەتەکانی (بەتلیس، وان، موسڵ) دەگرێتەوە. جگە لەناوەندی شاری موسڵ، شارەکانی کوردستانیش بەمجۆرە دەستنیشان دەکات (ئامێدی، ڕەواندوز، ، پردێ، کەرکوک، سلێمانی، کفری) هەروەها لەساڵی (١٩١٨ز) دوای داگیرکردنی کەرکوک، عەقید وڵسن داوای لەبەریتانیا کرد، کەوا بکرێت لەمەودوا بە درێژایی هێڵی ڕوباری بچووک بکرێت بە سنوری ئەو دەوڵەتەی عێراقی ئەوان دروستی دەکەن، هەروەها لە وەڵامی بروسکەیەکی وەزارەتی دەرەوە بۆ مەندووبی سامی دەڵێت: بەڵێنەکانمان بۆ مەلیک حسەین (حسێنی کوڕی عەلی) ئەوەیە دەوڵەتەکەی تەنها لەناوچە عەرەبە سەربەخۆکان دەبێت. هەر لە هەمان بروسکەدا هاتووە، کە ئایندەی کوردستان بەندە بە بارودۆخی ویلایەتی موسڵەوە، هەروەها لە بەڵگەنامەی ژمارە (١٦٤٣٧٧/٣٩٤٧)ی ڕۆژی(٢٨/تشرینی دووەمی ١٩١٩ز) پێشنیاری دروستکردنی سنوورێکی جوگرافیی ئابووری دەکات، بەوەی ئەو هێڵە شەمەندەفەرەی بە نیازن دروستی بکەن لەنێوان بەغدا-موسڵ، بیگۆڕن

بە هێڵی خانەقین-کفری-کەرکوک، پردێ-هەولێر-موسڵ. هەروەها لقێکی لێ ڕابکێشرێت بۆ سلێمانی ڕانیە، بەم شێوەیە دەتوانرێت دەست بەسەر کوردەکاندا بگیرێت.

هەروەها لەبروسکەیەکەدا، کە مەندوبی سامی ڕۆژی (١٩٢١/١١/٢٥ز) بۆ وەزیری موستەعمەرەکانی ناردووە، باس لە کۆبوونەوەی نێوان سێر پێرسی کۆکس ومەلیک فەیسەڵی شای تازەی عێراق دەکات، چۆن فەیسەڵ داوا لە کۆکس دەکات، ئایا ئەو دەوڵەتەی ئەوان بۆیان دروستکردووە کە (عێراق)ە خاکی باشوری کوردسانیش دەگرێتەوە، کە زۆرینەی ویلایەتی موسڵی دەوڵەتی عوسمانی بووە، ئەوانیش دەڵێن: ناتوانین ئەمەت بۆ یەکلا بکەینەوە، تاکو پرس بەگەورەی خۆمان نەکەین.

د- وینستۆن چەرچل ی وەزیری موستەعمەراتی بەریتانی لە وەڵامی نامەیەکی (شا فەیسەڵی یەکەم) بۆی دەنووسێت: ئێمە بەڵێنی ئەوەمان پێتدا، کە دەوڵەتێکی (عەرەبی)ت بۆ دروست بکەین، نەوەک ئیمپڕاتۆریەتێک، بۆیە سنورت لە چیای حەمرین تێپەڕ ناکات، لە چیای حەمرین بە پشتەوە کوردستانە.

هـ-دێرک کینین: لە نەخشەکەی وای داناوە، کە سنوری باشوری کوردستانی عێراق لە سنوری عێراق- سوریاوە لە باشوری شەنگار دەست پێدەکات و بە تەنیشت باشوری شاری موسڵ تا ڕێچکەی ڕوباری دیجلە دەڕوات و بە تەنیشت ڕێچکەی دیجلە تا دەوروبەری باکوری شاری بەغدا و لەوێوە هێڵێک ڕوو دەکاتە باشوری مەندەلی لەسەر سنوری عێراق - ئێران.

و-برۆک Brouk : لە نەخشەکەیدا زۆر بە ڕونی ناوچە کوردنشینەکانمان بۆ دەردەکەوێ، کە بریتین لە دەوروبەری مەندەلی و خانەقین و تەواوی ناوچەکانی سەروی زنجیرەی حەمرین و ناوچەکانی باکوری پارێزگای موسڵ، لەوانە دەوروبەری چیای شەنگار. شایانی باسە کە ئەم نەخشەیە

ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی تورکمان و کەمە نەتەوەکانی تریش لە هەرێم دا دیاری دەکا.

ز_لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ ساغکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، کاتێ دەست بەکاربوو بەم شێوەیە کاری کرد و ئەنجامی دا بەدەستەوە لە بارەی سنوری باشوری کوردستان: دوای ئەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) لەنێوان بەریتانیای گەورەو تورکیا، پاش ئەوەی نەیانتوانی کێشەکە لەنێوان خۆیاندا چارەسەر بکەن، ناچار ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ بەدواداچوونی کێشەکە لیژنەیەکی لەسێ کەس پێکهێنا، لەڕۆژی (٢١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ز) ناوەکانی ڕاگەیاند کە لەم کەسایەتییانە پێکهاتبوون:

١-کۆنت پۆلتکی- جوگرافیی ناسێکی شارەزا سەرۆک وەزیرانی پێشووی مەجەڕستان.

٢-Y.F. فەرنسن- وەزیری مفەوەزی سوید لە بوخاریست.

٣-پۆلسA- سەرهەنگی خانەنشین لە سوپای بەلژیک.

تورکیا داخوازیی هێڵی سنوریی بەم شێوەیە دەکرد: بۆ ویلایەتی موسڵ (ڕوباری سیروان و چیای حەمرین و چیای مەکحول (بەشی باشوری نەوەک لوتکەکەی) و دۆڵی سەرسار و ناوچەی سەنجار هێڵی جیاکردنەوە بن) باکوری ئەو هێڵە لەڕووی ئاو و هەواو پێکهاتەی خاکەوە وەک ناوچەکانی ئەنادۆڵە و لەم ڕووانەوە گەلێک لە ویلایەتی بەغدا جیاوازە، بەڕای تورکەکان ئەو هێڵە تایبەتمەندییەکانی تەواو گونجاوە بۆ هێڵێکی سنوری، کە لە هێڵە پێشنیارکراوەکەی بەریتانیا بەدیی ناکرێت. حکومەتی بەریتانیا چیاکانی (حەمرین و مەکحول)ی بە چەند گردۆڵکەیەک و تەلانی وشک لە قەڵەمدا، کە هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان نییە بۆ سنورێکی سروشتی. کەچی حکومەتی تورکی لە وەڵامدا وتی: ئەمانە لە ڕووی خاکەوە بەرزترن لە پێکهاتەی زەوییەکانی خوار خۆیان (ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە ڕووی زەویی ناسییەوە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سەلماندوویەتی ناوچەی هێڵی سەرووی چیای حەمرین زۆر جیاوازترە لە باشوورەکەی هەم لەڕووی ڕێژەی باران بارین، هەم لە ڕووی بەرهەمی کشتوکاڵی و لەوەڕگای ئاژەڵی).

لیژنەکە گوێی لە چەندین ڕاو بۆچوونی هەردوولا گرت، سوود لە ڕای هەردوولا وەرگیرا و دوو گەشتیان کرد، جارێک بە فڕۆکە بەسەر هێڵی مەبەست، لەئەنجامدا لیژنەکە چیای حەمرین و مەکحولیان بە هێڵێکی گونجاو بۆ سنوور دانەنا.

هەروەها لەڕووی ئاو و هەواوە نەگونجاون، وەفدی تورکی پێی دادەگرت لەوەی، کە ئاو و هەوای ناوچەی ململانێ وەک ئاو و هەوای (ئەنادۆڵ)ە نەک وەک ویلایەتی بەغدا، نموونەش دارخورما لەباکوری سنوری بەغدا بەدی ناکرێت.

لە دوای گفتوگۆو بەدواداچوونێکی زۆر لیژنەکە گەڕایەوە سەر نووسینی مێژوونووسان و جوگرافیناس و گەڕیدە کۆنەکانی عەرەب، هەروەها سوود لەچەندین نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی سەدەکانی (١٦–٢٠ زاینی) کە لە ئەوروپا ئامادەکراون، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە کتێبەکانی گەشت و سیاحەتنامەی هەموو سەردەمەکان و کتێبەکانی خوێندنی دواناوەندی قوتابخانەکانی میسر، کە بەزمانی عەرەبی نووسراون، لیژنەکە گەیشتە ئەوەی، کە سێ ناوچە ناسراون ئەوانیش:

عێراقی عەرەب– الجزیرە– کوردستان

١–سنووری عێراق لە باکورەوە لە هیت و تکریت و زنجیرە چیاکانی حەمرین تێپەڕ ناکات، لەوێوە (لە دوای ئەم ناوچانەی کە ناویان هاتووە بەرەو باکور خاکی کوردانە) ناوچەیەکی کوردنشینە.

٢–دڵنیا نەبوون، کە بەشێکی ناوچەی ململانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک نەبووە لەعێراقی عەجەم.

٣-له هەموو ئەدەبیاتی جوگرافیادا هەر لە سەردەمی داگیرکردنی عەرەبەوە تا کاتی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە لەساڵی (١٩٢٥ز)دا، ناوچەی ململانێ نە باسکراوە نە بە بەشێک لە عێراق دانراوە، نە ئاشنا بووە، بەڵام بۆ عەرەبی عێراق ئاشنا لە وشەی میزۆپۆتامیای ئەوروپی، میزۆپۆتامیا بەشی رۆژئاوای ناوچەی ململانێ دەگرێتەوە.

٤- ئەوەی حکومەتی تورکیا باسی دەکات، کە ویلایەتی موسڵ بەشێک بووە لە (ئەنادۆڵ) لیژنەکە پێی وایە ڕاست نییە، هەردوو ناوچەکە واتا (ویلایەتی موسڵ و ئەنادۆڵ) کوردستانی ڕۆژئاوا و سوریا دەکەونە نێوانیانەوە.

دوای ئەو هەموو پێشنیار و لێکۆڵینەوەیە دیارە لیژنەکە بڕیاری بەو ئاراستەیەدا شکاندەوە کە بەریتانیا و عێراقی عەرەبی دەیانویست، دوایی لیژنەکە وای پێ باشبوو لەرووی پەیوەندیی ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر عێراق، بەمەرجێک:

١-بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بێت.

٢-ویستی کوردەکان لەبەرچاو بگیرێت لە دامەزراندنی فەرمانبەران و خوێندن و زمان، هەمووی بە کوردی بێت و ئەگەر پاش چوار ساڵ ئیدارەیەکی کوردیی خۆجێیەتی دانەمەزرێت، ئەوا کوردەکان حوکمی تورکی بە باشتر دەزانن لەحوکمی عەرەب. دیارە تورکیا بە بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان ڕازی نەبوو، کە ویلایەتی موسڵی دایە عێراق، پاشان لە ساڵی (١٩٢٦ز) بەریتانیا و تورکیا و عێراق ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵییان مۆرکرد، تورکیا بۆ دواجار دەستی لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ عێراقی عەرەبی لە بەرامبەر (١٠٪)ی پشکی کۆمپانیای نەوتی هەرێمەکە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ.

٢- گەڕیدە و نووسەرە هەرێمییەکان

زۆر لە گەڕیدە و جوگرافیناس و مێژوونووسەکانی ئیسلامی و عەرەبی و ناوچەیەکان، کەم و زۆر بە باشی و خراپ باسیان لە ڕەگەز و جوگرافیای وڵاتی کوردان کردووە. لە بەشی دووەمی ئەم کتێەدا سەرنج و تێبینی و زانیارییەکانیانمان زۆربەی نووسیوە. لەم بەشەدا تەنها باس لە نووسینی ئەوانە دەکەین، کە باسیان لە سنوری باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق کردووە، بە تایبەت بیروڕای نووسەرە سەردەمیەکانی عەرەب زۆر گرنگە، چونکە ئێمە لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە ململانێ و کێشەمان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەب بووە لە بەغداد، نەوەک لەگەڵ خەڵکی تر. بۆیە ڕای نووسەرەکانی عەرەب و عێراقییەکان بۆ ساغکردنەوە و دیاریکردنی سنوری هەرێم لە هەمووان گرنگترە.

أ-ئیبن خەڵدون (١٣٣٢-١٤٠٦ز) گەورە نووسەری ئیسلام و عەرەب لە بارەی وڵاتی کوردان باس لە زنجیرە چیای (بارا) دەکات، کە حەمرینی ئێستایە، ئەو کات دیارە ئەو ناوەی لێبووە. بە چیای کوردان ناوی دەبات، وەک ئاماژەیەک بۆ سنوری وڵاتی کوردان، یاخود خالی لێک جوداکردنەوەی سنوری نێوان دانیشتوانی عەرەب و کورد.

ب- مەحمود دوڕە، کە یەکێک بووە لە ئەفسەرە کۆنەکانی سەرەتای سوپای عێراق لە کتێبەکەیدا (القضية الكردية والقومية العربية ومعركة العراق) لەبارەی سنوری هەرێم دەنووسێت: لە فیشخابورەوە لەسەر سنوری عێراق - سوریا بە هێڵێک دەکشێ بە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە، چەند ناوچەیەکی تری لەو نێوانە دەستنیشان کردووە تاکو دەگاتە شارۆچکەی مەندەلی. کوردەکان لە بەشی باکور و ڕۆژهەڵاتی لیوای موسڵ و سێ لەسەر چواری لیوای هەولێر و هەموو لیوای سلێمانی و کەمتر لە سێ لە سەر چواری لیوای کەرکوک و کەمینەیەکیش لە لیوای دیالە نیشتەجێن.

پ-دکتۆر شاکر خەسباک (١٩٣٠-٢٠١٨ز) وەک ئەکادیمییەکی جوگرافیناسی عەرەبی عێراقی لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کورد و وڵاتەکەی کردووە، بەم جۆرە باس لە سنوری باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات: لە مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بەرەو خۆرئاوای خانەقین تێدەپەڕێت، هەتا دەگاتە تەپۆلکەکانی حەمرین، لەوێشەوە بەرەو زنجیرەی یەکەم لە چیای شێخان پاشان وەردەچەرخێت بەرەو باکوری خۆرئاوا بە درێژایی بەرزاییەکان (تەپۆلکە و گردەکان) هەتا دەگاتە فیشخابوور لەسەر ڕوباری دیجلە، پاشان وەردەگەڕێت بەرەو خۆرئاوا بەرەو چیاکان. هەروەها لە کتێبی کورد و کوردستاندا هەر چوار لیوای (موسڵ و کەرکوک و هەولێر و سلێمانی) و (خانەقین و مەندەلیش) لە لیوای دیالە بە کوردستانی عێراق دەناسێنێت.

ج-دکتۆر عەبدول مونعەم خەتاب، بەم شێوەیە سنورەکانی خواروی هەرێمی کوردستانی عێراق دەستنیشان دەکات: باشوری کوردستان چیای حەمرینە و خۆرهەڵاتی ئێرانە و باکوری تورکیایە و خۆرئاوای جەزیرەی عەرەبییە.

چ- ئیبراهیم شریف: لەبارەی سنوری هەرێمی کوردستانەوە دەنووسێت: ئەو پشتێنە سەربازگانەی کە تورکەکان دروستیان کرد، چ سەلجوقیەکان بێت یان عوسمانیەکان، بۆتە هۆی جیاکەرەوەی ناوچە کوردییەکان لە لایەک و عەرەبەکان لە لایەکی تر، کە لە مەندەلییەوە دەست پێدەکات و بە خانەقین و قزلەبات و قەرەتەپە و کفری و دوزخورماتوو و کەرکوک و ئاڵتون کۆپری و هەولێر و موسڵ و بەرەو تەلەعفەر تێ دەپەڕێت.

د-عەبدولڕەزاق حەسەنی (١٩٠٣-١٩٩٧ز) نووسەری عێراقی لە بارەی سنوری ناوچە کوردییەکانی عێراقەوە دەنووسێت: کوردەکانی عێراق لە شار و گوندەکانی سنوری ئێران و عێراقەوە بە هێڵێکی ڕاست درێژ دەبێتەوە لە چیای حەمرین، هەتا دەگات بە چیای شەنگار هەتا دەگات بە سنوری عێراق- تورکیا- سوریا.

هـ- فائق سامەڕائی (١٩٠٨-١٩٧٩ز) لە بارەی سنوری باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق دەنووسێت: چیای حەمرین، کە دەیان میل دەکەوێتە باشوری کەرکوک، دەبێتە سنوری کوردستانی باشور، زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەنووسێت: سنورەکە لە باشوری ڕۆژئاواوە بە دامێنی بەرزاییەکانی دەڕوات هەتاکو دەگات بە ڕوباری دیجلە، دواتر بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕوبارەکە و پاشان بەرەو خوار دەڕوات و پاشتر بەرەو باکور وەردەگەڕێت لەگەڵ بەرزاییەکانی حەمرین بەردەوام دەبێت تا دەگاتە مەندەلی لەسەر سنوری عێراق-ئێران.

و- ئەمیر مەستور نووسەری ئێرانی لەو بڕوایەدایە، کە سنوری باشوری کوردستان لە باشوری خانەقینەوە دەست پێدەکا، بە تەنیشت زنجیرەی گردەکانی حەمرینەوە دەڕوا و ڕوو دەکاتە ناوچەکانی باشوری کەرکوک و پردێ (ئاڵتون کۆپری) و پاشان دەگاتە ناوچەکانی شاری شنگار تا سەر سنوری سوریا.

ز- حەسەن ئەرفەع نووسەری ئێرانی و گەورە فەرماندەی سەربازی ئەم وڵاتە لەو نەخشەیەی کە هەرێمی کوردستانی عێراقی تێدا دەرخستووە، سنوری باشوری هەرێمی بەمشێوەیە دیاری کردووە لەسەر نەخشەکەی (لە باشوری خانەقینەوە سنورەکە دەست پێدەکا و بە تەنیشت بەرزاییەکانی حەمریندا دەڕوات و دەگاتە ئاستی بەری ڕۆژهەلاتی ڕوباری دیجلە و لەوێوە شانبەشانی دیجلە بەرەو باکور هەڵدەکشێ تا دەگاتە باکوری سنوری شاری موسل. ئەوجا ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلە و لەسەر سنوری سوریا لە خوار شەنگار کۆتایی دێت).

٣- سنوری کوردستان بە هۆی گفتوگۆ و هەڵبژاردنەکان

لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی بەغدا و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵی (١٩٢٠ز) بەدواوە هەمیشە کورد کەم تا زۆر لەگەڵ عێراق پێداگیری کردووە لەسەر دیاریکردنی سنوری نێوان خۆی و هەرێمی عەرەبی. لە

دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردستان لە (١٩١٨/١١/١٧ز) بەسەرۆکایەتی (شێخ مەحمودی حەفید: ١٨٨١-١٩٥٦ز) نوێنەری بەریتانیا (مێجەر ئیدوارد ولیم چارلس نۆئێڵ) کە هاتە سلێمانی وەک ڕاوێژکاری شێخ مەحمود، ڕایگەیاند (شێخ مەحمود حوکمداری هەرێمی نێوان هەردوو ڕوباری سیروان و زێی گەورەیە) ئەم ڕێوشوێنە بە قسەی (سێر ئارلۆنت تالیۆت ویڵسن: ١٨٨٤-١٩٤٠ز) بریکاری حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق (کاتییە ولە هەر وەختێکدا بوایە شیاوی چاو پیاخشاندنەوە بوو) هەرێمەکە لیواکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێری دەگرتەوە، واتە قەزاکانی پشدەر و شاربازێڕ و هەڵەبجە و ناوەندی سلێمانی و چەمچەماڵ و کفری و تووزخوماتوو، ناوەندی کەرکوک، مەخمور و کۆیە و ڕانیە و شەقڵاوە و ڕاوەندوز و زێبار و ناوەندی هەولێر دەگرتەوە)[٢٨] دوای خۆپیشاندانی گەورەی (٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ز) شاری سلێمانی، شێخ مەحمود چەند نامە و داواکارییەکی بەناوی دانیشتوانی کوردستانی جنوبی بۆ مەندوبی سامی لە عێراق و کۆمەڵەی گەلان نارد، لە نامەکاندا داوا دەکات، هەر لە زاخۆوە تاکو خانەقین چۆڵ بکە و حکومەتێکی کوردی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا یان هەر ئەندامێکی تری کۆمەڵەی گەلان دابمەزرێنن[٢٩]. دوای ئەمە دەیان داواکاری لەم بابەتە هەبووە بۆ مەندوبی سامی و کۆمەڵەی گەلان، بەڵام وەڵامەکان بێ سوود بووە. دوای دامەزراندنی حزب و گروپ و ڕێکخراوە سیاسییە کوردیەکان، داواکردنی مافی گەلی کورد لە حکومەتی عێراقی و بەریتانیا و کۆمەڵەی گەلان بەردەوام بوو .داوای مافیان کردووە لە چوارچێوەی جوگرافیای خۆیدا وەک حزبەکانی (جەمعیەتی ئیستقلال و دارکەر و پارتی هیوا و پارتی ئازادی و شۆڕش و پاشان پارتی دیموکراتی کورد) ساڵی (١٩٤٤ز) (مەلا مستەفا بارزانی) بە ڕێنوێنی حزبی هیوا وەک سەرکردەی شۆڕشی کورد یاداشتێکی دایە حکومەتی عێراقی بۆ

---

[٢٨] – هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا، تاریق رەئوف محەمەد (ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا) چاپخانەی حەمدی ،سلێمانی ،٢٠٠٨ز، ل٣١.

[٢٩] – نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١ز)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩ز، ل٢١٦.

پێکهێنانی حوکمێکی خۆماڵی بەمشێوەیە (ویلایەتێکی کوردستان پێکبهێنرێت لە ویلایەتەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و ئەو شارۆچکە کوردییانەی لە لیوای موسڵ، زاخۆ و ئامێدی و دهۆک و ئاکرێ و شەنگار دەگرێتەوە، هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالەی لەگەڵدابێ)[٣٠]. لە شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١–١٩٧٥ز) چەندین جار گفتوگۆی نێوان حکومەتی ناوەندی و شۆڕش لەسەر دیارینەکردنی سنور بەبن بەست گەیشتووە، ساڵی (١٩٦٤ز) سەرکردایەتی شۆڕش لە یاداشتێکدا داوای ئەو ناوچانەی کرد لە حکومەتی عێراق (پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، قەزاکانی زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، شێخان، شنگال، تەلەعفەر و خانەقین). بێجگە لەهەموو قەزاو ناحیە کوردنشینەکانی پارێزگاکانی موسڵ و دیالە)[٣١]. ساڵی (١٩٧١ز) دوای یەک ساڵ لە دەرچوونی بەیانی (١١ی ئاداری ١٩٧٠ز) سەرکردایەتی پارتی داوای ئەو ناوچانەی کرد،بخرێنە چوارچێوەی سنوری کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار (پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و قەزاکانی شەنگار و شێخان و ئاکرێ و حەمدانیە و تەلکێف و خانەقین و مەندەلی بێجگە لە شارۆچکەی بەلەدروز و شارۆچکەی مەنصوریە)[٣٢]. لە گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حکومەتی بەغدا لە ساڵی (١٩٨٤ز) دیاریکردنی سنور بووە خاڵی بە بنبەست گەیشتن، چونکە سەرکردایەتی یەکێتی داوایکرد (فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەک کەرکوک و خانەقین و جەبەل شەنگار و مەندەلی بگرێتەوە)[٣٣]. هەروەها لە ساڵی (١٩٩١ز) بەرەی کوردستانی جارێکی تر چۆوە ناو گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، بەڵام لە ئەنجامدا لە سەر دیاری نەکردنی سنور بە بنبەست گەیشت، حکومەتی بەعس ئامادە نەبوو هیچ فراوانکارییەک لە سنوری ناوچە کۆنەکەی ئۆتۆنۆمیدا بکات.

---

[٣٠] – هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا، تاریق رەئوف محەمەد .. سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

[٣١] – دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٢ز، ل٢٢.

[٣٢] – هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا، تاریق رەئوف محەمەد، سەرچاوەی پێشووو ل٤٨.

[٣٣] – هەمان سەرچاوەو ل٧.

لە نووسینەوەی دەستوری عێراقی هەمیشەیی لە ساڵی (٢٠٠٥ز) کە کورد هۆکاری سەرەکی نووسینەوە و جێگیرکردنی ئەم دەستوورە بوو، مەسەلەی ئەو ناوچانەی کە کوردستانین خرایە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووریی بۆ ساغکردنەوەیان. لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی گشتیی نوێنەران و پارێزگاکان بە ڕێژەی دەنگ، کورد توانی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥و ٢٠٠٩ز) پارێزگاکان و (٢٠١٠ز) ی ئەنجومەنی نوێنەران و (٢٠١٣ز) پارێزگاکان و (٢٠١٤ز) ئەنجومەنی نوێنەران ئەوە بچەسپێنێ، کەوا ئەو ناوچانەی دەکەونە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوک و دیالە و سەڵاحەددین، ناوچەی کورد نشینن. دوای دەیان ساڵ لە هەڵمەتی ڕاگواستن و بە عەرەب کردن و سوتماک کردن، لەم هەڵبژاردنانە هەمیشە کورد دەنگی زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بەدەستهێناوە، کە دەمێک ساڵە بەخاکی کوردستانی داناوە، ئەمەش بەڵگەیەکی فەرمییە بۆ داهاتوو، کە سنوری باشوری هەرێمی کوردستان دیاریکرا.

٤- شەڕی داعش و تۆخکردنەوەی سنوری هەرێم

لە مانگی (حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ز) گروپێکی توندڕەوی ئیسلامی سوننە مەزهەب لە سوریا و ڕۆژئاوای عێراق بە ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) پەلیان هاویشت بۆ پارێزگای موسڵ و سەڵاحەددین و دیالە و کەرکوک. سەرەتا ئەم گروپە لەسەر سنوری هەموو ئەو ناوچانە وەستان و وەستێنران لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە لە مێژوودا بە خاکی کوردستان ناسراوە، هەروەها ئەو سنورانەی کە دانیشتوانەکەی کورد زۆرینە یاخود بەشێکی پێک دەهێنن. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو، کە کورد ناتوانێ لەگەڵ گروپێکی توندڕەوی نەخوازراوی سەردەم هەڵبکات، هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە ئەو هێزەی هاتووە دژ بە مێژوو و جوگرافیا و بوون و ناسنامەی میللەتانی ناعەرەبی سوننە مەزهەبە. شەڕی تیرۆرستانی داعش سنوری کوردستانی تۆخ کردەوە، هەروەها لە دونیای دەرەوەش کوردستانی زیاتر بە ناوەندە هەستیارەکانی جیهان ناساند.

٥- نووسەرە کوردەکان و دیاریکردنی سنوری هەرێم

کۆمەڵێک سیاسەتمەدار و نوسەری کورد، تەخمین و بۆچوونی خۆیان لە بارەی سنوری هەرێمی کوردستان یان باشوری کوردستان خستۆتەڕوو. دیارە ئەم بۆچوونانە هەریەکەی لە ڕوانگەیەکەوە بووە و سەردەمەکانیش جیاوازن. لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە پێی پێویست بۆچوون و نووسینی ئەمانیش لێرە تۆمار دەکەینەوە، بەڵام پۆلێنیان دەکەین بۆ سەر سێ ئاست، نووسەرەکان، سیاسەتمەدارەکان، ئەکادیمیستەکان.

یەکەم- نووسەرەکان: واتە ئەو مێژوونووس و نووسەر و ئەدیبانەی بابەتیان لەسەر جوگرافیای کوردستان و سنوری کوردستان نووسیوە.

أ- ئەمین زەکی بەگ: یەک لە مێژوونووسە دیارەکانی کوردە لە بارەی سنوری کوردستانی عێراقەوە لە کتێبی خولاێەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان نووسیویەتی: لە قەدیمەوە تا ئەمڕۆ بە گوێرەی خەریتەی عەشایری کورد (سێر مارک سایکس) و خەریتەی ئەتنۆگرافی چوار عەسری دوای عێراق مێجەر لونگریک تا خەریتەی لیجنەی کۆمەڵەی گەلان و خەریتەیەکی نهێنی ساڵی (١٩١٢ز)، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٢ز) دابەشبوونی قەومی کوردی دەستنیشان کردووە.

ب- مستەفا شێخ نعمە الله: یەک لە نووسەرەکانی کوردە لە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٩تا ١٢)ی ساڵی (١٩٤١ز) لاپەڕە ١٥ لەبارەی سنوری جوگرافیای کوردستانی عێراق نووسیویەتی: شوێنی کوردستانی عێراق لە جوگرافیادا، ئەو جێگایەیە، کە کوردەکانی عێراق تیا دانیشتون، هەر چوار لیواکەی ژووروی عێراقە کە (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک وە موسڵ)ە ولە بەشی ژووروی لیوای دیالەش دا کورد هەیە بەتایبەتی قەزای خانەقین و هەندێ لە دیهاتەکانی دەوروپشتی وەک قزرئاباد و ئەو عەشائیرانە کە لەسەر سنور نیشتەجێ بون، بێجگە لەمە لە ناحیەی شارەبان و دێی ئەبو جسرەدا کورد دانیشتوە. بە کورتیەکەی، کورد لای ڕاستی ئەو خەتەوە دانیشتوە، کە لە

بەری ڕۆژئاوای زاخۆوە دێتە خوارەوە وە بە شاری موسڵدا دەڕوات بۆ شاری کەرکوک و لەوێوە بۆ بەری ڕۆژئاوای قەزای کفری و خانەقین تا ناحیەی مەندەلی لە لیوای دیالە، ئەو بەشە کەمە تورکمانەی لێ دەرچێ کە بەدرێژایی ئەم خەتە لە (پردێ، کەرکوک، تاووق، توزخورماتوو و کفری) دانیشنون.

پ- محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژوونوسێکی کوردە و لە کتێبی مێژووی کورد و کوردستان سنوری باشوری کوردستان بەمشێوەیە دیاری دەکات: جگە لە هەردوو لیوای هەولێر و سلێمانی، ناوچەکانی بادینان و شەنگار و شێخان لە لیوای موسڵ، ناوچەکانی ئەبوەبرە و خانەقین و شارەبان و قەزانیان و قۆڕەتو و مەندەلی لە لیوای دیالە. ناوچەکانی ئالتون کۆپری و کەرکوک و کفری و دوزخورماتو و قەرەحەسەن لە لیوای کەرکوک، کوردنشینن.

ج- ئایەت محەمەد کەلهوڕی نووسەر، ناوچە کوردنشینەکانی باشوری کوردستانی، بەم شێوەیە دیاری کردووە: کوردستانی عێراق لە پێنج پارێزگای سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و موسڵ و دهۆک پێکهاتووە، جگە لەو پێنج پارێزگایە، لە شارەکانی مەندەلی و خانەقین و کوت و عەمارە و زەرباتیە و عەلی شەرقی و عەلی غەربی وبەدرە لە پارێزگا عەرەبییەکاندا هەن، هەروەها ناوچەی کوردنشینی تریش هەن کە دابڕاون لە کوردستان وەک ئاکرێ و شێخان و زوممار[٣٤].

چ- عەلائەددین سەجادی: نووسەری دیاری کورد پێیوایە سنوری باشوری کوردستانی عێراق بەم شێوەیەیە:پارێزگاکانی (دهۆک و نەینەوا) و هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە کوردنشینن.

---

[٣٤] - نووسەر لەلایەک باس لە پارێزگای موسڵ دەکات کەکوردە، ئەمە هەڵەیە. دواتر باس لە ئاکرێ و شێخان دەکات، ئەگەر موسڵ هەمووی کوردبێت پێویست بەناوهێنانی ئەم دوو قەزایە ناکات، چونکە هەردووکیان سەر بە پارێزگای موسڵن.

د- عەلی سەیدۆی گەورانی کەسایەتی دیاری کوردی ئوردەن، بەمشێوەیە سنوری باشوری هەرێمی کوردستان دیاری دەکات: بەهێڵێک لە سنوری عێراق- سوریاوە تا باشوری چیای شەنگار و لەوێوە بۆ چیای حەمرین تا دەگاتە سەر سنوری عێراق- ئێران.

هـ- کەریم زەند (١٩٢٤-٢٠١٧ز) نووسەر و گەڕیدە و مێژوونووس لەبارەی سنوری باشوری هەرێمی کوردستان دەنووسێت: چیای حەمرین سنوری کوردستان پێکدەهێنێت لەگەڵ عێراق.

دووەم- سیاسەتمەدارەکان: مەبەست لە سیاسەتمەدارەکان ئەو سیاسییانەیە، کە ئەدەبیات و نووسینیان لە بارەی کێشەی کوردەوە نووسیووە و ئاماژەیان بە سنوری نیشتەجێبوونی نێوان کورد و عەرەب کردووە .

أ- عیسمەت شەریف وانلی (١٩٢٤-٢٠١١ز): سیاسەتمەداری دیاری کورد لە نەخشەیەکدا، سنوری باشوری کوردستانی بەمشێوەیە دیاری کردووە: سنور لە باشوری بەدرەوە دەستپێدەکات ڕووەو شاری مەندەلی دەچێت و لەوێوە تا زنجیرە چیاکانی حەمرین، ئیتر هێڵی سنور لەگەڵ ڕوباری دیجلە بەرەو باکور هەڵدەکشێت تا دەگاتە دەوروبەری باکوری شاری موسڵ و باکوری تەلەعفەر و باشوری چیای شەنگار و لەسەر سنوری عێراق-سوریا کۆتایی دێت.

ب- دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو (١٩٣٠-١٩٨٩ز): سەرکردەی سیاسی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی سنوری باشوری هەرێمی کوردستان دەنووسێت: بەهەمان پێودانگ و بەپشتبەستن بە سەنتەرەکانی نیشتەجێ بونی مێژوویی کورد وای بۆ چووە، کە کوردستانی عێراق لە باشوردا دەشتی میسۆپۆتامیا و باشوری شاری موسڵ سنوریەتی.

پ- جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣-٢٠١٧ز): سەرکردە و سیاسەتمەداری دیار و بەناوبانگی کوردستانی عێراق لەبارەی سنوری کوردستان لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٢ز) لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورەدا لە شاری هەولێر

بەمشێوە سنوری کوردستانی وەسف کرد: شەنگار و تەلەعفەر و شێخان و زوممار برۆ بەرەو خوار خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان، هەمووی خاکی پیرۆزی کوردستانە، سنوری خاکی باب و باپیری خۆمان سنوری خاکی کوردستانی خۆمان سنوری خاکی کوردستانی خۆمان بەبێ ئەوەی تەماعیمان لە خاکی کەس بێت چیای حەمرینە، واتە حەمرین مابێ سنوری خوارووی کوردستان دەبێت.

ج- سەید عەزیزی شەمزینی (١٩١٨-١٩٩٩ز) سیاسی و ئەکادیمی و نووسەر و نەوەی شێخ عوبێدولای نەیری لە بارەی سنوری خواروی هەرێمی کوردستان دەنووسێت: لە باشور لە لوڕستانەوە دەست پێدەکات و ڕوو دەکاتە باکور و ڕۆژئاوا و بە خانەقین و کفریدا تێدەپەڕێ تا دەگاتە نزیک چیای حەمرین، لەوێ دا ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوا و بە ناوچەکانی خواروی چیای شەنگاردا تێدەپەڕێ.

سێیەم- ئەکادیمیستەکان، مەبەست لە ئەکادیمیستەکان ئەو کەسانەن، کە زانستی جوگرافیا و زانستەکانی تری مێژوو و سیاسەتیان خوێندووە و بە شێوەیەکی زانستیانە سنوری هەرێمی کوردستانیان دیاری کردووە.

أ- ئەمین قادر مینە: نووسەر لە بواری تەعریب لەبارەی سنوری خواروی هەرێمی کوردستان لە کتێبی (ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب، تەبعیس) دەنووسێت: بە شێوەیەکی گشتی کوردستانی عێراق دەکەوێتە ناوەڕاست و باکوری ڕۆژهەلات و باکوری عێراق و هەموو ئەو خاکە دەگرێتەوە، کە هێڵێکی راست لە سنوری عێراق-ئێرانەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێت تا دەگاتە خوارووی جەسان لەوێوە هاوڕێک لەگەڵ سنوری عێراق-ئێران بەرەو ڕۆژئاوای بەلەدروز و شارەبان (مقدادیە) دەڕوات، لەوێشدا بەرەو چیای حەمرین دەڕوات تا دەگاتە فەتحە، لە فەتحەدا لەگەڵ ڕوباری دیجلە بەرەو سەر هەڵدەکشێ، هەموو ئەو زەوییانەش، کە لە ڕۆژئاوایەتی بەر ناوچەی عەرەبی عێراق دەکەوێت. تا دەگاتە سەروو شاری موسڵ، بەهێڵێکی ڕاست ڕوو لەباشوری ڕۆژئاوا

دەكات و لە خوار تەلەعفەردا تێدەپەڕێت تا دەگاتە (١٠)كم باكوری شاری (بەعاج) و دواتر بە هێڵێكی ڕاست بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات لەگەڵ سنوری عێراق-سوریا یەک دەگرێت.

ب-دكتۆر ئازاد نەقشبەندی :مامۆستای زانكۆ لەبارەی سنوری خواروی هەرێمی كوردستان دەنووسێت: لە نێوان سنوری عێراق و ئێران لە نزیک شاری بەدرە، لەوێشەوە بەرەو مەندەلی و شارەبان و لەگەڵ زنجیرە چیای حەمرین دەكشێت تا لە ڕوباری دیجلە دەپەڕێتەوە. لە ڕۆژئاوای دیجلەوە لەگەڵ چیای مەكحول و شنگار درێژ دەبێتەوە تا سنوری دەوڵیی نێوان عێراق و سوریا.

پ- دكتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد: نووسەر و ئەكادیمی لەبارەی سنوری خواروی هەرێمی كوردستان لە كتێبی (دۆزی كورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) دەنووسێت: سنوری هەرێم لە ناوچەی ناوقەدی عێراقەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچكەی بەدرە لە پارێزگای واست دەست پێدەكات، بەرەو باكوور تا پردی نەوت لە ڕۆژئاوای شارۆچكەی مەندەلی هەڵدەكشێ، بە تەنیشت بەرزاییەكانی حەمرینەوە تا فەتحە دەڕوا و شان بەشانی ڕوباری دیجلە سەردەكەوێ و لە باكوری شاری موسڵ بەرەو باشووری ڕۆژئاوا ڕووەو شارۆچكەی حەزەر دادەكشێ، لەوێشەوە ڕوودەكاتە ڕۆژئاوا بەرەو سنوری عێراق-سوریا لە باكوری شارۆچكەی بەعاج.

ج- دكتۆر عەبدوڵڵا غەفور: جوگرافیناس و ئەكادیمی لە بارەی سنوری خواروی كوردستان دەنووسێت: دهۆک و سلێمانی و كەركوک و هەولێر و موسڵ لە هەرێمی باشورن.

چ- دكتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل: مامۆستای زانكۆ و شارەزا لە بواری جوگرافیا لە بارەی سنوری خواروی هەرێمی كوردستان لە كتێبی (تایبەتمەندییەكانی باران لە هەرێمی كوردستانی عێراق)دا نووسیویەتی:

سنوری هەرێم لە ڕۆژهەڵات و باکور و باکوری ڕۆژئاوادا سنوری نێودەوڵەتیی عێراق لەگەڵ هەریەک لە ئێران و تورکیا و سوریا پێکدێنێ و سنوری باشور و باشوری ڕۆژئاوای لە گوندی کرمشیەی سەر سنوری عێراق–ئێرانەوە دەست پێدەکات و ئیتر هێڵی سنور لەوێوە بەناو جەساندا دەڕوا و دەگاتە دەوروبەری ڕۆژئاوای سەنتەری ناحیەی ترساف و ڕۆژئاوای مەندەلی، ئینجا لەوێشەوە بە درێژایی لێواری ڕۆژئاوای دەریاچەی حەمرین دەڕوا تا دەگاتە فەتحە، لەوێوە لەگەڵ ڕێچکەی ڕوباری دجلەدا بەرەو باکور هەڵدەکشێ و هەموو بەشی ڕۆژهەڵاتی دیجلە دەگرێتەوە، پاشان هێڵی سنور بەرەو تەلەعفەر دەچێ ئینجا بەرەو باشوری شەنگار شۆڕ دەبێتەوە و لەسەر سنوری عێراق –سوریا کوتایی دێ.

د- دکتۆر جەزا تۆفیق تاڵیب: مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە بواری زانستی جوگرافیا لە بارەی دیاریکردنی سنوری خاروی هەرێمی کوردستان لە کتێبەکەی (المقومات الجیوبولتیکیة للامن القومي في اقلیم کردستان) بەمشێوەیە سنوری خاروی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە: سنوری هەرێم لەلای ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوا دیار و ئاشکرایە چونکە (سنورێکی سیاسی نێودەوڵتیە) وەک پێشتر باسمان کرد. بەڵام سەبارەت بە لای باشور و باشوری ڕۆژئاوا هاوڕاین، کە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین نیشانەی هێڵی لێک جوداکەرەوەی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تەواوی خاکی عێراقە. بەبڕوای ئێمە هێڵی سنور لە مەندەلیەوە نزیک سنوری عێراق- ئێران دەست پێدەکات و دەڕوات بە ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا تاکو دەگاتە مەنسوریە جەبەل و لەوێوە بە درێژایی لێواری ڕۆژئاوای دەریاچەی حەمرین دەڕوات تا دەگاتە لای فەتحە، لەوێوە بەرەو باکور هاوتەریب لەگەڵ ڕوباری دیجلە تا دەگاتە باکوری شاری موسڵ، پاشان هێڵی سنووری هەردوو قەزای تەلەعفەر و شەنگار دەگرێتەوە لە سەر سنوری عێراق-سوریا کۆتایی دێت.

هـ- فەیروز حەسەن حەمە عەزیز: مامۆستای زانکۆ لە ماستەرنامەکەی خۆیدا بەناوی (الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية وتأثيرها على السياسة البريطانية ١٩١٤_١٩٢٤) لە بارەی سنوری خواروی هەرێمی کوردستان نووسیویەتی: سەبارەت بە سنوری باشور و باشوری ڕۆژئاوای کوردستانی باشور، کە خۆی لە ویلایەتی موسڵی عوسمانی دەبینێتەوە، جیاوازە لە هەمان کاتدا لەگەڵ سنوری باشوری هەرێمی کوردستان، کە سەرچاوە کوردییەکان دیاری دەکەن. بەشی گەورەی ئەم سنورە دەڕوات لەگەڵ بەرزاییەکانی حەمرین و لە خاڵی پەڕینەوەی ڕوباری سیروان (دیالە) دەست پێدەکات لە بەرزاییەکانی حەمرین بۆ خواروی شارۆچکەی قەرەتەپە و دەڕوات بەرەو ڕۆژئاوا، لەگەڵ بەرزاییەکانی حەمرین تاکو دەربەندی فەتحە، کە ڕوباری دیجلە زنجیرەی حەمرین دەبڕێ. لە دوای فەتحە سنورەکە دەڕوات لەگەڵ ڕێڕەوی ڕوباری دیجلە، هاوشانی چیای مەکحول لەگەڵ دۆڵی سەرسار و چیای شەنگار، ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە هێڵی سنورەکە، دوای ئەوەی لە ڕوباری دیجلە دەپەڕێتەوە لەگەڵ هێڵی پانی (٣٥ ڕۆژهەڵات) دەڕوات، هێڵەکە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تەپۆلکەکانی حەزەر کۆتایی دێت.

و- ئەحمەد توفیق کەریم :لە ماستەرنامەکەی خۆیدا بەناوی (ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان) بەم شێوەیە سنوری خواروی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات: سنووری هەرێم لە باکوری خورئاواوە بۆ باشووری خۆرهەلات بەمشێوەیە دەکشێت: لە سنوری نێودەوڵەتی عێراق- سوریا لە خاڵی سنوری باشوری قەزای شەنگار بە ئاراستەی خۆرهەڵات دەکشێت و پاشان سەرجەمی قەزای تەلەعفەر لەخۆ دەگرێت، بە سنوری خۆرهەڵاتی قەزای تەلەعفەردا هەڵدەکشێت تا دەگاتە ڕوباری دیجلە لە باکوری موسڵ بە درێژی بە قوڵایی (ناوەڕاستی ڕوباری دیجلە) بەرەو باشور ئاراستە وەردەگرێت تا دەگات بە خاڵی سنوری ناوەندی پارێزگای موسڵ، پاشان بە درێژایی سنوری خۆرهەڵاتی قەزای ناوەندی موسڵ (سنوری باکوری خۆرهەلات و باشوری خۆرهەڵاتی قەزای ناوەندی موسڵ) بەردەوام دەبێت تا جارێکی تر دەگاتەوە بە ڕوباری دیجلەوە دیسانەوە

(قوڵایی) ناوەڕاستی ڕوباری دیجلە دەبێت بە سنوری جیاکەرەوەی نێوان هەرێم و عێراقی عەرەبی، تا دەگات بە دەربەندی فەتحە، لە وێشەوە بە دامێنی بەرزایەکانی حەمریندا بەرەو باشووری خۆرهەڵات بە هێڵێکی ڕاست دەکشێت تا دەگات بە سنوری باشوری خۆرئاوای قەزای خانەقین لەوێشەوە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە سنوری باکوری خۆرئاوای قەزای مەندەلی و بە درێژایی سنوری قەزاکە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە سنوری قەزای بەدرە، بە درێژایی سنوری قەزاکە درێژ دەبێتەوە بەرەو سنوری نێودەوڵەتی تا بە خاڵێک بە سنووری نێودەوڵەتی عێراق–ئێران دەگات.

ز- هاوڕێ یاسین محەممەدئەمین: مامۆستای جوگرافیا لە زانکۆی سلێمانی لە کتێبەکەیدا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان) دوای وەرگرتنی راو سەرنجی شارەزایانی پێش خۆی، لە بارەی سنوری خوارووی هەرێمی کوردستان دەنووسێت: دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٣ـ٣٧،٢٢ لە باکور) هەردوو هێڵی درێژی (٤١،٠٨ـ٤٦،١٨ لە ڕۆژهەڵات) وە ڕووبەری هەرێمی کوردستانیش بەهۆی ئەو جیاوازییانە لە بۆچوون سەبارەت بە سنورەکەی وایکردووە، کە نەتوانرێت بە وردی ڕووبەرەکەشی دیاری بکرێت، بۆیە زۆربەی زانیاریەکان لەسەر ڕووبەرەکەی جیاوازە، بەڵام زۆربەیان ڕووبەرەکەیان بە زیاتر لە (٨٠،٠٠٠ کم٢) داناوە کە دەکاتە نزیکەی (١٩٪) ڕووبەری عێراق.

ح- هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا، تاریق رەئوف محەمەد: هەردوو توێژەر لە کتێبە هاوبەشەکەیان (ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراق)دا سەبارەت بە سنوری خواروی هەرێمی کوردستان نووسیویانە: سنوری ناوچەکانی ململانێ لە باشورەوە بە قەزای بەدرە دەست پێدەکات و پاشان بەرەو باکوری خۆرئاوا دەڕوات، کە قەزاکانی مەندەلی و خانەقین و پارێزگای کەرکوک و قەزاکانی مەخمور و شەنگار و تەلەعفەر و تەلکێف و حەمدانیە و شێخان لە باکوری خۆرئاوە دەگرێتەوە.

گ- بەشیر سادق: لە کتێبەکەیدا (ناوچە جێناکۆکەکان، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی)دا لە بارەی سنوری خواروی هەرێمی کوردستان دەنووسێت: سنوری کوردستانی باشور لەگەڵ عێراقی عەرەبی بە هێڵێکی ڕاست لە ڕۆژهەلاتی عێراق لە مەندەلیەوە دەست پێدەکات بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە بەرەو ناحیەی جەسان لە پارێزگای واست ،پاشان ڕوو دەکاتە ناحیەی شارەبان و بەلەدڕوز لە پارێزگای دیالە و لەوێوە دەچێتە سەر لوتکەی چیای حەمرین، دواتر بە هێڵێکی ڕاست بە کەنار ڕوباری دیجلەدا تێپەڕدەبێت بەرەو باکوری موسڵ دەڕوات و بە هێڵێکی کەوانەیی ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوای موسڵ و دواتر بەرەو سنوری سوریا لە نزیک جەرابلوس[٣٥] کۆتایی بە سنوری کوردستانی باشور دێت.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خوێندنەوە و دیاریکردنانەی بۆ سنوری خواروی هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە. لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ڕووداو و پێشهاتەکانی تەعریب و ڕاگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکان، دەتوانین بڵێین سنوری خواروی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە مەندەلیەوە لەسەر سنوری ڕەسمی ئێران-عێراق دەست پێدەکات بە خانەقین و جەلەولا و قەرەتەپە هەڵدەکشێ بۆ زنجیرە شاخەکانی حەمرین و تاکو دەگاتە دەربەندی فەتحە، لەوێشەوە بە کەناری ڕوباری دیجلە دەڕوات بە هێڵێکی کەوانەیی بەسەر شاری موسڵدا دەسوڕێتەوە، تاکو چیای شەنگار لە سەر سنوری ڕەسمی عێراق-سوریا کۆتایی پێدێت. دەبێ ئەوە بگوترێ لە زۆر شوێنی ئەم سنورە کورد دەکەوێتە دەرەوەی ئەم سنورە، لەهەمان کاتیشدا عەرەب و پێکهاتەی تریش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم سنورە.

---

[٣٥]- جەڕابلس شارۆچکەیەکی سوریایە سەر بە پارێزگای حەلەب و دەکەوێتە سنوری ڕۆژاوئاوای کوردستان، زۆر دوورە لە سنوری عێراق و سوریا، بۆیە نووسەر لەوانەیە بەهەڵە ئەم ناوەی نووسیبێ. لەوانەیە مەبەستی شارەدێی تەل جابر بێت، کە هاوسنورە لەگەڵ سنوری عێراق لە دیوی سوریا.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی چوارەم

نەخشەی جیهان و کوردستان و هەرێم لە مێژوودا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی چوارەم

نەخشەی جیهان و کوردستان و هەرێم لە مێژووەدا

ئەم بەشەی کتێبەکەمان لەسەر مێژووی نەخشە دەوستین .یەکەم نەخشەی جیهان و کوردستان و هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ چۆن گەشەی کردووە ، هەروەها ئەو گۆڕانەی بەسەر نەخشەدا هاتووە ،تاکو گەیشتۆتە ئەمڕۆ. بەلام بەدلنیایەوە نەخشەی کوردستان و هەرێمی کوردستان نەخشەی رەسمی نین .تەنها بە شێوەی خەملاندن و بۆچوونە .ئەم بەشە بەسەر چەند تەوەرێک دابەش بووە .

یەکەم

نەخشەی جیهان لەسەرەتای مێژووەوە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ

لەچەند نەخشەیەکی بەردەست کە خراوەتە روو. مێژووی گەشەکردنی نەخشەی جیهان ڕووندەکاتەوە ،هەر شارستانیەتێک رۆلی دیاری هەبووە لە ناساندن و دیاری کردنی نەخشەی جیهان .

نەخشەی ژمارە (١) کۆنترین نەخشەی جیهان کەتاکو ئێستا دۆزرابێتەوە ئەو نەخشەیە، کە لە ساڵی (٦٠٠ پ ز) لە وڵاتی بابلی کلدانی کێشراوە، واتە لەسەر زەمینی عێراقی ئەمڕۆ بووە .



FIG. 11.—The world according to Herodotus.

نەخشەی ژمارە (٢) یەکەم نەخشەی کێشراوی جیهان لە لایەن مێژوونووسی گریکی هیرۆدۆتس (٤٨٥–٤٢٥پ،ز)

نەخشەی ژمارە (٣) ئەو نەخشەیەی کە فەیلەسسوف و جوگرافی ناسی گریکی ئیسترابۆ(٦٣ پ،ز–٢٣ز) کێشاویەتی.



نەخشەی ژمارە(٤) نەخشەی جیهان لە لایەن جوگرافی ناسی رۆمانی بۆمبۆنیوس میلاس ساڵی ٤٧ز نەخشاندویەتی .



نەخشەی ژمارە (٥) ئەو نەخشەیەی زانای گریکی کلاودیس بەتلیمۆس (٩٠-١٦٨ز)کێشاویەتی و هەرێمەکانی جیهانی ئەوکاتی تێدا دیاری کردووە .

نەخشەی ژمار(٦) ئەم نەخشەیە لە لایەن زانا چینیەکان کێشراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زاین.

نەخشەی ژمارە (٧) نەخشەی جیهان لە لایەن زانای ئیسلامی بەناوبانگ ئیدریسی (١١٠٠-١١٦٦ز) کێشراوە



نەخشەی ژمارە (٨) نەخشەی جیهان ساڵی ١٤٩٠ز لە لایەن وێنەکێشی ئەلمانی هاینریش هامەر کێشراوە

MHF

نەخشەی ژمارە(٩) نەخشەی جیهان لەلایەن وێنەکێشی ئیسپانی ئادلی خوان دی لاکوزاساڵی ١٥٠٠ز کێشراوە بۆیەکەم جار کیشوەری ئەمەریکا لەسەر نەخشەی جیهان دەست نیشان کراوە .

نەخشەی ژمارە (١٠) نەخشەی جیهان ساڵی ١٥٠٦ ئەلبیرتۆ کانتینۆی پرتوگالی کێشاویەتی ،بەشی زۆری کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکا تێدا دیاری کراوە .

نەخشەی ژمارە (١١) نەخشەی جیهان لە لایەن دۆزەرەوەی ئەمەریکا کریستۆف کۆڵۆمبس کێشراوە نزیکترین نەخشەیە لە جیهانی ئەمڕۆ.



نەخشەی ژمارە (١٢) نەخشەی جیهان ساڵی ١٥٣٧ز لە لایەن وێنەکێشی پورتوگاڵی ئادلی دیوگۆ ریبیرۆ لە هەموو نەخشەکانی تری پێش خۆی باشتر هەردوو کیشوەری ئەمەریکای دەرخستووە.



نەخشەی ژمارە (١٣) نەخشەی جیهان ساڵی ١٥٧٠ز لەلایەن ئیبراهیم ئۆرتیلیۆس کێشراوە .ئەم نەخشەیە وەک ئەتلەسێک بۆ دەیان ساڵ بەکارهاتووە .

نەخشەی ژمارە (١٤) نەخشەی جیهان لە لایەن جوگرافیناس تیرارۆم ئۆربیس ساڵی ١٦٣٠ز کێشراوە لە نەخشەکەدا بەشێکی ئوسترالیا و دوورگەی کیب بۆرگ کە لەساڵی ١٦٢٣ز دۆزرابۆوە دەردەکەوێت.



نەخشەی ژمارە (١٥) نەخشەی جیهان ساڵی ١٧٥٢ لەلایەن وێنەکێشی بەناوبانگ دیدی رۆبێرد دۆڤۆگوندی کێشراوە ،بۆ ماوەیەک بەناوبانگترین نەخشەی جیهان بووە، کە زۆرترین بەشەکانی جیهانی گرتۆتە خۆی ئەوکات.

نەخشەی ژمارە (١٦) نەخشەی تەواوی جیهان کە لەسەدەی هەژدەهەم بەدواوە هەموو هەرێم و کیشوەرەکانی جیهان خرانە سەر نەخشە تاکو ئەمڕۆ جیاوازیەکی ئەوتۆ روویینەداوە .

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

دووەم

نەخشەی کوردستان وڵاتی کوردان لە مێژوودا

نەخشەی خاک و وڵاتی کوردان لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە بە روونی دیاری کراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی گشتگیریی لەسەر هەموو خاکەکەی نەبووە .لەهەر نەخشەیەک سوچێک لە خاکی کوردان دیاری کراوە دواتر لەگەل گەشەی زانستی نەخشە سازی خاکی کوردان و شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوەی کورد دیاری کراوە. نەخشەکان بەلگەی ئەوەن کەوا نەتەوەی کورد خاوەنی ئەم خاکە بووە بەردەوام لەسەر ئەم خاکە بووە و ژیاوە و بەردەوامی بە بوونی خۆی داوە تاکو رۆژگاری ئەمرۆ هیچ داگیرکەرێک نەیتوانیوە لە ناوی ببات.



نەخشەی ژمارە (١٧) نەخشەی وڵاتی کوردان، کە لەلایەن جوگرافی ناسی ئیسلامی ئیبن حوقەل لەسەدەی دەیەمی زاینی کێشراوە .



نەخشەی ژمارە (١٨) نەخشەی جیهان لە لایەن جوگرافی ناس (مەحمود کاشغری: ١٠٠٨-١١٠٢ز) کێشراوە لەم نەخشەیەدا وڵات و خاکی کوردانیشی دیاری کردووە.

نەخشەی ژمارە (١٩) نەخشەی جیهان کە لەلایەن گەڕیدە و بازرگان و وێنەکێشی هۆلەندی (جان هیگن ڤان لینشتۆن: ١٥٦٣-١٦١١ز) کێشراوە لە ساڵی ١٥٩٦زاینی چاپکراوە،تێیدا وڵاتی کوردانی دیاری کردووە ،بەناوی Curdi تۆماری کردووە .



نەخشەی ژمارە(٢٠) نەخشەی وڵاتانی رۆژهەڵات لە لایەن جۆن سێکسساڵی ١٧٢١ز چاپکراوە.بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیشی دیاریکردووە.

نەخشەی ژمارە (٢١) نەخشەی بەشێک لە خاکی کوردستان ساڵی (١٧٨٥ز) لە لایەن گەڕیدەیەکی ئەوروپی کێشراوە



نەخشەی ژمارە (٢٢) نەخشەی بەشێک لە خاکی کوردستان ساڵی ١٧٨٧ز لە لایەن گەڕیدەیەکی ئەوروپی کێشراوە.

MAM HUMANITARIAN

نەخشەی ژمارە (٢٣) خاکی کوردستانی دەست نیشان کردووە، لە ساڵی ١٧٩٢ز نەخشەکە کێشراوە، نەخشەکە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سوپای شاهانەی بریتانیا.

نەخشەی ژمارە (٢٤) نەخشەی وڵاتی عوسمانی ساڵی (١٨٠١ز) بە قەڵەمی ویلیام میللەر نەخشێنراوە و خاکی کوردستانی تێدا دیاری کردووە .



نەخشەی ژمارە (٢٥) نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی لە کیشوەری ئاسیا ،کە بەزمانی تورکی عوسمانی رونکراوەتەوە ، بەشێک لە خاکی کوردستان کە زیاتر خاکی کوردستانی رۆژهەلاتی بەشی ئێرانە بەناوی کوردستان دیاری کراوە .نەخشەکە لە ساڵی ١٨٠٣ز کێشراوە .



نەخشەی ژمارە (٢٦) نەخشەی کوردستان زۆرینەی خاکی کوردستانی بە ڕەنگی زەرد دیاری کردووە .ساڵی ١٨١١ز کێشراوە.

نەخشەی ژمارە (٢٧) نەخشەی کوردستان بەرەنگێکی گوڵی کێشراوە. مێژووی کێشانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨١٣ز.

نەخشەی ژمارە(٢٨) نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی،ناوی کوردستان وەک بەشێک لە پێکهاتەی خاکی عوسمای هاتووە ،نەخشەکە ساڵی ١٨٢٦ز کێشراوە .



نەخشەی ژمارە (٢٩) نەخشەی بەشێک لە خاکی کوردستان ساڵی ١٨٥٦ز لە لایەن گەڕیدەیەکی ئەوروپی کێشراوە .

نەخشەی ژمارە (٣٠) نەخشەی کوردستان ساڵی ١٨٨٧ لە لایەن گەڕیدەی فەڕەنسی هینری بایندەرەوە کێشراوە .



نەخشەی ژمارە (٣١) نەخشەی کوردستان کە زۆرترین ناوچە کوردیەکانی گرتۆتە خۆی ، لە لایەن ئەفسەر و دیبلۆماسی بریتانی کاپتن ئیف ئار مۆنسیل سالّی (١٨٩٢ز) کێشراوە .



نەخشەی ژمارە (٣٢) نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی بەزمای عەرەبی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی سالّی (١٨٩٣ز) کێشراوە . بە رونی ناوی کوردستان لەسەر خاکی کوردان دیاری کراوە .

نەخشەی ژمارە (٣٣) نەخشەی کوردستان ساڵی(١٩١٠ز) لە لایەن کاپتن ئیف ئار مۆنسیلی بریتانی کێشراوە ،



نەخشەی ژمارە (٣٤) نەخشەی کوردستان لە ئەرشیفی دەوڵەتی بریتانیا ساڵێک بەر لە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦ کێشراوە .



نەخشەی ژمارە (٣٥) نەخشەی کوردستان ساڵی (١٩٤٨ز) لە لایەن بەشی هەواڵگری وڵاتانی هاوپەیمان ئامادە کراوە .

نەخشەی ژمارە(٣٦) نەخشەی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵی ١٩٨٦ ز.



نەخشەی ژمارە (٣٧) نەخشەی دانیشتوانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢بە یارمەتی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا کێشراوە .

نەخشەی ژمارە (٣٨) نەخشەی ئەو ناوچانەی کورد تێیدا نیشتەجێیە. ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا ساڵی(٢٠٠٢ز) کێشاویەتی .

نەخشەی ژمارە (٣٩) نەخشەی خاکی کوردستان سەرچاوەی نەخشاندنەکەی دیارنیە کێیە. پێدەچێت ناسیۆنالیستە کوردەکان نەخشاندبێتیان . ئەم سنورە لە میدیا کوردیەکان زۆر بلاوە کە لەم نەخشەیە دیاری کراوە .

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سێیەم

نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەچەند قۆناغێکدا

لەم بەشەدا نەخشەی ویلایەتی موسڵ کە زۆرینەی خاکی کوردان دەگرێتەوە .نەخشەی کوردستانی جنوبی و باشوری کوردستان و کوردستانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەخەینە روو .ئەم هەرێمە لە کۆنەوە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرینەی نەتەوەی کورد بووە .

نەخشەی ژمارە (٤٠) نەخشەی ویلایەتی موسڵی عوسمانی کە لە نێوان ساڵانی (١٨٧٩-١٩١٨ز) بەردەوامی هەبوو .نەخشەکە بەزمانی تورکی عوسمانیە ویلایەتی موسڵ زۆرینەی خاکی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.



نەخشەی ژمارە (٤١) نەخشەی ویلایەتی موسڵ بەزمانی ئینگلیزی ناوی کوردستانیش بەسەریەوەیە.



نەخشەی ژمارە (٤٢) نەخشەی هەرسێ سنجاغ (پارێزگا)ی ویلایەتی موسڵ بەزمانی تورکی عوسمانی .



نەخشەی ژمارە (٤٣) نەخشەی ویلایەتی موسڵ لە چوارچێوەی دابەشکاریەکەی ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆی نێوان بریتانیا و فەڕەنسای ساڵی ١٩١٦ز . ویلایەتەکە بەر ناوچەی دەسەلاتی فەڕەنسیەکان دەکەوێت.بەلام دواتر بوو بە هی بریتانیەکان و بووە بەشێک لە دەوڵتی عێراق.

نەخشەیژمارە (٤٤) نەخشەی هەرسێ ویلایەتی بەسراو بەغداد و موسڵ کە دەوڵەتی عێراقیان لێ دروستکرا.



نەخشەی ژمارە (٤٥)نەخشەی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کە سیستەم پاشایەتی بووە. لە رووی کارگێڕیەوەبەسەر چواردە لیوا دابەشکراوە . کورد بەسەر لیواکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و موسڵ و دیالە دابەش بووە .

نەخشەی ژمارە (٤٦) نەخشەی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق



نەخشەی ژمارە (٤٧) نەخشەیەکی عێراق لە بابەتی پەروەردەی جوگرافیا ساڵانی ١٩٧٠ کان. کە ناوی کوردستان لەسەر ناوچە کوردنشینەکان نووسراوە .

Kurdistan Autonomous Region in Iraq (in 1975)

نەخشەی ژمارە (٤٨) نەخشەی کوردستانی ئۆتۆنۆم لە ساڵی ١٩٧٥،کە حکومەتی بەعس یەک لایەنە سنورەکەی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک دیاری کردبوو.

Kurdish Federation in 1998

نەخشەی ژمارە (٤٩) نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراقی ئازاد دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

نەخشەی ژمارە (٥١) نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی لێکدانەوەی سنورە مێژوویەکەی.

نەخشەی ژمارە (٥١) نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دیدی لێکدانەوەی جوگرافی ناسانی کورد بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان.

نەخشەی ژمارە (٥٢) نەخشەی سنوری کارگێڕی و دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن دەستەی سەرژمێری وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەخشێنراوە .

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پوختەی ئەم کتێبە

لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێک ئاستەنگ و گرفتی خۆی هەیە،بەتایبەت بۆ بابەتێک کەوا لەزۆر بوار یاساغە.چونکە زۆر لەو وڵاتانەی کوردستانیان زەفت کردووە ،بەیاسا قەدەغەیە باس لە مێژوو و ناسنامەی نەتەوەیی کورد بکریت، جا لە هەر پێگەیەکدابێت، چ جای باس لە سنور و رووبەری خاک و ناسنامەکەی کە کوردستانە بکرێت، بۆیە ئەوە وایکردووە هەمیشە سەرچاوەی کەم بەردەست بێت لەبارەی مێژووی سنور و جوگرافیای خاکی کوردان . بەلام هیچ کاریک مەحال نیە، ئەگەر ویست وحەز و بەردەوامی و ئیرادە هەبیت .بۆیە ئەم کتێبە دوای هەول و تێکۆشانیکی زۆر هاتۆتە بەرهەم ، بەدلنیایەوە دوای تەواوکردنی سوود و بایەخی زۆری هەیە . چونکە بازدانە بەسەر چەندین گرفت و پێویستی زانیاری لەو بوارەی کەلێکۆلینەوەکەی لەسەر ئەنجام دراوە ، ئەم کتێبە چەند سوودێک دەبەخشێ بەخوێنەران و زانست خوازانی بواری جوگرافیا و مێژووی کوردستان .لەم روانگەیەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنرێ کەوا ئەم کتێبە کتێبخانەی کوردی زیاتر دەوڵەمەند دەکات، لە باری زانستی جوگرافیاوە .بەتایبەت بۆ لێکۆلەرەوان و کەسانی زانستی خواز لە بواری مێژووی سنور و زانستی سنور و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناوی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردان و نەخشەی خاکەکەیان هەروەها خزمەتێکیشە بە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەباری چۆنیەتی پاراستن و مامەلە کردن لەگەل سنوری هەرێم لەگەل وڵاتانی دەر و دراوسێ .لەهەمان کاتدا وەبیرهێنانەوەی ناو و ناسنامە وتۆمار و کاری گەورەی هەموو ئەو گەڕیدە و مێژوونووس و جوگرافی ناس و سیاسەتمەدارانەیە کەوا لەبارەی سنور و هەلکەوتەی خاکی کوردستان دیدی خۆیان لە رۆژگاری خۆی تۆمارکردووە و نووسیووە دەتوانین لێرەدا دەستە چنەکی ئەنجامگیری ئەم کتێبە بکەین .

١_ پێناسەی چەمک و دەستەواژەی سنور دەکات، لەسەر بنەمایەکی میتۆدی زانستی سەردەم .

٢_ مێژووی سەرهەڵدان و جێگیر بوونی سنور لە نێوان وڵاتان دەخاتە روو.

٣_ زانستی دیاریکردنی سنور و شێوەکانی دیاریکردنی سنور دەخاتە روو.

٤_ جۆرەکانی سنوری نێودەوڵەتی چین و چۆن دیاری دەکرێن .

٥_ سوودەکانی سنوری نێوان وڵاتان دەخاتە روو لەباری پاراستنی ئاسایشی وڵات و زمان و کەلتور و سەرچاوە ئابووریەکان .

٦_ رۆلی سنور لە گەشەپێدان و سەقامگیری ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە دەخاتە روو .

٧_ کۆکردنەوە و پوختەکردنی مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد و گەشەکردنی تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ .

٨_ خستنە رووی هەموو ئەو نەتەوە و پێکهاتە ئاینی ودەستە مرۆیانەی کەوا لەوسەرزەمینەی ئێستا کە خاکی کوردستانە شارستانیەتی خۆیان بنیادناوە ،لەگەل چۆنیەتی تێکەلی و پەیوەندیان بە نەتەوەی کوردەوە .

٩_ پوخت کردن و خستنە رووی هەموو ئەو سەرچاوانەی باس لە سەرهەڵدانی مێژووی وڵاتی کوردان دەکەن ، هەروەها گەشەکردنی ناوەکان تاکو لەسەر چەمک و ناسنامەی کوردستان جێگیر بووە .

١٠_ خستنە رووی سنوری کوردستان لە دید و بۆچوونی هەموو ئەو گەڕیدە ومێژوونووس و جوگرافی ناس و سیاسیانەی کە لە مێژوودا سنوری کوردستانیان دەست نیشان کردووە ، لە ژێر هەر بۆچوون و دیدێک بووبێ . گرنگی و بایەخی بۆ جوگرافیای نیشتمانی کوردان هەیە.

١١_ دیاریکردنی رووبەر و هەڵکەوتەی شوێن پێگەی فەلەکی خاکی کوردستان لە دیدی شارەزایان و جوگرافی ناسانەوە .

١٢_ هەرێمی کوردستان لە مێژووی کۆن و نوێدا ، بە چ شێوەیەک لەسەر ناسنامە و بوونی ئەمڕۆی جێگیر بووە .

١٣_ سنوری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ بەشە عەربیەکەی دەوڵەتی عێراق ،لە سەرەتاوە تاکو ئێستا.

١٤ خستنە رووی دید و بۆچوونی هەموو ئەو کەسە شارەزایانەی کەوا سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی عەرەبی عێراقیان دیاری کردووە ، لە بیانی و عەرەب و عێراقی و کورد.

١٥_ خستنە رووی کۆنترین نەخشەی جیهان لە مێژوودا . تاکو گەیشتنی بە نەخشەی جیهان لەم رۆژگارەدا.

١٦_ خستنە رووی نەخشەی کوردستان وەک خاکی کوردان لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ.

١٧_ خستنە رووی نەخشەی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ.

١٨_ ئەم کتێبە زۆرترین زانیاری لەسەر مێژووی جوگرافیا و سنوری سروشتی و دانیشتوانی گەلی کورد بە چەندین شێوە دەخاتە روو.

بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە لەسەر سنوری کوردستانە ،ئەوە هەڵدەگرێ زیاتری لەسەر بنووسرێ . هەروەها ئەم کتێبە ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی لێکۆڵەرانی کورد زیاتر بەدوای سەرچاوە کۆنەکاندا بگەڕێن ،تاکو زانیاری زیاتر لەبارەی سنور و جوگرافیای نیشتمانەکەیان بەدەست بخەن و بیخەنە بەردەم خوێنەران و رای گشتی جیهان و نەتەوەکەیان .

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

الملخص

لاشك بأن البحث والدراسة لأي مجال أو حقل معرفي له تحديات ومعوقات مختلفة وخصوصاً المجالات التي قلَ تداولها ولأسباب متايينة .وفيما يتعلق بتحديات ومعوقات هذه الدراسة ولكون أغلب الدول المغتصبة لكوردستان قد أرست قوانين تمنع البحث والتداول في تأريخ وهوية الأمة الكوردية وعلى كافة المستويات ، ناهيك اذا كان مبتغى البحث والتعقيب حول حدود ومساحة وهوية كوردستان .لذا الحصول على المصادر الرصينة بهذا الصدد من معوقات الدراسة .من جانب آخر الإصرار والرغبة لانجاز بحث ودراسة بخصوص هوية و حدود كوردستان كان حافزاً لإكمال هذا المنجز المتواضع ، آملين بأن يُزود الحقل المعرفي والمتلقي بمعلومات جديدة ، ولكون الدراسة شكلت نمطاً جديداً في البحث و التعقيب للمتخصصين و المهتمين بمجال تأريخ وجغرافية كردستان وكذلك تزويد وإثراء المكتبات الكوردية والباحثين بنوع اخر من المصادر العلمية الرصينة حول ماهية وبدايات ظهوراسم الأمة الكوردية وحدود وتأريخ وجغرافية كوردستان . ومن منظور اخر يُعتبر هذا المنجز بمثابة خدمة ودعم لحكومة إقليم كوردستان حول كيفية الحفاظ والتعامل مع حدود الاقليم من منظور كوردستاني مع الأخذ بنظر الاعتبار توجهات الدول المجاورة لحدود إقليم كوردستان. مع العلم بأن الدراسة قد راعت الجهود الحثيثة لكتابات والشهادات المدونة التي قام بها الرحالة والباحثون في مجال الجغرافيا و المؤرخين والسياسين حول حدود وتضاريس كوردستان .عليه نستعرض أبرز ما توصلَ إليه الدراسة من نتائج كالاتي :

١. يُعرَف مفردة ومصطلح الحدود وفقاً للطرق و الأساليب العلمية العصرية .

٢. يستعرض تاريخ ظهور وتثبيت الحدود بين الدول .

٣. يستعرض علم تثبيت الحدود وأشكاله .

٤. يتطرق الى أنواع الحدود الدولية .

٥. يستعرض فوائد الحدود بين الدول من منطلق الحفاظ على الأمن القومي واللغة والتراث والمصادر الاقتصادية .

٦. دور الحدود في تطوير و تثبيت الأمن المحلي من نتائج الدراسة .

٠٧. جمع وتلخيص تاريخ ظهور الأمة الكوردية ومراحل تطورها .

٠٨. التعريف بكافة القوميات والاثنيات والمكونات الدينية والجماعات الإنسانية المختلفة التي أرست حضاراتها على أرض كوردستان وكيفية اختلاطها وانخراطها بالأمة الكوردية .

٠٩. تلخيص وعرض كافة المصادر التي ذكرت تاريخ ظهور بلاد الكورد بمسميات مختلفة، ومراحل تطورها لحين تثبيتها كمفردة كوردستان وتداولها بشكل رسمي .

١٠. عرض حدود كوردستان تاريخياً من منظور الرحالة والمؤرخين والمهتمين بمجال الجغرافيا والسياسيين الذين ذكروا حدود كوردستان وإن كانت القصد من ذكر الحدود تحت تأثير أفكار و أيدولوجيات مختلفة .

١١. تحديد مساحة وموقع كوردستان من الناحية الفلكية بناءً على تجارب المختصين بهذا الصدد.

١٢. استعراض لكيفية تثبيت الهوية الكردية لأقليم كوردستان قديماً وفي الوقت الحاضر.

١٣. يستعرض البحث حدود إقليم كوردستان العراق مع الجانب العربي للدولة العراقية .

١٤. يستعرض اراء وتوجهات المختصين والذين حددوا حدود إقليم كوردستان مع الجانب العربي من العراق .

١٥. استعراض سلسلة من الخرائط بدءً بأقدم خريطة في العالم وصولاً الى عرض الخرائط في هذا الزمن .

١٦. استعراض سلسلة من الخرائط المتعلقة ببلاد الكورد وعبر الأزمنة المختلفة .

١٧. يستعرض البحث مجموعة هائلة من المعلومات المتعلقة بتاريخ والحدود الجغرافية لكوردستان وسكانها .

الموضوع الرئيسي للكتاب تتعلق بحدود كوردستان ،لذا يستوجب المزيد من الدراسات والأبحاث بهذا الشأن ، آملين أن يكون هذا المنجز حافزاً للباحثين الكورد لدراسة المصادر التأريخية بهذا الصدد وبدورهم يجزون المزيد من الأبحاث والدراسات واستحصال وفرة من المعلومات الرصينة للقارئ الكوردي والرأي العام.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سەرچاوەکان

هەر وەک لە پێشەکیەکەی باسمان کردووە، بۆ نووسینی ئەم کتێبە سەرچاوەی زۆر بەکار هاتووە، بۆیە لەوانەیە هەندێکیان لە بیرکرابن بەتایبەت ئەو کتێبانەی بە PDF لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت سوودیان لێ وەرگیراوە .

أ_ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١. دكتور منتصر سعيد حمودة، الحدود الدولية، دار الفكر الجامعى، الاسكندرية، ٢٠١٢.

٢. محمد بركات، مشكلات الحدود العربية، مطابع العبور الحديثة، القاهرة، ٢٠٠٥.

٣. د. ريبين محمد صوفى ، الوسائل الدستورية ، لحل المنازعات الحدودية الداخلية في الدولة الفدرالية، مطبعة شهاب، اربيل، ٢٠١٧.

٤. باسيلي نيكيتين، الكرد دراسة سوسيولوجية و تاريخية ، ترجمها عن الفرنسية، الدكتور نورى طالبانى، مطبعة حمدى، سليمانية ، ٢٠٠٧.

٥. جلال طالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة و النشر ، بيروت ، ١٩٧٠.

٦. حسن أرفع، الشعب الكردي دراسة تاريخية وسياسية، ترجمها عن الانكليزية، عبدالرزاق محمود القيسي، مطبعة حمدي، سليمانية، ٢٠١١.

٧. عبدالرقيب يوسف، حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا، مطبعة شڤان ، السليمانية ، ٢٠٠٥.

٨. د. مكرم طالبانى ، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٩.

٩. البروفسور الدكتور فؤاد حمه خورشيد، الجيوبوليتكس المعاصر ، تحليل، منهج، سلوک، المطبعة كمال، السليمانية.٢٠١٣.

١٠. د. سلام حسن طه خوشناو، جزيرة ابن عمر (بوتان) في قرنين الثاني عشر والثالث عشر الميلاديين، مديرية مطبعة الثقافة/ اربيل، ٢٠٠٦.

١١. الدكتور عطا عبدالرحمن محي الدين، حركات الخوارج في بلاد الكورد وما جاورها، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠٠٧.

١٢. ابن وحشية النبطي ، شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام، منشورات الجمل، بغداد، ٢٠١٠.

١٣. الدكتور عبدالله العلياوي، كوردستان في عهد المغول ١٢٢٠-١٣٣٥ ميلادي، السليمانية، ٢٠٠٥.

١٤. الدكتور عبدالله العلياوي، كوردستان في عهد الدولة العثمانية، من سنة ١٨٥١-١٩١٤، السليمانية، ٢٠٠٥.

١٥. الدكتور جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية ، ٢٠٠٥.

١٦. المحامي الشيخ سالار الحفيد، كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية ، اكاديمية التوعية وتاهيل كوادر، السليمانية، ٢٠١٢.

١٧. الدكتور سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة و الفرات وانعكاساتها على القضية الكردية. مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية ، السليمانية ، ٢٠٠٤.

١٨. د.كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها حكم التاريخ و الضمير، مطبعة رينون، اربيل.

١٩. الأستاذ الدكتور ابراهيم محمد على مرجونة، الكرد في العصر العباسي دراسة سياسية حضارية، دار التعليم الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٢.

٢٠. ابن خلدون، مقدمة، شركة دار الأرقم بن ابي الأرقم، للطباعة والنشر و التوزيع، مكتبة نهضة ، بغداد.

٢١. فيروز حسن حمة عزيز، الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية (١٩١٤_١٩٢٤) مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ، ٢٠٠٨.

٢٢. غنثر ديشنر، الكرد شعب بدون دولة تازيخ وآمل، ترجمة، د. جورج كتورة، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٤ .

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ب_ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١. میر شەرەف خانی بدلیسی ، شەرەفنامە، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، چاپخانەی پەخشنگای پانیز، سنه ،٢٠١٠.

٢. محەمەد ئەمین زەکی، خولاێەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، چاپی چوارەم چاپخانەی شڤان ، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣. محەمەد مەردۆخی کوردستانی، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی عەبدول کریم محەمەد سەعید چاپخانەی ئەسعد، بەغدا،١٩٩١.

٤. د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، عبدالله حسن زادە، چاپی شەشەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠٠٦.

٥. د.فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی مووسڵ. وەرگێڕانی محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، سلێمانی ١٩٩٩.

٦. دکتۆر عەزیز شەمزینی ، جولاّنەوەی رزگاریی نیشتمانی ی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم ،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٧. ئەولیای چەلەبی ، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی ، وەرگێڕانی ناکام ، چاپخانەی ئەشبیلیە، بەغداد، ١٩٧٧.

٨. مارتن ڤان برونەسن. ئاغا و شێخ و دەولەت، د.کوردۆ عەلی ، لە ئەلمانیەوە کردوویە بەکوردی ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی ،٢٠١٠.

٩. حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ئیستراتیژی دەولّەتان ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٠.

١٠. د. زرار صدیق توفیق، کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١٢.

١١. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا، چاپخانەی حەمدی ،سلێمانی ،٢٠١٢.

١٢. احمەد خواجە، چیم دی ، بەرگی ٣، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی ،١٩٧٢.

١٣. د. ولید حمدی، کورد و کوردستان لە بەلگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ، ١٩٩٩ .

١٤. نەوشیروان مستەفا ئەمین ، کوردستانی عێراق سەردەمی قلەم و موراجەعات ، چپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی ،١٩٩٩.
١٥. دکتۆر سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .
١٦. ئەحمەد رەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ، ٢٠١٤.
١٧. هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین، لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ،٢٠١٣.
١٨. بشیر صادق، ناوچە جێناکۆکەکان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسیدا، چاپخانەی العراق، ٢٠١٦.
١٩. شەمسەدین سامی، قامووس ئەعلامی کورد و کوردستان، ئەحمەد تاقانە کردوویەتی بە کوردی ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.
٢٠. زەید ئەحمەد عوسمان، خەباتی کورد، وەرگێڕانی سامی قادر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٠.
٢١. مینۆرسکی، وەرگێڕانی حمە سعید حمەکریم، کورد، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.
٢٢. د.ئیبراهیم شێخ مەحمود، چارەسەری کێشەی گەلی کورد، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ،٢٠١٥.
٢٣. شوان عوسمان مستەفا، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی ،٢٠٠٢.
٢٤. تۆمابوا، وەرگێڕانی حمەسعید حمە کریم ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ،١٩٨٠.
٢٥. هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا، تاریق رەئوف محەمەد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ، ٢٠٠٨.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

٢٦. دبليۆ ئارهەی، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٠.

٢٧. دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر ،سیستەمی میرنشینی لە کوردستان ، وەرگێڕانی جوهر کرمانج، چاپخانەی داناز، سلێمانی ،٢٠٠٤.

٢٨. دکتۆر سەفین جەلال فەتحوڵڵا، چەند لێکۆلینەوەیەک لە بواری جیۆپۆلەتیکدا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان ،سلێمانی، ٢٠١٧.

٢٩. م.س. لازاریڤ، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، کێشەی کورد ١٨٩٠-١٩١٧، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد ، ١٩٨٩.

٣٠. ن. ئە. خەڵفین، خەبات لە رێی کوردستان، وەرگێڕانی جەلال تەقی، بەغداد، ١٩٧١.

ج_ گۆڤارەکان

١. گۆڤاری زاری کرمانجی ، رەواندوز، ژمارە ٢١ی نیسانی ساڵی ١٩٣٠.

٢. مستەفا شێخ نعمەت الله، جغرافیای کوردستانی عێراق، ژمارە ٩ی گۆڤاری گەلاوێژ، بەغدا، ١٩٤١.

٣. د.ئازاد نەقشبەندی، دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە ١٠، هەولێر، ١٩٩٤.

٤. میهرداد یەزدی ، جوگرافیای کوردستان ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە ٢١، سلێمانی ،١٩٩٨.

٥. ئەحمەد رەفیق کەریم، دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان و جوگرافیای ناوچە جێناکۆکەکان ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٧٠، سلێمانی ٢٠١٣.

د_ئینتەرنێت

1. https://almerja.net/reading.php?idm=175007
2. https://almerja.net/reading.php?idm=188905
3. https://ar.wikipedia.org/wikiالإمبراطورية_الساسانية.
4. ar.wikipedia.org/wiki.معركة_الموصل_٢٠١٤/
5. https://www.babelgeo.com/2020/03/blog-post_40.html.
6. http://www.tawwat.com/ar/evolution-world-maps-earth./
7. https://www.almrsal.com/post/510008.
8. https://www.facebook.com/709395009081218/posts/2727968440557188./
9. https://www.welateme.net/cand/modules.php?name=News&file=print&sid=2630.
10. ara.yekiti-media.org.خارطة-كُردستان-من-الأرشيف-البريطاني/
11. https://www.geo-strategic.com/2020/07/1432-1925.html.
12. ar.wikipedia.org/wiki/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86
13. www.marefa.org/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86
14. areq.net/m/%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86.html.
15. www.google.com/search?q.اقدم+خريطة+لكردستان=
16. https://commons.wikimedia.org/wiki/Atlas_of_Kurdistan.
17. mufakerhur.org.الأكراد-يصدرون-خريطة-كردستان_الكبرى/
18. www.google.com/search.خريطة+ولاية+الموصل+في+العهد+العثماني=
19. www.skypressiq.net-بالصور-خارطة-اثرية-مرسومة-ل-ألوية-العراق/منذ-عام-١٩٢١.
20. www.marefa.org.كردستان_العراق/
21. krso.gov.krd/ar/map.
22. https://www.medaratkurd.com/2020/08/15/9252./
23. www.marefa.org.تاريخ_الأكراد/
24. sunnionline.us/arabic/2010/12/919./
25. ar.wikipedia.org/wiki.إقليم_كردستان_العراق/
26. www.marefa.org.ميديون/

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION